# نازیلا

hewalname.com/ku/

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان

ناوی کتێب: نازیلا

بابەت: رۆمان

نووسەر: یاسین خێلانی

دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئازاد حاجی

سەرپەرشتیاری چاپ: بەختیار سەعید

وێنەی بەرگ: فەرهاد دەربەندی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە: کەمال

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٦٥٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٣١٨)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

سودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانە

لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها رەسوڵ چاپ کراوە

newalname.com/kurd

پێشکەشە

بەو ژنەی وەک خۆر بەردەوام بۆ چواردەورەکەی دەسووتێت، بە کوێستانی ئازیز

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# نازیلا

یاسین خێڵانی

hewalname.com/ku/

## دورگەی کرێتا

## ١

ماڵـی خاتـوو دافنـی لـە گونـدی "کیدۆنیـا" کەوتبـووە ئـەو پـەڕی باخـی زەیتوونـەکان لـە نێـوان هـەردوو گونـدی سـتالۆس و داراتسـۆس لـە خۆرئـاوای شـاری 'خانیـا'. خانووەکەیـان بـە شـێوەیەکی سـەیر دروسـتکرابوو، ئەگەرچـی لـە ڕواڵەتـدا هـەر لـە خانوویەکـی گـەورە دەچـوو، بـەڵام ئەگـەر بـە وردی سـەرنجت بدایـەت ئـەوا لـە دوو تاقـم پێکهاتبـوو بەبـێ ئـەوەی لەیەکتـر جیابووبێتنـەوە.

hewaname.com/ku/

خانووەکـە وەک ئـەوەی لەسـەر گردۆڵەیـەک دروسـتکرابێت کەمێـک نارێکـی پێـوە دیاربـوو، چونکـە تاقمـی یەکـەم لـە دوو قـات پێکهاتبـوو، قاتـی خـوارەوەی کرابـوو بـە گـەوڕی بـەرازو مـەڕو بزنـەکان، بەشێکیشـی کرابـوو بـە تەویلـەی کـەرو ئەسـپەکان. قاتـی سـەرەوەی ئـەم تاقمـە بـە قادرمەیەکـی بەردینـی بـە قسـڵ لەسـەریەک هەڵچنـراو سـەردەکەوت بـۆ سـەرەوە، کـە بـە داڵانێکـی تەسـک دەسـتی پێدەکـردو دەڕۆشـتە نـاو ژوورەکان، کـە لـە سێ ژوور پێکهاتبـوون. یەکێـک لـەم ژوورانـە جێگای نووسـتنی دایـک و باوکـی ئیلاریـا بـوو، ئەگەرچـی لـە دوای مردنـی باوکـی ئیتـر ئیلاریـا لەگـەڵ دایکیـدا لـەو ژوورە دەنووسـت.

ژووری دووەم ژووری ئیلاریـا بـوو، بـەڵام لـە دوای مردنـی کایکیاسـی باوکییـەوە لـەوێ نەنووسـتبوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا هەمـوو کەلوپـەل و شـتە تایبەتییەکانـی لـەوێ بـوون. ئـەو ژوورەی تریـش بەتەنیشـت ئاشـپەزخانەکەوە، کـە لـە هـەردوو ژوورەکـەی تـر بچوکتـر بـوو کرابـوو بـە کۆگەیەکـی بچـوک بـۆ هەڵگرتنـی پێداویسـتییەکانیان بەتایبەتیـش لەکاتـی زسـتاندا، کـە ڕێـگای هاتووچـۆو دەرودەشـت بـەرەو نـاو شـار قـورس دەبـوو.

تاقمـی دووەمـی خانووەکـە، کەهـەر تەواوکـەری تاقمـی یەکـەم بـوو لـە ژوورو نیوێـک پێکهاتبـوو، بـەڵام دەرگاکـەی کەمێـک بەرزتـر بـوو لـە ئاسـت دەرگای گـەورەکان، ئەگـەر جوانتـر دیمەنـی بکەیـن، ئـەم تاقمـە لـە قاتـی یەکەمـی تاقمـی یەکـەم بەرزتـر بـوو، هەروەهـا لـە قاتـی دووەمیـش نزمتربـوو، دیـارە ئـەو وەسـتایەی کاتـی خـۆی نەخشـەکەی کێشـاوە مەبەسـتی بـووە، سـەربانی ئـەم قاتـە وەک حەوشـەیەکی گـەورە بـۆ قاتـی دووەم بـەکار بێـت، لـە ڕاستیشـدا هەروابـوو، بـە ئاسـانی لـە قاتـی دووەمـەوە دەتتوانـی بڕۆیتـە سـەر ئـەو سـەربانە.

مەبەسـت لەمـەش ئەوەبـوو خەڵکـی گونـدی کیدۆنیـا بـە شـێوەیەکی گشـتی لەهاوینـدا لەسـەر سـەربانەکان دەنووسـتن، بۆیـە ئـەم شـێوە ئەندازیاریانەیـان بـۆ دروسـتکردنی خانووەکانیـان هەڵبژاردبـوو تـا بەئاسـانی و بـە بـێ ئـەوەی بـە قادرمـەو پەیـژەدا سـەربکەون پێخەفـی نووسـتنەکان بگوازنـەوە، یـان بـۆ هـەر پێویسـتییەک بەئاسـانی بتوانـن دەسـتییان بگاتـە ژوورەکان و ئاشـپەزخانەکە....

ئیلاریـا سـبەینیان کاتێـک بێداردەبوویـەوە پێـش هەمـوو جێگایـەک سـەردانێکی تاقمـی یەکەمـی دەکـردو لـە پەنجەرەکـەوە تێـر دەیڕوانییـە نازیـلا، کـە لەنـاو جێگاکەیـدا لەپەرییەکـی بچکۆلـە دەچـوو پاڵکەوتبێـت.

زۆرجـار خاتـوو دافنـی سەرزەنشـتی ئیلاریـای لەسـەر ئـەم هەڵسـوکەوتە دەکـردو پێـی

دەگوت: ناترسیت ڕۆژێک ئادریانی باوکی نازیلا بەم ڕەفتارە تووڕە بکەیت و بڕۆن ئێرە بەجێبهێڵن! بەڵام ئیلاریا بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایکی دەدایەوە؛ کەوا هەموو بەیانییەک وەک زەنگی کڵێساکان دەنگی پێی ئادریان من بێداردەکاتەوە، کاتێک بۆ پیاسەکردن دەڕواتە دەرەوە.

'ئەو پیاوە لەگەڵ کازیوەدا چەند بەبێدەنگی لەناو جێگاکەی دێتە دەرەوەو بەناو دار زەیتوونەکاندا بەرەو کەناری دەریاکە دەڕوات هەنگاوەکانی لە گوێچکەی مندا دەزرنگێنەوەو ناهێڵن چیتر خەوم لێبکەوێتەوە'.

دایکە نازانم هەمیشە هەستێکی زۆر خراپم بەرامبەر بە نازیلا هەیە! بەڵام هەرکاتێک لەپەنجەرەکەوە سەیری دەکەم و دەبینم هێشتا لەناو جێگاکەیدا نوقمی خەوە شیرینەکانێتی کۆڵێک دڵخۆش دەبم و سەرزەنشتی خۆم بەوە دەکەم، کە خەیاڵی پڕوپوچ خەریکن هەستەکانم دەشێوێنن، کەچی بۆ ڕۆژی دوایی هەمان هەست لەلام دروست دەبێتەوەو ئارامم لەبەر هەڵدەگرێت و دەبێت بەسەر سەربانەکەوە لە ڕاوێچکەدا بم تا ئادریان لە پێچی دار زەیتوونەکاندا دەبینمەوە بە کیسەکەی دەستییەوە، کە سەمونێکی گەرم و هەندێک قاشە قەیماغ و پەنیری بزنەوە بەرەو ماڵەوە بۆ لای نازیلا دەگەڕێتەوە.

ئادریان و نازیلا نزیکەی دە ساڵێک دەبوو ئەو ژوورەیان لەماڵی ئیلاریا بەکرێگرتبوو. دیارە چەند ساڵێک پێش ئەوەی ئادریان ئەم ژوورەیان لێ بەکرێ بگرێت و ئەوێ بکاتە شوێنی نیشتەجێبوونی، ئەو ژوورە بەتاڵ بوو، چونکە لەدوای مردنی ئاغا کایکیاسەوە خاتوو دافنی ژوورەکەی بەتاڵ کردبوو بە نیازی ئەوەی ببێتە ماڵی داهاتووی ئیلاریا، بەڵام چەند ساڵێک بەسەر مردنی باوکیدا تێپەڕی و ئیلاریا تەنانەت نەیتوانی دڵی تاقە کوڕێک بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.



hewalname.com/ku

ڕۆژێـک لـە ڕۆژە خۆشـەکانی بەهـار، کـە هەتـاو وەک ئاوێنەیەکـی شـەوقدار لەئاسـمانی ساماڵدا دەدرەوشـایەوە. دەشـت و دەر بەتـەواوی شـین بووبـوون و مێشـولەو خەرەنگـەزەکان بـەردەوام بەگەلـە بـەدەوری ئاژەڵەکانـدا گیزەیـان دەهـات و کـەرەکان بەشـێوەیەک لـەو دەشـتانەدا بەلەسـە بووبـوون هـەر لەخۆیانـەوە جوتەیـان دەهاویشـت. کارو بەرخـەکان تاوێـک یارییـان دەکـردو تاوێـک بەیەکدەنـگ وەک سـکاڵا بکـەن دەسـتیان بـە باعـە بـاع دەکرد.

ئـەو ڕۆژە ژیـان جۆرێکـی تـر بـوو، مرۆڤـەکان هەرلـە خۆیانـەوە دڵخۆشـبوون، کـوڕەکان حەزیـان دەکـرد زیاتـر لـە کچـەکان نزیـک ببنـەوەو ئەگـەر بـۆ بێزارکردنیـش بێـت سـەربخەنە سـەریان و دەسـتبازییان لەگەڵـدا بکـەن. ئیتـر ڕۆژێـک لـەوە گونجاوتـر نەبـوو بـۆ ئیلاریـا سـەفەری شـار بـکات و هەمـوو ئـەو پێداویسـتییانە بکڕێـت، کـە بـۆ داهاتـوو پێویسـتیان پێیـان دەبوو.

یەکێـک لـەو هۆکارانـەی ئیلاریـا وازی لەخوێنـدن هێنـا ئـەو ڕێـگا دوورە بـوو، کـە دەبـوو هەمـوو ڕۆژێـک بیبڕێـت. ئـەو حـەزی لەشـاری خانیـا بـوو، بـەڵام ئـەو دەیگـوت: مـن چەنـد سـاڵێک لـەو شـارەدا خوێنـدم بەبـێ ئـەوەی دیبێتـم. خـۆ ئـەم قسـەش ڕێـگای تێدەچێـت مرۆڤانێـک هەبـن چەندیـن سـاڵ لـە شـارێکدا بژیـن بەبـێ ئـەوەی ئـەو شـارە ببینـن. ئـەو دەیگـوت: ئـەوەی لـەو چەنـد سـاڵەدا شـارەزای بـووم ڕێـگای شـارەکە بـوو نـەک شـارەکە.

ئاخـر ئێمـە چەنـد مناڵێـک بوویـن هەمـوو بەیانییـەک زوو ئـەو ڕێگایەمـان دەگرتەبـەر بـۆ ئـەوەی بگەینـە قوتابخانـە. پـاش نیـوەڕۆش کاتێـک تـەواو دەبوویـن بەهەمـان شـێوە بەڕێگاکـەدا دەگەڕاینـەوە بـۆ ماڵـەوە، ڕێـک و ڕاسـت ئێمـە وەک قازەکانـی گونـد وابوویـن، چـۆن بـەدوای یەکـدا بەیەکڕیـز بـەرەو سـەرئاوەکان دەڕۆن و ئێـوارەش بەهەمـان ڕیتـم دەگەڕینـەوە بـۆ ماڵـەوە.

وەک ئــەوەی لــە مناڵییــەوە فێرکرابــوو دەبــوو هەرکاتێــک ســەردانی شــار بــکات ســەرێک لــە کەنیســەی ئاگــۆس نیکــۆلاوس بــدات و لەبــەردەم پێیەکانــی خوداوەنــدا چەنــد مۆمێــک بــۆ ڕۆحــی باوکــی و مردووەکانــی تــر دابگیرســێنێت و هەندێــک دوعایــان بــۆ بــکات. لەســەرەتاوە دیمــەن و کەشــی نــاو کڵێســاکە زۆر دڵتەنگــی دەکــرد بەبــێ ئــەوەی هــۆی ئــەو دڵتەنگییــە بزانێــت ئەوەنــدە نەبێــت، دەیگــوت: شــتێک بەربینــم دەگرێــت و خەریکــم بخنکێــم، بــەڵام وردە وردە لەگــەڵ دیمەنــی تاریــک و کەشــی بێدەنگــی نــاو کڵێســاکە بــە شــێوەیەک ڕاهاتبــوو هیــچ کاتێــک نەیدەتوانــی ئــەم شــوێنە فەرامــۆش بــکات.

لەپــاش ســەردانی کڵێســاکە دەبــوو یەکســەر بــەرەو لەنگەرگاکــە بــڕوات و ماوەیەکــی زۆر لەکەشــتی و بەلەمــەکان بڕوانێــت، کــە بــەردەوام لــە جوڵــەدا بــوون. ئــەوەی لــەم لەنگەرگایــە ســەرنجی ئــەوی ڕادەکێشــا ئــەو خەڵکــە بــێ شــومارە بــوو لــە پاپــۆڕەکان ئەوەنــدە بــە پەلــە دەهاتنــە خــوارەوە وەک ئــەوەی زیندانــی بــن و دەرگای زیندانەکەیــان لەســەرکرابێتەوە.

ئیلاریــا لەمناڵییــەوە بــە دیمەنــی ئــەم لەنگەرگایــە سەرســام بــوو، هەرجارێــک ســەردانی شــاری بکردایــەت لەپــاش کڵێســاکە یەکســەر دەڕۆشــت بــۆ لەنگەرگاکــە و وەک ئــەو خەڵکانــەی لــەوێ چاوەڕانــی خۆشەویســتەکانیان دەکــرد لــە یــەک بەیەکــی موســافیرەکان ڕادەمــا، هەندێکجــار دەیبینــی کچێــک لــە پاپۆڕەکــە دادەبەزێــت و بەپەلــە خــۆی دەگەیەنێتــە باوەشــی دایکــی و تونــد بــە خۆیــەوە دەنووســێنێت و لــە خۆشــیدا دەســت بــە گریــان دەکات، ئەمیــش دڵــی پــڕ دەبــوو و فرمێســک دەزێتــە چاوەکانــی.

هەمیشــە لــە دڵــی خۆیــدا هیــوای دەخواســت ئەگــەر بــۆ جارێکیش بێــت ســەفەرێکی دووری بکردایــەت تــا بزانێــت تامــی ئــەو باوەشــە گەرمــەی دایــک، کاتێــک کچەکــەی لەســەفەرێکی دوور دەگەڕێتــەوە چــۆن دەبێــت!، کەچــی هــەر لــە لەنگەرگاکــە دووردەکەوتــەوەو بــەرەو شــەقامی "ئاکتــی ئێنۆســیۆس" دەکەوتــە ڕێ ئیتــر هەمــوو خەیاڵەکانــی پــوچ دەبوونــەوەو

بە خۆی دەگوت: من چۆن دەتوانم بۆ یەک ڕۆژیش بێت دایکم بەجێ بهێڵم، قەت ناتوانم ئەوەندە دڵڕەقانە لەدایکم دوور بکەومەوە قەت نا، نا....

ئیلاریا بە شەقامی ئاکتی ئێنۆسیۆسدا دەگاتە نزیک ماسیفرۆشەکان، کە بۆن و بەرامەی دوکەڵی برژاندنی ماسییەکان ئەو ناوەی پڕکردبوو، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت و سەیرێکی ئەو گەلە نەورەسانە دەکات لەسەرسەری ماسیفرۆشەکان بەناو یەکدا دێن و دەچن، وەک بیانەوێ ئەوانیش چێژ لەو دوکەڵە بۆنخۆشە وەربگرن، کە لە جەستەی ماسی سەر مقەڵییەکان بەرزدەبێتەوە. بڕوا ناکەم کەسێک هەبێت بگاتە ئەم شەقامی ماسیفرۆشانەو ئەو بۆنە بە لوتیدا بچزێت تامەزرۆی لەفەیەک ماسی نەبێت بیخوات ئەگەر برسیشی نەبێت.

لە بەردەم یەکێک لە ماسیفرۆشەکان خۆی دەدات بەسەر پەرژینە لە بۆری درووستکراوەکاندا، کە بۆ پاراستنی منداڵ و کەوتنەخوارەوەی خەڵکان بۆ نا ئاوەکە بەو کەنارەدا چەقێنراون. بەخەیاڵ دەبێتەوە بە منداڵەکەی جاران، کە هەمیشە وەک مارمێلکە حەزی دەکرد بەسەر ئەم پەرژینانەدا سەربکەوێت بۆ ئەوەی جوانتر ناو ئاوەکە ببینێت، باوکیشی ئەوەندە دەترسا جگە لە توڕەبوون نەیدەتوانی بە شێوەیەکی تر ترسەکەی دەرببڕێت.

هەر ڕۆژێک ئیلاریا سەردانی شاری بکردایەت ئەوا ئەو ڕۆژە دایکی هەموو کارەکانی ماڵەوەی ڕادەپەڕاند، چونکە دەیزانی ئیلاریا برواتە شار بە زوویی ناگەڕێتەوە، بۆیە خۆی لەسەر ئەوە ڕاهێنابوو، کە کاتەکانی بەچاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو بەسەر نەبات و هەموو کارەکان بە جێگای خۆیان بگەیەنێت. ئەوەی دایکی پێشبینی کردبوو تەواو ڕاستبوو، چونکە ئیلاریا دەبوو هەموو ئەو شوێنانە بەسەربکاتەوە، کە بەمنداڵی یادگاریی لەگەڵیاندا هەبوو. ئەو ئەگەرچی وا بۆ دوانزە ساڵ دەچێت وازی لە خوێندن هێناوە، بەڵام ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر خولیای بۆ خوێندن دەگەڕێتەوە،

hewalname.com/kurd

بۆیــە هەمووجارێــک لەســەردانی شــاردا بەســەرکردنەوەی قوتابخانەکەیانــی لەبیــر ناچێــت و بــە حەوشــەکەدا دەســوڕێتەوەو ئــەو هەمــوو منداڵــە دەبینێــت، بەنــاو یەکدا دێــن و دەچــن و یــاری دەکــەن و قاقــا پێدەکــەن دڵــی پڕدەبێت و پەشــیمانی نــاو ســینەی تەنــگ دەکات، بــەڵام تــازە ئــەو دەتوانێــت چــی بــکات لەکاتێکــدا تەمەنــی بــەرەو کۆتایــی بیســتەکان دەڕوات، ئەگەرچــی بــا بــۆ خۆیشــی هــەروا بزانێــت کچــە منداڵەکــەی جارانــە....

ئــەو هــەر لەمنداڵییــەوە بــە قەرەباڵغــی و ژاوە ژاوی ئــەم شــەقامە ئاشــنایە، بۆیــە زۆر بێدەربەســتانە یــەک بــە یەکــی ئــەو دوکانانــە بەســەر دەکاتــەوە، کــە پێویســتییەکانی لەلایــان دەســتدەکەوێت. دوای کڕینــی هەمــوو شــتەکان دەگەڕێتــەوە بــۆ لای ماسیفرۆشــەکانی قــەراغ ئاوەکــە، کــە ئــەو ناوەیــان لــە دوکــەڵ و بۆنــی ماســی بــرژاو پڕکــردووە، وەک هەمووجارێــک دوو لەفــەی ماســی دەکڕێــت و چەنــد قاشــە پیازێــک دەئاخنێتــە نــاو لەفــەکان و دەڕوات لەســەر یەکێــک لــە کورســییەکانی کەنــار شــەقامەکە، کــە دەڕوانێتــە ســەر ئــەو کەناڵانــەی بــۆ ڕاگرتنــی بەلــەم و قەیاغــەکان دروســتکراون دادەنیشــێت و لەســەرخۆ دەســت بەخواردنــی لەفــەی ماســییەکان دەکات.

هەرجارێــک ئیلاریــا لەســەر یەکێــک لــەم کوردســییانە دادەنیشــت وەک ئــەوەی چۆلەکــەو کۆتــرەکان بیناســنەوە بــەرەو لای باڵدەگــرن و لەچــواردەوری کــۆ دەبنــەوە، ئەویــش کاتێــک ئــەم دیمەنــە دەبینێــت ئیتــر ناچــار دەبێــت لەفەکــەی بەتەنهــا نەخــوات و لەگــەڵ ئەوانــدا بەشــی بــکات.

پــاش پشــوودان وەک هەمــوو جارەکانــی تــر دەمــەو عەســر بــەرەو وێســتگای پاســەکان دەکەوێتــەڕێ و ســواری پاســی ژمــارە ١٥ دەبێــت، کــە بەنــاو هەمــوو ئــەو گوندانــە تێدەپەڕێــت تــا دەگاتــە گوندەکــەی ئــەوان و دیســان بــە پێچەوانــەوە دەگەڕێتــەوە.

لەڕێــگای گەڕانــەوەدا ئیلاریــا لەنــاو پاســەکەدا کچێکــی جوانکیلــەی ســەرنجڕاکێش

لەگـەڵ باوکیـدا دەبینێـت. ئـەم کچـە چکۆلـە دوو چـاوی خۆڵەمێشـی ئەوەنـدە جوانـی پێوەبـوو یەکسـەر سـەرنجی مرۆڤـی بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـا.

تـا ڕادەیـەک ئـەو ڕۆژە نـاو پاسـەکە بەتـاڵ بـوو، کچـە چکۆلەکـەش بەخۆشـییەکی زۆرەوە لەنێـوان کورسـییەکاندا یـاری دەکـرد، هەندێکجـار قاقایەکـی منداڵانـەی ئەوەنـدە بەجۆشـی لێـدەدا کەسـێک نەبـوو بتوانێـت ئـاوڕ نەداتـەوەو لەگەڵیـدا پێنەکەنێـت.

ئیلاریـا لـە سـەر یەکـەم کورسـی ڕیـزی ناوەڕاسـتی پاسـەکەدا دانیشـتبوو، باوکـی منداڵەکـەش لـە پشـتەوە، بـەڵام کچەکـە لەبـەر ئـەوەی یـاری دەکـرد، زوو زوو خـۆی دەگەیانـدە لای ئیلاریـا.

ئـەو منداڵـە لـە شـێوەی یاریکردنەکانیـدا هەسـتت دەکـرد زۆر بـە تەنهایـەو بـەدوای هـاودەم و هاوڕێیەکـدا دەگەڕێـت یاریـی و خۆشـییەکانی لەگەڵـدا بەشـبکات، بۆیـە دەتبینـی زوو زوو سـەری بـەلای پیرەمێـرد و پیرەژنـەکان و دانیشـتوانی نـاو پاسـەکە لار دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی سـەرنجی بدەنـێ و یارییەکـی لەگەڵـدا بکـەن....

ئـەو لەیاریکردنـی خـۆی بـەردەوام بـوو ئەگەرچـی باوکـی هەندێکجـار بەزمانێـک قسـەی لەگەڵـدا دەکـرد، کـە ئیلاریـا هیچـی لـێ تێنەدەگەیشـت ئەوەنـدە نەبێـت لـە وەڵامـی کچـە تێدەگەیشـت کاتێـک سـەری ناڕازیبوونـی ڕادەوەشـاند.

لەوکاتـەدا منداڵەکـە لـە کورسـییەکانی پشـتەوە بـەرەو ناوەڕاسـت ڕایدەکـرد پاسـەکە بەتونـدی پێچیکـردەوە، ئەگـەر بهاتبـاو ئیلاریـا فریـای نەکەوتایـەو تونـد دەسـتی نەگرتبـا ئـەوا دوور نەبـوو کارەسـاتێکی بەسـەر نەیـەت. منداڵەکـەش بەمـە زۆر ترسـا، چـاوە گـەورە خۆڵەمێشـییەکانی وەک چـاوی کەروێشـکێکی تۆقیـو کردبـووەوە، بـەڵام ئیلاریـا بەدەستگوشـین دڵنەوایـی کـردو بـە خۆیـەوەی نوسـاند....

ئیلاریا لە دڵی خۆیدا گوتی: خوایە گیان، چەند هەست بەنزیکی ئەم منداڵە دەکەم، هەر لەیەکەم نیگاوە هەستم دەکرد ئەم منداڵە بەمن ئاشنایە، تۆ بڵێیت جارێکی تر ئەم منداڵەم لە شوێنێکی تر نەدیبێت!.

هەستکردن بەنزیکی ئەو منداڵە بەتەنها لە ڕوخساریدا نەبوو وەک ئەوەی هەندێکجار مرۆڤ کەسانێک دەبینێت و پێی وایە ئەو کەسەی لەشوێنێکی تر دیبێت، یان ڕەنگە بیناسێت و مێشکیان هاوکارییان نەکات، بەڵکو ئەو نزیکییەی ئیلاریا هەستی پێدەکرد لە قوڵایی ڕۆحیدا بوو، ئەمەشی لەو کاتەدا هەست پێکرد بۆ ئەوەی لەترسەکەی بڕەوێنێتەوە بەخۆیەوەی نووساند. لەلایەکی ترەوە ئیلاریا تا ئەو تەمەنە هێشتا نەک هەر منداڵی نەبووبوو بەڵکو هێشتا لەگەڵ هیچ کوڕێکیشدا نەنووستبوو، تابڵێین ئەو هەستە هەستێکی دایکانە بووبێت بۆ ئەو....

هێشتا توند بەخۆیەوە نووساندبوو کچەکەش ئەوەندە خۆی شلکردبوو لە ڕۆحیدا هەستی بە سۆزێکی دایکانە دەکرد، لەو منداڵە بێ دایکانە دەچوو لەپڕێکدا دایکێکی بۆ خۆی دۆزیبێتەوە. باوکیشی ئەم دیمەنەی بینی بە پڕتاو خۆی گەیاندە لایی و بە ئینگلیزی سوپاسێکی ئیلاریای کردو دەستی منداڵەکەی گرت بۆ ئەوەی بیباتەوە بۆلای خۆی کەچی منداڵەکە توند خۆی بە ئیلاریاوە نووساندو نەیدەویست بڕواتەوە بۆ لای باوکی.

دیارە ئیلاریا بەهۆی ئەو چەند ساڵەی لە قوتابخانە بوو کەمێک زمانی ئینگلیزی فێربووبوو، بۆیە بە ئینگلیزی گوتی: قەیناکە با لەلای من بێت، باوکیشی لەبەرئەوە ئەم دیمەنە ناڕەحەتی کردبوو لە کورسییەکەی ئەوبەر ئیلارایاوە دانیشت و زوو زوو بە زمانەکەی خۆیان قسەی لەگەڵ کچەکەیدا دەکرد، دیاربوو دەیوسیت لەتەندروستی منداڵەکەی دڵنیابێت، چونکە دەیزانی هێشتا ترس بەرینەداوە.

پـاش کەمێـک بێدەنگـی، باوکـی کچەکـە نەخشـەیەکی دەرهێنـاو لـە ئیلاریـای پرسـی، کـە ئایـا شـارۆچکەی "ئاگیـا مارینـا" پەنجەشـی خسـتە سـەر نـاوی شـارۆچکەکە لەسـەر نەخشـەکە نەبـادا بەهەڵـە ناوەکـەی خوێندبێتـەوە چەنـدی مـاوە؟. لـە وەڵامـدا ئیلاریـا پێـی گـوت: کـەوا ڕەنگـە پانـزە خولەکێکـی تریـان مابێـت بگەنـە ئـەو شـارۆچکەیە، هەروەهـا ئیلاریـا ئەوەشـی پـێ ڕاگەیانـد، کـە ئـەو شـارۆچکەیە خـۆی ئەوەنـدە دوور نییـە بەڵکـو بەهـۆی ئـەوەی پاسـەکە بـەزۆر شـوێن و دێهاتـدا دەڕوات ڕێگاکـە دوور دەکەوێتـەوە.

ئەڵبەتـە ئـەم پرسـیارە سـەرەتایەکی بـاش بـوو بـۆ یەکترناسـین و گفتوگۆکـردن، سـەرەتا ئیلاریـا وایدەزانـی ئەمانیـش یەکێکـن لـەو گەشـتیارە زۆرەی سـاڵانە ڕوو لـەم دورگەیـە دەکـەن، بۆیـە پرسـی: کـە ئایـا هـەر بـۆ سـەردان دەڕۆن بـۆ ئاگیـا مارینـا یـان لـەوێ کارێکـی تایبەتیـان هەیـە؟.

کابـرا لەوەڵامـدا گوتـی: ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئێمـە تـازە هاتووینەتـە ئێرەو دەمانەوێت لـەوێ ژوورێکمـان بـۆ ماوەیـەک دەسـتبکەوێت، چونکـە بـۆ هەندێـک کاری پێویسـت هاتوومەتـە ئێـرە، کـە ڕەنگـە چەنـد مانگێـک یـان زیاتـر بخایەنێـت، مـن بـۆ خـۆم هەندێـک شـارەزای ئـەم ناوچەیـە هـەم و دەزانـم خانـووی گەشـتیاری زۆری بـۆ کـرێ لێیـە، ئەمـەش لـە میوانخانـە بـۆ مانـەوەی ئێمـە باشـترە.

ئیلاریـا کەمێـک بێدەنـگ و مـات بـوو، دوای بیرکردنـەوە لـە کابـرای پرسـی ژوورێکـی چۆنتـان دەوێـت؟. کابـرا گوتـی: ژوورێکـی وابێـت بەکەڵکـی ژیـان بێـت، خـۆ ئەگـەر دوو ژووریـش بێـت ڕەنگـە باشـتر بێـت.... ئیلاریـا دیسـان پرسـی، کـە هـەر دەبێـت لـە ئـەوێ بێـت، پیاوەکـەش لەوەڵامـدا گوتـی' مـەرج نییـە....

ئەمە سەرەتای یەکتر ناسینی ئادریان و نازیلای کچی بوو لەگەڵ ئیلاریا.

# ٢

لـەدوای ئـەو یەکترناسـینەی نـاو پاسـەکە ئیلاریـا ئەوانـی لەگـەڵ خۆیانـدا بـۆ ماڵـەوە بـردەوە بەمەبەسـتی نیشـاندانی تاقمـە چۆڵەکەیـان، کەدایکـی بـۆ ئیلاریـای دانابـوو. ئیلاریـا هـەر لەنـاو دار زەیتوونەکانـەوە گەشـتەوە حەوشـەی ماڵەکەیـان بەدەنگـی بـەرز و بەزمانـی یۆنانـی بانگـی دایکـی کـرد، کـەوا میوانـی لەگـەڵ خۆیـدا هێناوەتـەوە، دایکـی کاتێـک گوێـی لەدەنگـی بـوو لەبانێژەکـەوە سـەری دەرهێنـاو پرسـی میوانـی چـی ئیلاریـا؟. ئەویـش بـە پێکەنینـەوەو هـەر بەزمانـی خۆیـان، کـە ئادریـان هیچـی لـێ تێنەدەگەیشـت بـە دایکـی گـوت: ئـەی تـۆ خانووەکـەت بـۆ ئـەوە دانەنـاوە هەرکاتێـک مـن پیاوێکـم پەیـدا کـرد لێـی نیشـتەجێ بیـن! ئـەوە پیاوێکـم بـۆ هێناویتـەوەو لەگـەڵ هـەر ڕسـتەیەکدا قاقایەکـی بەرزیشـی لێـدەدا، ئەمـەش خوویەکـی ئـەو بـوو، بۆیـە زۆرجـار دایکـی بـە سەرشـێت بانگـی دەکـرد.

ئەڵبەتـە ئادریـان قـەت نەیدەتوانـی لـەو دوورگـەدا خانوویەکـی لـەوە باشـتر پەیـدا بـکات، بۆیـە یەکسـەر لەگەڵیانـدا ڕێککـەوت و هیـچ مەرجێکـی نەبـوو. چونکـە لـەو مـاوە کەمـەی ناسـینی ئیلاریـادا ئـەوەی بـۆ دەرکـەوت، کـە دەتوانێـت ئـەو کاتانـەی بـۆ کارکـردن دەڕواتـە دەرەوە دۆسـتێکی باشـیش بێـت بـۆ نازیـلا. هەروەهـا ئیلاریـاش بـە دایکـی گـوت: پیاوێـک بـۆ ئـەم ماڵـەی ئێمـە پێویسـتە، چونکـە ئەرکمـان زۆرەو هەندێـک لـەو ئەرکانـەش بـۆ ئێمـەی ژن زەحمەتتـرە، بۆیـە ئـەم پیـاوە تـا لێرەیـە بـۆ ئێمـە زۆر پێویسـتە، کـە هاوکاریمـان بـکات لەکاروبارەکانمانـداو ئیتـر پێویسـت نـاکات بـۆ هـەر کارێـک بڕۆیـن لـە شـارۆچکەکانی دەوروبـەر کرێـکار پەیـدا بکەیـن، لەبـری ئـەوەش ئـەو خانـووە هەرچۆڵـەو هیـچ سـودێکی بـۆ ئێمـە نییـە....

ئیلاریـاو نازیـلا هـەر زۆر زوو هۆگـری یەکتـر بـوون و ئەگـەر یەکێـک پێکـەوە بیبینینایـە نەیدەتوانـی بـڕوا بـەوە بـکات، کـە ئـەو دووانـە بەتەنهـا چەنـد ڕۆژێکـە یەکتریـان

ناسیوه، ئەگەرچی نازیلا هیچ لە زمانی یۆنانی و ئیلاریاش هیچ لە زمانی ئەڵمانی تێنەدەگەیشتن، بەڵام ئەوەی سەیربوو لەهەموو شتێکیش تێدەگەیشتن، ئادریانی باوکی نازیلاش بەم پەیوەندییە نزیکە سەری سوڕما بوو.

ئادریانی باوکی نازیلا تەمەنی لە ناوەڕاستی سییەکاندا بوو، قژێکی خورمایی کاڵی درێژو چاوێکی خۆڵەمێشی پێوەبوو، بەو سەرو ڕیشە درێژەوە کاتێک دەتبینی لە پەنجا ساڵێک دەچوو. ئەم پیاوە وەک زۆربەی ئەڵمانەکانی تر قەت پێنەدەکەنی و هەمیشە توڕەبوون و بێتاقەتییەک بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، بەڵام پیاوێکی خراپ نەبوو، هەتا بڵێیت لەسەرخۆو ئارام بوو. شێوەی ڕوخساری ئەم پیاوە تەواو پێچەوانەی کاراکتەری بوو، چونکە کاتێک دەتبینی واتدەزانی پیاوێکی توڕەو تڕۆیە، کەچی لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، کە لەماڵی ئیلاریادا بەسەری بردبوو قەت بۆ جارێک توڕە نەبووبوو، ئەگەر توڕەشت بکردبا جگە لەوەی برۆکانی هەڵدەتەکاندو دەمی بەیەکدا دەدا یان سەرێکی ڕادەوەشاند هیچ کاردانەوەیەکی تری نەدەنواند.

ئیلاریا لە ماوەی ئەو ساڵانەی دواییەدا شتێکی لەدەم و چاویدا خوێندبووەوە، کە ئادریان مۆن نییە، بەڵکو غەمێکی قوڵە نیشتۆتە سەر ڕوخساری و ئەو ئارامی و لەسەرخۆییەشی بۆ ئەو غەمە دەگەڕاندەوە.

ئادریان هەر وەک لە مناڵییەوە ڕاهاتبوو لەکاتێکی دیاریکراودا بۆ نووستن دەڕۆیشتە ناو جێگاکەی، تەواو پێچەوانەی ئەو کەسانەی تا درەنگانێک بە دیار تەلەفزیۆنەوە یان کۆڕو کۆبوونەوەکانی شەوانەوە دادەنیشن و بۆ سبەینێش تا لەناو جێگاکەدا بۆگەن نەکەن بێدارنابنەوە.

ئەگەرچی ئادریان بە تەنها لەگەڵ نازیلای کچیدا دەژیا، لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی زۆربەی کاتەکان بۆ خۆی تەرخان بکات و نازیلا لەلای ئیلاریا بەجێبهێڵێت و بڕواتە دەرەوەو تا دەرەنگانی شەو نەگەڕێتەوە، کەچی پێیخۆشبوو ئەو کاتانەی هەیەتی

لەگـەڵ نازیـلادا بەشـبکات نـەک لـە یانـەو چایخانەکانـی ناوچەکـەدا بەسـەر بەرێـت، کـە تـا دەمـەو بەیانـی کراوەبـوون.

ئـەو ئێـواران لەکاتـی خۆیـدا بـۆ ماڵـەوە دەگەڕایـەوە، هەمیشـە لـە کاتـی گەڕانـەوەدا دیارییەکـی بـۆ نازیـلا پێبـوو. هاوینـان لەبـەر ئـەوەی ڕۆژگار درێـژو دونیـا گـەرم بـوو دەسـتی نازیـلای دەگـرت و بەکەنـار دەریاکـەدا تـا درەنگانـی شـەو پیاسـەی پـێ دەکـرد، یـان لەگـەڵ خۆیـدا دەیبـرد بـۆ گوندەکانـی سـتالۆس و گالاتـاس و تـا درەنگانـێ نەدەگەڕانـەوە. ئـەو شەوانەشـی، کـە لەماڵـەوە دەبـوون زیاتـر کاتەکانیـان بـە یـاری پـوزل یـان میمـۆری بەسـەر دەبـرد، چونکـە دەیزانـی ئـەم دوو یارییـە دەتوانـن گەشـە بـە بیرکردنـەوەو مێشـکی منـاڵ بـدەن. پـاش مانـدوو بـوون دیسـان یەکێـک لـەو کتێبانـەی تایبـەت بـوون بـە چیرۆکـی منـاڵان لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ نـاو جێگاکـە دەبـردو دەسـتی بـە خوێندنـەوە دەکـرد تـا نازیـلا خـەوی لێدەکـەوت، هەندێکجـار بـۆ خۆیشـی بـەدەم خوێندنـەوەی چیرۆکەکانـەوە خـەوی لێدەکـەوت.

ئادریـان ئـەو شـەوانەی لەکاتـی خـۆی زووتـر خـەوی لێدەکـەوت نـاو نابـوو شـەوە بەسـەرچووەکان. شـەوە بەسـەر چـووەکان بـۆ ئـەو ئـەو شـەوانە بـوون، کـە نەیدەتوانـی هیـچ بەرهەمێکـی هەبێـت و هیـچ کارێـک ئەنجـام بـدات، بـە تایبەتـی ئـەو کارانـەی، کـە دەیتوانـی بـە تەنهـا لـە شـەودا بـە ئەنجامیـان بگەیەنێـت.

ئـەو لەگـەڵ ئـەوەی تـا درەنگـی شـەو نەدەمایـەوە بـە هیـچ شـێوەیەکیش بیـری نایـەت ڕۆژێـک بووبێـت تیشـکی هەتـاو بێـداری کردبێتـەوە. ئـەو دەیگـوت: چ زیانێکـی گەورەیـە بـۆ مـرۆڤ ئـەو کاتـەی لـە بێئاگایـی خەودایـە، بێبـەش بێـت لـەو تیشـکە بەهـادارەی هەتـاو، کـە لـە قوڵایـی ئـەم گەردوونـەدا لەنـاو دەریاکانـەوە سـەردەردێنێت و بـە میهرەبانییەکـەوە بۆمـان پێدەکەنێـت و بەگەرمـای ڕۆحـی ئاشـنامان دەکات و بـە بـێ هیـچ بەرامبەرێـک لـە کۆڵانـە تاریکەکانـی شـەو ڕزگارمـان دەکات.

newalname.com/kurd

ئەو وا ڕاهاتبوو دەمەو بەیان کەمێک لە هەوا فێنکەکەی کەنار دەریا هەڵمژێت و لەو دیمەنە جوانەی دەریای پێش خۆرهەڵهاتن وردبێتەوەو ئەوەشی نەدەشاردە، کە هەندێکجار بێداربوونەوەکەشی بۆ هێرشە خەیاڵییەکانی دەگێڕایەوە، کە زۆربەی کات بەیانییان دەستیان پێدەکرد و سەریان دەکردە ناو بیرکردنەوەیی و خەویان لێدەزڕاند. ئەو خۆی لە یەکێک لە نامەکانیدا نووسیبووی "خەیاڵەکان سبەینیان وەک خەو دەردەکەون پاشان نزیک دەبنەوە لە هۆش و مێشکم داگیردەکەن، ئیتر چیتر ناتوانم لەجێگاکەدا بمێنمەوە و لەدەستیان هەڵدێم".

هەڵهاتن لەدەست خەونەکانی بەیانیان بۆ خۆی درێژەپێدانبوو بە خەونەکان لەجێگاو کەشێکی تردا، ئەگەر ڕاستر بڵێین بەو هەڵاتنە لەناو جێگاکەیدا دەیویست خەونەکان چیتر بچڕ بچڕ نەبن، وەک گوڵهەسارە دەرنەکەون و ونبن بەڵکو بتوانێت پارچەکانیان کۆبکاتەوەو بەیەکەوەیان بلکێنێتەوە، نەیدەویست ئەو خەونانە بەتەنها خەونێک بن و چیتر بە بێ هیچ ئاسەوارێک ونبن، بەڵکو دەیویست تێیانبگات و لەگەڵ خۆیاندا بیانهێنێتە قسە. ئەوو خەونەکان بە شێوەیەک تێکەڵ بەیەکتر بووبوون هەندێکجار مرۆڤ نەیدەزانی کامیان خەوە ڕاستییەکەن!.

قسەکردن لەسەر ئەم پیاوەو خەونەکانی ڕەنگە ئەوەندە بۆ ئێمە لەم کاتەدا ئاسان نەبێت تا لە نهێنییەکانی ژیانی تێنەگەین و نەکۆڵینەوە، کە دەشێت دواتر لە دەمی خۆیەوە زۆرشت ببیستین، کە هێشتا ئێمە زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە، ئەوەندە نەبێت، کە دەبینین بەیانیان زوو پێش ئەوەی لەناو جێگاکەی بێتە دەرەوە لە سەر سەری نازیلای بچکۆلە دەوەستێت و ماوەیەکی درێژ بە شێوەیەک لێی ڕادەمێنێت مرۆڤ هەستدەکات دەیەوێت بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لێ بکات و قەت نەیبینێتەوە، لە پڕێکدا دەدانەوێتەوە ماچێکی سەری دەکات و لەسەرخۆ دەرگای ژوورەکە دادەخات و بەناو دار زەیتونەکاندا بەرەو کەناری دەریاکە بەڕێ دەکەوێت و ماوەیەک بە درێژایی کەناری دەریاکەدا پیاسە دەکات.

کەنـاری دەریـا بەیانیـان بۆنێکـی زۆر تایبەتـی هەیـە، هەندێـک جـار هەسـتدەکەیت بۆنـی پیاسـەی شـەوانی ماسـییەکانی لێبێـت، ئـەو زۆرجـار بـڕوای وابـوو شـەوانە ماسـییەکان بێنـە دەرەوەو لـەم کەنـارەدا سـەمای بـە کۆمـەڵ بکـەن یـان بـە درێـژای کەنارەکـە پیاسـە بکـەن و لەگـەڵ گزنگـی بەیانـدا خۆیـان بهاوێنـەوە نـاو دەریاکـە.

ئـەو هەمیشـە دەیگـوت: بۆنـی ئـەم کەنـار دەریایـەم بـۆ ڕاو ناکرێـت، ئـەوە بـۆ چەندیـن سـاڵە هەمـوو بەیانییـەک بـەم کەنـارەدا پیاسـەیەکی درێـژ دەکـەم و تێـر لـەو بۆنـە هەڵدەمـژم بـەڵام نەمتوانیـوە ئـەو بۆنـە ڕام بکـەم....

## ٣

سـەرەتا ئادریـان نیـازی نەبـوو لـە چەنـد مانگێـک زیاتـر لـەو گونـدەدا بمێنێتـە. ئـەو بەنیازبـوو ئـەو دورگەیـە وەک وێسـتگایەک بـەکار بهێنێـت بـۆ سـەفەرێکی دوورتـر، بـەڵام دڵسـۆزی و میهرەبانـی خاتـوو دافنـی و بەتایبەتیـش ئیلاریـا لەگـەڵ نازیـلادا چارەنووسـی بـەو گونـدەوە گرێـداو تـا ڕۆژی ڕووداوەکـە نزیکـەی دە سـاڵی بەسـەر بـرد.

هـۆکاری سـەردانی ئادریـان بـۆ ئـەو دورگەیـە دەگەڕایـەوە بـۆ ئـەوەی دوو سـاڵ بـوو لەگـەڵ مێلیسـیادا یەکتریـان ناسـیبوو، سـاڵی یەکـەم بەبـێ هیـچ کێشـەیەک هەریەکەیـان لـە ماڵـی خۆیـان دەژیـان، لـەدوای سـاڵەکە مێلیسـیا بەیەکجـاری ماڵەکـەی گواسـتەوە بـۆ لای ئادریـان و پێکـەوە دەسـتیان بەژیانێکـی نـوێ کـرد، بـەڵام ئـەم ژیانـە نوێیـە پڕبـوو لـە کێشـەو ناخۆشـی. زیاتـر کێشـەکانی نێـوان ئـەم دوو کەپڵـە، کـە شـێتانە عاشـقی یەکتـر بـوون کێشـەی دەرەوەی خۆیـان بـوو، کـە ڕەنگـە دواتـر خۆتـان گوێتـان لەهەمـوو وردەکارییـەکان بێـت.

سـەرەڕای هەمـوو کێشـەو ناخۆشـییەکانی نێوانیـان سـەرەتا ئادریـان پێـی وابـوو ئەگـەر منداڵێـک دروسـت بکـەن ئـەوا بـە هـۆی سـەرقاڵبوونیان بـە منداڵەکـەوە کاتیـان

بۆ ئەو کەسانە نامێنێت دەبنە هۆی درووستکردنی کێشەکان، بەڵام لەمەدا بەخت یاوەریان نەبوو، ئەگەرچی نەک بە تەنها سەردانی پزیشکە ناودارەکانی بەرلین بەڵکو سەردانی پزیشکەکانی شاری میونشنیشیان کردبوو، کە لەجیهاندا بە باشترین پزیشکێک دەناسرێن لەبارەی کێشەکانی منداڵبوون و نەزۆکییە، لەهەر هەمووشیان هەر ئەو وەڵامەیان وەردەگرت، کە ئەوان هیچ کێشەیەکی نەزۆکییان نییە. پزیشکەکان پێیان وابوو کێشەی منداڵ نەبوونی ئەوان پەیوەندی بەباری دەروونی هەردووکیانەوە هەیە، چونکە پزیشکەکان پێیان وایە ئەگەر ژن و مێرد لە ڕووی دەروونیی کێشەیان هەبێت ئەوا دروستبوونی منداڵ کەمێک ئاستەم دەبێت و ئەگەر دروستیش ببێت ئەوا منداڵیکی تەندروست نابێت، بۆیە هەمیشە داوای لێدەکردن، کە دان بەخۆیاندا بگرن و هەوڵی چارەسەری کێشەکانی نێوانیان بدەن.

کێشەی نێوان ئادریان و مێلیسیا بەجۆرێک بەرەو خراپی دەڕۆیشت داهاتوویەکی باش چاوەڕوانی پەیوەندییەکەیانی نەدەکرد. ئێمە لێرەدا ناتوانین دەستی تۆمەت بۆ هیچ کامیان درێژ بکەین تا بەتەواوەتی گوێمان لە چیرۆک و ڕووداوەکان نەبێت، بەڵام تاکە شتێک دەتوانین قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە ئادریان پیاوێکی سەنگین بوو زۆر بە وردی بیریی لە شتەکان دەکردەوە، پرسی بە چواردەورەکەی دەکرد، بەڵام مەرج نەبوو بە گوێیان بکات، بەڵام مێلیسیا زوو هەڵدەچوو، لەگەڵ هەر هەڵچوونێکیشدا ئیتر عەقڵی لەدەست دەداو هەموو شتێکی بەسەریەکدا تێک دەدا، کەچی لەماوەیەکی کەمدا دەهاتەوە سەرخۆیی و هەموو ئەو شتانەی لەبیر دەکرد، کە ڕوویان دەدا.

ئەگەر ئێمە بە وردی وەک لەقسەی هەندێک لە پزیشکەکانەوە لە پەیوەندی نێوان ئادریان و مێلیسیا بڕوانین ئەوا دەگەینە ئەو بڕوایەی خۆشەویستی قوڵی ئەم دوانە بۆ یەکتر هۆکاری سەرەکی کێشەکانی نێوانیان بوو، چونکە ئەو ژن و مێردانەی هیچ خۆشەویستییەک لە نێوانیاندا نییە کەمتر تووشی بەریەککەوتن دەبن، مەگەر

hewalname.com/ku

ڕقێکـی زۆریـان بەرامبــەر بەیــەک هەبێـت، بۆیــە دەرکەوتــووە ئــەو ژن و مێردانــەی، کــە زیاتـر یەکتریـان خۆشـدەوێت و ئالـودەن بەیەکتـر لـە هەمـوو ئەوانـی تـر زۆرتـر تووشـی شـەڕ وناخۆشـی دەبـن.

گەڕانـەوەی ئادریـان بـۆ ئـەم دورگەیـەو بەتایبەتیـش شـاری خانیـا لەمانگـی نیسـاندا، ڕێـک و ڕاسـت پەیوەنـدی بـەو سـەفەرەوە هەبـوو لەهەمـان مانگـدا لەسـەر پێشـنیاری خاتـوو کامیلیـا، چـوار سـاڵ پێـش ئێسـتا لەگـەڵ مێلیسـیادا بـۆ ئـەم شـارەیان کـرد.

مێلیسـیا لـەو سـەفەرە هەفتەییـەدا سـکی بـە نازیـلا پڕبـوو، واتـە یەکەمجـار نازیـلا لـەم شـارەدا لەنـاو هێلکەدانـی دایکیـدا تـروکا، بۆیـە ئـەم شـارە خۆشەویسـتییەکی تایبەتـی لـە دڵـی مێلیسـیا و ئادریانـدا جێهێشـتبوو، ئەمـەش یەکێـک بـوو لـەو هۆکارانـەی لەپـاش چـوار سـاڵ ئادریـان بگەڕێتـەوە بـۆ هەمـان شـار و چەنـد شـەوێک لەهەمـان میوانخانـەدا بەسـەر بەرێـت، کـە چوارسـاڵ پێـش ئێسـتا لەگـەڵ مێلیسـیادا تێیـدا پێکـەوە نووسـتبوون، بـەڵام ئـەم جارەیـان بەبـێ مێلیسـیاو لەگـەڵ نازیـلای بچکۆلـەدا، کـە ئـەو کاتـە تـازە هێلکەیەکـی تـروکاو بـوو.

ئادریـان وەک هیوابەخشـێک سـەرەتا لەگـەڵ نازیـلادا بـۆ ئـەم شـارە گەڕایـەوە بـە هیـوای ئـەوەی لێـرەوە دەسـت بـە چارەسـەری کێشـەکانی بـکات و کۆتایـی بـە هەمـوو ئـەو پلاننـە بهێنێـت بـەردەوام لەدژیـان بەرپـا دەکـرا، بـەڵام نەیزانـی یەکێـک لـە گوندەکانـی دەرەوەی ئـەم شـارە دەبێتـە دوای وێسـتگەی ژیانـی ئـەوو نیشـتیمانی هەمیشـەیی نازیـلا.

ڕەنگـە خوێنـەری ئێمـە ئێسـتا وا بزانێـت ئـەو دە سـاڵەی ژیانـی ئادریـان لـەم دورگـەدا هـەروا بـە ئاسـانی و بـە بـێ دەردەسـەری بەڕێـوە چـووە، وەک ئـەوەی مـرۆڤ لـە نیشـتیمانی خۆیـدا دەیگوزەرێنێـت!.

نـا، بـە پێچەوانـەوە تێپەڕبوونـی هـەر ڕۆژێـک لـە ڕۆژەکانـی ئـەو دە سـاڵە بـۆ ئادریـان

یـەک سـاڵی تەمەنـی بـوو، هــەر ئەمــەش وایکـرد ڕۆژ بــە ڕۆژ زیاتـر پیریـی زەبـری پـێ بگەیەنێـت.

لەمـاوەی ئـەو دە سـاڵەدا ئادریـان لـە مانگەکانـی جۆزەردانـەوە تـا ئەیلـول، کـە گەشـتیارێکی زۆر ڕوویـان لـەو ناوچانـە دەکـرد جێگایەکـی لەسـەر شـەقامێکی کۆنەشـاری خانیـا بـۆ خـۆی دابینکردبـوو، بـە کاری تابلـۆ فرۆشـی و کۆتـەڵ و شـمەکی ئەنتیکـەوە بژێـوی ژیانـی پەیـدا دەکـرد.

ئادریـان لـە پێـش ئـەو دە سـاڵەی ژیانیـدا بەتەنهـا هەفتەیـەک لەگـەڵ مێلیسـیادا لـە شـاری خانیـادا ژیابـوو، بـەڵام هـەر هەمـوو کـۆڵان و شـەقامەکانی ئـەم شـارە بـۆ ئـەو پڕبووبـوون لەیـادگاری و لەناخـەوە دەیکوڵانـدن، لەبـەر ئـەوەی ئـەو شـوێنانەی مـرۆڤ یادگاریـی جـوان و خۆشـی تیایـدا هەیـە و دەیانبەسـتێتەوە بـە ڕابردوویەکـی جوانـەوە، ئازارەکەیـان زۆر کاریگەرتـرە لـەو شـوێنانەی یـادگاری تاڵیـان لەگەڵیانـدا هەیـە.

بـۆ ئادریـان، ئـەو دوکانـی متومـورو فـرۆش و خشـڵ فرۆشـانەی ڕۆژانە ئـەم لەبەرامبەریاندا کاری بـۆ بژێـوی ژیانـی دەکـرد، ئەڵێـی قەدەرێـک بـە ئانقسـەت بۆیـە لەوێـدا داینـاوە تـا ئـازاری ئەمـی پـێ بـدات، چونکـە لـە مـاوەی ئـەو هەفتـەدا ئێوارەیـەک نەبـوو بـۆ پیاسـەکردن هاتبێتنـە ئـەم سـەر شـەقامەو مێلیسـیا لای نەدابێتـە لای ئـەو دوکانانـە و شـتێکی لـێ نەکڕیبێتـن، ئاخـر ئەویـش وەک زۆربـەی ژنـان زۆری حـەز لـە متومـورو ئـەو خشـڵانە بـوو، کـە لـە زیـو درووسـتکرابوون و بـە نرخێکـی هـەرزان لەسـەر شـەقامەکان دەفرۆشـران، ئەگەرچـی زۆر کـەم بەکاریشـی دەهێنـان، بـەڵام نەیدەتوانـی نەیانکڕێـت....

میوانخانـەی پۆسـایدۆن لـە شـەقامی ئاکتـی تۆمپـازی لەهەمـوو شـوێنەکانی تـر زیاتـر ئـازاری دەدا، ئەگـەر ڕۆژێـک ئـەو پیاوەیـان بانـگ بکردایـەو لێیـان بپرسـیبا: دەتوانیـن بەختێکـت لـە ژیانتـدا بدەینـێ بـۆ ئـەوەی هەمـوو دەسـەڵاتێکت لـەم دورگەیـەدا هەبێـت، ئـەو دەسـەڵاتە بۆچـی بـەکار دەهێنیـت؟ بـە دڵنیاییـەوە بـە بـێ ئـەوەی بیـر بکاتـەوە،

یەکسەر لە وەڵامدا دەیگوت: دەمەوێت ئەو میوانخانە بڕوخێنم و بیکەم بە باخچەیەک پڕ بێت لە یاری منداڵانە، چونکە لە دوای ئەو ئێوارەی بۆ یەکەمجار لە میوانخانەی کەتەلۆنیا لە بەرشەلۆنە پێکەوە نووستن، بیریی نایەت قەت ئەوەندەی ئەو هەفتەیەی میوانخانەی پۆسایدون چێژی لەژیان و خۆشیی لەگەڵ مێلیسیادا دیبێت، ئەو هەمیشە پێی وابوو دوو ساڵی ژیانی لەگەڵ مێلیسیادا بریتی بوو لەو هەفتەیە، بۆ ئەو تەنها ئەو هەفتەیە ڕۆژانی ئاڵتوونی ژیانی ئەو بوون، نەک لەبەر ئەوەی نازیلا بەرهەمی خۆشیی و چێژەکانی ئەو ڕۆژ و شەوانە بوون، چونکە ئەو کات نە مێلیسیا و نە ئادریان نەیاندەزانی چێژ و خۆشییەکانی ئەو هەفتەیە چ دیارییەکی جوانییان پێدەبەخشێت، بەڵکو ئەوان هەردووکیان قەت ئەوەندەی ئەو هەفتەیە بە دڵ یەکتریان لە ئامێز نەگرتبوو، پێکەوە پێنەکەنیبوون و دڵیان خۆشنەبووبوو، بۆیە دوای دوو مانگ پاشتر کاتێک مێلیسیا ئەو هەواڵە خۆشەی بە ئادریان ڕاگەیاند، کەوا سکی لەو دورگەیە پڕ بووە، ئادریان ئەوەندەی قاقای خۆشی لێدا فرمێسک لە چاوەکانی ڕێژنەیان بەست، بە پێکەنینەوە بە مێلیسیای دەگوت: ئازیزەکەم سکی تۆ لە پێکەنین پڕبووە، من دڵنیام ئەو سکەی تۆ منداڵی پێکەنینە، دە پێم بڵێ ئەگەر وا نییە.... مێلیسیاش بە نازێکەوە خەندەیەکی ژنانەی دەکردو دەیگوت: بۆ نا ئادریان بۆ نا.... دوای بیستنی هەواڵی سک پڕبوونی مێلیسیا، ئادریان لەبەردەم قاچەکانی مێلیسیادا کەوتە سەر ئەژنۆو بە تکاو پارانەوەوە پێی گوت: تکا دەکەم نابێت جارێک ئەم هەواڵە هیچ کەس بیزانێت، بەتایبەتی کارین، ئەبێت تا ئەم منداڵە لەدایک ئەبێت هەموو دڵخۆشیی و بەختەوەرییەکانی خۆمان بشارینەوە، مێلیسیاش بەڵێنی پێدا، کە لەلای هیچ کەس نەیدرکێنێت.... کاتێکیش سکی بوو بە شەش مانگ بۆ ئەوەی کەس بە ورگی بەرزەوە نەیبینێت پشووی درێژی بە بێ موچە وەرگرت.

ئەو ناوچەیە چەنێک بۆ ئادریان ئازاردەر بوو کاتێک ڕۆژانە یادگارییەکانی لەگەڵ مێلیسیادا گەورەترو تۆختر دەبوو تا ئەو ڕادەیەی وەک بەرداش ڕۆحی بهاڕێت، کەچی

newalname.com/ku/

بـۆ نازیـلا تـەواو پێچەوانـە بـوو، چونکـە ئیتـر ئـەو منداڵەکـەی جـاران نەبـوو، ڕۆژ بـە ڕۆژ گەورەتـر دەبـوو، هەمـوو یادگارییـە تاڵەکانـی منداڵـی بـە پێچەوانـەی باوکییـە بـەرەو خامۆشـی و کاڵبوونـەوە دەڕۆیشـتن و یادگارییەکانـی لەگـەڵ دایکیـدا دەبوونـە خەوێکـی کاڵەوەبـوو.

نازیـلا لـە شـاری خانیـا لـە هێلکەیەکـەوە تـروکاو لـە شـاری بەرلیـن لەدایکبـوو، بـەڵام لـە کیدۆنیـا گـەورە بـوو، بۆیـە بەشـێوەیەک ڕۆحـی گرێدرابـوو بـەم گونـدەوە هەڵکەندنـی ئاسـان نەبـوو. ئـەو لەگـەڵ ئیلاریـادا وەک کـچ و دایکیـان لێهاتبـوو، دوو هاوڕێـی ئەوەنـدە نزیـک بـوون قـەت یەکێکیانـت بـە تەنهـا نەدەبینـی ئـەو کاتانـە نەبێـت، کـە نازیـلا لـە قوتابخانـە بـوو، بـەڵام ئـەوە نەبێـت بـۆ ئیلاریـا ئەوەنـدە ئاسـان بێـت، بـە شـێوەیەک هۆگـری ئـەو منداڵـە بـوو، ئـەو کاتانـەی لێـی دور دەکەوتـەوە نەیدەتوانـی بـۆ سـاتێک خەیاڵـی لـەلای نەبێـت. ئەگـەر پێـی شـەرم نەبوایـەت ئـەو ئێوارانـەش باوکـی لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ پیاسـەی کەنـار دەریاکـەی دەبـرد لەگەڵیانـدا دەڕۆیشـت، بێگومـان بـۆ نازیلیـاش هـەروا بـوو، چونکـە ئـەو کاتانـەی لەگـەڵ باوکیـدا پیاسـەی دەکـرد بـە بەردەوامـی بـۆ دواوە ئـاوڕی دەدایـەوەو هەمیشـە پێـی وابـوو ئیلاریـا دوایـان دەکەوێـت و لـە پشـتەوە تەماشـایان دەکات.

بەڕێکردنـی دە سـاڵ لـە گوندێکـی بچوکـی یەکێـک لـە دورگـە تەریکەکانـی جیهـان، ڕەنگـە بـە گێڕانـەوە ئاسـان بێـت، بـەڵام بـۆ مرۆڤێـک، کـە قـەدەر بـەزۆر پێـوەی گرێـداوە، کەمتـر نییـە لـە ژیانـی ئـەو کۆیلانـەی زنجیـر دەکەنـە دەسـت و قاچیـان و پێیـان دەڵێـن بـڕۆن ئیتـر ئێـوە ئـازادن، دەبێـت ئـازادی مرۆڤـەکان لـە کوێـدا بێـت، کاتێـک دەسـت و قاچیـان لـە زنجیـردا بێـت...!.

ڕۆژانـی ئـەم ناوچەیـە بـە هەمـوو گونـدو شـارو شـارۆچکەکانییەوە، کـە بـوو بـوون بـە سـەرچاوەی بژێـوی ژیـان و دوا نیشـتیمانی ئـەو وەک سـزاکەی سـێزیف قـورس بـوون، بـەڵام

نەیدەتوانی بەرگە نەگرێت و لەگەڵ هەر بێهیوایی و گلۆربوونەوەی بەردەکەدا جارێکی تر نەیداتەوە بە کۆڵیداو بەرەو سەر شاخەکە نەکەوێتەوە ڕێ، چونکە لەگەڵ هەر نائومێدییەکدا، کاتێک سەیری چاوە گەورە خۆڵەمێشیەکانی نازیلای دەکرد، ئەوەندە پڕ لەهیوا و ژیان بوون گوڕو هێزێکی تری بۆ ژیان پێدەدا تا وەک سیزیف بە بەردەکەی سەرشانییەوە بە چیاکەدا هەڵگەڕێتەوەو ڕووبەڕووی ئازارو سەختییەکان ببێتەوە.

بۆ ئەوەی خوێنەر سەری لێ تێک نەچێت، ناچارین جار بە جار ئەوەی بیر بخەینەوە، پێش دە ساڵ کاتێک لەناو پاسەکەدا ئیلاریا بە نازیلاو ئادریانی باوکی ئاشنا بوو تەنها سێ ساڵی تەمەنی بوو، ئەوکات بە زمانی هەست و چاو لەگەڵ یەکتردا دەئاخافتن، بەڵام ئێستا نازیلا تەمەنی سیانزە ساڵانە، ئەمساڵ دەرچوو بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی و زمانی یۆنانی بووە بە زمانی دووەمی دایکی، ئەگەرچی بە ئەڵمانییەکی زۆر باشیش قسە دەکات، بەڵام باوکی ئەمەی پێخۆش نییەو ئەگەر دەسەڵاتی هەبوایەت ئەوا زمانی ئەڵمانی لەناو مێشکیدا دەسڕییەوە، بۆیە ئەوە ماوەی چەند ساڵێک دەبێت باوکی هەوڵدەدات بە کەمترین شێوە بە ئەڵمانی لەگەڵیدا قسە بکات، بەڵام ئەو بەباشی توانای خوێندنەوەی زمانی ئەڵمانیشی هەیە.

وەک پێشتر باسمان کرد ئادریان ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی لەناوەوە بەرەو دۆزەخ و وێرانبوون دەڕۆیشت، بەبێ ئەوەی بهێڵێت کەسێک هەست بەم حاڵەتە نالەبارەی دەروونی بکات، هۆکارەکەشی ئەوە بوو لەگەڵ گەورەبوونی نازیلادا زیاتر هەستی بەتەنهایی دەکرد، چونکە لەدوای ئەوەی تەمەنی نازیلا بوو بە شەش ساڵ زۆربەی شەوەکان دەڕۆیشتە سەرەوەو لەلای ئیلاریا دەنووست، تا وای لێهات دوای ساڵێک، ئیلاریا ژوورەکەی دایکی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی لەگەڵ نازیلادا پێکەوە دەنووستن. ئیتر لەو کاتەوە ئادریان بەتەواوەتی تەنهایی باڵی بەسەر ژیانیدا کێشاو ئەو پەیوەندییە نزیکەی جارانی لەگەڵ نازیلادا بەرەو دووربوونەوە دەڕۆیشت. ئەڵبەتە سەرەتا ئەو بە

پەیوەنـدی نێـوان ئیلاریـاو نازیـلا خۆشـحاڵبوو، چونکـە هەسـتی دەکـرد ئیلاریـا خەریکـە شـوێنە بۆشـەکەی دایکـی لـە دەروونـی نازیـلادا پڕدەکاتـەوەو نازیـلا لـە گرێـی بێ دایکـی دەهێنێتـە دەرەوە. ئـەو دەیگـوت: ڕەنگـە ڕۆحـی پاکـی خـۆی ئـەم بەختـەی پـێ بەخشـی بێـت، کـەوا تەمەنـی لـە قۆناغێکـدا نەبـوو گرێـی بێ دایکـی لـە دەروونیـدا شـوێن پێـی بکاتـەوە، خۆشـبەختانە دایکێکـی بۆ پەیدا بـوو لـەو کێشـە دەروونییـە بیهێنێتـە دەرەوە، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو باشـییەکانی ئیلاریـاو خاتـوو دافنیـدا هێشـتا ئـەو دایکـی ڕاسـتەقینەی خـۆی لەدەسـتدابوو.

ئـەم دڵخۆشـییەی ئادریـان بـەردەوام نەبـوو، چونکـە هەسـتی دەکـرد ئـەو خۆشەویسـتیی و سـۆزەی جـاران نازیـلا بـۆی هەبـوو ئیتـر وەک جـاران نییـەو سـاڵانە چەنێـک لـە خاتـوو دافنـی و ئیلاریـا نزیکتـر دەبێتـەوە ئەوەنـدە لـە ئـەو دوور دەکەوێتـەوە، ئەمـەش ئـەوەی نەدەگەیانـد، کـە خۆشەویسـتی بـۆ باوکـی کـەم بۆتـەوە....

ئـەم کێشـەیە ماوەیەکـی زۆر مێشـکی مانـدوو کـرد، بۆیـە هەوڵـی دەدا هەرچۆنێـک بێـت وەک سـەردەمی منداڵـی زۆربـەی کاتەکانـی بـۆ ئـەوو لەگـەڵ ئـەودا تەرخـان بـکات. ئـەو خـۆی بـەوە سەرزەنشـت دەکـرد، کـە کەمتەرخـەم بـووە بەرامبـەر بـە نازیـلا بۆیـە پەیوەندییەکـەی بـەم ئاکامـە گەیشـتووە.... نازیـلا ئێسـتا ئەوەنـدە لـە ئیلاریـاوە نزیکـە حـەز دەکات زیاتـر کاتەکانـی لەگەڵـدا ئـەودا بـەش بـکات، نـەک لەگـەڵ باوکیـدا، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئەمـە هەمـوو هۆکارەکـە نەبـوو...!.

ئـەوەی ئـەم هـزرە خراپانـەی دەخسـتە نـاو مێشـکی ئادریانـەوە، بەتەنهـا هـەر ئـەوە نەبـوو، کـە نازیـلا لەگـەڵ گـەورە بوونـدا کەمتـر لەجـاران پێـی خۆشـە لەگـەڵ باوکیـدا بمێنێتـەوە، بەڵکـو ئـەوە بـوو هـەر کاتێـک لەنـاو دار زەیتونـەکان یـان لەکاتـی دۆشـینی مـەڕو بزنەکانـدا کاتێـک ئادریانیـان دەبینـی وەک نهێنییەکیـان لـەو شـاردبێتەوە تەماشـایەکی یەکتریـان دەکـرد و بـە نازێکـەوە قاقـا پێدەکەنیـن، ئەمـەش جـۆرە غیـرەو لەخۆدامانێکـی

لای ئادریـان بەشـێوەیەک دروسـتدەکرد وەک ئـەوەی ئیلاریـا شـتێکی بـە نرخـی لـە ئـەو دزیبێـت، بۆیـە ئـەو مـاوە مێشـکی بـە شـێوەیەک مانـدوو بووبـوو تاقەتـی کارکردنیشـی نەمابـوو، زۆربـەی کاتەکانـی بـە خواردنـەوەی کحـول و خـەوەوە بەسـەر دەبـرد.

ئـەم هـزرە خراپـەی ئادریـان بەرامبـەر بـە ئیلاریـا، کـە کچەکـەی لـێ دزیـوە وای لێکـرد، کـە بخوازێـت لـەو گونـدە بگوازێتـەوە بـۆ گوندێکـی تـر یـان ئەگـەر هـەر بـۆی نەکـرا لـەو دورگەیـە لەگـەڵ نازیـلادا هەڵبێـت و بـڕوات بـۆ مەملەکەتێکـی تـر. ئـەو ماوەیـە ئـەو بـەردەوام هـەر لەبیریـی ئـەوەدا بـوو دەسـتی کچەکـەی بگرێـت و بـڕوات و گوندەکـە بـە جـێ بهێڵێـت، بـەڵام تاکـە شـتێک لەبیریـی چووبـوو ئـەوە بـوو؛ نازیـلا لەتەمەنـی پێنـج ساڵیدا بـۆ ئـەوەی وەک منداڵەکانـی تـر بڕواتـە باخچـەی سـاوایان و پاشـان قوتابخانـە هەمـوو مافێکـی وەک هـەر منداڵێکـی تـری گوندەکـە هەبێـت، خاتـوو دافنـی بـۆ خـۆی تەبەنـی کردبـوو، واتـە بـە پێـی یاسـا نازیـلا چیتـر کچـی ئادریـان نەبـوو بەڵکـو کچـی خاتـوو دافنـی و خوشـکی یاسـایی ئیلاریـا بـوو.... ئـەم قسـەیەش ئـەو شـەوە ئیلاریـا ڕاسـتەوخۆو بـە پێکەنینێکـی گاڵتـە ئامێـزەوە بـە ئادریانـی گـوت؛ کاتێـک ئادریـان بانگـی ئیلاریـاو خاتـوو دافنـی کـرد بـۆ ژوورەکـەی خۆیـی و نـاخ و مێشـکی خـۆی لـەلا کردنـەوە، کـەوا بـە هـۆی تەواوبوونـی کارەکانیـەوە دەیەوێـت بگەڕێتـەوە بـۆ ئەڵمانیـاو نازیـلاش لەگـەڵ خۆیـدا بباتـەوە بـۆ لای کـەس و کارەکـەی، کەچەنـد سـاڵێکە لەیەکتـر دابـڕاون.

ئادریـان ئـەو شـەوە بۆیـە خاتـوو دافنـی و ئیلاریـای بـۆ ژوورەکـەی بانگهێشـت کردبـوو، کـە بیەوێـت تێیـان بگەیەنێـت یـان بـەوە ڕازییـان بـکات، کـە ئـەو چیتـر هیـچ کارێکـی لـەم دورگەیـە نەمـاوەو پێویسـتە بـە زووتریـن کات بـۆ ئەڵمانیـا بگەڕێتـەوە....

ئیلاریـا لـەو کچـە زیرەکانـە بـوو هەمـوو بەیانییـەک شـەیتان دەهاتـە حەوشـەکەیان و لەبـەری دەپاڕایـەوە بـۆ ئـەوەی وانەیەکـی نوێـی فێـر بـکات، کـە لـە کوێـوە دەسـت بـەو ڕۆژە نوێیـە بـکات، بـەڵام تـا بڵێیـت ڕۆحێکـی پـاک و بێگـەردی هەبـوو، ئەگـەر ئـەو

زیرەکیـەی ئـەو بـە هـەر ژنێکـی ڕۆح خـراپ و نـاخ پیسـەوە بـا دونیـای وێـران دەکـرد، بـەڵام خـۆ ئـەم سروشـتەش یاسـایەکی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، کاتێـک ژەهـر دەبەخشـێت بـە مـار خـۆ نابێـت باڵیشـی پـێ ببەخشـێت، بۆیـە کاتێـک باڵـی بـۆ فڕیـن بـە باڵنـدەکان بەخشـیوە بەرائەتیانـی خوێندۆتـەوە. ئیلاریـاش باڵندەیـەک بـوو دەیتوانـی بەرزبفڕێـت و هەمـوو شـتێک لەخـواری خۆیـەوە ببینێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا پـڕ بـوو لـە بەرائـەت، بۆیـە ئـەو شـەوە بـۆ ئـەوەی ئادریـان لـە هەمـوو خەونـە بێزارکـەرو وڕێنـە تاڵەکانـی نـاو مێشـکی ئـاگادار بکاتـەوە داوای لـە دایکـی کـرد نازیـلا لەگـەڵ خۆیـدا بباتـە سـەرەوەو بەتەنهـا لەگـەڵ ئادریانـدا بـە جێیـان بهێڵێـت....

پـاش ئـەوەی خاتـوو دافنـی لەگـەڵ نازیـلادا ژوورەکەیـان بەجێهێشـت ئیلاریـا بـەم شـێوەیە دەسـتی بەقسـەکردن کـرد: ئادریـان تـۆش پیاویـت وەک هەمـوو پیاوەکانـی تـر، تـۆ دەزانیـت هەمـوو پیاوەکانـی دونیـا لـەوەدا لەیـەک دەچـن، کـە لەناخـی هیـچ ژنێـک تێناگـەن، هەمـوو پیاوەکانـی سـەر گـۆی ئـەم ئەسـتێرەیە لەبـەر ئـەوەی ناتوانـن لـە ڕۆحـی تاقـە ژنێـک تـێ بگـەن پێیـان وایـە هەمـوو ژنـەکان لەیەکتـر دەچـن، بۆیـە دەشـێت تـۆش یەکێـک بیـت لـەو پیـاوە هەزارانـەی دونیـا، کـە توانـای خوێندنـەوەی ڕۆحـی هیـچ ئافرەتێکیـان نییـە، لەمەشـدا هیـچ لۆمەیەکـت ناکـەم چونکـە تـازە وەک خێزانێکمـان لێهاتـووە، بـەڵام ناتوانـم بەسـەر نیگەرانییەکانمـدا بەرامبـەر بـە تـۆ زاڵ بـم.

زۆربـاش لەبیـرم دێت و وا دەزانـم ئێسـتایە دە سـاڵ پێش ئێسـتا لەسـەر ئـەو سـەربانەی ئێسـتا ئێمـە لەژێریـدا دانیشـتووین پرسـیاری دایکـی نازیـلام لێکردیـت. ئـەو کات ئێمـە تەنهـا مانگێـک بـوو یەکترمـان ناسـیبوو، دەمزانـی پرسـیارەکەم زۆر ئیحـراج و بریندارکـەرە، بـەڵام چیبکـەم منیـش ژنـم و هەمـوو ژنێکیـش ئـەو خولیـا خراپـەی لەسـەردایە بـە بـێ ئـەوەی ئـاگای لەخـۆی بێـت، کاتێـک لەگـەڵ پیاوێکـدا ناسـیاوی یـان هاوڕێیەتـی پەیـدا دەکات یەکـەم پرسـیار پرسـیاری ئـەوەی لێـدەکات، کـە ئایـا ژنێکـی تـر لەژیانیـدا هەیـە یـان هەیبـووە، ئەمـە یەکێـک لـە خـووە خراپەکانـی ژنـە لەگـەڵ ناسـینی هـەر پیاوێکـدا

دەیەوێـت کـون و کەلەبـەری نـاو مێشـک و دڵـی بـۆ دۆزینـەوەی ژنێکـی تـر بپشـکنێت، بـەڵام ئـەو ئێـوارە وەڵامەکـەی تـۆ ئەوەنـدە غەمگیـن و شـەرمنانە بـوون مـن لـە تەریقیـدا خەریـک بـوو بمـرم و دایکیشـم سەرزەنشـتی زۆری کـردم لەسـەر ئـەوەی، مـن بـەو پرسـیارە برینـی ئێـوەم کولاندۆتـەوەو نەدەبوایـە پرسـیارێکی لـەو جـۆرەم بکردایـەت، بـەڵام ئێسـتا دوای دە سـاڵ تێگەیشـتم خراپـی ئـەو پرسـیارە بەتەنهـا لـە خراپـی کاتەکەیـدا بـوو، ئەگینـا ئـەو کاتـەش نەکرایـە هەردەبـوو ڕۆژێـک بێـت ئـەو پرسـیارەت لەلایـەن منـەوە ڕووبـەڕوو بکرێتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن ئەوەنـدە بـێ هەسـت نەبـووم ، کاتێـک گوێـم لـە وەڵامەکـەی ئێـوە بـوو بـە شـەرم و غەمێکـی قوڵـەوە وەڵامتـان دامـەوە، کـەوا دایکـی نازیلا لـە ڕووداوێکدا ونبـووە یـان لەدەسـتان داوە، ئیتـر مـن هیـچ نەچوومـە نـاو وردەکاری ڕووداوەکـەوە، لەبـەر ئـەوەی نەمویسـت لـەوە زیاتـر ئـازارت بـدەم.

ئەگـەر لەگەڵـت کەمێـک ڕاسـتگۆ بـم ئـەو کاتـە کەمێـک هەسـتم بـۆت جـوڵا، هـەر ئـەو هەسـتە بـوو لەدڵـی خۆمـدا تـا ئەمڕۆکـە پـەروەردەو گـەورەی دەکـەم، بـەڵام خـۆ منیـش مرۆڤـم و هەمـوو مرۆڤێکیـش سـنوورێکی بـۆ سـەبر و چاوەڕوانییەکانـی هەیـە.

ئادریـان لـە مـاوەی ئـەم دە ساڵەدا ڕۆژێـک نییـە بیـرم لەتـۆ نەکردبێتـەوە، دەزانیـت ئەمە مانـای چـی؟ ژنـان وەک پیـاوان نیـن، لێـم تێبگـە، ژنـان یـان هیـچ پیاوێکیـان خۆشـناوێت یان ئەگـەر خۆشـیان ویسـت شـێتانە خۆشـیان دەوێـت، بۆیـە ژنـان هەمیشـە لـە پشـتی تۆڵـەوەن لـەو کەسـەی، کـە خۆشـیان ئەوێـت و ئەویـش سـۆز و خۆشەویسـتییەکەی ئەخاتـە ژێـر پێیـەوە، بۆیـە لێـت ناشـارمەوە لـە دڵمـەوە خۆشـم ئەوێیـت، دەمەوێـت لـەوە تێبگەیـت، خۆشەویسـتی ژنێـک بـۆ پیاوێـک چەنـد مەترسـیدارە کاتێـک پیاوەکـە ڕەتـی دەکاتـەوە.

ئادریـان تـۆ بەتەنها تاقـە پیاوێکـی لـە ژیانمـدا خۆشـم ویسـتبێت، دەزانـم ئەمـە بـۆ تـۆ هیـچ مانایەکـی نییـە، چونکـە ئەگـەر خۆشەویسـتی ژنێـک بـۆ پیاوێـک مانایەکـی هەبێـت ئـەوا ناتوانێـت وەک تـۆ بێخـەم بێـت و هیـچ نەڵێـت. ئـەوەش دەزانـم پیـاو دەتوانێـت

بەرگـەی زۆر شـت لەژیانیـدا بگرێـت جگـە لـە بەرگـەی سـۆزو خۆشەویسـتی ژنێـک، کـە دەیەوێـت لەنـاوی بەرێـت و بوونـی بسـڕێتەوەو لەخۆیـدا بەرجەسـتەی بکاتـەوە، ئەمـە بەباشـی لەتـۆدا دەبینـم، کـە ژنێـک لەناخـەوە چـۆن وێرانـی کردوویـت و ڕۆژانـە بـە بەردەوامـی وردوخاشـت دەکات، بۆیـە دەمەوێـت بزانـم ئـەو ژنـە کێیـە؟ ئایـا هـەر دایکـی نازیلایـە؟. ئەگـەر ئـەو بێـت بـێ مێشـکییەکی گەورەیـە مـرۆڤ سـاڵانێکی دورو درێـژ خۆشەویسـتی لەگـەڵ مردوویەکـدا بـکات، ئێمـە دەتوانیـن مردووەکانمـان خـۆش بووێـت، بـەڵام ناکرێـت خۆشەویسـتییان لەگەڵـدا بکەیـن، چونکـە خۆشەویسـتی لـە ئێسـتادایە، لـە سـبەینێدایە لەداهاتوودایـە نـەک لـە ڕابـووردوودا.

بەدۆزەخکردنـی ژیـان لەپێنـاو خۆشەویسـتی مردووەکانـدا بەتەنهـا کاری شـێتەکانە، کاری ئـەو کەسـانەیە، کـە لـە وەهمـی خۆشەویسـتی نەهاتوونەتـە دەرەوە، ئەوانـەی لەنـاو وەهمـی خۆشەویسـتیدا بژیـن ناتوانـن لـە نـاو خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینەدا بژیـن، خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە ئـەم ساتەیە، کـە مـن و تـۆ پێکـەوە دانیشـتووین قسـە دەکەیـن، لـە دوای ئـەم سـاتانەوە ئیتـر شـتێک نییـە نـاوی خۆشەویسـتی بێـت جگـە لـە خەیاڵێکـی پـوچ نەبێـت.

ئـەوە چەنـد سـاڵێکە مـن هـەر چاوەڕوانـی ئەمشـەوەم لەتـۆ دەکـرد ناخـی خـۆت لـەلام بکەیتـەوەو بزانـم تـۆ چـۆن بیـر لەمـن و نازیـلا دەکەیتـەوە، کەچـی تـا بەتـازە پێمدەڵێیـت: دەمەوێـت لەگـەڵ نازیـلادا بگەڕێمـەوە بـۆ ئەڵمانیـا، ئـەی تـۆ لەبیـرت چـووە، کـە نازیـلا خوشـکی یاسـایی منـە، مـن دەزانـم ئـەوەی ئـازارت دەدات ئـەم نزیکبوونـەوەی منـە لـە نازیـلا، ئاخـر ئـەوە گەمژەیـی پیـاوە، کـە قـەت ناتوانێـت لـە ژنێـک تـێ بـگات ئەگـەر کچیشـی بێـت، پیـاوەکان لـەوە تێناگـەن، کـە ژنـان دونیایەکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە جیاوازتـر لـە دونیاکـەی ئـەوان. تـۆ تـا ئێسـتاش پێـت وایـە نازیـلا هێشـتا مناڵـە بچکۆلەکـەی جارانـەو دەبێـت لەباوەشـی باوکیـدا بخەوێـت، دەبێـت وەک بوکەڵەیـەک هەمیشـە بەدەسـتی باوکییـەوە بێـت، کـە بـۆ کوێـی بوێـت بیبـات. لەکاتێکـدا نازیـلا

تەمەنــی گــەورە بــووەو گەورەتریــش دەبێــت، هیــچ پیاوێــک لــەوە تێنــاگات، کــە بۆچــی کچــەکان بەمناڵــی زیاتــر لەباوکیــان نزیکدەبنــەوەو کاتێکیــش گــەورە دەبــن دوردەکەونــەوە، چونکــە هەمــوو کچــەکان لــە مناڵیــدا پێویســتیان بەهێزێکــی نێرینــە هەیــە لەپشــتیانەوە بێــت و لــە ڕووی ڕۆحییــەوە هەســت بەئارامــی بکــەن و تێبگــەن هێزێــک هەیــە دەیانپارێزێــت ئــەو هێــزەش لــە لای باوکانــەوە دەبینــن، ئــەی نابینیــت ئــەو ژنانــەی بەمناڵــی هێزێکــی باوکانــە لــە پشــتیانەوە نەبــووە، چەنــد کارەکتەریــان لاوازەو لــە گەورەییــدا دەیانەوێــت قەرەبــووی مناڵــی بکەنــەوە، بۆیــە هــەوڵ دەدەن لــە پشــتی پیاوێکــەوە خۆیــان بشــارنەوە.

نازیــلا ئێســتا گــەورە بــووەو لەگــەڵ پیاوێکــدا بــا باوکیشــی بێــت قســەی زۆری نییــە، ئێســتا ئــەو قســەی ژنانــەی خــۆی هەیــە، هەندێــک قســە هــەن بەتەنهــا دەتوانێــت لەگــەڵ ژنێکــدا بیــکات نــەک پیاوێــک، ژنــان وەک پیــاوان نیــن ڕازە نهێنییەکانــی خۆیــان بەتەنهــا دەتوانــن لەگــەڵ ژنانــدا بدرکێنــن، چونکــە پیــاوان لێیــان تێناگــەن و بــەردەوام گاڵتەیــان بەقســەی ژنــان دێــت و توانجیــان تێدەگــرن، بــەڵام ژنــان باشــتر لەیــەک تێدەگــەن، بۆیــە بــەردەوام ژنــان لەگــەڵ یەکــدا قســەیان ئەوەنــدە زۆرە قــەت کۆتایــی نایــەت، ژنــان تــەواو پێچەوانــەی پیاوانــن لــەوەدا ئەگــەر ژنێکیــش نەناســن هــەر قســەیان هەیــە پێکــەوە بیکــەن، ئێســتا تێدەگەیــت....!.

ئادریــان ئــەو هــزرە خراپــە لــە مێشــکت لادە، کــەوا بزانیــت مــن نازیــلام لــێ دزیویــت، منیــش نەبــم نازیــلا ژنێکــی تــر بــۆ دەربڕینــی قســەکانی ناخــی دەدۆزێتــەوە. نازیــلا ئێســتا لــە تەمەنێکــی زۆر هەســتیاردایە، خــۆت پیاویــت ئــەوە بــاش دەزانیــت کچــان لــەو تەمەنــەدا چەنێــک لەبــەردەم مەترســی ئــەوەدان کوڕێــک فریویــان بــدات و نەگبەتــی بەســەریدا بهێنــن. تــۆ دەبێــت لــەوە تێبگەیــت نازیــلاش وەک مــن و تــۆ مرۆڤــەو دڵێــک بــە بەردەوامــی لەنــاو ســینەیدا لێــدەدات، جــا بــۆ ئــەوەی ئــەو لێدانــە بــە دروســتی لێبــدات پێوســیتی بــە چاودێــری کەســێکە، ئــەو کەســە بــە دڵنیاییــەوە تــۆ نیــت و منــم، چونکــە ئــەو بــە تەنهــا دەتوانێــت مەراقەکانــی دڵــی لــەلای مــن هەڵڕێژێــت نــەک لــەلای پیاوێــک....

ئادریـان نامەوێـت هیـچ شـتێکت لـێ بشـارمەوە، کاتێـک زۆرجـار ئێمـە شـۆخی دەکەیـن و پێدەکەنیــن و خۆمــان لــە تــۆ دەشــارینەوە هیــچ پەیوەندییەکــی بــە تــۆوە نییــە، بەڵکـو پەیوەنـدی بـەو شـوانە شـێتۆکەوە هەیـە، کـە چـاوە خۆڵەمێشـییەکانی نازیـلا لەناخـی ئـەودا بـووە بـە پشـکۆیەک ئاگـرو ئەوەنـدەی تـر شـێتی کـردووە. ئێمـە بـەردەوام بـە 'یانیـس' پێدەکەنیـن، مەبەسـتم یانیسـی شـوانکارەیە، ئـەو شـێتە عەشـقی نازیـلا ڕۆشـتۆتە نـاو سـەرییەوەو خەریکـە بەتەواوەتـی دیـن دەبێـت، ماوەیەکـە نـەک ئـاگای لـە مـەڕ و بزنـەکان بەڵکـو لـە خۆیشـی نەمـاوەو هـەر عەسـر دەیانـدا لەبـەرو بـەرەو گوندەکـە بـە گۆرانـی گوتـن دەگەڕێتـەوە.

ماوەیەکـە خەڵکـی گوندەکـە سـەریان لـەم هەڵسـوکەوتە سـوڕماوەو نازانـن بـۆ وا بەتەواوەتـی عەقڵـی لەدەسـتداوە. ئەگـەر بەهـار بوایـەت ئـەوا خەڵکەکـە هیـچ بەلایانـەوە سـەیر نەدەبـوو یانیـس بـەم شـێوە هەڵسـوکەوت بـکات، چونکـە لەگـەڵ هاتنـی وەرزی بەهـارو گوڵکردنـی درەختـەکان ئیتـر ئـەو نەخۆشـییەکەی سـەرهەڵدەدات تـا دوو مانـگ ئـەم گونـدە حاڵیـان بـە دەسـتییەوە خـراپ دەبێـت و ناچـار هـەر جـارەو یەکێـک لـە ماڵـەکان شـوانی دەکـەن، بـەڵام ئـەوەی لای ئـەوان سـەیرە یەکەمجـارە یانیـس لـە پایـزدا نەخۆشـییەکەی لـێ دیـاری بـدات و لـەوەش سـەیرتر قـەت ئەوەنـدە دڵخـۆش نەیاندیـوە، کـە بـەردەوام پێبکەنێـت و گۆرانـی بڵێـت.

لـە گوندەکـەدا بەتەنهـا مـن و نازیـلا نهێنـی شـێتبوونەکەی دەزانیـن، بۆیـە کاتێـک گۆرانـی و قسـەکانیمان بیـر دەکەوێتـەوە قاقـا پێدەکەنیـن. دوێنـێ ئێـوارە نیکۆسـی پیـر لەبــەر خۆیــەوە دەیگــوت: ئــەم "ئاماریلیــس"ە کێیــە وا ئــەم نەگبەتــەی ئەوەنــدەی تــر تێکداوە.... مـن و نازیـلا کاتێـک گوێمـان لـەم قسـەیە بـوو نەمانتوانـی خۆمـان بگریـن و بـە ڕاکـردن بـەرەو ماڵـەوە هەڵهاتیـن و لەنـاو دار زەیتونەکانـدا ئەوەنـدە پێکەنیـن خەریکبـوو ببورێینـەوە، کەچـی تـۆش بەسـەردا هاتیـت ئەوەبـوو نەمانزانـی چـی بکەیـن جگـە لـەوەی وەک دوو دز هەڵهاتیـن.

ئادریـان، ئـەم کـوڕە چـوارده سـاڵی تەمەنـە، بـۆ خـۆی کەمێـک شـێتۆکەیەو لەبەهاراندا بـە هـۆی پـەیدابوونـی گوڵـەوە ئەوەنـدەی تـر دەردەکـەی قـورس دەبێـت، هـەر لەمناڵـەییـەوە لـە قوتابخانـە دەریانهێنـاو کردیـان بەشـوانی مـەڕو بزنەکانـی ئـەم گونـدە، ئـەو جگـە لـە شـوانی بەکەڵکـی هیـچ شـتێکی تـر نەدەهـات، بـەڵام وا ئێسـتا لەوەتـەی چەندجارێـک نازیـلای لەگـەڵ منـدا دیـوە، کاتێـک ڕۆیشـتووین بـۆ سـەرکێوەکەو خواردنمـان بـۆ بـردووە بەتەواوەتـی عاشـقی نازیـلا بـووە، ڕۆژ هەتـا ئێـوارە دەڕواتـە سـەربەردێکی بـەرزو گـەورەو گۆرانییەکانـی 'ڤێرجیـل' دەڵێتـەوەو فرمێسـک لـە چاوەکانـی بەخـوڕ بەردەبنـەوە کاتێـک بـاس لەقارەمانێتـی خـۆی دەکات، هـەر بەڕاسـتی ئـەو ئێسـتا خـۆی لێبـووە بـە یەکێـک لـە پاڵەوانـە ئەفسـانەییەکانی نـاو شـیعرەکانی هۆمیـرۆس و دەیەوێـت دونیـا وێـران بـکات لـە پێنـاو ئازادکردنـی هێلینـا. ئـەو شـێتۆکە نازیـلای نـاو نـاوە ئاماریلیس، ئاماریلیس نـاوی کچەشـوانێکە لـە شـیعرەکانی مێگەلـی ڤێرجیلـدا.

ئـەو لـە ڕاسـتیدا عەشـقی ئاماریلیـس بـووە نـەک نازیـلا، ئـەو بۆیـە شـەیدای نازیـلا بـووە، چونکـە وا دەزانێـت ئاماریلیسـە، ئێسـتا تێگەیشـتیت بۆچـی ئێمـە وەک دوو دز لـە تـۆ هەڵدەهاتیـن و قاقـا پێدەکەنیـن، ئێمـە بـە یانیـس و نیکۆسـی پیـر پێدەکەنیـن، کاتێـک دەیگـوت: خۆزگـە دەمزانـی ئـەو ئاماریلیسـە کێیـە...!.

مـن دڵنیـام تـۆ بەتەنهـا نـاوی گوڵـی ئاماریلیسـت بیسـتووە، کـە چەنـد جـوان و گەشاوەیە، بـەڵام قـەت نـەت زانیـوە نـاوی کچـە شـوانێکە پێـش دوو هەزارساڵ ڤێرجیـل لـە شـیعرەکانیدا نـاوی هێنـاوە، کەچـی دوای دوو هەزارسـاڵ کـوڕە شـوانێک عەشـقی دەبێـت و عەقڵـی بەتەواوەتـی بـۆی لەدەسـت دەدات، ئـا ئەمەیـە تـۆی نیگەرانکـردووە، کاتێـک دەتەوێـت بزانیـت ئێمـە باسـی چـی دەکەیـن، مـن بەنازیـلا دەڵێـم؛ ئاماریلیـس سـەیرکە باوکیشـت خەریکـە وەک یانیسـی شـوانکارە دیـن دەبێـت، وا بـڕوات ماوەیەکـی تـر ئەویـش لـە گوندەکـەدا دەسـت بـە گۆرانـی گوتـن دەکات و ئیتـر بـۆ خۆیـان لەگـەڵ یانیسـدا دەبنـە هـاوڕێ و هاوخـەم و هـاو چارەنـووس....

ئێستا تێدەگەیت ئادریان، کە هیچ شتێک لەئارادا نییە جگە لە خەیاڵە خراپەکانی ناو مێشکی خۆت نەبێت، ژیان هەروەکو جارانە، ڕێک وەک ئەو کاتەیە، کە تۆ پێش دە ساڵ هاتیتە ئێرە، ئەوەی، کە گۆڕاوە شتەکانی دەوروبەرتە، کە لە چاوەڕوانی تۆدا نەبووە، ئەمەش شتێکی ئاساییە ئەو کەسانەی، کە خۆیان ناگۆڕێن و هەر لەیەک پێستدا دەمێننەوە گۆڕانی ئەوانی تریشیان پێ هەزم ناکرێت و تا پێیان بکرێت ڕوبەڕووی دەبنەوە.

ئادریان، چاوەکانت بکەرەوە خۆشەویستی خەریکە لەناومان دەبات، خۆشەویستی لەمماڵەدا وای پێکەوە گرێداوین، خەریکین دەبین بە جەستەیەک. من، تۆ، دایکم و نازیلا ئیتر خێزانێکین، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بە قەدەری ئێمەوە هەبێت، گرنگ نییە باش یان خراپ بێت، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت لە دەست قەدەری خۆی هەڵبێت. ئەوەی من بە بیرو خەیاڵمدا بێت ساڵانە دەیان هەزار کەس لە وڵاتەکەی تۆوە سەردانی ئەم دورگەی ئێمە دەکەن و لە بازاڕو میوانخانەکاندا بڵاو دەبنەوە لەبەر ئەوە قەدەر نەبووە تاقە کەسێکیشم لێ نەناسیوون، من قەت بە خەویش ئەوەم نەدیوە ڕۆژێک لەگەڵ پیاوێکی ئەڵماندا ببمە هاوڕێ و دواتریش خۆشم بوێت.

ئادریان نازانم تۆ چۆن دوای ئەو هەموو ساڵە لەم ماڵەدا بیرێکی وا بەمێشکتدا دێت، کە بە جێمان بهێڵێت، کەسێک هەیە بتوانێت دە ساڵ لە ماڵێکدا بەسەر بەرێت وەک تۆ ئاوا بە ئاسانی بتوانێت بەجێی بهێڵێت، مەگەر تۆ دڵت نییە؟. کەسێک ئەگەر دڵێک لەناو سنگیدا هەبێت ناتوانێت بە ئاسانی شوێنێک بەجێ بهێڵێت، کە ساڵانێک یادگاری خۆش و ناخۆشی تێدا هەبووە، بە بێ ئەوەی هیچ پاڵنەرێک هەبێت ناچاری بکات بڕوات....

ببورە ئادریان، من لە قسەکردن ماندوو بووم و هیچ وەڵامێکم لەتۆ دەستگیر نەبوو، بۆیە دەمەوێت بەتەنها هەر ئەوەندەت پێ بڵێم، کەمێک بیربکەرەوە لە

خـۆت نـا لـە نازیـلا، ئێـرە تـازە نیشـتیمانی نازیلایـە، ئێسـتا ئێمـە نزیکتریـن کەسـی نازیلایـن، لـەوە تـێ بگـە نازیـلا چیتـر بەتەنهـا کچـی تـۆ نییـە، بەڵکـو کچـی ئـەم ماڵەشـە. تـۆ خـۆت دوای سـاڵێک گوتـت: چەنـد دڵـم خۆشـە، کـە نازیـلا ئـاوا بـە دڵخۆشـی دەبینـم لـەم ماڵـەدا دێـت و دەچێـت و یـاری دەکات، تـۆ خـۆت پێـت وا نەبـوو ناسـینی مـن و مانـەوە لـەم ماڵـە بەختێکـی گـەورە بـووە پێـش خـۆم بـۆ نازیـلا چونکـە خوشـک و دایکێکـی دڵسـۆزی بـۆ پەیـدا بـووە، ئیتـر ئێسـتا بـۆ دەترسـیت ئێمـە نازیـلا لەدەسـت تـۆ دەربهێنیـن، تـۆ دەبێـت چەنـد مرۆڤێکـی دڵـڕەق بیـت کاتێـک دەتەوێـت بەدەسـتی خـۆت جارێکـی تـر نازیـلا بـێ دایـک بکەیتـەوە، قـەت ناتوانـم لـەوە تـێ بگـەم پیاوێـک لـە پێنـاو خۆیـدا مناڵەکـەی بـێ دایـک بـکات.

ئادریـان، لـە مـاوەی ئـەم دە سـاڵەدا تـۆش وەکـو پیـاوی ئـەم ماڵـەت لێهاتـووە، مـن ئـەوە بـاش دەبینـم، کـە بـە چەنـد دڵسـۆزییەوە کارەکانـی ئـەم ماڵـە ڕادەپەڕێنیـت، کاتێـک دەتبینـم خزمەتـی دارزەیتونـەکان دەکەیـت و ئـەو باخـەت پڕکـردووە لـە سـەوزەی جـۆراو جـۆر کۆڵێـک دڵـم خـۆش دەبێـت، چونکـە دەبینـم کارەکان وەک بێـگاری ناکەیـت. مـن دەزانـم ئەگـەر ئـەم ماڵـە ماڵـی خۆشـت بـا هـەروا خزمەتـت دەکـرد، بۆیـە بـۆ دواجـار تـکات لـێ دەکـەم باشـتر بیـر لـە خـۆت و نازیـلاو ئێمـەش بکـەوە. ئاخـر منیـش گوناهـم، خـۆت دەبینیـت بەتەنهـا دایکێکـی پیـرم هەیـە تەمەنـی ئەوەنـدەی نەمـاوە بەجێمـان بهێڵێـت، کەچـی تـۆ لـەم کاتـەدا دەتەوێـت مـن بەتەنهایـی بسـپێریت. تـۆ دەزانیـت لەمـاوەی ئـەم دەسـاڵەدا ژیانـی منـت بـۆ خـۆت داگیرکـردو هـەرواش بـە ئاسـانی دەتەوێـت بـە بـێ هیـچ هۆیـەک وێرانـی بکەیـت، ئەمـە چ دڵڕەقییەکـە بەرامبـەر بـە مـن و نازیـلا دەیکەیـت لـە پێنـاوی خۆپەرسـتیتدا!.

ئادریـان، لەمـاوەی ئـەم چەنـد سـاڵەدا ئازارێکـی زۆرم بەدەسـت ئـەم خۆشەویسـتییەی خۆمـەوە بـۆ تـۆ چەشـتووە، هەمـوو شـتێکم کـرد بـۆ ئـەوەی دڵـی تـۆ بەدەسـت بهێنـم، بـەڵام دواجـار وەک زۆرێـک لـەو ژنانـەی لـە نـرخ و بەهـای خۆشەویسـتی خۆیـان تێناگـەن

و بەهـەرزان بـە پیاوێکـی دەفرۆشـن بـە دۆڕاوی هاتمـە دەرەوە، بـە تەنهـا شـتێکێش لـەم مامەڵـەدا قازانجـم کـرد خۆشەویسـتی نازیلایـە، کەچـی دەتەوێـت ئەویشـم لەدەسـت دەربهێنیـت، بۆیـە ئەگـەر مـن لەسـەر هەمـوو ئـەو شـتانەی پەیوەندییـان بەخۆمـەوە هەیـە خـۆش بـم ئـەوا لەسـەر نازیـلا خـۆش نابـم، چونکـە مـن چیتـر لـەوە دڵنیـا نیـم، کـە ئایـا دەتوانـم لـەم تەمەنەمـدا پیاوێـک دەدۆزمـەوە، کـە وەک تـۆ خۆشـم بووێـت، ئەگـەر ئـەوەش ڕووبـدات ئـەوا ئایـا بـۆ کچێـک تەمەنـی گەشـتبێتە نزیـک چلـەکان و بەهیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ پیاوێکـدا سێکسـی نەکردبێـت ئـەو بەختـەی دەبێـت بتوانێـت ببێتـە دایـک؟.

مـن بـەم پرسـیارە نامەوێـت تـۆ تاوانبـار بکـەم و هەمـوو هـۆی شـونەکردنی خـۆم بخەمـە ئەسـتۆی تـۆ، چونکـە ڕەنگـە ئەمـە قـەدەری مـن بووبێـت، تـا ئێسـتا نەمتوانیبێـت پیاوێکـم خۆشـبووێت و هاوسـەرگیری لەگەڵـدا ئەنجـام بـدەم، خـۆ ئەگـەر وەک ژنێـک ئـەو بەختەشـم نەبووبێـت ببمـە دایکێکـی ڕاسـتەقینە، ئـەوا خـودا بـە نازیـلا قەرەبـووی بـۆ کردوومەتـەوە. مـن هـەر کاتێـک سـەردانی کڵێسـای ئاگیـۆس نیکۆلاوسـم کـردووە، لـە خـودای خـۆم پاڕاومەتـەوە، کـە ملکەچـی هـەر ژیانێکـم ئـەو پێـم ببەخشـێت، ئەگـەر ژیانێکـی ڕاهیبەییـش بێـت لـە "دێـری ئاگیـا تریـادا" بۆیـە تـکات لێدەکـەم، ئەگـەر هـەر بڕیـارت داوە بگەڕێیتـەوە بـۆ ئەڵمانیـا ئـەوا منیـش لەگـەڵ خۆتانـدا ببـە، مـن بـە شـێوەیەک بـە خۆشەویسـتی نازیـلا ئالـودە بـووم ئەسـتەمە بتوانـم بـۆ تەنهـا ڕۆژێکیـش بێـت لـە دووری ئـەو بژیـم، خـۆ ئەمـە ئەسـتەم نییـە، منیـش لەگـەڵ خۆتانـدا بـەرە، منیـش پێمخۆشـە بـۆ جارێـک ئەڵمانیـا ببینـم و بـە کـەس و کارەکـەی تـۆو نازیـلا ئاشـنا بـم، ئەمـە ڕێگایەکـی ئەوەنـدە ئاسـانە، بێگومـان هەموومـان دڵخـۆش دەکات، لـە پێـش هەردووکیشـمانەوە نازیـلا....

بـۆ دواجـار تـکات لێدەکـەم وەڵامێکـم بـدەرەوە، دڵـم بـە شـێوەیەک لـە سـنگمدا ئاوسـاوە خەریکـە سـنگم بتەقێنێـت و بێتـە دەرەوە، مـن دەمەوێـت لـە دەمـی خۆتـە گوێـم لـە بڕیارەکانـت بێـت، ئەگـەر خراپیـش بـن بـەلای منـەوە گرنـگ نیـن، گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە

پێکەوە وەک دوو مرۆڤی گەورە دانیشین و گفتوگۆ بکەین و ناخی خۆمان بۆ ئەوەی تر ئاشکرا بکەین، هیچ شتێک نییە لەم دونیادا بە دانیشتن و گفتوگۆ نەیەنە چارەسەرکردن، تەنانەت شەڕەکانیش دواجار هەر بە قسە چارەسەردەکرێن و کۆتاییان دێت. من بە تەنها یەک شتم لە تۆ دەوێت، ئەویش دەستهەڵگرتنە لەو خەیاڵە خراپانەی پەیوەندییان بە نازیلاوە هەیە، من لە خۆشەویستی خۆم بۆ تۆ خۆش دەبم و دان بەو ئازارانەدا دەگرم، کە لەناخەوە دەمهاڕن، بەڵام نازیلا نا.

قسە بکە ئادریان، بەو بێدەنگییەت ئەوەندەی تر وێرانم دەکەیت، من وەک ژنێک ئەگەرچی قورسیش بوو دەرگای دڵی خۆم بۆ کردیتەوە، ئاخر تۆ ناتوانیت لەوە تێبگەیت بۆ ژنێک چەنێک قورسە ئاوا بە ڕاشکاوانە دەرگای دڵی خۆی بۆ پیاوێک بکاتەو بە بێ ئەوەی لەوە بترسێت، ئەو پیاوە زۆر دڵڕەقانە ڕەتی دەکاتەوە، ئەمە ئەو نهێنییەیە، کە ژنان قەت ڕووبەڕووی پیاوێک نابنەوەو داوای خۆشەویستی لێناکەن، چونکە هیچ ئەوەندەی ئەوە بۆ ژنێک قورس نییە پیاوێک ڕەتی بکاتەوە، تۆ نازانیت کاتێک پیاوێک ژنێک ڕەتدەکاتەوە ئەو ژنە چەند خۆی لا سوک و ڕیسوا دەبێت، چەند هەست بە نابوتی خۆی دەکات، بۆیە دەیەوێت تۆڵەی خۆی لەو پیاوە بکاتە، کە بە سوک و ناشیرین سەیری دەکات، ئەمە بۆ ژنان زۆر زەحمەتە پیاوێک ئەو ئیهانەی پێ بکات، بەڵام من ئەوە قبوڵ دەکەم بە تەنها لەبەر خاتری نازیلا، ئا ئادریان هەموو سوکایەتییەک لەپێناو نازیلادا قبوڵ دەکەم، بۆیە هیچ مەترسەو دڵی خۆتم بۆ بکەرەوە، قەت شەوێکی لەم شەو باشترمان دەست ناکەوێت، بە بێ دەمامک و بە ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکتردا قسە بکەین، من وەک ژنێک ئەگەرچی ئەوەندە قورس بوو لەناخی خۆمدا هەستم بە سوکایەتی دەکرد ڕاستگۆیانە دڵی خۆمم بۆ کردیتەوە، بۆیە تکات لێدەکەم تۆش غیرەت بدە بەر خۆت و ڕاستۆیانە ئەو شتانەم پێ بڵێ، کە پێیانەوە ئازار دەچێژیت، کێ دەڵێت ناتوانم هاوکاریت بکەم!.

ئادریـان لـە مـاوەی ئـەم دە سـاڵەدا بایـی ئـەوە لـە تـۆ تێگەیشـتووم، کـە دڵـت لـە ئەڵمانیـا شـکاوەو ناتەوێـت بـۆی بگەڕێیتـەوەو ئەمـەش ئـازارت دەدات، مـن هەمـوو ڕۆژێـک ئـەو دڵشـکانە لـە تـۆدا دەبینـم، دەزانـم شـتێک لەنـاوەوە دەتکـرۆژێ، بـەڵام زۆر بیـرم لێکردۆتـەوەو هەوڵـم بـۆ تێگەیشـتنی داوە، قـەت نەمتوانیـوە لـە نهێنییەکـەی تێبگـەم، هـەر بۆیـە چەندیـن سـاڵە هیچـم نەدەگـوت و چاوەڕوانـم دەکـرد خـۆت ڕۆژێـک ئـەو نهێنییـەم بـۆ بدرکێنیـت. لـە مـاوەی ئـەم دە سـاڵەدا لـەوە تێگەیشـتووم، کـە تـۆ جگـە لـە مـن هیـچ دڵسـۆزو هاوڕێیەکـت لـەم جیهانـەدا نییـە، ئـەی کەواتـە بـۆ ناخـی خـۆت لـەلای ئـەو هـاوڕێ خۆشەویسـتەت ناکەیتـەوە....؟.

## ٤

ئادریـان جگەرەیەکـی داگیرسـاند و پێکێکـی تـری لـە شـەرابە سـورەکەی بەردەمـی بـە خێرایـی هەڵقوڕانـد و هەناسـەیەکی قوڵـی هەڵکێشـاو بـەم شـێوەیە بـۆ ئیلاریـا کەوتـە قسـە کـردن....

ئیلاریـا، مـن لەگـەڵ زۆرێـک لـە قسـەکانتدا هـاوڕام و ئافەرینـت لێدەکـەم بـۆ ئـەو ئازایەتییـەی، کـە هەتـە. لـە ژنانـدا کەمجـار بینوومـە بـەو شـێوەیەی تـۆ ڕووبـەڕووی بەرامبەرەکەیـان ببنـەوەو بـە زۆر بیهێننـە قسـە. کاتێـک دەبینیـت پیـاوان خۆیـان بەسـەر ژنانـدا دەسـەپێنن دەگەڕێتـەوە بـۆ لاوازی کارەکتـەری ژنـان، بـەڵام ئەگـەر هـەر ژنێـک ئـاوا وەک تـۆ بتوانێـت تیـر بـە دڵـی پیـاوەوە بنێـت هاوکێشـەکە پێچەوانـە دەبێتـەوە، چونکـە هەمـوو پیاوێـک ئـازاو بەجـەرگ نییـە، زۆرێـک لـەو پیاوانـەی پەلامـاری بەرامبەرەکەیـان دەدەن و دەیانەوێـت وردوخاشـی بکـەن پیـاوە کاراکتـەر لاوازەکانـن، چونکـە هەمیشـە لاوازەکان پەلامـار دەدەن نـەک بەهێـزەکان. ئـەو کاراکتـەر لاوازانـە بـۆ بەرگریکـردن لـە خۆیـان پەلامـاری بەرامبەرەکەیـان دەدەن.

مرۆڤـی تەندروسـت و خـاوەن کاراکتـەری بەهێـز، ئـەو مرۆڤانـە نیـن پەلامـار دەدەن، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە مرۆڤـە لاوازەکانـن بـۆ بەرگریکـردن لـە خۆیـان بـۆ ئـەوەی بەرامبەرەکەیـان نەتوانێـت پـەی بـە خاڵـە لاوازەکـەی ئـەوان بەرێـت بـەردەوام پەلامـاردی بەرامبەرەکەیـان دەدەن.

بمبـورە ئەگـەر پێـت بڵێـم منیـش یەکێکـم لـەو پیاوانـەی، کـە لەبەرامبـەر ژنـدا هەسـتم بـە ترسـنۆکی خـۆم کـردووە، منیـش یەکێکـم لـە پیـاوە ترسـنۆکەکان و قـەت ئازایەتـی و بوێـری ئـەوەم تێـدا نەبـووە لەگـەڵ مێلیسـیای هاوسەریشـمدا ڕاسـت و ڕەوان ئـەوەی لەناخمـدا هەسـتم پێکـردووەو لـە مێشـکمدا بیریـم لێکردۆتـەوە بخەمـە ڕوو، هـەردەم وەک کەسـێک تاوانێکـی کردبێـت و بۆئـەوەی خەڵـک نەیبینێـت خۆمشـاردۆتەوەو بێدەنـگ بـووم.

بـە درێژایـی تەمەنـم سـەرم لـەو کەسـانە سـوڕماوە تاوانێکـی گـەورە ئەنجـام دەدەن و لەهەمـوو کەسـێک زیاتـر دەمیـان گەرمـەو نیـگای چاوەکانییـان لەهەمـوو کاتێـک زیاتـر تیژتـرە. مـن بەتەنهـا سـەرم لـەو مرۆڤانـە سـوڕماوە، کاتێـک درۆ دەکـەن و تـۆ دەڕوانیتـە چاوەکانیـان تـا بـە نیگایـەک تێـی بگەیەنیـت، کـە درۆ دەکات، بـۆ ئـەوەی کەمێـک شـەرم دایبگرێـت و خەجاڵەتـی بکێشـێت، بـەڵام چاوەکانـی لـە هەمـوو کاتێـک زیاتـر ئـەو هێـزەی تێدایـە نیگاکانـی تـۆ تێکبشـکێنێت و هەمـوو گومانەکانـی تـۆ لەسـەر قسـەکانی ئـەو پوچـەڵ بکاتـەوە، ئەمـەش تـەواو پێچەوانـەی ئـەو کەسـانەیە هـەر درۆیـەک دەکـەن ئیتـر چاوەکانیـان پڕدەبێـت لـە نیـگای شـەرمەزاری و لەناخـی خۆیانـدا ئەوەنـدە هەسـت بەتـاوان دەکـەن ناتوانـن لـە شـوێنێکدا ئـارام بگـرن، بۆیـە دەبینیـت ئـەو مرۆڤانـە بـەردەوام لەهەمـوو کـۆڕ و کۆمەڵێـک خۆیـان دوورە پەرێـز دەگـرن.

ئیلاریـا، بەداخـەوە دەمەوێـت ئـەو قسـەیەت پـێ بڵێـم: ئـەم جیهانـە ئەوەنـدە پیـس بـووە هەریەکێـک لـە ئێمـە پێویسـتی بـە درۆیـەک هەیـە بـۆ ئـەوەی بـژی، ئێمـە لەسـەردەمێکی ئەوەنـدە خراپـدا دەژیـن درۆکـردن وەک پێویسـتییەکی ژیانـی لێهاتـووە.

مرۆڤـەکان بەشـێوەیەک پیسـبوون، کـەس بـڕوای بـە کـەس نەمـاوە بەتەنهـا ئـەو کاتانـە نەبێـت، کـە لەگـەڵ یەکتـردا درۆدەکـەن، ئیتـر ئەمـە نـە گوناهـی منـە نـە تـۆ، کاتێـک مرۆڤـەکان بەدرۆکـردن لەگـەڵ یەکتـردا ئاسـودەترن و ڕاسـتبێژی بـووە بـە دەردێـک هەرکەسـێک پێـوەی بگلێـت لەنـاو کۆمەڵـگادا نابـوت و ناشـیرین دەبێـت.

هیـوادارم بـە خـراپ قسـەکانم لێـک نەدەیتـەوە، کاتێـک پێـت دەڵێـم: لـەم جیهانـەدا چیتـر شـتێک نەمـاوە نـاوی ڕاسـتگۆیی بێـت و مـرۆڤ بەتەواوەتـی بـە درۆکـردن، لەگـەڵ خۆیـی و دەوروبەرەکەیـدا ئالـودە بـووە.

ئێمـە چ گوناهێکمـان هەیـە لەسـەردەمێکدا بژیـن مرۆڤـەکان بەتەنهـا ئـەو کاتانـە خۆشـیان و دەوێیـت و ڕێـزت دەگـرن، کـە درۆیـان لەگەڵـدا دەکەیـت و تـۆش دە هێنـدەی ئـەو دڵخۆشـییەی ئـەو لەناخـی خۆتـدا ئـازار دەچێژیـت!.

ئیلاریـا، دەروونـی هـەر مرۆڤێـک هێنـدەی ئـەم گەردوونـە شـتی شـاراوەی تیدایـە، کـە مرۆڤەکانـی تـر پـەی پـێ نابـەن و لێـی تێناگـەن، دەروونـی مـرۆڤ زۆر لـەوە ئاڵۆزتـرە، کـە پرۆفیسـۆرو دەروونناسـەکان دەیانەوێـت شـیکردنەوەی بـۆ بکـەن، ڕەنگـە ئەمـەش ڕۆژێـک بێـت ڕووبـدات، کـە تواناکانـی مـرۆڤ بگاتـە ئاسـتێک دەزگایـەک بـۆ خوێندنـەوەی دەروونـی مـرۆڤ دروسـت بکـەن، بـەڵام بـۆ ئێسـتا ئەمـە زەحمەتـەو بەتەنهـا دەتوانـن دەستنیشـانی هەندێـک خـاڵ بکـەن، هەروەکـو چـۆن زانـا گەردوونـناس و ئەستێرەناسـەکان خولیـای تێگەیشـتنن لـە گـەردوون، بـەڵام دەتوانـن هەندێـک ئەسـتێرەی دوور دەستنیشـان بکـەن بەبـێ ئـەوەی بتوانـن لـە پێکهاتـەو وردەکارییەکانـی سـەر ئـەو ئەسـتێرەیە زانیـاری وردمـان بدەنـێ.

مـن نازانـم مێـژووی لەدایکبوونـی یەکـەم مـرۆڤ چەنـدەو زانسـتیش بەتەواوەتـی ئەمـەی نەسـەلماندووە جگـە لـە هەندێـک گریمانـە نەبێـت، بۆیـە ئەگـەر وا دابنێیـن پێـش دە ملیـۆن سـاڵ یەکـەم مـرۆڤ لەسـەر ئـەم گـۆی زەوییـە لەدایکبـووە، کەواتـە بـە

دەملیۆن ساڵ ئینجا مرۆڤ توانی هەموو جوگرافیای سەر زەوی، کە ئەستێرەیەکی بچوکە بدۆزێتەوەو هێشتا ملیۆنەها نهێنی تر لەسەر ئەم گۆی زەوییەو لە ناو دەریاو ئۆقیانۆسەکاندا هەن، کە مرۆڤ ئاگای لێیان نییە. ئەی دەبێت بۆ دۆزینەوەی ئەستێرەیەکی تر مرۆڤ چەند ملیۆن ساڵی بوویت تا بتوانێت وەک زەوی شارەزای ببێت! ئیتر من ناپرسم بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی گەردوون چەندی دەوێت، بۆیە دەروونی مرۆڤیش شتێکە لەم بابەتە!.

تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت کاتێک شەوانە سەیری ئاسمان دەکەین و ئەو هەموو ئەستێرە دەبینین، کە هەندێک چەند بەجوانی دەدرەوشێنەوە، هەندێک لەو ئەستێرانەی لەبەر سۆمای چاوەکانی ئێمەدا بە جوانی دەدروشێنەوە دەشێت پێش لە هەزاران ساڵ لەناو چووبێت، بەڵام ئێستا تیشکەکانی بە ئێمە بگات، لەگەڵ ئەوەشدا کێ لە ئێمە خولیایەکی لەو شێوەی نەبووە بەختی خۆی بەیەکێک لەو ئەستێرانەوە گرێ بدات!.

مرۆڤیش وەک ئەو ئەستێرانە وان، کاتێک بە درەوشاوەیی خۆی نیشانت دەدات تۆ نازانیت لەهەناویاندا چەنێک غازی کوشندەو ژەهراوی هەن، ئێمە نازانین پێکهاتەی ناخی لە چ خۆڵەمێشی ئاگرێک و خاکێکی پیسبوو بە چەندین مادەی ژەهراوی دروست بووە، بۆیە قەت بە جوانی ڕووکەش هەڵمەخەڵەتێ، لە پێشدا بڕۆ ناو دەروون و ناخییەوە بزانە کەڵکی ژیانی هەیە، بزانە دەتوانیت هەوایەکی پاک هەڵمژیت، یان لێوانلێوە لە ژەهری کوشندە.

ئیلاریا، تۆ مرۆڤێکی زۆر پاک و ڕاستگۆیت، هەموو ئەو مرۆڤانەی هاوشێوەی تۆن ئازاردەرن، بۆیە بەئاسانی لەناو کۆمەڵگا جێگایان نابێتەوە، ئەو کەسانەی لە چواردەورین ناخیان پڕ دەبێت لە ئیرەیی، ئەمەشە دەبێتە مایەی کینەو ڕق لێبوونەوە لەلایەن ئەوانی ترەوە، ئەمە یەکێکە لە خراپترین سیفەتەکانی مرۆڤی

ئـەم سـەردەمە، کاتێـک ناتوانـێ وەک بەرامبەرەکـەی ڕاسـتگۆو بوێـر بێـت ئیرەیـی پـڕی دەکات لــە ڕق و کینــە.

مـن بـە پێچەوانـەی زۆربـەی پیاوەکانـی دونیـاوە، هەمیشـە خـەوم بـەوەوە دیـوە ژیـان لەگـەڵ ژنێکـدا بـەش بکـەم، کـە کاراکتەرێکـی بەهێـزی هەبێـت و بـە ڕاسـتی ژن بێـت، لەبەرئـەوە مـەرج نییـە هەرچـی مـێ بێـت بتوانێـت ببێتـە ژنێکـی راسـتەقینە....

تـۆ وەک مـن لـە پیـاو تێناگەیـت، هەروەکـو چـۆن تـۆ پێشـتر بـە منـت گـوت، کـە پیـاو وەک ژن ناتوانێـت لـە ژن تێبـگات، زۆربـەی پیـاوەکان بۆیـە بـەدوای ژنـی لاوازدا دەگەڕێـن تـا لاوازییەکـەی خۆیـان بەسـەر ئـەودا بگـۆڕن بـۆ هێـزو دەسـەڵاتدارێتی خۆیـان بسـەلمێنن، تـۆ دەبێـت لـەوە تێبگەیـت لـەم دونیایـەدا چەنێـک ژنـی لاواز هەیـە ئەوەندەیـش پیـاوی لاواز هەیـە، هەمیشـە ئـەم لاوازانـەش لەگـەڵ یەکتـردا لەململانێـی ئـەوەدان لاوازییەکـەی خۆیـان بەسـەر ئـەوی تـردا بـۆ بەهێـزی بگـۆڕن، بـەڵام چـی بکـەم درەنگتـر تـۆم ناسـی!. ئـا ئیلاریـا، زۆر درەنـگ تـۆم ناسـی، ئەمـەش ئـازارم دەدات و ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ زیاتـر لەنـاوەوە هەلاهـەلا دەبـم، کـە ناتوانـم جارێکـی تـر ژیانێکـی نـوێ لەگـەڵ ئافرەتێکـدا دەسـت پێبکەمـەوە، ئەگەرچـی لـە دڵیشـەوە خۆشـم بووێـت.

ئیلاریـا، منیـش وەک تـۆ لـە دڵـەوە خۆشـم ئەوێیـت، بـەڵام شکسـتی عەشـقێکی گـەورە لـە ناخمـدا وێرانـی کـردووم، مـن برینێکـی قـوڵ دڵمـی لـەت لـەت کـردووە، بۆیـە تـا ئێسـتا نەمتوانیـوە وەک پێویسـت پێشـوازی لـەو سـۆزو خۆشەویسـتییەی تـۆ بکـەم!. مـن نامەوێـت و هیـچ کاتێکیـش نەمویسـتووە ئـەو کەسـانەی خۆشـم ئەوێـن بـۆ نـاو برینەکانـی خـۆم پەلکێـش بکـەم، مـن نامەوێـت لـە پێنـاو خۆویسـتیی خۆمـدا تـۆش بـە خۆمـەوە وێـران بکـەم، ئـا، قـەت ناتوانـم چاکـەی کەسـە باشـەکان بـە خراپـە بدەمـەوە، ئـەوە لـە ویژدانـی منـەوە دوورە.

وەک پێشتر بۆم باسکردیت ئەم جیهانە بەشێوەیەک پیسبووە، زۆربەی مرۆڤەکان گورگن لە بەرگی مەڕدا، بەتەنها ئەو کاتە ڕاستییەکەیان دەردەکەوێت، کە تۆ فریو دەخۆیت و باوەشی سۆزو خۆشباوەڕییان بۆ دەکەیتەوە، لەو کاتەوە ئیتر تۆ دەبیتە نێچیرێکی خۆبەدەستەوەدەرو چاوەکانت ڕاستییەکان دەشێوێنێت و ناتوانیت باوەڕ بەوە بکەیت ئەوەی ڕۆژانە بریندارت دەکات کەڵبەی ئەو گورگانەیە تۆ وەک مەڕێکی بێگوناە و پاک خۆشت ویستوون نەک ئەوانەی بەردەوام سەرزەنشتی فریو خواردنەکانت دەکەن.

ئیلاریا، لەماوەی ئەم دە ساڵەدا تۆو دایکت لەگەڵ من و نازیلا ئەوەندە بەسۆز و میهرەبان بوون هەموو حەزی خراپەیەکتان لەمندا کوشت، باشەی ئێوە زۆر لە زەهری خراپە بەهێزترە، بۆیە هیوادارم هەر بەو دڵە پاک و جوانییەوە بمێننەوە، ئێوە ئەوەندە پاک و بێگەردن هیچ هێزێکی خراپە ناتوانێت زەبرتان پێ بگەیەنێت، ئەوەشی بییەوێت لەگەڵ ئێوەدا خراپ بێت و زیانتان پێبگەیەنێت، بڕوات هەبێت بەبێ ئەوەی بە خۆتان بزانن باشیی و دڵپاکییەکانتان خراپەو زیانەکان بۆ خۆیان دەگەڕێنێتەوە، ئەمەیە من چەند ساڵ پێش ئێستا گوتم: بەختێکی باشم هەبووە، کە خۆم و نازیلا توشمان بە توشی کەسانێکەوە بووە، کە ئەگەر بە داوای خۆم ببوایەت، ڕەنگە نەمتوانیبا لە ئێوە باشتر هەڵبژێرم.

ئیلاریا، من قسەم زۆر هەیە لەگەڵ تۆدا بیانکەم، بەڵام ماندووم زۆر لەوە ماندووترم تۆ لێی تێدەگەیت، ماندووبونی من بەتەنها پەیوەست نییە بە غیرەکردنی نازیلاو خۆشەویستی تۆوە، من شتێکی تر لە ناخەوە وێرانی کردووم و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەمهاڕێت، بۆیە تکات لێدەکەم، بە جوانییەکەی خۆت لەهەموو شتێک بمبەخشە، ئەگەر بزانم دەم بەخشیت هیچ نەبێت کەمێک ئاسودەتر دەبم.

مـن بـۆ خۆیشـم دەزانـم، کـە نازیـلام بـە ئێـوە بەخشـیوە، خۆزگـە دەمتوانـی خۆیشـم بـە تـۆ ببەخشـم، ئـاخ خۆزگـە دەمتوانـی ئـەو کارەم بکرادایـەت، بـەڵام مـن جگـە لـە پیاوێکـی بێکەڵکـی خۆپەرسـت هیچـی تـر نیـم، مـن کەڵکـی هیچـم نییـە، هەمـوو گیانـم دەردو نەخۆشـییە بۆیـە هەرکەسـێک لێـم نزیـک بێتـەوە تـوش دەبێـت، ئـەوەی ئێسـتا ئـازار دەچێـژم ئەوەیـە کەسـێکی جـوان و خۆشەویسـتی وەک تـۆم دەردەدار کـردووە....

ئیلاریـا، مـن پیاوێکـی دەردەدار و پیسـم، شـایانی ئـەو هەمـوو ڕێـزو خۆشەویسـتییەی تـۆ نیـم، ئەوەتـا دەبینـم ژیانـی تۆیشـم کـردووە بـە وێرانـە، مـن پیاوێکـی وێرانکـەرم، ڕوو لەهـەر شـوێنێک بکـەم وێرانـی دەکـەم.... ناتوانـم ئەمشـەو هەمـوو شـتێکت بـۆ بـاس بکـەم، ئەگـەر تـۆ بـەو داوایـەم ڕازی بیـت، قسـەکانمان بـۆ شـەوێکی تـر هەڵدەگریـن، دەبێـت ڕۆژێـک تـۆ لەهەمـوو گوناهێکـی مـن ببوریـت، دڵنیـام لێـم دەبوریـت، وانییـە.....؟.

ئیلاریـا، تـۆش ماندوویـت بـڕۆ بنـوە کات زۆر درەنگـە، ڕەنگـە شـەوانی داهاتـوو بتوانیـن زیاتـر قسـە بکەیـن، بەڵێنـت دەدەمـێ هەمـوو نهێنییەکـی ژیانمـت بـە ڕاسـتگۆیی بـۆ بگێڕمـەوە، شـەوێکی شـاد..... شـادتر

# نامە بۆ ئیلاریا

دوای ئـەوەی ئادریـان داوای مۆڵەتـی لـە ئیلاریـا کـرد، ئیلاریـا بـە دڵێکـی ئاسـودەوە بەجێیهێشـت و گەڕایـەوە بـۆ سـەرەوە. کاتێـک گەیشـتە ژوورەکـەی بینـی دایکـی و نازیـلا لـە خەوێکـی خۆشـدان.

ئیلاریـا لەگـەڵ ئـەوەی دڵـی زۆر بـە قسـەکانی ئادریـان خۆشـبوو، کـە ڕاسـتگۆیانە لەگەڵـی قسـەی دەکـردو باسـی ئەوەشـی کـرد، کـە لـە دڵـەوە خۆشـی دەوێـت، بـەڵام نیگەرانـی و دوودڵییـەک بەرۆکـی گرتبـوو، نەیدەهێشـت بنووێـت. ئادریـان بـەردەوام باسـی عەشـقێکی تێکشـاوو بریـنداری خـۆی دەکـرد، کـە هۆکارەکـەی خۆشەویسـتی ژنێکـە، دەبێـت ئـەو ژنـە کـێ بێـت؟. ئـەم پرسـیارە ئەوەنـدەی تـر خـەوی لێزڕاندبـوو، چونکـە بـە قسـەی ئادریـان دایکـی نازیـلا لـە ژیانـدا نەمـاوە، ئەمـەش ڕێـگای تێناچێـت دوای ئـەو هەمـوو ساڵە پیاوێـک هێشـتا ژنەکـەی خـۆی بـەو شـێوەیە خۆشـبووێت نەتوانێـت ژیانێکـی نـوێ لەگـەڵ ژنێکـی تـردا دەسـت پێبکاتـەوە، ئەگـەر ئەمـە ڕاسـت بێـت، ئـەی کەوایـە چـۆن توانیوویەتـی لەمـاوەی ئـەم دە سـاڵەدا بـۆ جارێکیـش بێـت لەگـەڵ نازیـلادا بگەڕێنـەوەو سـەرێکی گڵکۆکـەی بـدەن و چەپکێـک گوڵـی لەسـەر دابنێـن، کـە ئەمـە کەمتریـن شـتێکە ئێمـە بتوانیـن بـۆ مردووەکانمـان بکەیـن.....!.

ئیلاریـا بەتەواوەتـی خـەوی لێزڕابـوو، هەرچەنـدە بیـری دەکـردەوە نەیدەتوانـی ڕێگایـەک بدۆزێتـەوە، کـە بـڕوای پێبهێنێـت، ئاخـر ئەگـەر ئادریـان لەمـاوەی ئـەم دە ساڵەدا ژنێکـی تریشـی خۆشویسـتبێت خـۆ دەبـوو ئەگـەر لەمنیشـی بشارێتەوە لـە نازیـلای نەشارێتەوە، ئەمەیـان هـەر ڕێـی تێناچێـت، چونکـە لەمـاوەی ئـەم دەسـاڵە مرۆڤێـک ڕیشـی نەتاشـیبێت دەبێـت چـۆن ببێتـە جێـگای سـەرنجی ئافرەتێـک بەتایبەتـی لـە دورگەیەکـی نامـۆی وەک ئـەم دورگـەدا، خـۆ منیـش ئەگـەر بـە ڕۆحـی ئـەو پیـاوە ئاشـنا نەبووبێتـم ئـەوا قـەت نەمدەتوانـی خۆشـم بووێـت، مـن ڕۆحـی ئـەو پیـاوەم خۆشـدەوێت نـەک شـێوەی.

دەبێــت ئــەو کەســێکی تــری خۆشــبوێت، کــە دوورو نزیــک پەیوەندییــان بەدایکــی نازیــلاوە هەیــە، هــەر دەبێــت وا بێــت، بــا بزانیــن شــەوانی داهاتــوو چــی دەڵێــت....

* * *

ئیلاریــا شــەوێ بــە هــۆی مانــدوو بوونــەوە ئەوەنــدە درەنــگ خــەوی لێکــەوت بــۆ ڕۆژی دوایــی خاتــوو دافنــی لەگــەڵ نازیــلادا بــە زۆر بێداریــان کــردەوە. لەگــەڵ بێداربوونــەوەدا هەســتی بــە مانــدوو بوونێکــی زۆرکــرد، لەگــەڵ ئەوەشــدا دڵــی زۆر بــەوە خۆشــبوو ئێــوارە بــۆ جارێکــی تــر دەتوانێــت لەگــەڵ ئادریانــدا دوو بــە دوو دابنیشــێت و ڕووبــەڕوو قســەبکەن و ناخــی خۆیــان بــۆ یەکتــری بکەنــەوە، بۆیــە لەبــەر خۆیــەوە بزیەکــی منداڵانــەی کــردو ڕۆیشــتە ســەر ســفرەی قاوەڵتییەکــە، کــە هێشــتا خاتــوو دافنــی کــۆی نەکردبــووەوە. پێــش ئــەوەی قاوەڵتــی بــکات، ئیلاریــا فێربــوو، کــە فراپیایــەک بخواتــەوە، لــەو کاتــەدا فراپیاکــەی تێکــدەداو کەفەکــەی بــۆ ســەر پەرداخەکــە بەرزدەبــووەوە، وەک ئــەوەی ئــەو کەفــە لەنــاو مێشــکی ئــەودا هەڵبچێــت تووشــی ســەرە ســوڕەیەک بــوو، کۆمەڵێــک هــزری خــراپ فشــاریان بــۆ هێنــا، بۆیــە پەلــەی بــوو زوو بگەڕێتــەوە ســەر ســفرەکە و پــاش قاوەڵــی بڕواتــە خــوارەوە بــۆ ژوورەکــەی ئادریــان و لەگەڵیــدا بکەوێتــەوە قســەکردن.

بــەڵام ئــەوەی ئیلاریــا چاوەڕێی نەدەکــرد ڕووبــەڕووی بوویــەوە! بۆیــە هــەردوو چاوەکانــی تونــد نوقانــدو هەناســەیەکی قوڵــی هەڵمــژی، کاتێــک بینــی نامەیــەک بــە دەرگاکــەوە هەڵواســراوەو بــە یۆنانییەکــی خــراپ لەســەری نووســراوە؛ ئیلاریــا، پێــش ئــەوەی بڕۆیتــە ژوورەوە ئــەم نامەیــە بخوێنــەوە....

ئیلاریــا نامەکــەی لــە دەرگاکــە کــردەوە، بــەڵام دەســتەکانی بــە شــێوەیەک دەلــەرزی وەخــت بــوو نامەکــەی لەدەســت بەربێتــەوە، ســەری بــە شــێوەیەک گێــژی دەخــوارد، ئەگــەر دەســتی بــە دەســکی دەرگاکــەوە نەگرتبــا ئــەوا یەکســەر بــۆ ســەر زەوییەکــە بەردەبــووەوە.

چاوەکانی ئیلاریا پڕبووبوون لەفرمێسک و دڵی بەشێوەیەک تەنگ بوو بە ئاستەم هەناسەی بۆ دەدرا. لە پڕێکدا هزرێک بەمێشکیدا گوزەری کرد، کە ئاخۆ دەبێت ئەو نامە ئەوەندە خراپ نەبێت، ئەو بەو شێوە توشی ترس و نائومێدی بکات بۆیە، کەمێک خۆی ئارام کردەوەو هەر لە شوێنی خۆیدا دانیشت. لەو کاتەدا دەستی برد نامەکە بخوێنێتەوە چاوی بەیەکەم دێڕی نامەکە کەوت، کە نووسرابوو: ئیلاریای ئازیز....

ئەم دێڕە ئەوەندە دڵی خۆشکرد بەیەکجار هەموو دڵەڕاوکێ و ترسەکانی ڕەواندەوەو بەبێ ئەوەی دێڕەکانی دواتر بخوێنێتەوە بەخۆی گوت: مرۆڤ چەند بوونەوەرێکی سەیرە، یەک وشە دەتوانێت دونیای لەبەرچاو تاریک بکات، هەروەها وشەیەکیش دەتوانێت مرۆڤ لە تاریکترین و دۆزەخترین ژیانەوە دەربهێنێت و هیوایەکی تری بۆ ژیان بداتێ.

ئیلاریا هێشتا بە هەردوو دەستی نامەکەی بە سنگییەوە نابوو هەناسەی شادی بە قورسی هەڵدەمژی و وەک هەموو جارەکانی تر بزەیەکی منالانە لەسەر لێوەکانی بوو، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئیلاریای ئازیز.... چەند جوانە ئەو وشە، ڕەنگە مرۆڤ هەبێت بەدرێژایی تەمەنی چاوەڕوانی ئەوە بێت، ڕۆژێک یەکێک پێی بڵێت: ئازیز!.

لەوکاتەی دەستی گێڕایە دواوە بۆ ئەوەی چەند دێڕێکی تر لەنامەکە بخوێنێتەوە، چاوی کەوتە سەردێڕی یەکەم، کەبەم شێوە دەستی پێدەکرد:' خۆشەویست، دەزانم چەند ساڵێکە چاوەڕوانی پیاوێک دەکەیت پێت بڵێت، خۆشەویست....' لەگەڵ چاوی کەوتە سەر خۆشەویست و ویستی بەردەوام بێت لە خوێندنەوە لەپڕ نازیلا بەهەڵە داوان بەرەو لای وەک کارمامزێکی مەرەز خۆی گەیاندە لایی و گوتی: خۆشەویستەکەم، ئەوە چی ئەکەیت وا لەبەر ئەو دەرگا دانیشتوویت، ناشێت چاوەڕوانی باوکم بکەیت؟.

ئیلاریا بـه شـێوەیەک دڵـی داخورپـی، کـه تـا ماوەیـەک وەک کەسـێک توشـی نەخۆشـی تەنگـە نەفەسـی هاتبێـت، نەدەیتوانـی بـە باشـی هەناسـە بـدات و نـە دەیتوانـی وشـەیەک چییـە لـە زاری بێتـە دەرەوە، ئـەم دیمەنـەش هـەر بەڕاسـتی نازیـلای ترسـاند، بۆیـە خـۆی بـە ژوورەکـەی باوکیـدا کـرد بـۆ ئـەوەی هاوکاریـان بـکات، بـەڵام نـەک باوکـی هـەر لـەوێ نەبـوو، بەڵکـو بەشـێوەیەکی سـەیر ژوورەکـە بەسـەریەکدا تێکدرابـوو، ئـەم دیمەنـە ترسـێکی سـەیری خسـتە ناودڵـی نازیـلا بۆیـە بەپەلـە ڕایکـردە دەرەوەو هـاواری کـرد باوکـم...! لەگـەڵ ئیلاریـا گوێـی لـەو هـاوارەی نازیـلا بـوو لەشـوێنی خـۆی داچڵەکـی و ڕاسـتبووەوەو بـەرەو ژوورەوە بـازی دا، ژورەکـەی بەهەمـان دیمـەن بینـی، کـە پێشـتر نازیـلا دیبـووی، بۆیـە تونـد نامەکـەی لەنـاو دەسـتیدا گوشـی و بـەرەو لای نازیـلا ڕۆیشـت تـا بـە دڵنەواییکـردن ئارامـی بکاتـەوە....

ئیلاریـا بـە نازیـلای گـوت: ڕەنگـە باوکـت شـەوێ لـە قسـەکانی مـن توڕەبووبێـت، بـۆ ئـەوەی خـۆی لـەو تووڕەبوونانـە بەتـاڵ بکاتـەوە ئـەو کارەی کردبێـت، هیـچ بەلاتـەوە سـەیر نەبێـت، کـە تـا ئێسـتا نەگەڕاوەتـەوە، ڕەنگـە بـۆ پیاسـەی کەنـاری دەریاکـە ڕۆشـتبێت یـان ڕەنگـە ئێسـتا لـە یەکێـک لەمەیخانـەکان بێـت تـا کەمێـک خـۆی ئـارام بکاتـەوە، ئاخـر تـۆ هێشـتا منـاڵیت و لـەوە تێناگەیـت، کـە زۆربـەی پیـاوەکان بەتەنهـا لـە مەیخانەکانـدا دەتوانـن خۆیـان خاڵـی بکەنـەوەو ئـارام ببنـەوە.

هەردووکیـان پێکـەوە، گەڕانـەوە بـۆ قاتـی سـەرەوە، چەنێـک نازیـلا دڵ و مێشـکی لـەلای باوکـی بـوو دوو ئەوەنـدە ئیلاریـا دڵـی و مێشـکی لـەلای نامەکـە بـوو.

کاتێـک ئیلاریـا ئـەو چەنـد دێـڕەی نامەکـەی لەنـاو مێشـکیدا دەخوێنـدەوەو لەگـەڵ شـپرزەو تێکچوونـی ژوورەکـە بـەراوردی دەکـرد، سـەری دەئاوسـا، چونکـە ئـەو چەنـد دێـڕەی نامەکـە ئارامییەکـی زۆری پێـوە دیاربـوو، قـەت ئیلاریـا نەیدەتوانـی بـڕوا بـەوە بـکات پیاوێـک لەکاتـی توڕەبوونـدا بتوانێـت نامەیەکـی ئەوەنـدە لەسـەرخۆو ئـارام

بنووسێت، ڕاستە ئەو هەموو نامەکەی نەخوێندبووەوە، بەڵام سەرەتا و دەستپێکردنی نامە ئاماژەیەکیشە بۆ ناوەڕۆکەکەی، مەگەر کەسێک نەخۆش بێت، لە نووسینی نامەیەکدا بە ئارامی و پڕ سۆز دەست پێبکات و لە قووڵایی نامەکەدا دەست بە هێرش و تورەبوون ڕشانەوە بکات.

نا، قەت ئەو بڕوای نەدەکرد، کە ئادریان لەو کەسانە بێت، نیازی کارێکی خراپی هەبێت یان بیەوێت ئازارێک بە کەس بگەیەنێت، نا، لەسەرخۆیی و سەنگی ئەو پیاوە قەت کارێکی وای لێناوەشێتەوە.

نازیلا خۆی ئامادەکردبوو بۆ قوتابخانە بڕوات، بەڵام کاتێک ئیلاریای لەماڵەوە نەدیبوو، کەمێک بەلایەوە سەیر بوو، بۆیە بە دوایدا گەڕابوو تا وەک هەموو بەیانییەکی تر پێکەوە تا ئەو دیوی باخی زەیتونەکان بڕۆن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەو بەیانییە تووشی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە ببن.

ئیلاریا دەستی نازیلای گرت و لەوە دڵنیای کردەوە، کە هیچ شتێکی خراپ ڕوو نادات و هۆکاری تێکچوونی ژوورەکەشی بۆ کەمێک بێزاری و تووڕەبوونی باوکی لەسەر قسە و گفتوگۆکانی شەوی ڕابردوو گەڕاندەوە. پاش ئەوەی ئیلاریا توانی نازیلا کەمێک لە دڵەڕاوکێ و ترسەکەی ئارام بکاتەوە، داوای لێکرد بڕوات بۆ قوتابخانە و ئەوەشی پێگوت؛ کە تا بەردەمی قوتابخانە لەگەڵیدا دێت.

ئەوان وەک هەمووجارەکان پێکەوە دەڕۆیشتن و قسەی خۆشیان دەکرد، بەڵام ئەمجارە لەبیرکردەوەو هەستەکانی ناو ناخیاندا زۆر لەیەکتر دووربوون، لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا ئەمە یەکەمجارە ڕوویدات ئیلاریاو نازیلا پێکەوە بن و پێکەوە نەبن، ئەگەرچی وەک جارەکانی تریش قسەیان دەکردو پێدەکەنین، بەڵام هۆشیان زۆر لەیەک دووربوو!.

نازیـلا بــەردەوام وێنــەی ژوورەکــەی باوکــی دەهاتــەوە بەرچـاوی، هەســتێکی ســەیر بیرکردنــەوەی داگیرکردبــوو، کاتێــک ئــەو دیمەنــە دەهاتــەوە بەرچــاوی دڵتەنگییــەک فشـارێکی تونـدی بـۆ سـینەی دەهێنـاو غەمێکـی قـوڵ تـا ئاسـتی دڵپڕبـوون سـەردڵی دەگـرت.

لەتەنیشـتی نازیـلاوە، ئیلاریـا ئەگەرچـی بـەردەوام وەک جارەکانـی تـر قسـەی خۆشـی دەکـرد، بـەڵام وێنـەی نامەکـەو ئـەو چەنـد دێـڕەی سـەرەتای نامەکـە بیرکردنـەوەو قسـەکانی دەشـێواند، ئیلاریـا لــەوەدا بەختــی هەبــوو، کــە نازیــلا بەتەنهــا بــە گوێچکەکانــی گوێــی لێدەگـرت و هیـچ تێنەدەگەیشـت چـی دەڵێـت، ئەگینـا بەباشـی هەسـتی بـە تێکچـوون و بچڕانـی قسـەکانی دەکـرد.

ئیلاریـا جاربەجارێـک وەک ئـەوەی قسـەیەکی خۆشـی بـۆ نازیـلا کردبێـت دەیـدا لەقاقـای پێکەنیـن، نازیـلاش بـۆ ئـەوەی ئیلاریـا تەریـق نەبێتـەوەو دڵەڕاوکێکانـی بێتاقەتـی نـەکا قاقاکانـی بـە سـاردییەکەوە بـۆ دەسـەندەوە....

ئــەو ڕۆژە ڕۆژێکــی ســەیر بــوو لەنێــوان ئــەو دوو ئازیــزەدا، لــە مــاوەی دە ســاڵی ڕابــردوودا قــەت ســاتێکی لــەو جۆرەیــان تێنەپەڕاندبــوو، کــە درۆ لەگــەڵ یەکتــر بکــەن و ڕووی ڕاسـتەقینەی خۆیـان لەیەکتـر بشـارنەوە، ئـەوە ڕووداوێـک بـوو جارێکـی تـر دووبـارە نابێتــەوە، کــە ئیلاریــا و نازیــلا بــۆ ڕازیکردنــی دڵــی یەکتــر بــەدەم یەکتــرەوە پێبکەنــن و نەشــزانن بەچــی پێدەکــەن....!.

پـاش ئـەوەی ئیلاریـا تـا بـەردەرگای قوتابخانـە نازیـلای گەیانـد، جارێکـی تـر بـۆ ئـەوەی دڵنەوایــی بــکات و بزەیــەک بــۆ ســەرلێوەکانی بگێڕێتــەوە گوتــی: ئاماریلیــس، خــوات لەگــەڵ، بــۆ ئــەوەی هیــچ نیگــەران نەبیــت، پــاش نیــوەڕۆ بەهەواڵــی خۆشــەوە دێــم بــە شــوێنتدا، بــە دەســتی ماچێکــی بــۆ هەڵــداو بەپەلــە بــۆ ماڵــەوە گەڕایــەوە.

ئیلاریـا لەڕێـگادا ئەوەنـدە پەلـەی بـوو بگاتـەوە ماڵـەوە، ئەگـەر باڵـی هەبوایـەت ئـەوا باڵــی دەگــرت، یەکەمجــار بــوو ســڵاو لەکــەس نــەکات و بەپەلــە بەلایانــدا تێپــەڕ ببێــت....

کاتێک گەیشتە ماڵەوە بە بێ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ دایکیدا بکات، ئەگەرچی ئەم هەڵسوکەوتە بەلای دایکیەوە کەمێک سەیر بوو ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی دانیشت، بۆ ئەوەی کەمێک ئارام بێتەوە، پاشان بە قوڵی چەند هەناسەیەکی هەڵکێشاو نامەکەی کردەوەو دەستی بە خوێندنەوە کرد....

**ئیلاریای ئازیز؛**

'خۆشەویست، دەزانم چەند ساڵێکە چاوەڕوانی پیاوێک دەکەیت پێت بڵێت، خۆشەویست....' نامەوێت بەم نامەیە لە هەموو شتێک نائومێدت بکەم، بەڵام ئەگەر ئەوە بڕیاری خودا بێت تۆ هی من بیت، ئەوا من بە شانازییەوە ئەو بڕیارە قبوڵ دەکەم، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئەوەی هێشتا دڵم ژنێکی تر داگیری کردووە، ڕەنگە ئەوە نەیەتە دی.

من نازانم سیحری ئەو عەشقە چییە، کە وام لێدەکات تۆم لە دایکی نازیلا خۆشتربووێت بەڵام نەتوانم ئەو لە دڵم دەربهێنم و تۆ بخەمە جێگاکەی!.

ئیلاریا، ئەی باشترین و جوانترین ژنێک لەهەموو تەمەنمدا دیبێتم، نازانم ئەو نهێنییە چییە وام لێدەکات نەتوانم تۆ لەناو دڵمدا جێگا بکەمەوە، لەکاتێکدا تۆ هەموو ژیانی منت داگیرکردووە، تۆ بیرکردنەوەو خەوی منت داگیرکردووە، تەنانەت هاتوویتە ناو زمانیشمەوە، چونکە حەز دەکەم زۆرجاران وەک تۆ قسە بکەم، ئاخر ژنێک نییە لەم دونیادا وەک تۆ شیرین قسە بکات، ڕەنگە تۆ ئەمە نەزانیت و لەلای خۆتەوە هەستت پێنەکردبێت، کاتێک قسە دەکەیت هەمیشە حەزمکردووە لەوکاتەدا توند بەخۆمتەوە بنووسێنم وئەو زمانە ماچ بکەم ، کە قسەی پێدەکەیت.

ئیلاریای ئازیز، بەشێوەیەک پێت سەرسامم لە ڕابردووی خۆم غەمبار دەبم، کە نەمتوانیوە پێشتر تۆ بناسم و بۆ هەتا هەتایە لەگەڵتدا لەناو ئەم دورگە تەریکەی سەر زەوی وەک دوو عاشق بژین. دەبێت ئەوە بزانیت من بە خوێنی خۆم

قـەرزاری تـۆو دایکتـم، تـۆ ژیانـی مـن و نازیـلات لەمـردن گەڕانـدەوە، بەمـەش خێزانێکـت لـە تراژیدیایەکـی گـەورە ڕزگارکـرد. ڕەنگـە هێشـتا لـەم قسـانە بەتەواوەتـی تێنەگەیـت، بۆیـە داوات لێدەکـەم بـڕۆ لەنـاو سـندوقە تەختەکـە، کـە خـۆت بـە دیـاری بۆتهێنـام چەنـد نامەیـەک هەیـە بیانخوێنـەوە، ئەوجـا لـە هەمـوو شـتەکان تێدەگەیـت.

بمبـورە ئیلاریـا، ئەگـەر بـەم ڕەفتـارەم دڵـم ئـازار دابیـت و نیگەرانـم کردبیـت، مـن لەژیانمـدا هەڵەیەکـی زۆر گـەورەم کـردووە، بۆیـە دەبێـت باجـی ئـەو هەڵـەی ئەمـڕۆ بێـت یـان سـبەی بـدەم....

هەمووتانم خۆش ئەوێت

ئادریان

تێبینی:

ئازیزەکەم ئیلاریا، ئەم نامە کورتە بدە بەدەست نازیلا با ئەویش نیگەران نەبێت.

* * *

ئیلاریـا لەبـەر ئـەوەی زمانـی ئەڵمانـی نەدەزانـی و نەیدەتوانـی تەنهـا یـەک وشـەش لـە نامەکـەی بـۆ نازیـلا نووسـرابوو تێبـگات، ناچاربـوو چاوەڕوانـی ئـەوە بـکات تـا نازیـلا لـە قوتابخانـە دەگەڕێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ناوەڕۆکـی نامەکـەی بـۆ بخوێنێتـەوەو بـۆی وەربگێڕێتـە سـەر زمانـی یۆنانـی، ئەگەرچـی بـۆ ئـەو ئـەو چاوەڕوانکردنـەش مەرگهێـن بـوو، بۆیـە لـە بەیانییـەوە تـا نیـوەڕۆ، کـە پشـووی نیـوەڕۆی قوتابخانـە دەسـتی پێدەکـرد، بـەردەوام دەڕۆیشـتە دەرەوە تـا نـاو دار زەیتونـەکان و دەگەڕایـەوەو دیسـان نامەکـەی خـۆی دەخوێنـدەوە.

ئـەو ڕۆژە بـۆ ئیلاریـا یەکێـک بـوو لـە ڕۆژە هـەرە ناخـۆش و پـڕ لـە دڵەڕاوکـێ و دوودڵیەکانـی، بۆیـە خـۆی پێنەگیـراو کاتژمێرێـک پێـش ئـەوەی پشـوو دەسـت پێبـکات بـەرەو قوتابخانـە بـەڕێ کـەوت، لەگـەڵ ئەوەشـدا هیـچ سـودێکی وای نەبـوو جگـە لـە چاوەڕوانییەکـی کوشـندە نەبێـت.

کاتێک زەنگی پشووی نیوەڕۆ لێیدا وەک ئاوێکی سارد بکەن بە ڕۆحیدا هەناسەیەکی درێژی هەڵمژی و وەک نزا بکات دەموچاوی خستە نێوان هەردوو لەپی دەستییەوە.

لەکاتی هاتنە دەرەوەی نازیلادا مرۆڤ بە ئاسانی هەستی بە ماندووبوونێکی زۆر دەکردو چاوە گەورە خۆڵەمێشییەکانی نیگەرانییان لێدەباری، بۆیە ئیلاریا بۆ ئەوەی دڵنیای بکاتەوە توند باوەشی پێداکردو وەک مناڵەکەی جاران بە خۆیەوەی نوساند، بەڵام نەیتوانی بەسەر هەستەکانیدا زاڵ ببێت و فرمێسک بەخوڕ لە چاوەکانی فوارەیان بەست، ئەمەش بووە هۆی تەقینەوەی ئەو کانییە فرمێسکەی لە بەیانییەوە لە ناخی نازیلادا پێچی دەخواردو نەیدەتوانی خۆی ڕزگار بکات.

ئەو ڕووداوە یەکەمین ڕووداوێک بوو لە ماوەی دەساڵی هاوڕێیەتی ئەو دووانەدا ڕوویدابێت، کە بەو شێوە پێکەوە بەبێ ئەوەی وشەیەک چییە لەگەڵ یەکدا بڵێن وا بە قوڵ بگرین و هەردووکیشیان بزانن بۆچی دەگرین!.

ئیلاریا لەبەر ئەوەی ژنێکی زۆر ژیر و وریا بوو، هەرزوو دەستەکانی نازیلای خستە سەر ڕوومەتەکانی و بە دەنگێکی دایکانەوە گوتی؛ هەواڵێکی زۆر خۆشی باوکتم لەلایە، بەڵام تا نەگەینە ماڵەوە پێت ناڵێم، نازیلاش کەمێک بەم هەواڵە هاتەوە سەرخۆیی و زوو زوو دەیگوت؛ دە پێم بڵێ بزانم چییە!. بەڵام ئیلاریا هەر بەردەوام دەبوو لەوەی تا نەگەنە ماڵەوە پێی نەڵێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ وشەیەک دەگەڕا دڵی ئەوی پێ ڕازی بکات ئەگەرچی درۆش بێت، بۆیە لە پڕدا هەر لەخۆیەوە گوتی: دەڕۆین بۆ ئەڵمانیا، ئا هەموومان دەڕۆین بۆ ئەڵمانیا. نازیلاش بەم قسەیە گەلێک دڵخۆش و شادومان بوو....

پاش ئەوەی گەیشتنە ماڵەوە ئیلاریا نامەکەی دایە دەست نازیلاو ئەوەشی پێگوت: کە چەند نامەیەکی تری لە خوارەوە لەناو سنوقە تەختەکەدا بە جێهێشتووە پاشان دەڕۆین هەر هەموویان دەخوێنینەوە.

# نامە بۆ نازیلا

**ماڵەکەی باوکی؛ نازیلا**

وەک هەمیشە پێت دەڵێم؛ گوڵە جوانەکە، نا پێت دەڵێم؛ گوڵەبەڕۆژە چاو زەردەکە، چونکە تۆ بەردەوام وەک هەتاوێک بەدەوری ژیانی مندا دەسوڕێیتەوەو گەرمایی و ڕوناکی زیاترم دەدەیتێ بۆ ئەوەی زیاتر بژیم....

ماڵەکەم، دەمەوێت بەم نامەیە هەموو نیگەرانییەکانت سەبارەت بەم سەفەرە کتوپڕەی من بڕەوێنمەوە. ڕەنگە بۆ ئەمڕۆ ئاسان نەبێت لە من تێبگەیت، بەڵام ڕۆژێک دێت باشتر تێبگەیت، کە بۆچی من گەڕاومەتەوە بۆ ئەڵمانیا.

من نازانم لەم سەفەرەمدا چەندم پێدەچێت، بەڵام لەگەڕانەوەم دڵنیات دەکەمەوە، ئەگەر هەر زۆر بێتاقەت بوویت دەتوانیت لەگەڵ ئیلاریا سەردانم بکەن، من خۆم لە داهاتوویەکی نزیکدا نامەیەکتان بۆ دەنێرم و هەموو شتێکتان بۆ ڕووندەکەمەوە. تۆ هەر وەک جاران لەگەڵ ئیلاریا بە دڵخۆشی بەسەربەرن، ئیلاریا دایک و خوشکێکی زۆر باشە، بەتەنها ئەو دەتوانێت ڕێگا لە بێتاقەتی و خەمەکانی تۆ بگرێت.

ماڵەکەم، نامەوێت بەهیچ جۆرێک خۆت نیگەرانی من بکەیت، دەمەوێت هەردەم دەم بە پێکەنین و دڵخۆش بیت. خۆشم ئەوێیت.... ماچچچچچ.

باوکی خۆت

ئادریان

## نامە پەرت و بڵاوەکان

دوای ئـەوەی ئیلاریـاو نازیـلا هەریەکـەو نامەکـەی خـۆی خوێنـدەوە، دڵیـان بەشـێوەیەکی سـەیر لێـی دەدا، چونکـە هیـچ شـتێک لـە مەغـزی نامەکـە تێنەگەیشـتن!. هەرچەنـدە بیریـان دەکـردەوە نەیاندەتوانـی ئـەو نهێنییانـە بدۆزنـەوە لـە پشـتی دێڕەکانـەوە خۆیـان شـاردبووەوە، ئاخـر ئـەو جگـە لـە هەندێـک ئیحساسـی خـۆی بـۆ ئیلاریـا و باسـی گەڕانـەوە بـۆ ئەڵمانیـا شـتێکی تـری نەنووسـیبوو. هەروەهـا لەنامەکـەی نازیـلادا باسـی گەڕانـەوەی ئەڵمانیـای کردبـوو، کـە دەتوانـن لـە داهاتـوودا سـەردانی بکـەن، لەمـەش مەبەسـت چـی بـوو، خـودا دەزانێـت!.

ئیلاریـا بەتەواوەتـی وەک نێچیرێکـی لێهاتبـوو لەنـاو دارسـتانێکدا، کـە هەسـت بـکات چـواردەوری بـە تـۆڕی ئاڵـۆز چنـراوە، بۆیـە بەپەلـە لەگـەڵ نازیـلادا خۆیـان گەیانـدە ژوورەکـەی ئادریـان و سـەری سـندوقەکەیان هەڵدایـەوە.....!.

لەگـەڵ هەڵدانـەوەی سـەری سـندوقەکەدا، سـەریان لـەوە سـوڕما، کـە بـە پێچەوانـەی ژوورەکـە نـاو سـندوقەکە ئەوەنـدە جـوان ڕێکخرابـوو، هەروەکـو بـۆ کەسـێک ئامادەکرابێـت بیکاتـەوەو نامـەکان لەگـەڵ خۆیـدا ببـات.

کاتێـک ئیلاریـاو نازیـلا ئـەم دیمەنەیـان بینـی ئیتـر لـەوە تێگەیشـتن کـەوا کلیلـی نهێنییـەکان لەنـاو ئـەم سـندوقەدا شـاردراونەتەوە، بۆیـە نامەکانیـان دەرهێنـا، کـە هـەر یەکێکیـان ژمارەیەکـی لەسـەر بـوو، بـە بـێ ئـەوەی هیـچ ڕێکـەوت و ڕۆژێکـی لەسـەر بێـت. لـە بنـی سنوقەکەشـدا دەفتەرێکـی کـۆن، کـە دیاربـوو دەفتـەری یاداشـتانامەی ڕۆژانەبـوو، لەسـەر هەندێـک لاپـەڕە چەنـد هێڵـکاری و خەتخەتێـن دەبینـران و لەهەندێـک شـوێندا چەنـد دێـڕە شـیعرێکیش نووسـرابوون....

ئیلاریـاو نازیـلا نامەکانیـان لەگـەڵ خۆیانـدا بـۆ سـەرەوە بـردو بەبـێ ئـەوەی نامـەکان

تێک بدەن، ڕێک وەک ئەوەی لە سندوقەکەدا لەسەریەک بەپێی ژمارەکان دانرابوون ڕێکیان خستنەوەو لە سندوقە تایبەتییەکەی ئیلاریادا لەسەریەک بە پێی ژمارەکان دایاننا و نازیلا لەسەرخۆ دەستی بە خوێندنەوەیان کرد!.

## ١

**ماڵەکەم مێلیسیا،**

ئەوە ماوەی چەند مانگێکە لەیەکتر دابڕاوین، بەڵام من لەهەموو کاتێک زیاتر بیرت دەکەم. پێش چەند خولەکێک لەوەی نازیلا خەوی لێبکەوێت، بە شێوەیەک بیرم دەکردی، ئەگەر لەبەر خاتری نازیلا دانم بەخۆمدا نەگرتبا ئەوە دەبوو ئەمشەو تا ڕۆژ دەبووەوە بۆ خۆم و خۆت بگریابام، بەڵام نەمدەویست نازیلاش لەگەڵ خۆمدا دڵشکاو بکەم.

دڵەکەم مێلیسیا، نازیلا ئێستا خەوی لێکەوت، ئەوەندە جوانە، ئەڵێی پەرییەکی بچکۆلەیەو لەسەر پشت ڕاکشاوە، زۆر جوانە ئاخر هەر زۆر جوانە باڵەکانی کردۆتەوەو دەمی قوت داخراون. ئا لەم کاتەدا ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم، دانیشتووم و سەیری چاوە نیوە کراوەکانی دەکەم و گوێ لە مشە مشی لوتەکانی دەگرم، کە وەک ئاوازێکی ناوازە دەروونم ئارام دەکەنەوە.

ئاخ، ئازیزەکەم، خۆزگە لە شوێنێکەوە ئێستا چاوت لێبایە، کە چەند شیرین نووستووە، نووستنەکەی ئەوەندە منالانەو بێگەردە من لەسەیرکردنی تێرنابم، خۆت ئەمە باش دەزانیت بۆچی هەر لە منالییەوە شێتانە ئەم منالەم خۆشویستووەو بەم شێوەیە وابەستەی بووم، چونکە ڕوخساری تۆی تێدا دەبینم.

مێلیسیا، لەبیرت دێت هەمیشە پێمدەگوتیت؛ ئەگەر خەڵک یەک مێلیسیای هەبێت من دوانم هەیە، تۆش بە نازو پێکەنینێکەوە وەڵامت دەدامەوە، کە شانازی

بـەوە دەکەیـت، کـە مێلیسـیایەکی تـرت بـۆ درووسـتکردووم. هەمیشـە پێـت دەگوتـم؛ ئەگـەر خۆیشـم لـە ژیانـدا نەمێنـم ئـەوا تـۆ هـەر مێلیسـیایەکت هەیـە.

ئازیزەکـەم، لـەم کاتـەدا ئـەم دێڕانـە بـۆ تـۆ دەنووسـم، دەبینـم نازیـلا بـەدەم خـەوەوە پێدەکەنێـت، تـۆ بڵێیـت بزانێـت ئێسـتا مـن قسـە بـۆ تـۆ دەکـەم! یـان تـۆ بڵێیـت، لـەم کاتـەدا خـەو بـە چییـەوە ببینێـت، وا ئەوەنـدە جـوان پێدەکەنێـت! ئەوەتـا مـن بـەردەوام بـۆ تـۆ دەنووسـم و زیاتـر و زیاتـر بـزە دەیگرێـت، هەندێکجاریـش نێوچەوانـی لێکدەنێـت، وەک ئـەوەی یەکێـک تـوڕەی بـکات یـان بیەوێـت خۆشـییەکەی لـێ تێـک بـدات.

ئـەی کـێ دەڵێـت؛ ئێسـتا ئەویـش خـەو بـە تـۆوە نابینێـت و لـە خەوەکەیـدا پێکـەوە لـە شـوێنی یارییەکـەی تەنیشـت مـاڵ خۆمـان، سـواری یەکێـک لـە جۆلانـەکان نەبـووەو بـە هـەوادا دێـت و دەچێـت و داوا لـە تـۆ دەکات زیاتـر و توندتـر پاڵـی پێـوە بنێیـت وەک ئـەوەی نیـازی فڕێنـی هەبێـت. تـۆش ناوێریـت توندتـر پاڵـی پێـوە بنێیـت نـەکا وەک کۆترەکانـی نـاو باغچەکـە باڵبگرێـت و لەسـەر یەکێـک لـە درەختـەکان بنیشـێتەوە، ئەویـش قاقـا پێدەکەنێـت و بەدەنگـی بـەرز دەڵێـت؛ زیاتـرو توندتـر، یەهـوووو....

ئازیزەکـەم، خۆزگـە ئێسـتا چـۆن چـاوم لەسـەر ڕوخسـاری نازیـلا هەڵناگـرم و لەتەنیشـتییەوە بـە هێواشـی خەریکـی نووسـینی ئـەم نامەیـەم بـۆ تـۆ لەگـەڵ تـۆدا دەبـووم و وەک ئـەو شـەوانەی لەسـەر تەختـی خەوەکەمـان قسـەمان بـۆ یەکتـر دەکـردو یەکترمـان لـە ئامێـز دەگـرت و ماچبارانـی یەکترمـان دەکـرد، ئـای خۆزگـە بەتەنهـا شـەوێک لـەو شـەوانە دەگەڕایـەوە، کـە شـێتانە شـەیدای یەکتـر بووبوویـن، ئـەو کات پێمـان وابـوو ئیتـر ئـەم عەشـقە عەشـقێکی کۆتاییـەو تەنانـەت مردنیـش ناتوانێـت زەفـەری پـێ بەرێـت، ئەگەرچـی دڵنیـام لـەوەی جوانتریـن شـەوێکیش لـەو شـەوانەش بگەڕێتـەوە قـەت تامـی شـەوێک لـەو شـەوانە نـادات، چونکـە هەندێـک سـات لەژیانـی مرۆڤـدا هـەن بەتەنهـا یـەک جـار ڕوودەدەن و بـەس.

مێلیسیا، لە بیرت دێت دوای ساڵێک لەیەکترناسین بەیادی ئەو بەیانییەی، کە لە 'ڕامبلا دێل مار' لە سەر ڕۆخی کەناڵەکە، لە بەرشەلۆنە یەکترمان ناسی، گەڕاینەوە بۆ هەمان شوێن و لەهەمان ساتی ئێوارەدا لەسەر تەختەکانی 'کاریر دێل مار' دانیشتین و تەماشای ماسییەکانمان دەکرد، کە خەڵک پارچە سەمون و خواردنی بۆ فڕێ دەدان. ئەو کاتە ئێمە لەگەرمەی خۆشەویستیدا بووین و لە قوڵایی دڵمانەوە یەکترمان خۆشدەویست، کەچی هەردووکمان ئەو هەستەمان لەلا دروستبوو، کە قەت ئەم دانیشتنە تامی ئەو دانیشتنەی نەدەدا، کە پێش ساڵێک لێردا شەوێکمان تا بەرەبەیان بەسەر برد، ئەگەرچی من ئەمەم دەرنەبڕی، بەڵام تۆ نەتتوانی ئەو هەستە بشاریتەوەو بە پێکەنینێکی ساردەوە گوتت: ئەو ڕۆژە قەت دووبارە نابێتەوە!. منیش بۆ ئەوەی لەو نیگەرانییەت کەم بکەمەوە باوەشم پێدا کردیت و گوتم: ئەو ڕۆژە مرد، بوو بە قوربانی ئەم ڕۆژەی، کە ئێستا من و تۆ وەک شێت یەکترمان خۆشدەوێت، ئەگەر ئەو ڕۆژە نەمردبا ئەوا ئەمڕۆ لەدایک نەدەبوو، ئازیزەکەم، ئەو ڕۆژە لە پێناو ئەم ڕۆژەی ئێمەدا مرد، وەرە با لێرە بڕۆین و ئەو ساتە دووبارە بکەینەوە، کەوا بەبێ ئەوەی پێ بزانیت دڵی منت بەلای خۆتدا ڕاکێشا.

مێلیسا، لەبیرت دێت ئێوارەکەی ئەو ڕۆژە لە ' کاریر دێل مارە'وە بەرەو شەقامی ڕامبلا بەناو ئاپۆرەی ئەو هەموو خەڵکەدا سەرکەوتین و دیسان پیاوە پیرەکەمان بینییەوە، کە لەسەر شەقامەکە پۆرترێتی خەڵکی دەکێشا. من پێشتر بەردەوام باسی ئەم پیرە پیاوەم بۆ کردبوویت، کەچی تۆ ڕوخساریت نەدەهاتەوە یاد.

ئەوەی سەیربوو تۆ نزیکەی بیست خولەک لەبەردەم ئەو پیاوە پیرەدا دانیشتبوویت و هیچ سەرنجێکی ڕووخساریت نەدابوو، بەڵام من لە ماوەی دە خولەکدا نەمدەتوانی چاوەکانمی لەسەر هەڵبگرم، چونکە هەر لەیەکەم نیگای تۆوە غیرەیەکی قوڵی تێدا درووستکردم، کە قەت نەتوانم وێنەکەی لەبەرچاوم بسڕێتەوە.

ئـەو پاشـنیوەڕۆی بەرشـەلۆنە یەکێکـە لـەو ڕۆژانـەی بـە هیـچ شـێوەیەک ناتوانـم لەبیریـی بکـەم، چونکـە ئـەو ڕۆژەیـە، کـە بـۆ یەکەمجـار چـاوم بـە تـۆ کـەوت، بۆیـە ئەگـەر بڵێـم: مـن قـەرزاری ئـەو پیـاوە پیـرەم، کـە پۆرترێتـی بـۆ تـۆ دەکێشـا ئـەوا هیـچ زیادەڕۆییەکـم نەکـردووە، چونکـە هـەر لەیەکـەم نیـگاوە ئـەو پیـاوە سـەرنجی منـی بـە لای تـۆدا ڕاکێشـا.

ئـەو بـوو، ئـا ئـەو پیـاوە پیرەبـوو چارەنووسـی ئێمـەی پێکـەوە گرێـدا، چونکـە ئەگـەر ئـەو پێشـنیاری ئـەو جـۆرە دانیشـتنەی لەسـەر کورسـییەکە بـۆ تـۆ نەکردبـا، ئـەوا بـە هیـچ شـێوەیەک نەدەبوویتـە جێـگای سـەرنجی مـن.

ئـەو پاشـنیوەڕۆ سـێهەم جـارم بـوو لەگـەڵ پاتریکـی هاوڕێمـدا لـە "کەتەلۆنیـا پـلازا"وە بـە شـەقامی ڕامبـلادا بـەرەو خـوارەوە ببمـەوە، کەچـی هیـچ دیمـەن و نمایشـێکی ئـەو سـەر شـەقامە بـە وێنـەی دانیشـتنەکەی تـۆ سـەرنجی ڕانەکێشـام. مـن بـە ئێستاشـەوە، کـە لـە کونجێکـی تەریکـی ئـەم سـەرزەمینەدا خەریکـم نامـە بـۆ تـۆ دەنووسـم پرسـیاری ئـەوە لەخـۆم دەکـەم، کـە ئایـا بـۆ لەنـاو ئـەو هەمـوو جەنجاڵییـەی شـەقامی ڕامبـلادا بەتەنهـا دانیشـتنەکەی تـۆ منـی لەبـەردەم خۆیـدا ڕاگـرت؟.

لەمـاوەی ئـەو چەنـد ڕۆژەدا مـن و پاتریـک هـەر کاتێـک لـە نـاو میترۆکـەی 'کەتەلۆنیـا پـلازا'وە سـەرمان دەرهێنابێـت و بـە شـەقامی ڕامبـلادا بـەرەو خـوار بووینـەوە زیاتـر کاتەکانمـان بـە پێکەنیـن و قسـەی بێمانـاو پڕوپـوچ بەسـەر دەبـرد، کاتێـک دەمانبینـی چـۆن مرۆڤـەکان خۆیـان لەنـاو ماسـکی جۆراوجـۆردا دەشـاردەوە بـۆ ئـەوەی سـەرنجی گەشـتیارەکان بـۆ خۆیـان ڕابکێشـن.

ئێمـە هەرکاتێـک لەبـەردەم یەکێـک لـە نمایشـکارەکانی ئـەو شـەقامەدا ڕادەوەسـتاین یەکسـەر لەیەکترمـان دەپرسـی ئـەوەی لەنـاو ماسـکەکەدا خـۆی شـاردۆتەوە، مرۆڤـە ڕاسـتەقینەکەیە، دەبێـت ژن یـان پیـاو، گەنـج یـان پیـر، ڕەشـە یـان سـپی بێـت، ئیتـر

هیچ بەلامانــەوە گرنــگ نەبــوو، خــۆی وەک شــەیتانێکی شــاخدار یــان فریشــتەیەکی باڵــدار نیشــان دەدات، ئەمــە کارێکــە ڕۆژانــە دەیبینیــن و دەیبیســتین، کــە مرۆڤــەکان هەریەکــە بــە شــێوەیەکی جیــاواز خــۆی لەنــاو ماســکێکدا دەشــارێتەوە، بــەڵام ئــەوەی بــەلای ئێمــەوە گرنــگ بــوو نــاوەوەی ماســکەکە بــوو، دەروونــە ڕاســتەقینەکەی ماســکەکە بــوو نــەک پێســتە ســاختەکەی. بــەڵام کاتێــک گەشــتینە بــەردەم ئــەو پیــرە وێنەکێشــەی کچێکــی گەنجــی لەســەر کورســییەک دانابــوو پۆرترێتــی بــۆ دەکێشــا ئیتــر ئێمــەش وەک هەمــوو ئــەو خەڵکانــەی لــەدەوری کۆببووبوونــەوەو تەماشــای دەســت و پەنجەکانیــان دەکــرد، کــە چــۆن زۆر بــە وردی و دیقەتــەوە هێڵــی چــاوو برژانگەکانــی دەکێشــا، ئاخــر یەکەمجــار بــەلای منیشــەوە ســەیربوو ئــەو چاوە کــزە بچوکــە چــرچ بووانــەی پیرێــک توانــای ئافراندنــی چاوێکــی گەشــی جوانــی کچێکــی گەنجــی بــە هەمــوو وردەکاریەکانــەوە هەبێــت!، بــەڵام دواتــر تێگەیشــتم بینایــی هەندێــک کــەس بەتەنهــا لــە چاوەکانیانــدا نییــە، بەڵکــو لــە ڕۆح و هەســتەکانیاندایە، بۆیــە دەبینیــن زۆرێــک لەوانــەی بینیــن لەدەســت دەدەن توانــای داهێنانــی مەزنیــان هەیــە.

ئازیزەکــەم مێلیســیا، ئاخــر ئــەو پیــاوە چەنــد پیریــش بووبــوو، بــەڵام لــە جوڵــەی دەســت و پەنجــە چــرچ و وشــکەکانیدا هەســتت بــەوە دەکــرد دەیەوێــت هەمــوو هێــزو توانــای خــۆی لــەو پۆرترێتــەی تــۆدا تاقــی بکاتــەوە بــۆ ئــەوەی شــتێکی جوانــت پــێ ببەخشــێت، تەنانــەت پاتریکــی هاوڕێــم ئەگەرچــی هیــچ شتێکیشــی ســەبارەت بــە وێنەکێشــان نەدەزانــی لەبــەر خۆیــەوە دەیگــوت؟ ســەیری ئــەم پیــرە ناکەیــت، ئەڵێــی خوداوەندێکــی پیــرەو دەیەوێــت بــە جوانتریــن شــێوە ئافــرەت دروســت بــکات تــا وەک شــانازییەک قەربــووی ئــەو هەڵــە بکاتــەوە، کــە پیــاوی وەک دڕندەیــەک ئافرانــدووە. گوێــم لێبــوو یەکێکــی تــر لەتەنیشــتمەوە بــە ئەڵمانــی بــە هاوڕێکــەی دەگــوت: بەڕاســتی ســەرنج ڕاکێــش و بلیمەتــە، خــۆ خەریکــە وێنەکــە لەنــاو چوارچێوەکــە بێتــەوە دەرەوە....

ئەو چاوانەی ئەو کێشابوونی لێوالێوبوون لە سیحری وێنەکێشان، چەندینجار ئەوەم تاقیکردەوە لەهەر سوچێکەوە تەماشات بکردایەت وەک بەدواتدا بگەڕێت نیگاکانی تێدەگرتیت.

لەبیرت دێت لەدوای یەکترناسینەکەمان پێم گوتیت، هەستم دەکرد جارناجارێک چاوی ناو تابلۆکە چاوم لێ دادەگرێت، تۆش قاقا پێدەکەنیت و دەتگوت: هێجگار بەو شێوەیەش نا، بەڵام دواتر بۆ خۆیشت ئەو ڕاستییەت بۆ دەرکەوت، کە سیحرێکی سەیر لە چاوو بزەی سەر لێوەکانیدا بوو.

ئازیزەکەم، لەم کاتەدا ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم نازیلا ئەگەرچی لەقوڵایی خەوێکی شیریندایە و بە قورسی و ئارامی هەناسە دەدات، بەڵام مشە مشێکی خۆش وەک ئاوازێکی ناوازە لە هەردوو لوتە بچکۆلەکەیەوە دێنە دەرەوە، منیش چاوەکانم دادەخەم و بەتەنها بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە، کە تۆ وەک پەیکەرێکی بێگیان لەسەر کورسییەک دانیشتبوویت و هونەرمەندە پیرەکەش بە قوڵی ڕۆچووبووە ناو نیگاکانی تۆوە. ئەو پیاوە دەیویست لە پەیکەرێکی بێگیان تابلۆیەک بخوڵقێنێت، کە ڕۆحی تێدابێت، ئەو کاتە تۆ زۆر بە ماتی دانیشتبوویت و هەندێکجار بە تیلەیەکی کورتخایەن سەیری ئەو هەموو حەشاماتەت دەکرد لەدەوری تۆو هونەرمەندە پیرەکە کۆبووبوونەوەو سەیری ئەو دەستە وشک و چرچ بووەیان دەکرد، کە نەیدەویست تەنانەت تاڵە برژانگێکیشت فەرامۆش بکات، تۆش لەبەر خۆتەوە جارناجارێک بزەیەکی شەرمنانەت دەکرد، کە بەئاسانی مرۆڤ هەستی بەوە دەکرد ئەو حەشاماتە بەشێوەیەک فشاریان بۆ هێنابووی لەپڕێکا لەسەر کورسییەکە ڕاست ببیتەوەو هەڵبێیت، چونکە لەوە دەچوو ئەوە یەکەمجار بێت لە ژیانتدا لە شوێنێکدا بتەوێت کارێک ئەنجام بدەیت و خەڵکانێکی زۆریش لە چواردەورت کۆببنەوەو تەماشات بکەن، ئەمە بوو هەمووجارێک پێم دەگوتیت، چەند ئازان ئەو هونەرمەندانەی لە کاتی نمایشەکاندا هێزی سەیرکردنی ئەو هەموو چاوە حیوارێکیان پێ لەبیرناباتەوەو توشی هەڵەیەک

لـە نواندنەکانیانـدا نابـن، ئەمـەش بـۆ خـۆی توانـای دەوێـت، ئەگـەر وا نەبوایـەت ئـەوا هەمـوو کەسـێک بـە ئاسـانی دەیتوانـی ببێتـە هونەرمەنـد.

ڕێکوڕاسـت ئـەو دانیشـتنەی ئـەو ڕۆژەی تـۆ ئـەوەی پێگوتـم، کـە تـۆش وەک مـن ئـەو هەسـتەت تێدایـە لەکاتـی هەرجوڵـە و بزەوتێکـدا ئەگـەر بەتەنهـا دوو چـاو لێـم بڕوانێـت شپرز ببـم و دەسـت و قاچەکانـم بەیەکدا بێـن، خـۆ زۆر کەسیشـم دیـوە یەکسـەر هەڵدەچـن و تـوڕە دەبـن، بـەڵام ئـەو ڕۆژە تـۆ ئیتـر وەک دیلێـک لەسـەر کورسـییەکە لەبەرامبـەر هونەرمەنـدە پیرەکـەدا جگـە لـە ئارامگرتـن تـا تەواوبوونـی کارەکـە نەتدەتوانـی بـۆ هیـچ لایـەک هەڵبێیـت، ئەمەبـوو تـۆی بەشـێوەیەک لەناخـەوە مانـدوو کردبـوو، کـە نەتوانیـت نیگەرانییەکانـت لـە چاوەکانتـدا بشـارێتەوە.

ئەگـەر لەبیـرت بێـت، لـە دوای یەکتـر ناسـینەکەمان مـن هەمـوو ئـەم قسـانەم بـۆ کردیـت، تـۆش نەتتوانـی قسـەکانم ڕەت بکەیتـەوەو بـە پێکەنینـەوە گوتـت: ئـەوە ناخۆشـترین ڕۆژێـک بـوو لـە ژیانمـداو جارێکـی تـر بـە هیـچ شـێوەیەک ناهێڵـم دووبـارە ببێتـەوە، چونکـە هیـچ شـتێک ئەوەنـدەی ئـەوە بـۆ ئافرەتێـک سـەخت نییـە بکەوێتـە نـاو هەڵوێسـتێکەوە دەیـان چـاوی پیـاو بـە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر لێـی بڕوانـن و نەتوانێـت کاردانەوەیەکـی هەبێـت.

ئازیزەکـەم مێلیسـیا، ئـەو ڕۆژەو بەتایبەتیـش ئـەو کاتـەی لەبـەردەم هونەرمەندێکـی پیـردا دانیشـتبوویت، بـۆ ئـەوەی پۆرترێتێکـت بـۆ بکێشـێت و وەک یادگارییەکـی ئـەو شـارە لـەلات بمێنێتـەوە، ئەگـەر بـۆ تـۆ ناخۆشـترین کات و ڕۆژ بووبێـت، ئـەوە بـۆ مـن خۆشـترین سـاتێک بـوو، کـە لەیەکـەم نیـگاوە حـەزم بـەرەو لای تـۆ جـوڵا، ئەگـەر ئـەو هونەرمەنـدە پیـرە تـۆی لـە شـێوەی دانیشـتنەکەی "کچـەی بوهیمـی- ڕێنـوار" لەسـەر کورسـییەکە دانەنیشـاندایەت ئـەوا ڕەنـگ بـوو ئێمـە قـەت یەکترمـان نەناسـیباو ژیانـی مـن و تـۆش بەشـێوەیەکی تـر ڕەنگرێـژ ببوایـەت و هیـچ کامیشـمان توشـی ئـەو ئـازارە سـەختە نەدەبوویـن بـە هـۆی ئـەو یەکترناسـینەوە.

ئیتـر ژیـان ئاوایـه مێلیسـیا، هەمیشـه لـه ڕووداوو بەریەککەوتنێکـی بچوکـەوە کارەساتێکی گـەورە دەخولقێت. پیاوێکم لەخانـەی پیرانـی 'خـۆری ئێـوارە' ناسـی دەیگـوت: مـن منـاڵ بـووم لـه ترسـی بۆمبـاران و هێرشـی هێـزە خۆرائاواییی و ڕوسـەکان بۆسـەر بەرلیـن لەژێرزەمینەکانـدا خۆمـان دەشـاردەوە، کەچـی کـوڕان و کچـان لـه پێچەکانـدا خۆیـان دەدزییـەوە بـۆ ئـەوەی عەشـقبازی خۆیـان بکـەن. ئـەو دەیگـوت؛ خۆشەویسـتی لەهەمـوو هێزێکـی دونیـا بەهێزتـرە، تەنانـەت جەنگیـش ناتوانێـت خۆشەویسـتی ڕابگرێـت.

مێلیسـیا، تـۆ دەزانـی عەشـقیش بۆخـۆی جەنگێکـە وەک هەمـوو جەنگەکانـی تـری دونیـا، ئەگـەر هێزێـک نەتوانێـت شـارێک داگیـر بـکات ئـەوا بێگومـان وێرانـی دەکات، عەشـقیش بەهەمـان شـێوە ئەگـەر نەتوانێـت دڵـی یەکێـک داگیـر بـکات ئـەوا وێرانـی دەکات، هیـچ جەنگێـک لـە دونیـادا وەک جەنگـی عەشـق وێرانکـەر نییـە، چونکـە یەکجـار دەسـتپێدەکات و ئیتـر کۆتایـی نایـەت، شـتێک نییـە لـە جەنگـی عەشـقدا نـاوی ئاشـتی بێـت، کـە هەڵگیرسـا تـا هەمـوو شـتێک لەگـەڵ خۆیـدا وێـران نـەکات دانامرکێتـەوە.

ماڵەکـەم مێلیسـیا، دیسـان دەگەڕێمـەوە بـۆ لای هونەرمەنـدە پیرەکـە، کـە تـۆی لەسـەر کورسـییە شـەق و شـڕەکەی خـۆی دانابـوو، وا دەزانـم ئێسـتایە، بەجوانـی وێنەکـەی ئـەو کاتەتـم لەنـاو خەیاڵمـدا تۆمـار کـردووە، کـە چـۆن دەسـتی ڕاسـتت لەسـەر ڕانـت دانابـوو، دەسـتی چەپیشـت خسـتبووە سـەر دەسـتی ڕاسـتت و کەمێـک خواریـش دانیشـتبوویت ڕێـک و ڕاسـت ڕووبـەڕووی کابـرای پیـرە دانەنیشـتبوویت، تەنانـەت دانیشـتنەکەت ئەوەنـدە سـەرنجڕاکێش بـوو دڵنیـام هەمـوو ئـەو تەماشـاوانە وەک مـن دیقەتـی کوردسییەکەشـیان دابـوو، کـە تـۆ بـە خـواری لەسـەری دانیشـتبوویت بـە شـێوەیەک دەتڕوانـی هەرکەسـێک لـەوێ وای دەزانـی ڕووت لـە ئـەوە، ئەمـەش لەسـەر داوای ئـەو بـوو نـەک خـۆت.

بـڕوا ناکـەم ئـەو ڕۆژە کەسـێک هەبووبێـت بـە شـەقامی ڕامبـلادا تێپەڕبووبێـت و ئەگـەر بـۆ سـاتێکی کەمیـش بێـت هەڵوێسـتەیەکی نەکردبێـت، کەچـی ئـەو هونەرمەنـدە

پیـره ئەوەنـدە بێباکانـە وێنـەی دەکێشـاو بەشـێوەیەک لەسـیمای دەم و چـاوی تـۆدا نوقـم بووبـوو وات هەسـتدەکرد بەتەنهـا لـە بیابانێکـدا وێنـە دەکێشـێت، ئـەو کابرایـە بـە شـێوەیەکی سـەیر ڕۆشـتبووە نـاو خەیاڵەکانییـەوە، کاتێـک چاوەکانـی لێکدەنـاو کەمێـک خەیـاڵ دەیبـردەوە وەک ئـەوەی وێنـەی تـۆ نەکێشـێت و وێنەیەکـی تـر لەخەیاڵیـدا بێـت و بیەوێـت لەسـیمای تـۆدا بەرجەسـتەی بکاتـەوە، هـەر ئەمـەش بـووە هـۆی نهێنـی و سـیحری ئـەو پۆرترێتـە، کـە تـۆ هەندێجـار بـە سەرسـامییەوە دەتگـوت: زۆر لەمـن ناچێـت و زۆریـش لەمـن دەچێـت، منیـش سـەری ڕەزامەندیـم بـۆ دەلەقاندیـت و هەمـان ڕای تـۆم لەسـەر تابلۆکـە هەبـوو، کەهـەم لـە تـۆ دەچـوو هەندێکجاریـش هیـچ لەتـۆ نەدەچـوو.

بێگومـان ئـەو ڕۆژە ئەوەنـدە بەدیارتـەوە وەسـتام، یـان باشـتر بڵێـم بـە دیـار هونەرمەنـدە پیرەکـەوە وەسـتام، کـە ئەوەنـدە بەسـەلیقەو وردکارییـەوە قەڵـەم و فڵچەکانـی لەسـەر ڕوخسـاری تابلۆکـە بەکاردەهێنـا، کـەس نەبـوو پێـی سەرسـام نەبێـت، بـەڵام ئەگـەر ڕاسـتت دەوێـت، منیـش و دڵنیـام ئـەو هەمـوو خەڵکـەی لـەوێ لـە چـواردەوری ئێـوە کۆبووبوونـەوە کەسـێک نەبـوو وەک مـن لـەو کاتـەدا بیرنەکاتـەوە، کـە ئـەو پیـاوە پیـرە دەیویسـت وێنەکـەی نـاو خەیاڵـی ئاوێتـە بـە ڕوخسـاری تـۆ بـکات، هەربۆیـە ئـەو تابلۆیـە بەشـێوەیەک سـەرنج ڕاکێـش بـوو، کـەس نەبـوو دڵـی بـۆی لێنـەدات و لـەلای خۆیـەوە نەڵێـت ئـەم کچـە بـە مـن نامـۆ نییـە!.

ئازیزەکـەم، نامەوێـت بـەم قسـەیە دڵگرانـت بکـەم، کـە لـە خۆشەویسـتی تابلۆکـەوە تـۆم خۆشویسـت، بـەڵام ئـەوە ڕاسـتییەک بـوو، ئەگـەر سـیحری تابلۆکـە نەبوایـەت، ڕەنگـە منیـش بـەو شـێوەیە نەکەوتمایەتـە ژێـر کاریگـەری جوانییەکەتـەوە، ئاخـر تـۆ دەزانیـت و پێشـتریش ئـەوەم پێگوتیـت، کـەوا هەندێـک ئافـرەت هـەن جوانییەکـی نهێنـی ئامێزیـان هەیـە، کـە بـە ئاسـانی پیـاو نایبینێـت، مەگـەر لـە شـوێنێک و کردەوەیەکـدا وەک درەختـەکان دەربکەوێـت، کەلەکاتـی ئاسـایدا ئەوەنـدە جـوان دەرناکـەون، بـەڵام کاتێـک لەنـاو ئاوێکـی مەنگـدا ڕەنـگ دەدەنـەوە بەتەواوەتـی مـرۆڤ دەکەوێتـەوە نـاو سـیحری

جوانییەکەیانـەوە، تـۆش وەک ئـەو درەختـە وا بوویـت کاتێـک لەنـاو تابلۆکـەدا وەک ئـاوە مەنگەکـە ڕەنگـت دایــەوە بەتەواوەتــی مــرۆڤ دەکەوتــە نــاو ســیحری جوانییەکەتــەوە.

دوای ئـەو هەمـوو سـاڵەو تـا ئـەم کاتـەش، کـە لـە قوژبنێکـی ئـەم دونیـاوە خەریکـم ئــەم نامەیــەت بــۆ دەنووســم و نازانــم بەدەســتت دەگات یــان نــا هــەر لەگــەڵ وێنــەی ڕوخســاری تــۆ بەنــاو مێشــکمدا تێپــەڕ دەبێــت یەکســەر تابلۆکــەم بیــر دەکەوێتــەوە، ئەمــەش هۆکارەکــە بــوو ئــەو تابلۆیــەم وەک خــۆت خۆشدەویســت و بــەردەوام لــە ماڵــەوە پاکـم دەکـردەوە، چونکـە تـۆو تابلۆکـە بووبـوون بـە بەشـێک لـە خەیاڵەکانـی نـاو مێشـکم و دەرچوونتــان ئاســان نەبــوو.

ئـەم دونیایـە چەنـد سـەیرە مێلیسـیا، ئـەو ڕۆژە مـن نەمدەزانـی، کـە تـۆش هاوڕێیەکـت لەگەڵدایــەو لەنــاو ئاپــۆرای خەڵکــەدا وەســتاوەو چاوەڕوانــت دەکات، جــا کــێ لەوکاتــەدا بیرێکـی وا بـە مێشـکیدا دەهـات!.

مێلیسـیا، چەنـد جارێکـی تریـش ئەمـەم بـۆ باسـکردوویت، ئـەوەی لـەو ڕۆژەدا هێنـدەی دانیشـتنەکەی تـۆو هونەرمەنـدە پیرەکـە بەلامـەوە سـەیربوو پاتریکـی هاوڕێـم بـوو، ئاخـر ئـەو لـەو کەسـانەیە قـەت ناتوانێـت پێنـج خولـەک لـە شـوێنێکدا ئـارام بگرێـت و بوەسـتێت، کەچــی ئــەو ڕۆژە ئەویــش وەک بڵێیــت هیــچ پەلەیەکــی نییــەو حــەزدەکات تــا کۆتایــی نمایشــەکە بمێنێتــەوە، ڕێــک و ڕاســت ئەویــش وەک پیــرە مێردەکــە هیــچ پەلەیەکــی نەبـوو کاتێـک بـە ڕوونـی لـە دەسـت و پەنجەکانیـدا دەتبینـی ئەوەنـدە کارەکـەی بـەلاوە گرنـگ بـوو کاتەکـەی بـەلاوە گرنـگ نەبـوو.

دڵەکــەم، ڕەنگــە بــڕوا نەکەیــت ئەگــەر بڵێــم؛ تــا ماوەیەکــی زۆر لــە تەوابوونــی تابلۆکـەش مـن هـەر مێشـکم لـەلای ئـەو دەسـت و پەنجـە چـرچ بووانـە بـوو، کـە چەنـد بێخەمانــەو بــە وردەکارییەکــی بێوێنــەوە بایەخــی بــە تاڵــی پــرچ و تەنانــەت باریکــی برژانگەکانیـش دەدا. خەیاڵـم لـەلای شـێوازی دانیشـتنەکەو نیگاکانـت بـوو، نازانـم وەک

سیحرم لێکرابێت بە درێژایی پیاسەی ئەو ئێوارە نیگاکانت بە دوامەوە بوون، ئەگەر پێت بڵێم؛ لە ژیانی هاوڕێیەتی من و پاتریکی هاوڕێمدا قەت ڕێک نەکەوتووە ئێمە پێکەوە بین و ئەوەندەی ئەو ئێوارەیە بێدەنگ بین، کە لە دوای تەواو بوونی تابلۆکە کاتێک بە شەقامی جەنجاڵی ڕامبلادا بەرەو لەنگەرگاکە شۆڕبووینەوە، کەچی بێ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ یەکتردا بکەین و هیچ شتێک بەیەکتر بڵێین بە دەستە ڕاستدا ملی شەقامی "ڕۆندا لیتۆرال" مان بەرەو "مۆڵ دێ لا بەرشەلۆنێتا" گرتەبەر. ئێمە هەر بە بێدەنگی بەتەنیشت یەکەوە گەشتینە کەنار دەریاکەو تا کۆتایی "پاساژ ماریتیم بەرشەلۆنێتا"، کە ئیتر دەبوو بوەستین بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن.

کاتێک وەستاین و کەمێک سەیری دەوروبەری خۆمان کرد دونیا بەتەواوەتی تاریکی کردبوو، دەنگی شەپۆلەکان، کاتێک بە گابەردەکانیدا دەکێشا بێدەنگی ئەو شەوەی شکاندبوو. وەک زۆربەی جارەکان دوو بە دوو کچان و کوڕانمان دەبینی لەسەر یەکێک لە گابەردەکان دانیشتبوون و ڕوویان لە دەریاو پشتیان لە زەوی کردبوو. هەندێکی تریش لەسەر لمەکە خاولییەک یان شتێکیان ڕاخستبوو بە پاڵکەوتنەوە لە ئاسمان و ئەستێرەو دەریایان دەڕوانی...

ئەو شەوە هەموو ئەو خەڵکانەی لەکەنار دەریاکەو سەرگابەردەکان بوون تەنانەت ئەوانەش وەک ئێمە پیاسەیان دەکرد هەریەکەیان چیرۆکێکی تایبەت بە خۆیان بۆ گێڕانەوە هەبوو. وەک سەرنجم دابوو ئەو مرۆڤە تەنها و پیرە پیاووژنانەش، کە تاکە هاوڕێیان سەگەکانیان بوو قسەیەکیان بۆ وتن هەبوو، بەڵام ئێمە لە دوو مرۆڤی تەریک دەچووین هەریەکەمان لە ئەستێرەیەکی ترەوە کەوتبێتنە خوارەوە. ئەو هەموو کاتەمان بە بێدەنگی بڕی، بڕواناکەم هیچ کەسێک لەو شەوەدا هەبووبێت وەک ئێمە وا بەقوڵی کەوتبێتە ناو بێدەنگییەوە، بۆیە لەو کاتەدا، کە دەبوو ئیتر بگەڕێینەوە بۆ هوتێلەکە و کەمێک پشوو بدەین پاتریک گوتی: ئەو پیاوە پیرە نەعلەتیە هەموو شتێکی تێکدا، دەبێت ئێمە بە چەنێکی تر بگەینەوە هوتێلەکە،

گـەدەم لەبرسـانا خەریکـە کـون دەبێـت، ئادریـان ئـەوە تـۆ برسـیت نییـە؟.

ئـەوەی ڕاسـتی بێـت نەمدەزانـی چـی وەڵام بدەمـەوە، چونکـە هـەم برسـیم بـوو هـەم برسیشـم نەبـوو، ئاخـر تـۆ قـەت حاڵەتەکێکـی لـەو جـۆرەت بەسـەر هاتـووە، کـە برسـیت بێـت و لـە هەمانکاتیشـدا ئـارەزووی هیـچ خواردنێـک نەکەیـت!.

پـاش ئـەوەی کەمێـک سـەیری دەوروبـەری خـۆم کـرد گوتـم: پاتریـک دەتوانیـن سـەد مەترێـک بـۆ دواوە بگەڕێینـەوە، بـە درێژایـی شـەقامەکە هـەر هەمـووی ڕیسـتۆرانتە تـۆ بـڕۆ شـتێک بـۆ خـۆت بهێنـەو منیـش لەسـەر یەکێـک لـە کوردسـییەکان دادەنیشـم بـۆ ئـەوەی کەمێـک پشـوو بـدەم، ئەگـەر بکرێـت لەگـەڵ خۆتـدا بەتەنهـا بوتڵێـک ئـاوم بـۆ بهێنیـت خـراپ نییـە، پاشـان لەسـەرەخۆ دەگەڕێینـەوە بـۆ هوتێلەکـە....

لەسـەر یەکێـک لـە کورسـییەکانی سـەر شـەقامەکە دانیشـتم و چـاوم بڕییـە سـنوری بێکۆتایـی دەریاکـە، کـە لـەدوورەوە وەک ئەسـتێرە دوورەکان گڵۆپـی چەنـد یەختێکـت دەبینـی لەناوەڕاسـتی دەریاکـەدا لەنگەریـان گرتبـوو، بـەڵام بـۆ سـاتێک دیمەنـی دانیشـتن و ڕوانینەکانـی تـۆم لـە بەرچـاوان کاڵ نەدەبـووەوەو تـا زیاتـر ئـەو دیمەنـە دەهاتـەوە پێـش چاوەکانـم زیاتـر بـە ڕوخسـارت ئاشـناتر دەبـووم.

مێلیسـیا، مـن یەکەمجـارم بـوو تـۆ لـە ژیانمـدا ببینـم، ئەویـش لـە بەرشـەلۆنە نـەک لـە بەرلیـن، بـەڵام نازانـم بـۆ تـا زیاتـر بەنـاو خەیاڵمـدا دەهاتیـت ئـەو هەسـتەم لـەلا دروسـت دەبـوو، کـە جۆرێـک لـە ئاشـنایەتیم لەگەڵتـدا هەبووبێـت و هەسـتم دەکـرد تـۆم لـە شـوێنێک دیـوە!.

ئـەو ئێـوارە یـان باشـتر بڵێـم؛ ئـەو شـەوە هەرکـە چاوەکانـم لەسـەریەک دادەنـان چـاوە گـەورە قاوەییەکانـت، کـە ڕەش دەیاننوانـد بـە نیگایـەک پێیـان دەگوتـم؛ یادەوەرییـەک لـە نێوانمانـدا هەیـە.

مـن هـەر لەسـەر کورسـییەکە دانیشـتبووم، بـەڵام خەیاڵـم سـەفەرێکی درێـژی بەنـاو ژیانـی منالّیـم و یادەوەرییەکانـی قوتابخانـەدا کـردو هەمـوو ئـەو قوتابییـە هاوڕێیانـەم بەسـەر کـردەوە، کـە لـە تەمەنمـدا ناسـیبوومن. ئـەو مـاوە کەمـەی لەسـەر کورسـییەکە لـە چاوەڕوانـی پاتریکـدا دانیشـتبووم، هـەر هەمـوو هاوڕێکانـی باخچـەی سـاوایان تـا قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەندیشـم بـۆ دۆزینـەوەی تۆبەسـەر کردنـەوە، بـەڵام نەمدۆزیتـەوە. ئەوەشـی سـەیربوو چ لـە ژیانـی گـەڕەک و قوتابخانەکانـدا کەمتـر کچێکـی گەنمڕەنگـی چـاو قاوەیـی قژتـۆخ هەبـوون جگـە لـە چەنـد قوتابییەکـی کـەم نەبێـت، کـە خەڵکـی وڵاتـە گەرمـەکان بـوون، بـە ڕوونـی شـێوەی یـەک بەیەکیانـم لـە خەیاڵـە.

مـن هێشـتا خەیاڵـم لەنـاو کۆڵانـی یادەوەرییەکانـی منالّیمـدا چەقیبـوون پاتریـک بـە خۆیـی و پیزایەکـی بچوکـەوە گەڕایـەوەو بوتڵـە ئاوەکـەی دایـە دەسـتم و گوتـی: ئەگـەر بتەوێـت دەتوانیـت پارچەیـەک بخۆیـت.

لەوەڵامـدا گوتـم؛ نـا سوپاسـت دەکـەم و یەکسـەر گەڕامـەوە بـۆ نـاو خەیاڵەکانـم و یادەوەرییەکانـی منالّـی، بـەڵام ئەمجارەیـان خەیاڵەکانـم لـە کۆڵانێکـی تەسـکدا گیریخواردبـوو، نـە دەمتوانـی بـۆ پێشـەوە بـڕۆم نـە بـۆ دواوە، هەرچەنـد چاوەکانـم دادەخسـتن بـۆ کۆکردنـەوەی بیرەوەرییەکانـم و یەکخسـتنەوەیان لـە شـوێنێکدا، بـەڵام بەتەنهـا وێنـەی هونەرمەنـدە پیرەکـە و دانیشـتنەکەی تـۆ، کـە بـە نیـگا تیژەکانـت دەتنـواڕی هیچـی تـرم بـە خەیاڵـدا نەدەهـات، ئەمـەش ئەوەنـدە مانـدووی کـردم هەسـتامە سـەرپێ و لەبـەر خۆمـەوە وەک شـێت دەسـتەکانم ڕاوەشـاندو بـە تورەییـەوە گوتـم؛ دەک بـە نەعلـەت بـن.... پاتریـک تـەواو نەبوویـت هەسـتە بـا بڕۆیـن، دەتوانیـت بـەدەم ڕێگاوە پیزاکـەت بخۆیـت، ئەویـش جگـە لـەوەی لـە شـوێنی خـۆی بێباکانـە پیزاکـەی دەخـواردو قاقـا پێدەکەنـی هیـچ کاردانەوەیەکـی تـری نەبـوو، هیچیشـی نەدەگـوت....

بەدەم ڕێگاوە بە کۆڕنیشەکەی بەرشەلۆنێتادا بەرەوە میوانخانەکە دەگەڕاینەوە، جار ناجارێک ناڵەیەکی دەریاکە، کە هەموو هێزی خۆی لە شەپۆلەکاندا کۆدەکردەوەو بە گابەردەکانیدا دەکێشا، مرۆڤ هەستی بەوە دەکرد دەریاکەش وەک ئێمە شتێک لەناخەوە دەیهەژێنێت بۆیە وا لە پڕێکدا شێتانە خۆی بەو بەردانەدا دەکێشێت....

ئازیزەکەم مێلیسیا، ڕەنگە بۆ تۆ ئاسان نەبێت لە دۆخێکی وادا من باسی ئەو یادگارییە سەرسوڕهێنەرانە دەکەم، کە لەماوەی چەند ساڵی پێکەوە بوونمان بۆ جارێکیش نەمتوانی هەندێک لەو ڕووداوانەی ژیانمت بۆ باس بکەم.

ئەگەر لەبیرت بێت، هەموو جارێک بە شۆخییەکەوە پێم دەگوتیت؛ تۆ وەک ژنێکی جادوباز ژیانی منت بە تەواوەتی گۆڕی و دەستت بەسەریدا گرت، کەمێک ڕاستی تێدابوو، چونکە بەشێوەیەک تۆ کاریگەریت لەسەر من دانا چیتر نەمدەتوانی بۆ ساتێکیش بیر لە ڕابردووی خۆم بکەمەوە، بە هیچ شێوەیەک چیتر نەمدەتوانی وێنای مردنی باوکم و دایکم بکەمەوە، کەوەک مۆتەیەکی قورس بەسەر شانەکانمەوە بوون....

ئەگەر لەبیرت بێت، بۆ ڕۆژی دوایی لەکەنار لەنگەرگاکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تۆم بینییەوە، کە لەسەر تەختەکانی پردی "کاریر دێل مار" دانیشتبوویت و سەیری ئەو ماسییانەت دەکرد، کە بە پۆل بەسەر ئاوەکەوە بەناو یەکدا دەهاتن و دەچوون وەک ئەوەی لە تۆوە چاوەڕوانی شتێک بن. ئەوەی سەیر بوو من و تۆ وەک ژووانێکی تایبەتمان هەبێت بەو بەیانییە زووە گەشتبووینە ئەو شوێنە، کە هێشتا تاک و تەرا خەڵک بەوێدا هاتووچۆیان دەکرد. من هێشتا دوو دڵ بووم لەوەی، کە ئەوەی دەیبینم خەوە یان ڕاستی، بۆیە چەند جارێک گەڕامەوە بۆ "رامبلا دێل مار" و دیسان هاتمەوە هەمان شوێن، کە تۆ لەسەر تەختەکانی زەوییەکە دانیشتبوویت و قاچەکانت بۆ ناو ئاوەکە شۆڕکربووەوە، ماسییەکانیش لە خوارەوە بە پۆل بەدەوری یەکتردا دەهاتن و ئەو سنووری دانیشتنەی تۆیان بە جێنەدەهێشت.

مێلیسـیا، ئەزانـی ماسـییەکانیش بوونەوەرێکـی جـوان و سەرنجڕاکێشـن!، ڕەنگـە ئەوانیـش حـەزی ئەوەیـان هەبێـت وەک مرۆڤـەکان بتوانـن لەنـاو ئـاوەکان بێنـە دەرەوەو پیاسـەیەک بەسـەر وشـکاییدا بکـەن، هەروەکـو چـۆن مرۆڤـەکان ئـەو حەزەیـان بـۆ نـاو دەریـاکان هەیـە.

ئازیزەکـەم، بـڕوا ناکـەم جگـە لـە هەفتـەی یەکەمـی مردنـی باوکـم هیـچ کاتێـک لـە ژیانمـدا ئەوەنـدەی ئـەو شـەوە بەدەسـت بیرکردنـەوەوە مانـدوو بووبێتـم، ئاخـر جگـە لـەوەی لەگـەڵ پاتریکـدا شـەو زۆر درەنـگ گەڕاینـەوە بـۆ هوتێلەکـە، هەمـووی بەسـەریەکەوە دوو کاتژمێـر خـەوم لێنەکـەوت هـەر بۆیـە بـەو بەیانییـە زووە لـە شـەقامی ڕامبـلاوە بـەرەو خـوارەوە بـە نیـازی کەنـاری دەریاکـە لـە بەرشـەلۆنێتا کەوتمـە ڕێ، بـە ئێستاشـەوە نازانـم ئـەو هێـزە چیبـوو بـەرەو سـەر پردەکـەی "کاریـر دێـل مـار" ڕایکێشـام!. مـن لـە مێشـکی خۆمـدا گوتـم: خـۆ لەوێشـەوە هـەر دەتوانـم بـە "مـۆڵ دی بۆشـی ئالسینا"شـدا هـەر بگەمـەوە کەنـاری دەریاکـە، بـەڵام ئـەوەی ڕوویـدا ئەوەبـوو، کـە هەمـوو یادەوەرییەکانـی ڕۆژی ڕابـردوو بەجارێـک هێرشـیان بـۆ هێنـام، نەمدەزانـی چ کاردانەوەیەکـم هەبێـت ئـەوە نەبێـت وەک شـێت لەسـەر پردەکـەوە دەگەڕامـەوە بـۆ دواوەو دیسـانەوە دەگەڕامـەوە بـۆ سـەر پردەکـە، بـۆ ئـەو شـوێنەی تـۆی لەسـەر دانیشـتبوویت و لەگـەڵ ماسـییەکاندا ڕازو نیـازت دەکـرد، نازانـم ڕەنگـە لەگـەڵ دەریاکـەدا قسـەت کردبێـت.

بـەو بەیانـی زووە ئەوەنـدە پەشـۆکا بـووم نەمدەزانـی بوەسـتم یـان بـەردەوام بـم لـە ڕۆیشـتن تـا قاچەکانـم لـە هێـز دەکـەون و بـۆ هەتـا هەتایـی لـە ڕۆیشـتن ماندەگـرن، ئـەوەی سـەیر بـوو وامدەزانـی تـام لێهاتـووە، کەچـی زوو زوو دەسـتەکانم لـە گیرفانەکانـم دەردەهێنـاو تونـد فـوم لێدەکـردن، وەک ئـەوەی مەترێـک بەفـر لەسـەر زەوی کەوتبێـت.

ماڵەکـەم، لەبیـرت دێـت، ئەوەنـدە پەشـۆکابووم، هـەر لـە پشـتی تـۆوە دەهاتـم و دەچـووم و زوو زوو دەسـتەکانم لـە گیرفانەکانـم دەردەهێنـا و لەدەمـم نزیـک دەکردنـەوەو

فـوم لێدەکـردن و لەبەرخۆمـەوە قسـەم دەکـرد، ئـا بیـرم کەوتـەوە دەمگـوت، ئـا ئـەوە خۆیەتـی کچـەی تابلۆکـە، تـۆش بـە پێکەنینێکـەوە ئاوڕێـک بـۆ دوای خـۆت دایـەوەو گوتـت، کچـەی تابلۆکـە، مەبەسـتت منـە؟.

ئـا، نـا ببـورە تـۆ ئـەو نیـت، نـا داوای لێبـورن دەکـەم وامزانـی ئەویـت، ئـا لەیەکێـک دەچیـت. نازانـم....

تۆش پرسیت: ئەو کێیە، من لە کێ دەچم؟.

ئـا، نازانـم لەیەکێـک دەچیـت، نازانـم کێیـە، ئـەو دوێنـێ لـە ڕامبـلا پیرێـک تابلـۆی دەکێشـا، ئـا، زۆر لـەو دەچیـت، ئەویـش هـەر هەمـان جلـی تـۆی لەبـەردا بـوو، بـەڵام لەویـش ناچیـت، ئەگەرچـی نیـگاو ڕوانینەکانـت هـەر ئەڵێـی ئـەوە، بۆیـە زۆر بـە پەلـەو بـە پەرۆشـەوە پرسـیم؛ ڕاسـت تـۆ ئەویـت وانییـە؟.

تـۆش وەک سروشـتە ئـارام و لەسـەرخۆکەی خۆتـەوە، وەڵامـت دامـەوەو گوتـت، بەڵـێ منیـش دوێنـێ لـە ڕامبـلا لـەلای هونەرمەندێکـی پیـر تابلـۆی خـۆم وەک یادگارییەکـی ئـەم شـارە کێشـاوە، بـەڵام دڵنیـا نیـم ئـەو کەسـەی تـۆ بەدوایـدا دەگەڕێـت مـن بێـت، خـۆ ئـەو هونەرمەنـدە پیـرە ڕۆژانـە تابلـۆی دەیانـی وەک مـن دەکێشـێت، ئـەوە کارەکـەی ئـەوە، لـەو کارە زیاتـر هیـچ کارێکـی تـری نییـە، وانییـە....

نازانـم بـۆ لەوکاتـەدا تـۆ قسـەت دەکـرد مـن خەیاڵـم فڕیبـوو بـۆ شـوێنێکی تـر، تـۆ قسـەت دەکـرد و مـن بەتەنهـا وێنەکـەم دەبینیـت لەسـەر کورسـییەکە، لەبەرامبـەر پیـرەی هونەرمەنـدا دانیشـتبوویت.

گیانـی مـن مێلیسـیا، دوای ئـەوەی کەمێـک لەتەنیشـتتەوە لەسـەر پـردە بـە تەختـە داپۆشـراوەکە دانیشـتم و پێکـەوە کەمێـک باسـی ماسـییەکانمان کـرد، ئـەوەی سـەیر بـوو تـۆ پرسـیت خەڵکـی بەرلینیـت وا نییـە...!.

ئەم پرسیارە خۆسەپێنەت لە دڵەوە دایچڵەکاندم، بۆیە نەمتوانی بەخێرایی وەڵامت بدەمەوە جگە لەوەی بە چەند ڕستەیەکی پچڕ پچڕ هاتمە قسە، ئا، من خەڵک، بەرلین، تۆ چۆن ئەمە ئەزانی...!.

بڕوات هەبێت لەو کاتەدا بە شێوەیەک لە ناخەوە پەشۆکاوبووم زۆر ئاسایی بوو ئەگەر وەک دایکم بۆ ماوەیەک لە زمان بکەوتبام، ئاخر لەوە دەچێت ئێمە بە میرات ئەم حاڵەتەمان بۆ مابێتەوە، کە لەگەڵ هەر هەواڵێکی خورپەهێنەردا زمانمان بۆ ماوەیەک لە قسەکردن بوەستێت و دوای ئەوەش کاتێک زمانمان دەست بە قسەکردن دەکاتەوە ئیتر بە هێواشی چاوەکانمان لێک بنێین و بۆ هەتا هەتایە خەو بمانباتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە بینینی تۆ و خەیاڵە جەنجاڵەکانی ناو مێشکی من زۆر لەوە بەهێزتربوون، کە بهێڵێت زمانم مان لەقسەکردن بگرێت.

ئازیزەکەم، دوای ئەوەی تۆ پرسیت، کە من خەڵکی بەرلینم، من ئیتر لەو گومانە دڵنیابوومەوە، کە پەیوەندی من و تۆ پەیوەندیەکی زۆر کۆنە و بەهەڵەدا نەچووبووم، کاتێک دەمگوت؛ ئەم کچەم لە شوێنێک دیوەو بە من نائاشنا نییە، پاتریکی هاوڕێشم بە توانجێکەوە دەیگوت؛ منیش لەو بڕوایەدام هەموو ئەم کچانەی بەم شەقامانەدا دێن و دەچن بە من نائاشنا نین، چونکە ئێمەی پیاو لەسەیرکردنی کچێک خۆمان نابوێرین، بۆیە هەر کاتێک کچێک سەرنجمان ڕادەکێشێت لە خەیاڵماندا وێنەکەی تێکەڵ بە وێنەی ئەو هەزاران کچە دەبێت، کە پێشتر سەرنجیان ڕاکێشاوین بۆیە وادەزانین ئەو کچەی ئەمڕۆ ئەیبینین پێشتر لە شوێنێک دیومانە ئەمەش ڕەنگە ڕاست بێت و ڕەنگە تەواو هەڵەش بێت، ئەی گەمژە خۆ کچە ئەڵمانەکان زۆربەیان ئەڵێی لەناو قاڵبێکدا درووستکراون.... منیش پێمدەگوت؛ ئەگەر هەر هەموو ئەو قسانەی تۆ ڕاست بن ئەوا بۆ ئەم کچە ڕاست نییە، چونکە ئەو کچە هیچ شێوەیەکی ناچێتەوە سەر ڕەگەزی ئەڵمانەکان، چاوێکی کەستانەیی هەندێکجار ڕەش ئەینواند، پرچێکی قاوەیی کاڵ و پێستێکی سپی و لوتێکی ڕێک و قنج، لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر

بـرۆ سەرسـوڕهێنەرەکەی، کـە هونەرمەنـدە پیرەکـە لەهەمـوو جێگایەکـی زیاتـر بایەخـی پێـدەدا، چونکـە بـە هێڵێکـی ئەسـتور لـە پشـت چاوییـەوە بـە شـێوەیەکی کەوانەیـی جـوان لەبەرزایـی چاوییـەوە بـۆ پشـتەوە چەمابـووەوەو لەکۆتاییـدا هێڵەکـە ئەوەنـدە باریـک بـوو، لەبەرچـاوان وندەبـوو، لەگـەڵ برژانگـە تیـژە قولاپییەکانیـدا چاوەکانـی گـەورەو گەشـتر دەینواند، بۆیـە منیـش پێـم گـوت؛ گەمـژە ئاخـر ئـەوە کوێـی لـە ئەڵمـان دەچێـت، زۆربـەی کچـە ئەڵمانـەکان برۆیـان نییـەو بەقەڵـەم دروسـتی دەکـەن، کەچـی هێشـتا ئـەم بـرۆ سروشـتییەی ئـەم لـە قەڵەمەکـەی ئـەوان جوانتـرو سەرنجڕاکێشـترە....

## ٢

گیانەکـەم مێلیسـیا، ئـەو کاتـەی تـۆ بـە پرسـیارە سەرسـوڕهێنەرەکەت منـت خسـتە نـاو خەیاڵێکـی هێنـدە چڕەوە بـۆ سـاتێک خۆمـم لـەو شـوێنەدا لەبیرکردبـوو، مـن هـەر بیـرم لـەوە دەکـردەوە، ئەشـێت تـۆ کام لـە هاوڕێـی منداڵییەکانـی سـەردەمی قوتابخانـەم بیـت و ئێسـتا نەتناسـمەوە، بۆیـە بـە شـپرزییەوە پرسـیم تـۆش خەڵکـی بەرلینیـت، وانییـە....؟ وا دەزانـم ئێسـتایە قاقایەکـی ئەوەنـدە بـەرزو خۆشـت بـەو بەیانییـە زووە لێـدا ماسـییەکان بـۆ چرکەیـەک داچڵەکیـن و خۆیـان بـۆ بنـی دەریاکـە شـۆڕکردەوەو پـاش کەمێـک بەپەلـە گەڕانـەوە بـۆ سـەر تەنکایـی ئاوەکـە.

ئـەم پێکەنینـە هێنـدە شـادی بەخـش و دڵڕفێـن بـوو سـەرەڕای خەجاڵەتیـی بۆچوونـە هەڵەکـەم نەمتوانـی لەگەڵتـدا نەدەمـە قاقـا، دڵنیـام ئێسـتا بـە باشـی بیـرت دەکەوێتـەوە، کـە ئەوەنـدە شـێتانە پێدەکەنیـن هەندێـک لـەو ڕێبوارانـەی بـە تەنیشـتماندا تێدەپەڕیـن سـەیرێکی خێرایـان دەکردیـن و لەبـەری خۆیانـەوە ئەوانیـش دەیانـدا لـە قاقـا، تەنانـەت بـە باشـی بیـرم دێتـەوە ئەوانەشـی، سـەریان بـا دەداو بـە جۆرێـک لـە شـێتی ئێمەیـان دەڕوانـی نەیاندەتوانـی ڕێـگا لـە پێکەنینەکانیـان بگـرن.

بــە ئێستاشــەوە لــەوە تێنەگەیشــتم، هــۆی ئەوەبــوو زۆر بەشــۆکابووم یــان هــۆکاری ماندووبوونــی شــەوی ڕابــردوو بــوو نەمتوانــی منیــش وەک تــۆ زوو درک بــە قســەکردنی هاودیالێکتــی زمانەکــەی خــۆم بکــەم، یــان هۆکارەکــەی ئەوەیــە هەمیشــە ژنــان لــەو بــوارەدا لــە پیــاوەکان زیــرەک و وریاتــرن، بۆیــە تــۆش شــێت ئاســا بــەو شــێوەیە دات لــە قاقــای پێکەنیــن!، بــەڵام هەرچۆنێــک بێــت گەمژەییــش هەندێکجــار ســودی خــۆی هەیــە، چونکــە ئــەوە بــووە هــۆی ئــەوەی مــن و تــۆ زیاتــر لەیەکتــر نزیــک بکاتــەوەو پێکــەوە قســە بکەیــن و مــن لەنــاو ئــەو پشــێویە دەروونییــە ڕزگار بکەیــت.

ئازیزەکــەم، لەبیــرت دێــت لــە گەرمــەی ئــەو قاقــاو پێکەنینــەدا لــە پــڕ چــی ڕوویــدا؟. دڵنیــام ئــەوە شــتێک نییــە مــرۆڤ بەئاســانی لەبیــری بــکات، ئــەوە ئــەو ســاتە ئاڵتونییانەیــە، کــە مــرۆڤ لەتەمەنیــدا زۆرکــەم بــۆی ڕێکدەکەوێــت، لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆرن ئەوانــەی ڕێــزی ناگــرن و لەکیســی خۆیانــی دەدەن، ئەگەرچــی لــە کۆتایــی تەمەنیانــدا وەک خەونێــک هەمیشــە لەگەڵیــدا دەژیــن....

ئێســتاش کاتێــک لــە ســوچێکی تەریکــی ئــەم دونیــا ئــەم نامانــە بــۆ تــۆ دەنووســم، هەمیشــە ئــەو دیمەنــە وەک فیلــم بەنــاو یادەوەریمــدا گــوزەر دەکات و دڵــم وەک ئــەو بەیانییــە دەســت بــە لێدانــی خێــرا دەکاتــەوەو هەناســەم کەمێــک تەنــگ دەبێــت.

ئــەو کاتانــەی، کــە تەنهــام و لەگــەڵ خۆمــدا بیــر دەکەمــەوە، هەمیشــە خــەون بــەوە دەبینــم و ئاواتەخوازیــم مــرۆڤ لــە ژیانیــدا بەختــی ئــەوەی هەبوایــەت بەتەنهــا یــەک شــت لــە ژیانــی ڕابردوویــدا دووبــارە بکاتــەوە، ئــەو کات بــە دڵنیاییــەوە مــن ئــەو ســاتەم دووبــارە دەکــردەوە، کــە ڕوداوە چــاوەڕوان نەکراوەکــە ڕوویــدا.

ژیانــی مــرۆڤ زۆر ســەیرە!، هەندێکجــار وەک شــەمەندەفەرێک بەهــۆی هەڵەیەکــی تەکنیکــی بچوکــەوە لەســەر هێڵێکــەوە دەپەڕێتــە ســەر هێڵێکــی تــر ئیتــر بەتەواوەتــی ڕەوتــی ڕۆیشــتنی دەگۆڕێــت، ئەگــەر توشــی کارەســاتی گــەورە نەبێــت، ئێمــەش وەهایــن زۆر

ڕووداوی بچوک هەن سەرلەبەری ژیانمان دەگۆڕن، هەندێکجار وەک شەمەندەفەرەکە ئیتر ڕەوتی ڕۆیشتنەکە لەدەستی ئێمەدا نامێنێت و بۆخۆی ملی چارەنووس دەگرێتە بەر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە مرۆڤ دەتوانێت بەسەر قەیران و ڕووداوە چارەنووسسازەکاندا سەربکەوێت، ئەگەر بڕوای بەخۆی هەبێت.

دیارە ئەو ڕووداوەی لەو ڕۆژەدا بەسەر ئێمەداهات، کە ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانە بوو، ڕەنگە لە ڕۆژێکدا ملیۆنێکجار زیاتر لەوە داچڵەکێنەری تر ڕووبدات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو داچڵەکاندنە دەبێتە هۆی گۆڕینی ژیانی چەند کەس؟.

ئێستا، کاتێک ئەم نامە دەنووسم، ویستم وەڵامێکی قایلکەری ئەو پرسیارە بدۆزمەوە، بۆیە لەسەرخۆ چاوەکانم نوقاند و وەک سۆفییەک بکەوێتەوە خەڵوەتەوە، بیرم لە وەڵامەکە دەکردەوە، لە پڕ شوتی پاپۆڕەکە دایەوە بە گوێمداو تۆم هاتەوە بەرچاو، کە وەک کارمامزێکی داچڵەکیو، چۆن بازرە دەبەستێت بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ و ئەو شوێنە چەند مەترسیدارە، ئاوا خۆت فڕێدایە ناو باوەشی منەوە!. دەزانیت هەندێک ڕاوچی بەئەزموون هەن بەم شێوەیە ڕاوی کارمامزەکان دەکەن. ئەو کاتەی تۆ وەک کارمامزە تۆقیوەکە خۆت فڕێدایە ناو باوەشمەوە، ئەوەی بەتەنها هەستم پێدەکرد تەنها لێدانی خێرای دڵت و هەناسە سوارییەکت بوو، کە خەریبوو دەخنکایت، پێت وانەبێت منیش دانەچڵەکی بم و توشی ترس و داخورپان نەبووبێتم، بەڵام پیاوان لەم ڕووەوە هەمیشە لەئافرەتەکان باشترن.

ئازیزی من مێلیسیا، یان باشتر پێت بڵێم؛ کارمامزە ترساوەکەی من، ئەوەچیبوو لەوکاتەدا ڕوویدا!، خودایە، ئەگەر ئەو کابرای سێکوریتیی (ئاسایش)ە هاواری نەکردبا خۆ بە جووتە وەک دوو پەیکەری زیندوو بۆناو ئاوەکە بەردەبووینەوە، ئاخر کێ لە ئێمە هزری بۆ ئەوە دەچوو، کە پاپۆڕەکەش ئەو شوتە قایمەی بۆ ئاگادارکردنەوەی ئێمە لێداوە، بەڵام ئەو نەک هەر ئاگاداری نەکردینەوە، بەڵکو تۆقاندینی و بەتەواوەتی وڕو گێژی کردین. ئای چەند چێژبەخشە هەندێک سات لە ژیانی مرۆڤدا!.

ئـەو کاتــەی پردەکـەی ژێرپێمـان خەریـک دەبـوو دەکرایـەوە، گڵۆپەسـورەکان دادەگیرسـان و دەکوژانــەوە، بـۆ ئـەوەی پاپۆرەکـە تێپەڕببێـت، ئـەو هێـزە چـی بـوو، کەوتـە نـاو لەشـمەوە، بێگومـان هێـزی خـودای خۆشەویسـتی بـوو، هەمـان هێـز بـوو لـە گیانـی "کۆپیـدۆ"دا، کاتێـک "پسیشـێ" ئەفرێنێـت، بێگومـان ئەگـەر ویلیـام بویگیـرۆ لەژیانـدا بمایـەت ئـەوا تابلۆیەکـی تـری فڕاندنـی لەسـەر هەمـان سـتایلی تابلـۆی فڕاندنـی پسیشـێ (Le ravissement de Psyché) دەئافرانـد.

ئـای کارمامـزە ترسـاوەکەم، سـەرەڕای تـرس و دڵەڕاوکێـی کرانـەوەی پردەکـە، کـە پێشـتر ئێمـە لەسـەری وەسـتابووین چەنـد هەسـتمان بەخۆشـی دەکـرد، ئـای لـەو سـاتە جوانـەی لەباوەشـم دامگرتیتـە خـوارەوە تـۆ نـەک هـەر بـە وشـە بەڵکـو بـە چاوەکانیشـت زۆر سوپاسـت کـردم، هێشـتا هەسـتم بەگەرمایـی لەشـت لەسـەر سـنگم دەکـرد، ئەگـەر بڵێـم دوای ئـەو هەمـوو ساڵەو ئێسـتاش کاتێـک ئـەم نامـە بۆتـۆ دەنووسـم هێشـتا هەسـت بـە ئاسـەواری ئـەو گەرماییـە دەکـەم، هەسـت بـە نەرمـی و ناسـکی لەشـت دەکـەم لـەو کاتـەدا وەک کوپیـدۆ باوەشـم پێـدا کردیـت و فڕاندمیـت بـۆ ئەوبـەری پردەکـە.

ئـەو کاتــەی ویسـتم بـە هێواشـی و بـۆ ئـەوەی هیـچ ئازارێکـت پێنـەگات داتبگرمـە سـەر زەوی هەسـتم بـە ناڕەزاییـەک کـرد، کـە لـەوە دەچـوو پێـت خـۆش بوایـەت بـۆ هەتـا هەتایـە لەباوەشـمدا بمێنیتـەوەو بەبـاوەش هەمـوو دونیـات بگێـڕم، شـایەد ئەمـەش بەتەنهـا خەیاڵـی نـاو مێشـکی خـۆم بووبێـت، نازانـم، بـەڵام، نەدەبـوو لەکاتێکـی وادا، کـە هێشـتا کاتژمێرێـک نەدەبـوو یەکتـر بناسـین پرسـیارێکی لەوجـۆرەت لـێ بکـەم، نـا هـەر نەدەبوو نابێـت ئـەو جـۆرە پرسـیارانە ڕووبـەڕی ژنـان بکرێنـەوە، ئەگـەر دڵنیـاش بیـن لەهەسـتەکانمان، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگەرچـی ژنـان پێیـان خـۆش نییـە پیـاوان پرسـیار سـەبارەت بـە هەسـتەکانیان بکـەن، دڵشـادن بـەوەی پیـاوان خۆبەخـۆ هەسـتەکانیان بخوێننـەوەو پراکتیـزەی بکـەن، ئەمـەش ژنـان لەخۆشەویسـتی بەرامبەرەکەیـان دڵنیاتـر دەکاتـەوە....

پسیشـیّ نازدارەکـەم، ئـەو سـاتەت بیردێتــەوە، هێشـتا هــەر وەک کارمامزێکـی تۆقیـو بـازرەی بۆسـەر گردێـک بەسـتبێت و لەوێـوە ئینجـا بـە چـاوە ترسـاوەکانییەوە لـە شـوێنی ڕووداوەکـە بڕوانێـت، تۆیش وەهـا بوویت، بۆیـە دوای تێپەڕبوونـی پاپۆڕەکـەو داخسـتنەوەی پردەکـە، پێشـنیارم بـۆ کردیـت، کـە بڕۆینـە کافتریایـەک لـە "مـۆڵ دێسـپانیا" پێکـەوە قاوەیـەک بخۆینـەوە یـان قاوەڵتـی بکەیـن، ئیتـر تۆیـش هیـچ ناڕەزاییەکـت دەرنەبـڕی و پێکـەوە کەوتینـەڕێ....

ئـەوەی سـەیر بـوو ڕۆیشـتنی ئەمجـارەی دوو بـەدووی ئێمـە بـۆ یەکێـک لـە کافێکانـی مـۆڵ دێسـپانیا تـەواو جیـاواز بـوو لـە بارودۆخەکـەی پێشـوو، ئەمجـارە ڕێـک و ڕاسـت لـە خۆمـان دەچوویـن، لـە دوو مـرۆڤ تـازە بەتـازە یەکتـر دەناسـن و هێشـتا پەیوەندییەکەیـان نەگەشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی ڕێـگا بـدەن لەیەکتـر نزیـک ببنـەوە، بۆیـە تـا ئـەو سـەد مەتـرەی گەشـتینە یەکێـک لـە کافێـکان هیـچ قسـەیەکمان لەگـەڵ یەکتـردا نەکـرد، ئەگەرچـی هەردوولامـان حەزمـان دەکـرد ئـەوی تـر پرسـیارێک یـان قسـەیەک بـکات بـۆ کردنـەوەی دەرگای قسـەکردن بـەڵام ئـەوە ڕووی نـەدا تـا سـەر مێـزی ئـەو ڕیسـتۆرانتەی دەکەوتـە سـەر نیمچـە دورگـەی "مـۆڵ دێسـپانیا".

لـەو کاتـەدا هەوایەکـی فێنکـی خـۆش لـە کەنـاری دەریاکـەوە دەهـات، مـن پرسـیم، ئـەم جێگایـە چۆنـە، تـۆش بـە پێکەنینێکـەوە گوتـت؛ خـراپ نییـە، خۆشـە.

شـوێنێکی دڵگیـرو خـۆش بـوو، ئەگەرچـی هەریەکەمـان چاوەڕوانـی لـەوی تـر دەکـرد دەسـت بەقسـەکردن بـکات، بـەڵام ئێمـە وەک ئـەوەی هێشـتا لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو ترسـەدا مابینـەوە پێویسـتی زیاترمـان بـە پشـوو هەبـوو، ئەمـەش تەنهـا درۆیـەک بـوو دەمانویسـت خۆمانـی پـێ ڕازی بکەیـن. بـاش بـوو لـە پڕێکـدا یەکێـک لـە کرێـکارەکان بێدەنگییەکـەی شـکاندین و بـە ڕوویەکـی خۆشـەوە گوتـی: ئەتوانـم چـۆن خزمەتـان بکـەم، ئـەم ڕسـتەیەی بـە ئیسـپانی، ئینگلیـزی، ئەڵمانـی و فەرەنسـی بـە خێرایـی گـوت. دیاربـوو

بەتەنها لەبەریکردبوو، ئەوەندە بە خێرایی گوتی: لە ئەڵمانییەکەش تێنەگەیشتین، باشبوو دەفتەری خوارنەکەی نیشان داین و تێیگەیاندین، کە ئازادن لەوەی چی داوا دەکەن، بەڵام بەیانییان ئەم پێشنیازانەمان بە نرخێکی دیاریکراو بۆ میوانەکان هەیە. بۆ نمونە؛ شۆکۆلادێکی گەرم لەگەڵ چورۆس (داتڵی، بامیە)ێکی ئیسپانی، یان کافێیەک لەگەڵ دوو کرواسۆنتی فەرەنسی، هێلکەی کوڵاو لە ڕۆنکراویشمان هەیە بە تۆستەوە....

من بەبێ دوودڵی یەکسەر گوتم: چورۆ لەگەڵ شۆکۆلادە، خۆ ئەگەر لە فەرەنسابام بێ دوو دڵی داوای کرواسۆنتی پاریسی و کافێم دەکرد، بەڵام لەوەتەی لێرەم بەیانییان هەر ئەم چورۆ دەخۆم، جا زۆر خۆشە کاتێک وەک منداڵ دەیکەیتە ناو شۆکۆلادە گەرمەکەوەو دەریدەهێنیتەوە ئەوجا دەیخۆیت، تۆش یەکسەر گوتت؛ منیش لەوەی تۆ دەخۆم، لەوە دەچێت خۆش بێت، ئیتر ئەمە سەرەتایەکی زۆرباش بوو منیش کەمێک شارەزایی خۆم لەو خواردنەدا دەربخەم و کەمێک بەتام و لەزەتەوە باسی بکەم، ئەگەرچی لەڕاستیدا منیش چەند ڕۆژێک بوو بەم قاوەڵتییە ئاشنا بووبووم.

دیمەنێکی سەیر لەم جۆرە کافێ کراوانەدا ئەوەیە، کە هەر لەگەڵ لەسەرمێزەکان دانیشتیت چۆلەکەکان دورت دەدەن و دەبنە هاوبەشی خواردنەکەت، جگە لەوەی سەرنجت دەگوێزنە بۆ لای خۆیان، ئەمەش تامێکی تایبەتی هەیە بە تایبەتی بۆ ئەو خێزانانەی منداڵیان لەگەڵدایە، چونکە منداڵەکانیش وەک ئەم چۆلەکانە هەمیشە سەرنجی دایک و باوکەکان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن بۆ ئەوەی بایەخیان پێبدەن، بەمشێوەیەش دایک و باوکەکان فرسەت دەهێنن و دەتوانن زیاتر پێکەوە قسە بکەن.

هاتنی ئەم چۆلەکانە بۆسەر مێزەکەی ئێمە لەکاتێکی زۆر خراپدا بوو، چونکە ئەوە هەلێک بوو نەدەبوو لەکیسی خۆمی بدەم، نەدەبوو هەروا بەئاسانی بهێڵم بڕۆیت و بۆ هەتا هەتایە ببیت بە بیرەوەرییەکی تاڵ، بۆیە لەو کاتەدا چاوم چووە

سـەر بەلەمەکانـی ئەوبـەر ئاوەکـە، کـە بەڕیـزو بەتەنیشـیتی یەکـەوە بـە شـێوەیەکی ئەندازەیـی جـوان بەسـترابوونەوە، لەپـڕ خەیاڵـم ڕۆیشـتە سـەر "پاسـاژی دێ یـوان دێ بۆربـۆ" کـە دوێنـێ شـەو لەوێـوە لەگـەڵ پاتریکـی هاوڕێمـدا بـە کۆرنیشـەکەدا تـا کۆتایـی "پاسـاژ ماریتیـم بەرشـەلۆنێتا" ڕۆیشـتین، درەنگانـی شـەویش هـەر بـە خەیاڵـی ئـەو ئافرەتـەی ئێسـتا لەبەرامبـەرم دانیشـتووە بەهەمـان شـەقامدا بـۆ میوانخانەکـە گەڕاینــەوە.

ئێسـتا بـۆ سـاتێک بیـر لـەوە دەکەمـەوە، ئەگـەر پێشـنیاری پیاسـەیەکی ئێـوارەی هەمـان شـوێنی لێبکـەم چـۆن دەبێـت! کەمێـک بـە بێدەنگـی بیـرم لـەو پێشـنیارە دەکـردەوە، بـەڵام بـە خەیـاڵ دەسـتی لەنـاو دەسـتمدا بـوو، کاتێـک بـە کۆڕنیشـەکەدا پیاسـە دەکەیـن و جارجـار لادەدەینـە سـەر گابـەردەکان و کەمێـک لـە شـەپۆلە تـوڕەکان رادەمێنیـن، ماچـی یەکتـر دەکەیـن و دیسـان دەسـت بـە ڕۆیشـتن دەکەینـەوە.....

مێلیسـیا، وا دەزانـم ئێسـتایە، مـن لەنـاو خەیاڵێکـی زۆر قوڵـدا بـەرەو خـوار ڕۆدەچـووم، ئـاگام لـە تـۆو لـە خـۆم و شـوێنە ڕاسـتەقینەکە نەمابـوو، نوقمـی نـاو تـۆی خەیـاڵ بووبـووم، لەپڕێکـدا ئەوەنـدە بـە هێمنـی پرسـیت؛ خەیاڵەکـەت بەیەکجـاری نەشـێواند ئەوەنـدە نەبێـت لەسـەرخۆ بێدارتکردمـەوە، کاتێـک گوتـت: شـۆکۆلادەکە خەریکـە سـارد دەبێتـەوە، ڕاسـتت دەکـرد خەریـک بـوو بـە تەواوەتـی سـارد دەبوویـەوە. پـاش فەرمـوو لێکـردن نازانـم چـۆن بـوو، هێشـتا لەخەیاڵـدا بـووم یـان نیـوە خەیـاڵ گوتـم؛ ئـەو شـەقامەی ئەوبـەرەوە زۆر خـۆش و دڵگیـرە بـە تایبەتـی دوای خۆرئاوابوونـی ئێـواران، تـۆش بـە گەرمییەکـەوە وەڵامـت دامـەوە؛ مەبەسـتت ئـەو شـەقامەیە دەڕواتـە سـەر دەریاکـە؟. بەڵـێ، لـەوە دەچێـت شـارەزا بیـت؟. ئـا بەڵـی لەگـەڵ کارینـی هاوڕێـم بـۆ مەلەکـردن و خۆدانـە بەرهەتـاو ڕۆیشـتووینەتە ئـەوێ، بەداخـەوە کەمێـک تەسـک و بچوکـە بـۆ ئـەو هەمـوو خەڵکـەی ڕووی لێدەکـەن ئەگینـا بـێ نەزیـرە....

ئـەم قسـەیە هەلێـک بـوو بـۆ مـن تـا نیشـانی بـدەم، کـە شـەوان جگـە لـەوەی هێمـن و کـەم قەرەباڵغییـە لـە ڕۆژ دڵگیرتـرە، ئەگـەر پێـت خـۆش بێـت دەتوانیـن ئێوارەیـەک پیاسـەیەکی تێدا بکەیـن، چەنـد جـوان و دڵخۆشـکەر بـوو ئـەو وەڵامـە، کاتێـک گوتـت؛ بـۆ نـا، بـەڵام مـن هاوڕێیەکـم لەگەڵدایـە دەبێـت پـرس بـەو بکـەم، کـە گوێـم لـەم دێـرە بـوو دڵـم کەوتـە پەلەپـەل و خەریـک بـوو لەسـەر مێزەکـە هەسـتمە سـەرپێ، بەشـڵەژاوییەکی خۆشـحاڵانەوە گوتـم؛ بەڵـی منیـش هاوڕێیەکـم لەگەڵدایـە، دەتوانیـن هـەر چوارمـان پێکـەوە پیاسـە بکەیـن بـۆ نـا... دیاربـوو تـۆش بـەم پێشـنیارە خۆشـحاڵ بوویـت.

هەتـاو بـەرەو هەڵکشـان ئەڕۆیشـت و هێـواش هێـواش کافێکـەش قەرەباڵـغ دەبـوو، بـەڵام ئێمـە کەمێـک بێدەنـگ بوویـن، لـە پڕێـک وەک شـتێکت بیـر کەوتبێتـەوە پرسـیت: ئـەو هاوڕێـت چـۆن هاوڕێیەکـە؟. ئـەو کاتـە مـن لـە مەغـزی پرسـیارەکە تێنەگەیشـتم، تـا سـاڵانێکی دوورو درێـژ ئینجـا تێگەیشـتم، کـە مەبەسـتت لـە ' چـۆن هاوڕێیـەک' چـی بـوو، ئەگەرچـی سـاڵانی پێکـەوە بوونیشـمان چەندینجـار ئـەو پرسـیارەم لێکردیـت، هـەر ئـەوە وەڵامەکـەت بـوو، کـە هیـچ مەبەسـتێکی شـاراوەم نەبـوو، بەتەنهـا دەمەویسـت بزانـم هاوڕێیەکـی کاتییـە یـان هەمیشـەیی.

لەبیـرم دێـت وەڵامەکـەی مـن ئـەوە بـوو، کـە تەنهـا هاوڕێیەکمـە بتوانـم پشـتی پـێ ببەسـتم و هـەر ئەویـش منـی بـۆ ئـەم سـەفەرە پەلکێـش کـردوو هەمـوو پێداویسـتییەکانی سـەفەریش هـەر ئـەو دابینـی کردبـوون. ئەگـەر لەبیـرت بێـت ئەوەشـم بـۆ بـاس کردیـت بەهـۆی مردنـی دایکمـەوە زۆر بێتاقـەت بـووم بۆیـە ئـەو ویسـتی کەمێـک لـەو بێتاقەتییـە بمهێنێتـە دەرەوە، هاوڕێیـەک لـەم سـەردەمە دژوارەدا لـەوە زیاتـر دەتوانێـت چیـت بـۆ بـکات!، ئـەو هەرئەوەنـدە دەیتوانـی هاوکاریـم بـکات، کـە لـە دڵتەنگـی و تەنهایـی ماڵـەوە بمهێنێتـە دەرەوە، ئەوەشـم بـاش لەبیـر مـاوە، زۆر نەڕۆیشـتمە نـاو درێـژەی مردنـی دایکمـەوە، هەروەکـو چـۆن چەندیـن سـاڵ ئێمـە پێکـەوە بوویـن و نەمتوانـی وەک ئێسـتا لـەم دابڕانـەدا هەمـوو شـتەکانت بـە وردی و وەک خـۆی بـۆ بگێڕمـەوە....

مردنـی دایکـم مردنێکـی ئاسـایی نەبـوو، شـتەکە لەپـڕ ڕوویـدا، ئەویـش پەیوەنـدی بـە مردنـی باوکمـەوە هەبـوو، کـە ئەویـش هـەر مردنێکـی ئاسـایی نەبـوو، ڕەنگـە ئەمـە پەیوەنـدی بـە خـودی مردنـەوە هەبێت، کـە هیـچ کاتێـک ئاسـایی نییـە، بـە بۆچوونـی مـن مردنـەکان هـەر هەموویـان لەیـەک دەچـن و هیـچ مردنێـک لـە مردنێکـی تـر جیاوازتـر نییـە، تەنهـا جیـاوازی مردنـەکان کاتـە، هـەر ئەویـش بڕیـار لەسـەر قورسـی ئازەرەکانـی دەدات، ئەگینـا مـردن لەهـەر بـەرگ و ڕەنگێکـدا بێـت هـەر مردنـە، ئـەوەی مردنێـک لـە مردنێکـی تـر جیـا دەکاتـەوە خـودی مردنەکـە نییـە، بەڵکـو قورسـی ئازارەکەیەتـی لەسـەر ئێمـە، ئەویـش کاتـەکان دەستنیشـانی دەکات.

مێلیسـیا، مـردن زۆرجـار ئەبێتـە هـۆی وێرانکردنـی ژیانـی زینـدووەکان، مـردن هەمیشـە کۆتایـی ئـازار نییـە وەک دەڵێـن؛ بەڵکـو مـردن لەهەندێـک کات و شـوێندا دەبێتـە هـۆی لەدایکبوونـی ئـازاری نـوێ، دەبێتـە هـۆی مردنـی بەردەوامـی کەسـانی تـر. تـۆ دەزانیـت لـەدوای زۆربـەی مردنەکانـەوە مرۆڤـە نزیکەکانـی مردووەکـە هەسـت بـەچ ئازارێـک دەکـەن و دەرینابـڕن، کەسـێک نییـە کەسـێکی نزیکـی لـێ بمرێـت و لەناخـی خۆیـدا هەسـت بەجۆرێـک لەتـاوان نـەکات، ئەمـە ئیتـر پێکهاتـەی بوونـی مرۆڤـە، لـە دوای هـەر مردنێکـەوە بەڕابـردووی خۆیـدا بچێتـەوە تـا شـتێک بدۆزێتـەوە لەبەرامبـەر مردووەکـەدا خـۆی پـێ تاوانبـار بـکات....

منیـش وەک هـەر مرۆڤێکـی تـر لـە دوای مردنـی باوکـم ئـەو هەسـتەم لـەلا دروسـتبوو، کـە زۆر شـت هەبـوو دەبـوو پێـش مـردن بـۆ باوکمـم دەربڕیایـە، بـەڵام نەمکـرد، کاتێکیـش لـە پڕێکـدا باوکـم کۆچـی دوایـی کـرد، ئیتـر درەنـگ بـوو بـۆ گوتنیـان، ئەمـە زۆر ئـازاری دام، بۆیـە بڕیـارم دا هەمـان ئەزمـوون لەگـەڵ دایکمـدا دووبـارە نەکەمـەوە، ئەگەرچـی ئـەو یادەوەرییـە لەگـەڵ باوکمـدا هەمبـوو لەگـەڵ دایکمـدا نەمبـوو، ئـەوەی دەمتوانـی بـۆ باوکمـی بـاس بکـەم و ئاسـودەی بکـەم گێڕانـەوەی بـۆ دایکـم نـەک هـەر سـودی نەدەبـوو، بەڵکـو خەمهێنەریـش بـوو.

مێلیسیا، من ئەمەشم هەر لە تۆ شاردەوە، بۆیە بمبورە، ئەمە خویەکی خراپی پیاوەکانە، کە بەئاسانی ناتوانن ناخی خۆیان بۆ بەرامبەرەکەیان دەرببڕن، بەتایبەتی هاوسەرەکانیان، ئەگەرچی بەردەوام لەناخیشەوە ئازاری پێوە دەچێژن.

من لە دوای مردنی باوکم ئیتر بڕیارم دا هەموو شتێک بدرکێنم ئەگەر لەسەرشانیشم قورس بێت، بەڵام لەگەڵ خۆیشمدا درۆم کرد، یان وەک زۆرێک لەو مرۆڤانە کەوتمە ناو ئەو هەڵەوە، کە بەڵێن بە شتانێک دەدەن، کە لەتوانایاندا نییە جێبەجێی بکەن، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی هێشتا بڕوای تەواویان بەخۆیان نییە، کە لەو جێگای پێویست دەکات بڵێن 'نا'، چونکە دەربڕینی 'نا' بۆ ئەو جۆرە کەسانە زۆر لەوە قورسترە، بەڵێنی شتگەلێک بە بەرامبەرەکەیان بدەن، کە توانای جێبەجێکردنیان ئەستەمە، ئەمەش دواتر زیانەکەی لە دەربڕینی 'نا' یەک زۆر زیاترە.

زۆرجار بەتەنها دادەنیشتم و کارم بۆ ئەوە دەکرد هەندێک هەستی خۆمت سەبارەت تۆو ڕابردووی خۆم بە ڕاستگۆیانە بۆ دەرببڕم، بەڵام کە دەهاتە سەر قسەکردن ئیتر نەمدەتوانی. دەزانم ئێستا کاتێک ئەم نامە دەخوێنیتەوە، لەبەر خۆتەوە دەڵێیت؛ ڕاستم دەکرد هەندێکجار دەمگوت؛ دەتەوێت قسەیەک بکەیت و بەڵام دەیشاریتەوە....

ئەگەر ئێستا تۆ بەو شێوەیە بیربکەیتەوە ئەوا مافی خۆتە، چونکە هەستەکەت لە جێگای خۆیدا بوو، بەتایبەتی ئەو کاتانەی پێکەوە لەسەر مێزی نانخواردنەکە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد.

ئازیزەکەم مێلیسیا، پیاوەکانیش گوناحن، تۆ لە ڕووی دەرەوە سەیری پیاوەکان مەکە، کەڵەگەت و بازووی بەهێز، ئەوە بەتەنها ماسکێکە هەموو پیاوێک لەبەرامبەر ژناندا پێویستی پێیەتی بیبەستێت، لە ڕاستیدا لەناوەوە پیاوان زۆرهەست بەکەمایەسی بەرامبەر بە ژنەکانیان دەکەن، ئەو قسەیەی بەردەوام دەیبیستین، یان هەندێکجار بە توانج یان شۆخییەوە دەکرێت، کە گوایە " پیاوان لە ژنان دەترسن"

ڕاستییەکی زۆر تاڵـە، ئـەو پیـاوەی بـە شـۆخییەوە بـە هاوڕێکـەی دەڵێـت؛ تـۆ لەژنەکـەت دەترسـیت، ئــەوە هەسـتێکی ناخــی خۆیەتــی بەنــاوی کەســانی تــرەوە دەریدەبڕێــت.

شـتێکی تـر، کـە زۆر سـەیرە ئەوەیـە، پیـاوان لەبەرامبـەر هاوڕێکانیشـیاندا هەسـت بـە کەمایەســی دەکــەن، بۆیــە تەنانــەت ناتوانــن هەســتە تایبەتییەکانــی خۆیــان ســەبارەت بــە هاوســەرەکانیان لــەلای هــاوڕێ نزیکەکانیشــیان بــاس بکــەن، کەچــی ژنــان هێنــدە بــڕوا بەخۆبــوون ئەگــەر پێنــج خولــەک لــە وێســتگایەکی بوســدا یەکتربناســین هەمــوو شـتێکی خۆیـان بۆیەکتـری بـاس دەکـەن، بۆیـە زۆرجـار نهێنـی ژیانـی خێزانـەکان پیـاوەکان لەڕێــگای ژنەکانیانــەوە دەیزانــن.

مێلیسـیا لەبیـرت دێـت، ئـەو بەیانییـە شـتە سـەیرەکان ڕوویانـداو پاشـان پێکـەوە ڕۆیشـتین بـۆ کافێیـەک لـە "مـۆڵ دێسـپانیا" تـۆ پرسـیاری پاتریکـت کـرد، کـە چـۆن هاوڕێیەکـە؟.

ئەگەرچــی مــن ئــەو کاتــە لــە مەغــزی پرسـیارەکە تێنەگەیشـتم، بـەڵام هەرئەوەنـدەم وەڵام دایتــەوە، کــە نزیکتریـن هاوڕێـی مناڵیمـە، ئـەو تاکـە هاوڕێیەکـە لەمناڵیـدا ناسـیبێتم تـا ئێسـتاش پەیوەندییەکەمـان بـەردەوام بێـت، بـە هـۆی ئـەوەی زۆر لەمـاڵ ئێمـە دەمایـەوە، دایکـم هەمووجـار دەیگـوت؛ ئـێ خـۆ پاتریکیـش وەک کـوڕی ئـەمماڵەیـە.

جگــە لــەوەش تاکــە هاوڕێیەکــە لەژیانمــدا توانیبێتــم بــەردەوام پشــتی پێببەســتم، خۆیشـت بەباشـی دەیناسـیت، چەنـد کوڕێکـی دڵسـۆزو باشـە، کـە بەداخـەوە لـەم دوایـەدا تــەواو ڕات لەســوەری گــۆڕا، جـا بۆیـە لێـرەدا ئـەم مەسـەلەم هێنایـە پێشـەوە تـا لـەوە تێبگەیـت، بـەو هەمـوو نزیکایەتـی مـن و پاتریکـەوە، جگـە لەهەندێـک کێشـەی سـەرەکی نێــوان مــن و تــۆ هیــچ نهێنییەکــی تــری ژیانمــان نازانێــت، بــەڵام ئەگــەر پاتریــک ژنــی هەبوایـەت چەندجارێـک بینـی تـۆ بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی سـەرلەبەری نهێنییەکانـی ژیانمـان بزانێــت، ئەمــەش کارێکــی بــاش نییــە بــۆ پەیوەنــدی نێــوان خێزانــەکان، وەک ئــەوەی لەنێوانــی ئێمــەدا ڕوویــدا....

بڕوا ناکەم هیچ شتێک هێندەی مردن شت لەژیانی مرۆڤەکاندا بگۆڕێت، مردنێک نییە بەبێ کاریگەری و خامۆشی، تەنانەت ئەو کەسانەش جگە لە سەگەکانیان هیچ کەسێکیان لەژیاندا نییە، کاریگەری خۆیان لەسەر ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە دادەنێن، قەت ڕێکنەکەوتووە ئەو سەگانە ببینیت، کاتێک خاوەنەکانیان دەمرن چۆن بە نوزە نوزە دەگرین!، لەبیرت نایەت جارێک لەیەکێک لەبەرنامە تەلەفزیۆنەکاندا سەگێکی نیشاندا گۆڕی خاوەنەکەی بەجێ نەدەهێشت!.

مردنی باوکی منیش زۆر شتی لە ژیانمدا گۆڕی، چونکە ئەوە تاکە شتێک بوو لەژیانمدا قەت بیرم لێنەکردبووەوە، کەچی ڕوویدا، بۆیە هەمیشە شتە چاوەڕوان نەکراوەکانن مرۆڤ زیاتر ئازار دەدەن و توشی نائومێدی دەکەن. شتێکی تر لە نهێنی مردنی باوکمدا ئەوەیە، کە قەت هەست ناکەم مردووەو هەمیشە لەگەڵیدا دەژیم و پێموایە هەر ڕۆژێک دێت بگەڕێتەوە بۆماڵەوە، یان زۆرجار وا دەزانم زیندووە بەڵام لە شوێنێکی تر دەژی، تارماییەکەی بەردەوام لەبەر چاومە، بەڵام بۆ دایکم ئەو هەستەم نییە، چونکە دەمزانی دەمرێت.

ئەو پاش نیوەڕۆیەی دایکم زەنگی بۆدام و گوتی؛ بەپەلە بگەوە ماڵەوە باوکت لەباخچەکەدا بوراوەتەوەو لە جوڵە کەوتووە، منیش گوتم: خۆ هیچ ڕووینەداوە؟، نا هیچ ڕووی نەداوە، پێشتر بینیم لەسەر کورسییەکە پاڵ کەوتبوو وامزانی ماندووەو وەک هەمووجارێک دەیەوێت پشوویەک بدات، بەڵام زۆری پێچوو، بۆیە کاتێک گەشتمەسەری دەبینم هیچ گیانی تێدا نەماوە لەگەڵ ئەوەشدا لەشی گەرمەو دڵیشی بە هێواشی لێدەدات... کوڕم زوو وەرەوە بۆ ماڵەوە، دەی من دەبێت بڕۆم بەلایەوە، تەلەفۆنیشم بۆ فریاکەوتن کردووە، خوات لەگەڵ کوڕم....

دایکم تەلەفۆنەکەی داخستەوەو بەڵام من هێشتا هەر تەلەفۆنەکەم بەدەستەوە بوو، ئەمدیوو ئەمدیوم پێدەکردو بیرم دەکردەوە دەبێت چی ڕوویدا بێت!، ئەوە یەکەم جارمە دایکم بەو شێوە نیگەرانییە بۆ باوکم ببینم.

دایکم ئەگەرچی ژنێکی زۆرباش و دڵسۆزو بوو، بەڵام تێبینی ئەوەم کردبوو، کە زۆر لەگەڵ باوکمدا ساردو سڕ بوو، قەت بۆ جارێک نەمدیبوو سۆزێک بەباوکم بدات، هەمیشە باوکم باوەشی بۆ ئەو گەرم و گوڕ بوو. من وای بۆ دەچووم دایکم قەت باوکمی خۆش نەویستبێت، ئەگەرچی پێش هاوسەرگیرییان حەوت ساڵ وەک هاوڕێ ژیابوون.

لەو کاتانەی باوکم بۆ پیاسەکردن لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە دەرەوە یان شوێنی یاری منالآن بەردەوام لێم دەپرسی ئەوە بۆ دایکم تۆی زۆر خۆش ناوێت، هەر تۆ ئەوت خۆشدەوێت؟، هەمیشە بە پێکەنینەوە ئەم وەڵامەی دەدامەوە، 'ئەوە گرنگ نییە ئەو منی خۆشناوێت ئەوە گرنگە من ئەوم خۆش دەوێت، ئیتر ئەوە بەس نییە، کە تۆیشم خۆش دەوێت، خۆشەویستی من بەشی هەمووتان دەکات وانییە!' من بێدەنگ دەبووم و بە دەستە بچکۆلەکانم توند دەستەکانیم دەگوشی و ماچێکم دەکرد.

سەیربوو دوای ئەو تەلەفۆنە یەک دونیا خەیاڵ لەپڕێکدا ڕژانە ناو مێشکمەوە، لە منالێمەوە تا ئێستام هەمووی وەک فلاشێک بە هزرمدا گوزەریان کرد، هەموو پەیوەندییەکانی نێوان من  و باوکم، لەو کاتانەوە منالبووم و بەیانییان زوو دەیبردم بۆ باخچەی ساوایان، ئەو هەمیشە زۆر زووتر لەکاتی خۆی دەیبردمە دەرەوە چونکە دەیزانی لە ڕێگا حەزم لەیاریکردنە، بەتایبەتی ئەو بەیانیینە بەفرێکی زۆر دەباری، بەیاریکردن بە بەفرەوە کاتێکی زۆرم دەکوشت، ئەو کاتانەشی باوکم دەستی دەگرتم بۆ ئەوەی چیتر تۆپەڵە بەفر خڕ نەکەم و بیهاوێژم، بەشەق لەبەفرەکەم هەڵدەدا، نیوەڕوانیش کاتێک دەهات بە شوێنمدا بۆ باخچەی ساوایان کاتێکی زیاتری پێویست بوو تا بگەینە ماڵەوە.

باوکم هێزو وزەیەکی زۆری لەژیانمدا پێدەدام، دایکیشم زۆرجار بە ئیرەییەکەوە ئەمەی دەگوت: 'تۆ کوڕی باوکتی' بەڵام مەسەلەکە پەیوەندییە ڕۆحییەکە بوو،

بیرکردنـەوەی منـاڵ وەهایـە لەکـێ سـۆزو خۆشەویسـتی زیاتـر وەربگرێـت بـەلای ئـەوەدا دەڕوات، باوکیشـم بـۆ مـن پاڵپشـتێکی گـەورە بـوو.

لەبیـرم دێـت ئـەو کاتانـەی لـە باخچـەی سـاوایان و دواتریـش قوتابخانـەی بنەڕەتـی، کاتێـک مناڵێکـی لەخـۆم گەورەتـر یـا چەتوونتـر شـەڕی پێدەفرۆشـتم و شـتەکانی لـێ تێکـدەدام، نەمدەوێـرا هیـچ کاردانەوەیەکـم هەبێـت، کاتێـک باوکـم دەهـات بـە شـوێنمدا، هـەر لـە دوورەوە چـاوم پێیدەکـەوت هێـزی تۆڵەکردنـەوە دەڕۆیشـتە گیانمـەوەو تۆڵـەی خـۆم دەکـردەوە.

پەیوەنـدی نێـوان مـن و باوکـم پەیوەندییەکـی هاوڕێیانـە بـوو، ئەوەنـدە بـڕوای پێـدەدام و قـەت بـۆ هیـچ شـتێک نەیدەشـکاندم و سەرزەنشـی نەدەکـرم وەک هاوڕێیـەک هیـچ شـتێکم لـێ نەدەشـاردەوە. کاتێـک گـەورە بـووم و بیـرم لەهەندێـک شـتی قـۆڕ دەکـردەوە، کـە ئەنجامـم دابـوون و بـە ئازایەتییەکـەوە یـان بـە ڕۆحێکـی مناڵانـەوە بـۆ باوکـم دەگێڕایـەوە، لەبەرخۆمـەوە شـەرم دایدەگرتـم و تەریـق دەبوومـەوە. سـەرم لـەوە سـوڕ دەمێنـێ ئـەو پیـاوە چەنـد گـەورەو دڵفـراوان بـووە، کـە لەسـەر هەندێـک لـەو شـتانە سـزای نـەداوم. ئاخـر ئـەو پیاوێـک بـوو قـەت بـڕوای بـە سـزا نەبـوو، هەمیشـە بەقسـە هەڵەکانـی پێڕاسـت دەکردیتـەوە، بەشـێوەیەک ئامـۆژگاری دەکردیـت، ئیتـر پێویسـتی بەهیـچ سـزایەک نەبـوو، تـۆ بـۆ خـۆت سەرزەنشـتی خۆتـت دەکـرد.

مێلیسـیا، نازانـم ئێسـتا چـۆن بتوانـم ئـەو هەسـتەت بـۆ بنووسـمەوە، کاتێـک گەیشـتمە ماڵـەوەو بینیـم کـەس لەماڵـەوە نییـە، هەسـتم بـە چۆڵەوانییەکـی زۆر سـەیر کـرد!، بەدرێژایـی ئـەو تەمەنـەی مـن لـەو ماڵـەدا بەسـەرم بـردوو هیـچ کاتێـک هەسـتێکی لـەو جـۆرەم لـەلا دروسـت نەبووبـوو، ئەگەرچـی ئـەو جارانەشـی، کـە گەڕاومەتـەوە ماڵـەوەو دایـک و باوکـم لـەدەرەوە بـوون و کـەس لەماڵـەوە نەبـوو، هەمیشـە هەسـتم بەگەرمایـی ڕۆحیـان دەکـرد، بـەڵام ئەوجـارە جـۆرە ساردییەکم بـەدی کـرد، لەخۆمـەوە وام هەسـت دەکـرد دەمێکـە ئـەم ماڵـە چۆڵکـراوە.

لەخۆمــەوە هەســتم دەکــرد، یەکێکــم لــەو ســەربازانەی لەبــەرەی جەنگــەکان دەگەڕێنــەوە بــۆ ماڵــەوە، بــەڵام کاتێــک دەگەنــە ماڵــەوە دەبینــن خێزانەکانیــان لەترســی جەنــگ هەڵاتــوون و ماڵەکەیــان بــە چۆڵەوانــی ســپاردووە، ئــا لــەو کاتانــەدا بۆنێکــی ناخۆشــیش هەســت پێدەکەیــت، بۆنــی چۆڵەوانــی.

ئەگــەر پێــت بڵێــم جــاران دەگەڕامــە ماڵــەوە هەســتم بــە گەرمایــی دەرگاو پەنجــەرەکان دەکــرد، هەســتم بــە زیندوێتــی پەرژینــی باخەکەمــان دەکــرد، هەســتم دەکــرد گوڵــی نــاو ئینجانەکانــی دایکــم ڕۆحیــان تێدایــە، درەختەکانــی حەوشــەکەمان جــۆرە ڕەونەقێکیــان هەبــوو، کــە ژیانــت تێــدا دەبینیــن، بــەڵام ئــەو جــارە هەســتم دەکــرد هــەر هەموویــان لــە جوڵــە وەســتاون و هیــچ گەرمایــی و ژیانێکیــان تێــدا نەمــاوە، نازانــم قــەت ئــەو ماڵــەم بــەو شــێوە ســاردو ســڕییە نەدیبــوو، بۆیــە لــە خۆمــەوە ئــەو هــزرە خراپــە بەمێشــکمدا هــات، کــە چیتــر ژیانــی ئێمــە لــەو ماڵــەدا کۆتایــی هاتــووە، لەخۆمــەوە هەســتێک پێــی دەگوتــم؛ هەمــوو خــەون و یادگارییەکانــی منداڵــی و ڕابــردوو لێــرەدا بــە کۆتــا دەگــەن، هەمــوو شــتێک دەبێــت بەڕابردوویەکــی لەبیرنەکــراو، بۆیــە نەمتوانــی لــەوە زیاتــر بمێنمــەوەو لــەو دیمەنــە تۆقێنــەرە ڕابمێنــم....

مێلیســیا، ئەوەنــدە پەشــۆکاو بــووم هــەر لەبیــرم چــوو تەلەفۆنێــک بــۆ دایکــم بکــەم و هەواڵــی باوکمــی لــێ بپرســم، بۆیــە ســواری ئۆتۆمبیلەکــەم بــووم بەپەلــە خــۆم گەیانــدە خانــەی فریاکەوتــن. دوای ئــەوەی نــاوی باوکــم و ئەدرەســی پێویســتم پێــدان، ڕێنوێنییــان کــردم بــۆ بەشــی ســەکتەی مێشــک.

ئــەم هەواڵــە بەتەواوەتــی پەرێشــانی کــردم، چونکــە دایکــم گوتــی: بوراوەتــەوە. تــۆ بڵێیــت؛ ئــەوە ڕاســت بێــت و ســەکتەی کردبێــت. هۆکارێــم نەدۆزییــەوە بــۆ ئــەوەی بــڕوا بکــەم ســەکتەی کردبێــت، چونکــە بەیانــی پێــش ئــەوەی بــڕۆم بۆســەر کار وەک هــەر بەیانییەکــی تــر ڕۆیشــتبوو بــۆ ســەمونخانەکەی گــەڕەک شــەش دانــە ســەمونی بچکۆلــەی "برۆتشــن"،

یەک "بەرلینەر" و دوو دانە "گوێچکەی بەراز"[۱*] ی کڕیبوو وەک زۆربەی بەیانیان لەسەر مێزی نانخواردنەکەی دانابوون. قاوەکەشی ئامادەکردبوو، بەڵام سوراحی قاوەکەی لەسەر ماشێنەکە هێشتبووەوەو ماشێنەکەشی نەکوژاندبووە، بۆ ئەوەی قاوەکە سارد نەبێتەوە.

من هەرچەند بیرم دەکردەوە شتێکی نائاسایی لەهەڵسوکەوتی بەیانیدا بدۆزمەوە، بەڵام هیچ شتێکی نارێک یان نوێم لەژیانی باوکمدا بەدی نەکرد تا بڵێم لەوانەیە ئەوە هۆکارەکەی بووبێت، وەک هەموو بەیانییەکانی تر هەمان شەوق و چالاکیم تێدا بەدی دەکرد، بەتایبەتی کاتێک باسی چاککردن و پاککردنەوەی باخچەکەی دەکرد، بەڵام دایکم دەیگوت: پێش نیوەڕۆ باوکم پێی گوتووە، کە کەمێک سەری دێشێت و هەندێکجاریش هەستی بە گێژبوون کردووە، ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی داوەتەوە، کە گوایا ئەوە دەردە پیرییە و هیچی تر....

مێلیسیا، کاتێک ڕۆیشتمە ئەو ژوورەی باوکمی لەسەر قەرەوێڵەیەک لێ پاڵخرابوو، کانیلەیەک و ماسکێکی جیهازی هەناسەدانی دەستکرد (medical ventilator)یان بۆ دانابوو، لەگەڵ جیهازی کاردیۆگرام (هێڵکاری ماسولکەکانی دڵ cardiogram) ئەمەش وەک پزیشکەکە پێی گوتم؛ تەنها بۆ ئەوە بوو ئاگایان لە چالاکی دەمارەکانی دڵی بێت، کەتا چەنێکی تر دەتوانن لەچالاکی بەردەوام بن و لە کوێدا بەیەکجاری کۆتایان دێت، چونکە لە سەدا هەشتای مێشکی بەتەواوەتی وەستا بوو، وەک پزیشکەکە بە ئەسەفێکەوە ئەوەی پێ گوتم: " بەداخەوە هیچ بەختێک نییە" بەم قسەیە پزیشکەکە هیچ سەرسوڕمان یان کاردانەوەیەکی لە ڕوخسارمدا بەدی نەکرد!.

ئەو وا تێگەیشت، کە من یا تێنەگەیشتووم، یان بەتەواوەتی گوێم لە قسەکەی نەبووە، بۆیە جارێکی تر خۆی لێ نزیک کردمەوەو بەسەر ڕاوەشاندنێکەوە گوتییەوە" هیچ بەختێک نییە" دیسان وەک ئەوەی گوێم لەهیچ نەبووبێت یان هیچ ڕوونەدابێت،

---

۱. * بەرلینەر و گوێچکەی بەراز دوو جۆرە شیرینین زیاتر بەیانییان دەخورێن (Berliner. Schweineohren)

نەمتوانـی هیـچ کاردانەوەیەکـم هەبێـت، تەنهـا ئـەوە نەبێـت، شـتێک لەنـاوە بەرقورگـی گرتبـووم و خەریـک دەبـوو بخنکێـم، هەندێـک فرمێسـکیش بـە قورسـاییەک لەنـاو چاوانمـدا قەتیـس مابـوون، نەیاندەتوانـی بەرببنـەوە، جگـە لـەوەی بەرچاویـان لێـڵ کردبـووم.

توشـی حاڵەتێکـی زۆر سـەیر بووبـووم، لەشـوێنی خـۆم لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـەدا بەشـێوەیەک چەقیبـووم، نەمدەتوانـی تـف قـوت بـدەم. لـە ژیانـی ڕۆژانەمـدا بەهـۆی سـەرماوە زۆرجـار توشـی قـوڕگ ئێشـە هاتـووم، بـەڵام ئـەم حاڵەتـە قـوڕگ ئێشـە نەبـوو، بارێکـی قورسـبوو کەوتبـووە سەرسـنگم.

گۆمێـک فرمێسـک لەچاوەکانمـدا قەتیـس مابـوون و یـەک دڵۆپەیـان بەرنەدەبـووەوە، هەمـوو شـتێکم بەلێڵـی دەبینـی، تەنانـەت باوکیشـم لەسـەر قەرەوێڵەکـە، جگـە لـە تارمایـی مرۆڤێـک لەسـەر قەرەوێڵەیـەک پاڵخرابـوو بـە قورسـی هەناسـەی دەدا هیچـی تـرم نەدەبینـی، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەو بـەو شـێوەیە هەناسـەی نـەدەدا، کـە مـن دەمبینـی، ئـەوە لێڵـی چـاوی مـن بـوو ئـەوی وەک سـەرابێک دەبینـی بـەرزو نـزم بـکات.

مێلیسـیا، نازانـم چەنێـک، بـەڵام کاتێکـی زۆر لـە ناوەڕاسـتی ئـەو ژوورەدا بـەو شـێوەیە مابوومـەوە، تـا دایکـم هـات و دەسـتی خسـتە سەرشـانەکانم و باوەشـی پێداکـردم، ئیتـر وەک کانییـە بـەرت لێگرتبێـت و لـە پڕێکـدا بەربەسـتەکە بڕوخێـت، گۆمـی فرمێسـکی چاوەکانـم تەقیـن و هاژەیـان کـردە سـەر ڕوخسـارم.

لەکاتێکـی وادا ئەگـەر باوەشـی دایکـم نەبوایـەت، نەمدەتوانـی بەرگـەی ئـەو ئـازارە قوڵـە بگـرم، دایکـم هیچـی نەدەگـوت، تەنانـەت نەشـدەگریا، ڕەوشـی ئـەو زۆر لەمـن باشـتر بـوو، هـەر هێنـدە نەبێـت زوو زوو دەڕۆیشـت لەسـەر ئـەو کورسـییەی بەتەنیشـت قەرەوێڵەکـەی باوکمـەوە بـوو دادەنیشـت.

ئـەو ئێـوارە مـن و دایکـم تـا دەرەنگانی شـەو بەدیـار باوکمـەوە مانـەوە، جـار بەجارێک

پزیشـکێک دەهـات و سـەیرێکی شاشـەی کاردیۆگرامەکـەی دەکـردو بەبـێ ئـەوەی هیـچ بـە ئێمـە بڵێـت دەڕۆیشـت.

زۆربــەی کاتــەکان دایکیشـم هــەر لەســەر ئــەو کورسـییەی تەنیشـت باوکـم دادەنیشـت و هەندێکجـار بەسـەر سـوڕمانەوە لـە منـی دەڕوانـی و سـەری دادەخسـت و دەسـتێکی لـە دەسـتی باوکـم دەدا.

کات تــەواو درەنگـی کردبـوو، یەکێـک لـە پزیشـکەکان هاتـە ژوورەوەو دیسـان ڕۆیشـتە لای شاشـەی کاردیۆگرامەکـەو دەسـتی لەهەندێـک لـەو وایـەرو سـۆندانەی لـە گیانـی باوکـم بەسـترا بـوون دا، بـەڵام ئەمجـارە پێـش ئـەوەی بـڕوات ڕووی لـە ئێمـە کـردو بەبـێ ئـەوەی چاوەڕوانـی هیـچ وەڵامێـک بێـت ئـەم چەنـد قسـەیەی بـە ئێمـە گـوت و لێیـدا ڕۆیشـت؛ ئێـوە دەتانەوێـت تاکـەی لێـرە بمێننـەوە! مانـەوە لێـرە هیـچ سـودێکی نییـە، بەتەنهـا ماندوودەبـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەتوانـن تاکـەی بتانەوێـت لێـرە بمێننـەوە....

منیـش وەک کەسـێک ئەژنۆکانـی خـراپ بەرکەوتبێـت، زۆر بـە قورسـی دەمتوانـی هەنـگاو بنێـم، بـەرەو لای دایکـم ڕۆیشـتم و داوام لێکـرد، کـە پێویسـیت دەکات لێـرە بڕۆیـن، مانـەوە هیـچ سـودێکمان پـێ ناگەیەنێـت، دایکیشـم بـە بـێ هیـچ ناڕەزایەتییـەک لەسـەر کورسـییەکە هەسـتاو دەسـتێکی تـری لەدەسـتی باوکـم داو کەمێـک گوشـی. منیـش بەهەمـان شـێوە وەک زۆربـەی کاتەکانـی ژیانـم، کـە لەگـەڵ باوکمـدا بـووم تونـد دەسـتیم گوشـی و لەسـەرخۆ دەمـم لـە گوێچکـەی نزیـک کـردوە، کـە ئەمـە منـم، ئادریانـی کـوڕت، بـەڵام هیـچ کاردانەوەیەکـم لەدەسـتەکانیدا هەسـت پـێ نەکـرد، ئەمـەش ئاماژەیەکـی یەکلاکـەرەوە بـوو بـۆم ، کـە وەک پزیشـکەکە گوتـی:" هیـچ بەختێـک بـۆ چاکبوونـەوەی نییـە" لەبـەر ئـەوەی باوکـم نەخـۆش ببوایـەت یـان لـە شـیرینی خـەودا، کاتێـک دەسـتیم دەگوشـی و لەسـەرخۆ پێـم دەگـوت؛ ئـەوە منـە بەدەسـتەکانی کاردانەوەیەکـی دەبـوو....

# ٣

مێلیسـیا، ئەگـەر بڵێـم ئـەو شـەوە هیـچ خـەو نەڕۆیشـتە چاوەکانـم بـڕوام پێبکـە، لەهەمـوو ژیانمـدا هیـچ کاتێـک هێنـدە ئـەو شـەوە درەنگـە شـەرابم نەخواردۆتـەوەو جگـەرەم نەکێشـاوە.

نازانـم چەنێـک لەسـەر قەنەفـەی هۆڵەکـە خەوبردمیـەوە، تەلەفۆنـی ماڵـەوە دەسـتی بـە زەنـگ لێـدان کـرد، بـەڵام بەهـۆی مەسـتی و ماندووبوونـەوە ئەگەرچـی خەویشـی زڕاندبـووم، هـەر نەمدەتوانـی ڕاسـتببمەوەو وەڵامـی تەلەفۆنەکـە بدەمـەوە.

زۆری پێنەچـوو گوێـم لەتەپـەی پێـی دایکـم بـوو لـە قادرمـەکان دەهاتـە خـوارەوە، دیاربـوو بەدرێژایـی شـەو ئەویـش خـەوی لێنەکەوتبـوو، بەپەلـە خـۆی گەیانـدە تەلەفۆنەکـەو هەلەوێکـی کـرد، ڕەنگـە لـەو کاتـەدا بـۆ کەمتـر لەسـاتێک جارێکـی تـر خـەوم لێکەوتبێتـەوە، کـە گوێـم لـە زرمەیـەک بـوو، وامزانـی شـتێک لەئاسـمانەوە بەسـەر خانووەکەمانـدا ڕوخـا، بۆیـە کـە بەئاگاهاتمـەوە سـەیر دەکـەم دایکـم لەهۆڵەکـدا کەوتۆتـە سـەرزەوییەکەو بوراوەتـەوەو هێشـتا تەلەفۆنەکەشـی بەدەسـتەوەیە، مـن بـە پەلـە هەرئەونـدەم بـۆ کـرا تەلەفۆنەکـەم لەدەسـت وەرگـرت و گوێـم پێوەنـاو چەندجارێـک هەلـەو هەلـەوم کـرد، بـەڵام لـە تـوت توتێـک زیاتـر گوێـم لەهیچـی تـر نەبـوو.

بەپەلـە باوەشـم بەدایکمـدا کـردو ڕاسـتمکردەوە، ئـەو هێشـتا هۆشـی لەسـەرخۆی نەبـوو، بەهێواشـی پاڵمخسـتەوەو ڕۆیشـتم پەرداخێـک ئـاوم هێنـا، کەمێکـم کـرد بەدەمییـەوەو هەندێکـم لـەدەم و چـاوی پرژانـد هەسـتم بـە کەمێـک کاردانـەوە لـە ڕوخسـاریدا کـرد. بۆیـە دیسـان پاڵـم خسـتەوەو تەلەفۆنـم بـۆ نەخۆشـخانەی فریاکەوتـن کـردو گەڕامـەوە بـۆ لای دایکـم....

ئـای مێلیسـیا، زۆرجـار دەڵێـن؛ 'کاتێـک ناخۆشـی پێـش ئـەوەی ڕوو لەیەکێـک بـکات، خـۆی بـۆ ئامـادە دەکات' ئـەم قسـەیە ڕێـک بەسـەر منـدا شـکایەوە.

دوای ئـــەوەی تەلەفۆنەکـــەم داخســـتەوە، گەڕامـــەوە بـــۆ لای دایکـــم. ئـــەو کاتـــە ئێمـــە ماڵمـــان لـــە خۆرئـــای پۆتســـدام بـــوو. نەخۆشـــخانەی ئێرنســـت ڤـــۆن بێرگمـــان لەباکـــوری ســـەنتەری شـــار بـــوو، بـــڕوام نەدەکـــرد ئۆتۆمبیلـــی فریاکەوتـــن لـــە پانـــزە خولـــەک زیاتـــی پـــێ بچێـــت، کەچـــی هـــەرواش بـــوو.

ئەگـــەر لەبیـــرت بێـــت، دوای لەدایکبوونـــی نازیـــلا دووجـــاران تـــۆم بـــە بیانـــووی پارکـــی ئاژەڵەکێوییـــەکان (Der Wildpark)ەوە بـــۆ ئـــەوێ بـــرد. هـــەردوو جارەکـــەش بـــە ڕوندەرڤێـــگ (Runder weg) دا بەنزیـــک ماڵـــە کۆنەکەمانـــدا ڕۆیشـــتین، مـــن بـــە ئەنقەســـت نەمبردیتـــە لای ماڵـــە کۆنەکەمـــان، نەمدەویســـت برینـــی ڕابـــردووم بکولێتـــەوە، نەمدەویســـت هەمـــوو بیرەوەرییەکانـــی مناڵیـــم بووروژێنـــم، کەچـــی تـــۆش وەک هـــەر ژنێکـــی تـــری ئـــەم دونیـــا گومانـــت بـــۆ ئـــەوە دەچـــوو مـــن دەمەوێـــت یادگارییەکانـــم لەگـــەڵ ژنانـــدا دەمـــەزەرد بکەمـــەوە، ئـــای خودایـــە مـــن و تـــۆ چەنـــد دوور لەیەکتـــری بیرمـــان دەکـــردەوە.

ئـــەو کاتانـــەی نازانـــم تـــۆ لەخەیاڵـــی خۆتـــدا چـــۆن بیـــرت لـــە ســـەردانەکانی مـــن بـــۆ پۆتســـدام دەکـــردەوە، مـــن بـــە بێدەنگـــی و بەبـــێ ئـــەوەی بهێڵـــم تـــۆ هەســـت بـــە هیـــچ شـــتێک بکەیـــت، قســـەم بـــۆ دایـــک و باوکـــم دەکـــردو باســـی نازیـــلام بـــۆ دەکـــردن. پێمدەگوتـــن، ئەگـــەر ئێـــوە لـــە ژیانـــدا بمابـــان دڵنیـــا دەبـــووم لـــەوەی، چـــۆن بـــە مناڵـــی نـــاو ئـــەم دارســـتانە جێـــگای بەردەوامـــی پیاســـەکردنی مـــن بـــوو، ئـــاواش دەبـــوو بـــە شـــوێنی پیاســـەکردنی نازیـــلا. چـــۆن ســـییەکانی مـــن بـــە هـــەوای نـــاو ئـــەم دارســـتانە گەشـــەیان کـــرد، ئـــاواش نازیـــلا ســـییەکانی لێـــرە دەکرانـــەوەو گـــەورە دەبـــوو، بـــەڵام ئەفســـون ئێســـتا نازایـــلا وەک مـــن چێـــژ لـــە بۆنـــی ئـــەم دارســـتانە وەرناگرێـــت.

ئـــەو کاتانـــە مـــن قســـەم بـــۆ دایـــک و باوکـــم دەکـــردو باســـی نازیـــلام بـــۆ دەکـــردن. لـــە دڵـــی خۆمـــدا هەمـــان چیرۆکـــی پارکـــی ئاژەڵـــە کێوییەکانـــم لـــە دەمـــی باوکمـــەوە بـــۆ نازیـــلا دەگێڕایـــەوە، باســـی پادشـــای پرۆســـییەکانم بـــۆ دەگێڕایـــەوە....

مێلیسیا، وەک خۆم تەخمینم کردبوو پاش پانزە خولەک ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن گەیشتە ماڵمان. بەپەلە هەندێک چارەسەری سەرەتاییان بۆکردو ئۆکسجینی دەستکردیان لە ڕێگای ماسکێکەوە لە لوتی بەست و بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کرد.

من هێشتا سەرم هێندەی ئەم زەوییە قورس بوو، چاوەکانم ئاوسابوون، لەدوای ئۆتۆمبیلەکەوە لەگەڵ یەکێک لە کارمەندەکاندا سواربووم. ئەو کارمەندە بەردەوام سەبارەت بە دایکم پرسیاری دەکرد، منیش هیچ تاقەتی وەڵامدانەوەیانم نەبوو، بۆیە زۆربەی جار بە نازانم وەڵامم دەدایەوە. زۆری پێنەچوو گەشتینە بەشی فریاکەوتن. من شەوی ڕابردوو بۆ هەواڵی تەندرووستی باوکم لێرە بووم، کەچی ئەم بەیانییە بۆ چارەسەری دایکم هاتوومەتەوە....

دوای ئەوەی دایکمیان خستە سەر قەروێڵەیەک و بەرەو شوێنی چارەسەرکردن بردیان، داوایان لەمن کرد، کە لێرە لە شوێنی چاوەڕوانکردندا بمێنمەوە تا بانگم دەکەن.

شەوی ڕابردوو ئەوەندەم شەراب خواردبووەو جگەرەم کێشانبوو دەمارەکانی سەرم لە دڵم خێراتر لێیاندەدا، تەواو هەستم بە ئاوسانی پشتی چاوم دەکرد. لە کافێ ئۆتۆماتەکە قاوەیەکم کڕی، هەستم کرد لەکاتێکی وادا کافێ شتێکی خراپ نەبێت بۆ کەمکردنەوەی سەرئێشەکەم.

لەخۆمەوە بیرێک بە مێشکمدا هات، کە تا هەواڵێکی دایکمم بەدەست دەگات سەرێک لەباوکم بدەم، کە ئەویش لەبەشی فریاکەوتن لەژێرچاودێری پزیشکدا بوو. باش نەدەهاتەوە بیرم لەکام ژوورو هۆڵ بوو، بۆیە لە یەکێک لە خوشکەکانی ئەوێم پرسی، بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات، کەچی دوای ئەوەی ناوەکەی لێ پرسیم، پرسی بۆ هیچ زانیارییەکی نوێت سەبارەت بە باوکت بەدەست نەگەیشتووە!. ' نا، هەرئەوەندە

نەبێت تا نزیکەی نیوەشەو لەلای بووم هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتببوو....' گوتی؛ مـن ناتوانـم هیـچ زانیارییەکـت پێبـدەم لێـرەوە بەدەستەڕاسـتدا بـڕۆ بـۆ پرسـگە، لـەوێ دەتوانـن هاوکاریـت بکـەن و زانیـاری تـەواوت بدەنـێ.

قسـەی ئـەم خوشـکە کەمێـک تـەم و مـژاوی و سـەیر بـوو، هیـچ لـە مەبەسـتەکانی تێنەدەگەیشـتم، لـەو خوشـکانە دەچـوو لـەم جـۆرە نەخۆشـخانانەدا بـەردەوام لەدەسـت هاوکاریکردنـی خەڵـکان خۆیـان دەدزنـەوە، زۆرن ئەوانـەی لـەم نەخۆشـخانانەدا کاردەکـەن بەپێـی پێویسـت کارەکانیـان ناکـەن و لـە کەسـانێک دەچـن بـەزۆرە ملـێ ڕەوانـەی ئێـرە کرابـن.

مێلیسـیا، کاتێـک لەبـەردەم پرسـگەکەدا وەسـتام و نـاوی باوکمـم بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری پێـدا، ئافرەتێکـی کەمێـک گۆشـتنی زۆر ڕۆح سـوک داوای زانیـاری زۆری سـەبارەت بـە باوکـم و خێزانەکەمـان کـرد، منیـش دوای هـەر پرسـیارێک بـەزووی وەڵامـم دەدایـەوە، بەڵکـو خێـرا ژوورەکـەی باوکمـم نیشـان بـدات، ئەویـش وەک ئـەوەی هیـچ پەلەیەکـی نەبێـت و دوای هـەر پرسـیارکردنێک ڕووی بـەلای هاوکارەکەیـدا وەردەگێـڕاو دەسـتی بەقسـەکردن دەکـردەوە....

بـەو بەیانییـە باسـی شـتی وا قـوڕو بێمانایـان دەکـرد خەریـک دەبـوو شـەق ببـەم، بـۆ نمونـە بـە هاوکارەکـەی دەگـوت؛ بەتەمـام تاتۆیەکـی تـر لەژێـر ناوکـم لەسـەر سـەلیقەی هاوڕێکـەم بکێشـم، چونکـە زۆر ڕقـی لـەو تاتـۆی ئەژدیهایەیـە لـە پشـتە قنگـم کێشـاومە، خـۆ کابـرای چینـی ئەوەشـی گـوت؛ کـە مـن لەسـاڵی ئەژدیهـادا لەدایـک بـووم، یەکێکـە لەسـاڵە باشـەکان، هەروەهـا پێـی گوتـم؛ لەبەرئـەوەی تـۆ لـەو سـاڵەدا لەدایکبوویـت، تەندروسـتیت زۆربـاش دەبێـت و زۆریـش دەژیـت، ئەمانـەو زۆرشـتی دڵخۆشـکەری تـری پێدەگوتـم؛ ئیتـر ئەگـەر تـۆش چارەنووسـت بەسـترابێت بـە سـومبولێکی وەهـاوە بـۆ وێنەیەکـی لەسـەر لەشـت تاتـۆ نەکەیـت، بـۆ ئـەوەی بـەردەوام بتپارێزێـت....

ڕوویەکـی وەرگێڕایـەوە بـەلای منـداو پرسـییەوە، ببـورە دایکـت کـەی لەدایکبـووە؟.
منیـش خەریکبـوو وەڵامـم دەدایـەوە، کەچـی لەگـەڵ هاوڕێکەیـدا دەسـتی بەقسـانکردەوەو نازانـم ئـەو هاوڕێـی مـن بـۆ ئەوەنـدە کەللـە ڕەقـە حـەزی بەتاتـۆو شـتی وەهـا نییـە، خـۆ گوێشـی نادەمـێ، دەزانـم پیـاوان هەموویـان وەهـا بێزەوقـن و لەهیـچ شـتێک تێناگـەن....
ڕوویەکـی تـری وەرگێـڕا بـەلای منـداو بەسـەر سـوڕمانەوە پرسـییەوە، دایکیشـتان ئێسـتا لەبەشـی فریاکەوتنـە، وانییـە؟. ویسـتم وەڵامـی بدەمـەوە، دیسـان ڕووی بـەلای هاوکارەکەیـدا وەرگێـڕاو گوتـی: ئـەی پیرەژنـی دامـاو دیـارە دوای مردنـی مێردەکـەی توشـی شـۆک، بـووە.... منیـش گوتـم؛ مەبەسـتت دایکمـە، مـن باوکـم هێشـتا نەمـردووە، بەتەنهـا هاتـووم ژوورەکـەم پیشـان بدەیـت، تکایـە کەمێـک زوو بکـە....

بەبـێ ئـەوە سـەیرم بـکات ڕووی بـەلای پرینتەکـەدا، کـە زانیارییەکانـی چاپدەکـرد وەرگێـڕاو وەک لەگـەڵ خۆیـدا قسـە بـکات، گوتـی؛ ئەوەنـدەی ئـەم خەڵکـە پەلەیانـە مـردووەکان هیـچ پەلەیەکیـان نییـە، ئـەوان زۆر لـەم خەڵکـە ئارامتـرن، فەرمـوو لێـرەدا ئیمزایەکـم بـۆ بکـە....!.

مێلیسـیا، بـەو چـاوە ئاوسـاوەمەوە کاتێـک بەمەسـتی ئیمزاکـردن سـەرم بۆسـەر کاغـەزەکان شـۆڕکردەوە، سـەردێڕی بابەتەکـە نووسـرابوو؛ کەیسـی مـردن، ئیتـر خەریکبـوو تـەواو لەهـۆش خـۆم بچـم، ئێسـتاش ئـەم نامـە بـۆ تـۆ دەنووسـم ئـەو دێـڕە بەزەقیـی و گەورەیـی دێنـەوە بەرچـاوم، ئیتـر ئەژنـۆم شـکا، لـەوەش تێگەیشـتم، کـە بۆچـی دوای تەلەفۆنەکـە دایکـم لەهۆشـی خـۆی ڕۆیشـت....

* * *

مێلیسـیا، هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە لـە نێـوان شـەوو ڕۆژێـک کەمتـردا ڕوویانـدا، بەتەنهـا کەسـێک توانـی لـەو شـۆکە قورسـەدا هاوکاریـم بـکات پاتریـک بـوو، ئـەو هەمـوو کارەکانـی منـی ڕاپەڕانـد. مـن بـە شـێوەیەک وڕو گێـژ بووبـووم بەهیـچ شـتێک نەدەهاتمـەوە سـەرخۆم.

دوای دوو ڕۆژ لـە ڕووداوەکان پاتریـک دایکمـی لـە نەخۆشـخانە هێنایـەوە بـۆ ماڵـەوەو ئـاگاداری کـردم، کـە تەرمەکـەی باوکـم ئێسـتا لـە "شـاپێل Chapel"[٢]ی کەنیسـەی ئێرلوێـزەرە (Erlöserkirche).

لەمـاوەی ئـەو دوو ڕۆژەدا کاتـەکان زۆر درێژبـوون، چەنـد هـاوکار و هاوڕێیەکـم سـەردانیان کـردم، هەندێکیـان هـەر بەتەلەفـۆن سەرخۆشـییان لێکـردم، بەڕێوەبەرەکـەم تـا ئـەو کاتـە وامدەزانـی پیاوێکـی وشـک و بێ دڵ و ڕۆحـە، کەچـی کاتێـک هـات بـۆ ماڵـەوە کارتێکـی دایـە دەسـتم و پێـی گوتـم: دەتوانـم لـە سێ ڕۆژ زیاتـر ڕوخسـەتت بـۆ بکـەم، دەتوانـم پێـت بڵێـم چەنێکـت دەوێـت لەماڵـەوە بمێنیتـەوە، بـەڵام ئەمـە بـاری دەروونیـت خراپتـر دەکات، مـن لـە تـۆ گەورەتـرم و بـەو ئەزموونانـەدا تێپەڕیـوم، مانـەوە لەماڵـەوە زیاتـر مانـدووت دەکات، بۆیـە پێـم باشـە ڕۆژی دووشـەمە بگەڕێیتـەوە بۆسـەرکار، ئەمـە زۆر هاوکاریـت دەکات....

پاتریک هەموو ڕاسپارەکانی منی وەکو خۆیان بەئەنجام گەیاندبوون.

باوکـم ڕۆژی هەینـی سـەکتەی کـرد و ڕۆژی شـەمە گیانـی سـپارد. هـەر ئـەو ڕۆژە پەیوەنـدی بـە بیـرۆی ڕێوڕەسـمی بەخـاک سـپاردنی مردووانـەوە کردبـوو، داوای دەسـتێک جلـی جوانـی باوکمـی لێکـردم، منیـش لەکاتێکـی وادا نەمدەزانـی چ جلێکـی بدەمـێ بەتەنهـا ئـەو قاتـەم هاتـەوە یـاد، کەدایکـم بـە دیـاری شەسـت ساڵەی تەمەنـی بـۆی کڕیبـوو، بـەڵام باوکـم جگـە لـەو ڕۆژە بـۆ تاقـە جارێکیـش ئیتـر لەبـەری نەکـردەوە، ئـەو حـەزی بەقـات نەبـوو، منیـش بەدرێژایـی تەمەنـم نەمدیبـوو بـۆ جارێکیـش قـات لەبـەر بـکات، ئەگەرچـی وێنـەی هاوسـەرگیرییەکەی لەگـەڵ دایکمـدا، کـە لـە هۆڵەکـە هەڵیانواسـیبوو قاتێکـی ڕەش و کراسـێکی سـپی لەبـەردا بـوو، کـە زۆر جـوان لێـی دەهـات، هـەر لەوەشـەوە دایکـم عەشـقی ئەوەبـوو، کـە قـات لەبـەر بـکات.

---

٢. شـاپێل Chapel ژوورێکـی تایبەتـە لەتەنیشـت کەنیسـەکان، کاتێـک یەکێـک ئەمرێـت بـۆ مـاوەی چەندڕۆژێـک لـەوێ ئەهێڵرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی خـزم و دۆسـتەکانی دواسـەردانی بکـەن و دوعـای بـۆ بخوێنـن.

لەوانەیــە ئــەوە تاکــە شــتێکی باوکــم بێــت بەباشــی بزانــم لەکوێدایــە، چونکــە هــەر بۆنـەو جەژنێـک دەهاتـە پێشـەوە دایکـم داوای لێدەکـرد ئـەو قاتـە لەبـەر بـکات، کاتێکیـش باوکـم رەتـی دەکـردەوە دەهـات بـۆ لای مـن و دەیبردمـە بـەردەم دۆلابەکـەو نیشـاندەدام و بەشــان و باڵــی قاتەکەیــدا هەڵــدەدا، بەڵکــو مــن بچــم قەناعــەت بەباوکــم بکــەم تــا لەبــەری بــکات....

پاتریکـم بـردە لای دۆلابەکـەو دەسـتە قاتەکـەم نیشـانداو پێـم گـوت: ئـەو قاتـەی لەبـەر بکـەن، تـا مـرد دایکـم بـە ئاواتـەوە بـوو لەبـەری بـکات، هیـچ نەبێـت بـۆ دڵـی دایکـم بـا لـە دوا ماڵئاوایـی ژیانیـدا بیبینێـت لەبەریدایـە.

لـە دوای مردنـی باوکمـەوە دایکـم بەتەواوەتـی زمانـی شـکابوو، هیـچ قسـەی نەدەکـرد، لـەوە خراپتـر نەیدەویسـت گـوێ لەهیـچ شـتێکیش بگرێـت، ئەمـەش زیاتـر مانـدووی دەکـردم، لـە دڵـەوە پێمخۆشـبوو زوو کاروبـاری ڕیوڕەسـمی ناشـتنەکە تـەواو ببێـت و بگەڕێمـەوە بـۆ سـەر کارەکـەم، هیـچ نەبیـت لـەوێ کەمتـر مـرۆڤ دەتوانێـت بیربکاتـەوە، ئـەو بابەتانەشـی بـەردەوام قسـەی لەسـەر دەکرێـت هەمـووی لەمردنـەوە دوورە، بـەڵام دایکـم چـی لێبکـەم!.

ئــەوەی لــەو کاتــەدا بیــرم لێدەکــردەوە بەتەنهــا کێشــەی دایکــم بــوو، کــە بەتەواوەتــی پەکــی کەوتبــوو، نازانــم چــۆن بــەو مــاوە کورتــە ئــەو ژنــە ئــاوا پیــرو پەککەوتــە بــوو!. دەبــوو چارەســەرێکم بــۆ بدۆزیبایەتــەوە....

بەیانــی ڕۆژی سێشــەممە زۆر زوو لەخــەو هەســتام، بەدایکمــم گــوت؛ دەڕۆمــە دەرەوەو کەمێــک هــەوای پــاک هەڵدەمــژم، ئەگــەر پێــت خۆشــە لەوێشــەوە ســەرێک لەباوکــم دەدەیــن، بــەڵام ئــەو بەســەر ڕاوەشــاندنێک ڕەتــی کــردەوە.

پێـش ئـەوەی بـڕۆم بـۆ شـاپێلەکە، لەخۆمـەوە پیاسـەیەکی نـاو "پارکـی سانسوسـی" کەوتــە ســەرمەوە. بــەو بەیانــی زووە تــاک و تــەرا خەڵکــت لــەو نــاوەدا دەبینــی لەگــەڵ

سـەگەکانیان پیاسـەیان دەکـرد، مـن بیـرم لـە "فریدریشـی دووەم" دەکـردەوە دەبێـت لـە دوای مردنـی باوکـی "فریدریشـی یەکـەم" هەسـتی بـە چ تەنهاییـەک کردبێـت وا بیریـی لـە درووسـتکردنی پارکێکـی وا بەریـن و گـەورە کردبێتـەوە. ڕاسـتە ئـەو لەگـەڵ باوکیـدا هەمیشـە ناکـۆک بـوو لەسـەر چۆنێتـی بەڕێوەبردنـی ژیانیـان، بـەڵام دواجـار هـەر کـوڕو بـاوک بـوون. لەخۆمـەوە دەمگـوت: ڕەنگـە واش نەبێـت، لـە دوای مردنـی باوکـی هەسـتی بەتەنهایـی نەکردبێـت، بەڵکـو هەلێـک بووبووبێـت بـۆ ئـەوەی خەونـە شـاعیرانەییەکەی و ئارەزووەکانـی بـۆ هونـەر بهێنێتـە دی....

پـاش پیاسـەیەکی درێـژ بـەو بەیانییـە بەشـێوەیەک ڕۆشـتبوومە نـاو خەیاڵەکانمـەوە، نازانـم کەیـی و چـۆن پەڕیبوومـەوە بـۆ نـاو "باخـی نـوێ"، ئـەوەش هەلێکـی بـاش بـوو بـەو بەیانییـە بەکەنـاری "دەریاچـەی پیرۆز"بـەردەوام بـم لـە پیاسـە.

هەرچۆنێـک بێـت، بـۆ ئـەو بەیانییـەی مـن ئـەو پیاسـە دەرمانێکـی ئارابەخـش بـوو، هەڵمژینـی هـەوای پاکـی باخەکـە لەگـەڵ وردبوونـەوە و ڕوانیـن لـە دەریاچەکـە زیاتـر ئارامـی پێدەبەخشـیم و هەسـتم دەکـرد ئەمـە باشـترین تێراپییەکـە بـۆ ئـەو ڕەوشـە ناخۆشـەی مـن.

پـاش پیاسـەیەکی درێـژ بەهەمـان شـوێنی خۆمـدا نەگەڕامـەوە، دەبـوو بـۆ ڕۆیشـتن بـۆ کڵێسـاکە شـەقامی 'هێـگڵ ئالـێ' بگرمەبـەر بۆئـەوەی بگەمـە شـەقامی 'شـۆپەنهاوەر'.

ئەگەرچـی سـەرم هێشـتا قورسـییەکی پێـوە بـوو، بـەڵام کەمێـک هەسـتم بەئارامـی دەروونـی دەکـرد، هەسـتم دەکـرد شـتێک لـە گیانمـدا گـۆڕاوە، کەبـەرەو ژیانـی ئاسـاییم دەباتـەوە....

کاتێـک لـەدەرگای کڵێسـەکە ڕۆیشـتمە ژوورەوەو بـە حەوشـەکەدا بـەرەو شـاپێلەکە ڕۆیشـتم، کەمێـک هەنگاوەکانـم قـورس بـوون، دڵـم دەسـتی بـە لێدانـی خێراکـرد، نائارامـی

سەراپای تەنیم. ماوەیەک بەبەردەم دەرگای شاپێلەکەدا ڕاوێچکەم کرد، دەمویست خۆم لەسەر وێنەی باوکم بە مردووی ڕابهێنم. لەگەڵ هەر هاتووچۆیەکدا دەیان وێنەی باوکمم بە پاڵکەوتنەوە، بە خەوتووی دەهێنایە پێشچاوی خۆم، هەر هەموو وێنەکانیش هەمان ئەو قاتەی لەبەردا بوو دایکم بە دیاری بۆی کڕیبوو.

شاپێلی ئەو کڵێسایە دوو ژوور بوو بەتەنیشتی یەکەوە، لەتەنیشتی هەر ژوورێک بە دیوارەکەوە تابلۆیەک هەڵواسرابوو ناوی تەواوو ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی ئەو مردووەی تێدا تۆمارکرابوو، کەلەو ژوورەدا بوو، ئەو ڕۆژە بەتەنها هەر یەک مردووی لێبوو ئەویش باوکم بوو، چەندینجار ناوەکەی و ڕۆژی لەدایکبوونەکەیی و مردنەکەیم خوێندەوە، سەیر لەوەدابوو هەرجارێک ئەمخوێندەوە وامدەزانی یەکەمجارە دەیخوێنمەوە، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا دیسان وێنەکەی باوکم بەڕاکشاوی و بە قاتەکەوە لەناو تابوتێکی نیوەکراوەدا دەهاتەوە بەرچاوم.

ئەو بەیانییە ئازایەتی و خۆڕاگرییەکی دەویست بەتەنها برۆمە ژوورەوە بۆلای مردوویەک. کەم مرۆڤ هەیە پێش ئەوەی بەتەنها بڕواتە ژوورێکە، کە مردوویەکی لێیە ئەو خەیاڵە بە مێشکیدا گوزەرنەکات ئەی ئەگەر لەپڕ مردووەکە زیندووبووەوە؟. لەدڵی خۆمدا دەمگوت: مردووی ئەم ژوورە بە من بێگانە نییە، گریمان زیندووش بوویەوە، خۆ هەرباوکەکەی جارانی منە، دڵنیام وەک سەردەمی مناڵی و نەوجەوانی توند باوەشم پێدا دەکات و لە ئامێزی خۆیم دەگرێت.

چاوم دادەخەم ئەو دیمەنانەی ڕابردوو دەهێنمەوە پێشچاوی خۆم، کاتێک باوکم بەخۆشەویستییەکی زۆرەوە لە ئامێزی دەگرتم، لەپڕ وێنەی مردوویەکی ترسناک، کە بەس ئێسکەکانی مابوون لەتاریکییەکەوە بەرەوڕووم هێرشی دەهێناو هەموو شتێکی لێ تێکدەدام....

لەمێشکی خۆمدا دەموسیت واز لەو خەیاڵە قۆڕانە بهێنم و لەسەرخۆ بەبێ ئەوەی بهێڵم تەنهایی و ئارامی باوکم بشێوێت، دەستم برد دەرگای ژوورەکە بکەمەوە لەپڕێکدا لەدیوی ژوورەوە کیلۆنەکە بادراو دەرگاکە کرایەوەو ئافرەتێک هاتە دەرەوە، دیاربوو ئەویش زۆرترسابوو، بەپەلە سلاوێکی کردوو بەرەو ناو ئۆتۆمبیلەکەی ڕۆیشت، کە لەحەوشەی کڵێساکەدا رایگرتبوو....

مێلیسیا، ئێستا کاتێک ئەمە نامە دەنووسم هێشتا هەست بەو ترسە دەکەم، گیانم دێتە لەرزین و دەمم وشک دەبێت، دڵم تەنها بەخێرایی لێنادات بەڵکو هێندە قورس لێدەدات لەدەرەوە هەست بە ترپەکانی دەکەیت.

ئەو ئافرەتە یەکێک بوو لە گوڵفرۆشەکان، هاوکارەکانم تاجە گوڵینەیەکی گەورەیان بۆ سەر تەرمی باوکم لەلای ئەو گوڵفرۆشە داواکردبوو، هەروەها کارتێکی جوانیشیان پێوە کردبوو، کە بەچەند دێڕێک هاوخەمی خۆیان دەربڕیبوو....

هەرلەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا یەکسەر چاوم بەباوکم کەوت، کە لەبەرامبەر دەرگاکە لەناو تابوتێکی ڕەنگ خورمایی، کە لە داری " ماهاگۆنی ساپێلی" دروستکرابوو ڕاکشابوو. درەختی ماهاگۆنی ساپێلی لە ئەفەریقای سەر هێڵی قرژاڵ دەڕوێت بەتایبەتیش شاری ساپێلی نێجیریا، بۆیە ناوەکەی هەربەناوی ئەو شارەوەیە.

لەسەدەی نۆزدەدا دوای سەردانی ئەوروپییەکان بۆ گوندی ساپێلی، بەهۆی درەختە ناوازەو گرانبەهاکانییەوە کردیانە شارێکی بازرگانی دارو تەختەو تا ئێستاش ئەو بازرگانییە بەردەوامە. گرنگی ئەم دارە بەتەنها هەر قایمیی و بتەوییەکەی نییە، کە بەرگەی چەندین ساڵ دەگرێت، بەڵکو لەجوانییەکەشیدایە، کەلەیەک کاتدا چەند ڕەنگێک دەنوێنێت و زۆر ساف و لوسە، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە شتی گرانبەهای لێ دروست بکەن.

مێلیسیا، ئەگەر بڵێم ئەم قسەیە ڕاستەو هیچکاتێک نایبەستمەوە بەوەی چاوەکانم فێڵیان لێ کردبم، بڕوام پێبکە، لەو کاتەدا دەرگاکە کرایەوەو کەوتمە ناو ژوورەکەوە، بە کەمتر لە چرکەیە هەستم کرد باوکم پێشتر چاوەکانی کرابوونەوەو لەگەڵ بینینی مندا بە هێواشی چاوەکانی داخست. ئەم قسەیە بۆ هەرکەسێک بکەم بڕوام پێناکات، بەڵام هەر کاتێک بیرم لەباوکم کردبێتەوە ئەو چرکەساتە وەک فلاشێک دێتەوە بەرچاوانم....

نازانم ئەمە خاسییەتی هەموو مردووەکانە یان بە تەنها باوکم بەو شێوە پاڵکەوتبوو، زۆر بەئارامی پاڵکەوتبوو، وەک خەوی لێکەوتبێت و لە قوڵایی خەوێکی خۆشدا بێت زۆر بە هێواشی چاوەکانی داخستبوو، بزەیەکی ساردیش لە سەر لێوەکانی دەبنیرا.

باوکم یەکێک بوو لەو پیاوانەی قەت بەدەنگی بەرزو قاقا پێنەدەکەنی، ئەو هەردەم لەسەرخۆ پێدەکەنی، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە خەندەیەکی لەسەر لێوەکانی بوو، پێکەنینی ئەو زۆر لە قوڵایی دڵیدا بوو، بە ئاسانی نەیدەتوانی بۆ دەرەوە شەپۆل بدات.

کەمێک لەسەر سەری ڕاوەستام، چاوێکم بەو ناوەدا گێڕاو سەیری هەموو ئەو چەپکە گوڵ و تاجە گوڵینانەم کرد، کە دۆست و ناسیاوەکانمان لە دەوری تابوتەکە بۆیان دانابوو، دەستێکم خستە سەر نێوچەوانی، ئەگەر بڵێم هەستی بەو دەستە کرد ڕەنگە دروستم گوتبێت، بۆیە هیچ هەلێک لەوە باشتر نەبوو، کەهەندێک قسەی دڵی خۆمی بکەم....

یەکێک لە کورسییەکانی ناو شاپێلەکەم هێنایە تەنیشتی تابوتەکەو لەسەری دانیشتم و دەستم بە قسەکردن کرد....

باوکـە گیـان؛ حـەزم نەکـرد لـە پرێکـدا بـە بـێ ئـەوەی ئێمـە ئامادەییمـان تێـدا بێـت بەجێمـان بهێڵیـت؛ تـۆ نازانیـت ماڵئاوایـی کتوپـڕ چەنـد کوشـندەیە، چەنێـک خەونـی مـرۆڤ لەنـاو خۆیـدا دەکوژێت!، دەبـوو هەرچۆنێـک بێـت، پێشـتر سـەبارەت بـە ماڵئاوایـی ئاماژەیەکـت بەئێمـە بدایـەت، بـڕوا ناکـەم خـۆت نەتزانیبێـت!، هەمـوو مرۆڤێـک کـەم تـا زۆر پێـش ماڵئاوایـی جـۆرە هەسـتێکی تایبەتـی لـەلا دروسـت دەبێـت. 'مـرۆڤ ئەگـەر بزانێـت چـۆن ژیـاوە دەزانێـت چۆنیـش ئەمرێـت'. مـن هیـچ گومانێکـم لـەوە نییـە، کـە تـۆ پێشـتر هەسـتت بـە دەنگـی پێـی مـردن نەکردبێـت، بەتەنهـا بـۆ ئـەوەی دڵـی ئێمـەی پـێ تەنـگ نەکەیـت نەتدرکانـدووە.

تـۆ هیـچ شـتێکت نەدەدرکانـد ئەگـەر ببێتـە مایـەی دڵتەنگـی و ناخۆشـی ئێمـە، هەمیشـە ئـەو شـتانەت دەشـاردەوەو لەناخـەوە ئـازاری خۆتـت پێـدەدا، تـۆ هەمـوو شـتێکت دەکـرد بـۆ ئـەوەی لەناخـەوە ئـازار نەچێژیـت وبرینـدار نەبیـت، بـەڵام دواجـار ئـەو ئـازارە هـەر ڕووبـەڕووت دەبوویـە، مـن درکـم بەمـە کردبـوو تـۆ لەناخـەوە چەنـد ئازاردەکێشـیت، ئەمەشـت هـەر بـۆ ئـەوە کـرد تـا دڵتەنگبوونـی ئێمـە نەبێـت ئازارێـک و لەناخـەوە برینـدارت بـکات، دەتویسـت کاتێـک ئـەم هەواڵـە بـە ئێمـە بـگات چیتـر تـۆ نەتوانیـت هەسـت بـە دڵتەنگـی و ئـازار چەشـتنەکانی ئێمـە بکەیـت.

باوکـە، مـن زۆر قسـەم لەگـەڵ تـۆدا هەبـوو، دەبـوو ڕۆژێـک یـان شـەوێک لـە شـوێنێک وەک دوو هـاوڕێ دابنیشـتینایە، هیـچ نەبێـت سوپاسـێکم بکردایـەت، کـە بەبـێ هیـچ منـەت و مانـدوو بوونێـک چارەکـە سـەدەیەک زیاتـر لەگـەڵ منـدا مانـدوو بوویـت، بەرگـەی ئـەو هەمـوو ساردو سـڕییەی دایکمـت گـرت و هـەر پێـت وابـوو ڕۆژێـک دێـت خـۆی بیربکاتـەوەو وەک سـەردەمی گەنجێتـی باوەشـی گـەرم و خۆشەویسـتیت بـۆ بگێڕێتـەوە، ئەمـە هیوایـەک بـوو بـەس.

مـن وام دەزانـی دایکـم هیـچ خۆشەویسـتییەکی بـۆت نییـە، دایکیشـم وایدەزانـی ئـەم ژیانـە قـەت کۆتایـی نایـەت، بۆیـە ئێسـتا لـەدوای مردنـی تـۆ هەسـت دەکـەم چ ستەمێکی لەخـۆی کـردووە، ئێسـتا ئـەو لـە شـۆکێکی مەترسـیداردا ژیـان دەگوزەرێنێـت.

لەبیـرت دێـت پێـش هەفتەیـەک داوام لێکردیـت، کـە پێویسـتە هەرسـێکمان شـەوێک یـان دوو شـەو بڕۆیـن بـۆ دورگەکانـی دەریـای بەلتیـک (Ostseeinseln) ئـەوێ جێگایەکـی زۆر گونجـاو بـوو بـۆ ئێمـە، دەمانتوانـی لـە کۆتاییەکـی هەفتـەدا ئـەو سـەفەرە بکەیـن، لـەوە زیاتـری نەدەویسـت، بـەڵام تـۆ وەک هەمیشـە بـەوە وەڵامـت دەدایـەوە، کـە جارێـک کاتەکـەی نەهاتـووە!. ئایـا بەڕاسـت مەبەسـت بـوو چـاوەڕوان بکـەم تـا ئـەم وەڵامـەی ئێسـتا وەربگـرم، یـان هۆکارێکـی تـر هەبـوو...؟.

ئـەو کاتانـەی باوکـم بـە ئارامـی ڕاکشـابوو، دەسـتەکانی خسـتبوونە نـاو یەکـەوەو لەسـەر سـنگی داناوبـوو، هەسـتم دەکـرد کاتێـک قسـەی بـۆ دەکـەم گوێـم بـۆ بگرێـت، هیـچ کاتێـک هەسـتم نەدەکـرد ئـەوە مرۆڤێکـی بـێ گیانـە و ڕاکشـاوە، هەسـتم بەگەرمایـی لەشـی دەکـرد، ئەگـەر پەنجـا سـاڵی تریـش لەوێـدا بمابایەتـەوە مـن هەمـوو ڕۆژێـک دەڕۆیشـتم بـۆ لای و قسـەم بـۆ دەکـرد، ئاخـر لـەو یەکـەم سـەردانەدا بـۆ لای باوکـم لـە شـاپێلەکە بـۆم دەرکـەوت، کـە ئـەوە درۆیەکـەی گەورەیـە، کاتێـک دەڵێـن مـردووەکان نابیسـتن، چونکـە دوای ئـەو چەنـد سـاڵەش، کـە لـە ئەڵمانیـا دابـڕاوم و ناتوانـم سـەردانی گۆڕەکـەی بکـەم، شـەوانە دێتـە خەونـم و گلەیـی ئـەوە دەکات، کـە بـۆ سـەردانی ناکـەم و باسـی یادگارەکانـی خۆمانـی بـۆ ناگێڕمـەوە. بـڕوام پێبکـە، مێلیسـیا، هەمـوو شـەوێک باوکـم دێتـەوە خـەوم و وەک چـۆن لـە شـاپێلەکە لەنـاو تابوتێکـی جوانـی لـە داری ماهاگۆنـی سـاپێلی درووسـتکراودا ڕاکشـابوو، بزەیەکـی سـاردی لەسـەر لێـوەکان بـوو، بەهەمـان شـێوە دێتـەوە خەونـم و دوام لێـدەکات لەسـەر یەکێـک لـە کوردسـییەکان دابنیشـم و قسـەکانی دڵـی خۆمـی بـۆ بکـەم.

مێلیسـیا، بمبـوره لێـرەدا دەوەسـتم و چیتـر ناتوانـم بنووسـم، چونکـە تارماییەکـەی باوکـم دەبینـم لـە شـاپێلەکەدا لەنـاو تابوتێکـی ڕەنـگ خورماییـدا ڕاکشـاوەو بەچاوەکانـی بانگـم دەکات، هەسـت دەکـەم ئێسـتا ئـەو هەسـت بـە بێتاقەتـی مـن بـکات، بانگـم دەکات بۆ ئـەوەی لـەم تەنهایی و بێتاقەتییـە بمهێنێتـە دەرە، بمبـورە دەبێـت بـڕۆم بـۆ لای باوکـم و ئەمشـەو لەگـەڵ ئـەودا بەسـەربەرم....

## ٤

مێلیسـیا، دوێنـێ شـەو ویسـتم باسـی شـتێکی نوێـت بـۆ بنووسـم، دیـارە پێشـتریش هـەر ئـەو چیرۆکـەم بـە کورتـی بـۆ باسـکردوویت، بـەڵام درێـژەی چیرۆکـەکان هەڵگـری زۆر ڕووداوی نهێنیـن.

دەزانـم پێـش ئـەوەی نامـەکان بخوێنیتـەوە حـەز دەکەیـت یەکـەم سـەردێڕ بەباسـی نازیـلا دەسـت پێبکـەم.

نازیـلا ئێسـتا کچێکـی گەورەیـە، ئەمسـاڵ دەردەچیـت بـۆ پۆلـی شەشـی سـەرەتایی. ئێسـتا ئەویـش وەک مـن و تـۆ خـەون و چیرۆکـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، کـە ناتوانێـت بـۆ باوکـی بـاس بـکات، ئایـا تـۆ ئـەوە دەزانیـت کچـەکان هەمیشـە شـەرم لەبـاوکان دەکـەن!، ئـەو ئێسـتا هەمـوو چیرۆکەکانـی لـەلای ئیلاریـا بـاس دەکات، ئیلاریـاش هیـچ بۆ مـن ناگێڕێتـەوە. ئـەوان دوو هاوڕێـی جوانـن پێکـەوە، هەندێکجـار هەسـت دەکـەم ئێمـە ژیانـی ئیلاریامـان وێرانکـردووە، چونکـە جگـە لـە نازیـلا بیـر لەهیـچ کەسـێکی تـر ناکاتـەوە تەنانـەت لـە خۆیشـی، ئـەو هەمـوو کاتەکانـی ژیانـی بـە نازیـلا بەخشـیوە، هیـچ کەسـێک وەک نازانێـت ئیلاریـا چەنـد نازیـلای خۆشـدەوێت، بۆیـە دەترسـم چەنـد سـاڵێکی تـر نازیـلا لـە عەشـقی کوڕێکـدا گیـرۆدە ببێـت و نەگەڕێتـەوە بـۆ لامـان، ئـەو کاتـە ژیانـی ئیلاریـا دەبێـت بـە دۆزەخێـک بـۆ خـۆی، ڕەنگـە مـن و تـۆ نەتوانـن لـە ناخـی قەیـرە کچێـک تێبگەیـن، کاتێـک هیـچ هیوایەکـی نامێنێـت.

وەکـو گوتـم؛ نازیـلا گـەورە بـووە، وا بـۆ چەنـد سـاڵێک دەبێـت لـەلای مـن ناخەوێـت، دەڕواتــە ســەرەوە بــۆ لای ئیلاریــا، ئەمەیــە وا لەمــن دەکات زیاتــر هەســت بەتەنهایــی بکـەم.

مێلیسـیا، ئێسـتا مـن لەهەمـوو کاتێکـی ژیانـم زیاتـر تەنهـام، مـن پیاوێکـی غەریبـم لـە دورگەیەکـی تەنهـای ئـەم جیهانـەدا، وەکـو ئـەم دورگـە تەنهـاو غەریبـم، ئەشـێت لەهـەر ئـان و سـاتێکدا بورکانێـک لەناخمـدا هەڵبـکات و وێرانـم بـکات، ئـەو کاتـە جگـە لـە نازیـلا کـێ بیـر لەمـن دەکاتــەوە، وەکـو باوکـم کـێ دوای تارماییەکانـم ئەکەوێـت!.

ئـەوە بیـرم کەوتـەوە دوێنـێ شـەو بۆیـە نامەکـەم بـڕی و نەمتوانـی درێـژەی پێبـدەم، دەبـوو بـڕۆم بـۆ لای تارماییەکـەی باوکـم، هەردووکمـان پێویسـتمان بەیـەک بـوو، ئێمـە چەنێـک پێویســتمان بــە مردووەکانــە، مردووەکانیــش بەهەمــان ئەنــدازە پێویســتیان بــە ئێمــە هەیــە.

مێلیســیا، مــاوەی ئــەو پێنــج ڕۆژەی باوکــم لــە شــاپێلەکەی کەنیســەی ئێرلوێــزەر بــوو هەمــوو بەیانییــە زوو وەک ئــەوەی خــۆم بــۆ کارێکــی گرنــگ ئامــادە کردبێــت، یــان چاوپێکەوتنێکـی زۆر گرنگـم هەبێـت، بـە هێواشـی لەماڵـەوە بـەرەو کڵێسـاکە وەدەر دەکەوتـم. وەک هەمووجارێـک بەهێواشـی کیلۆنـی دەرگاکـەم بـادەدا، دەترسـام لـەوەی ئارامـی باوکـم تێـک بـدەم یـان لـەو خـەوە خۆشـە دایچڵەکێنـم.

شـتێکی سـەیر ئەوەبـوو، ئەگەرچـی وەزعـی دایکـم لەوپـەڕی خراپیـدا بـوو، قـەت نەیدەپرسـی بـۆ کـوێ دەڕۆم، بـەو بەیانییـە زووە تـا بەردەرگاکـە لەگەڵمـدا دەهـات و لــەدواوە لەســەرخۆ دەرگاکــەی دادەخســت.

هەندێـک شـت لەژیانـی مرۆڤـدا ڕوودەدەن بەبـێ ئـەوەی هیـچ سـەرنجێک لـەلای مرۆڤەکـە دروسـت بـکات، کەچـی دوای ماوەیـەک لەبەرکەوتنێکـی تـردا کاریگەرییەکانـی

دەردەکەوێت و مێشکی مرۆڤ پڕدەکات لە پرسیار و سەرنج. ئەمەش ڕێک و ڕاست بۆ من وابوو، دوای ماوەیەکی درێژ لەدایکمم پرسی، کە بۆچی بۆ یەکجاریش لێی نەپرسیم، هەموو بەیانییەک بەو کاتە زووە بۆ کوێ دەچم و چی دەکەم لەو ماوە درێژەی لە دەرەوە دەمێنمەوە...!. لە وەڵامدا گوتی: ڕۆڵە هەموو دایکێک ئاگای لە دڵی کوڕەکەیەتی، هیچ دایکێک نییە نەزانێت منداڵەکەی بۆ کوێ دەڕوات، کاتێک دایکێک ڕێگا لە منداڵەکەی ناگرێت لەکاتێکی ناوەختدا، شەو یان نیوەشەو بڕواتە دەرەوە ئەوە بە دڵنیاییەوە دەزانێت بۆ کوێ دەڕوات، ئیتر ئەوە سیفەتێکی دایکانەیە بە میرات بۆمان ماوەتەوە، زۆرجار بۆ ئەوەی منداڵەکە نەشکێتەوە یان تەریق نەبێتەوە بێدەنگ دەبین و هیچ نادرکێنین، تۆ لە دڵی دایکان تێناگەیت کوڕم....!.

مێلیسیا، بڕوام پێبکە هیچ قسەیەک ئەوەندەی ئەوە قۆڕ نییە، کە دەڵێت؛ 'هیچ کاتێک پشت بە مردووەکان مەبەستە، ئەوان ناتوانن هیچمان بۆ بکەن'. ئەم قسە ڕەنگە بۆ ئەو کەسانەی هیچ دڵ و ڕۆحێکیان نییە ڕاست بێت، خەڵکانێک هەن لەم ژیانەدا بەردێک لە ئەوان زیاتر ڕۆح و گیانی تێدایە. من بۆ خۆم هەتا زیاتر گەورەتر دەبووم زیاتر هەستم بە پێویستی گۆڕەکەی باوکم دەکرد، تا ئەو کاتەی باوکم لە ژیاندا بوو هیچ کاتێک ئەوەندی ئەو کاتەی مردبوو هێزی بۆ ژیان نەدەدامپێم، هیچ کاتێک هێندەی ئەو کاتە گوێی بۆ قسەکانم نەدەگرت و منیش بەهەموو تەمەنم نەمتوانیبوو وەک ئەو کاتانە قسەکانی دڵی خۆمی بۆ بکەم.

ئەو کاتانەی پێکەوە بووین و لە لوتکەی بەختەوەریشدا بووین، من هەر پێویستم بە باوکم هەبوو، بۆیە هەموو ڕۆژانی یەکشەممان دەڕۆیشتمە سەر گۆڕەکەیی و باسی یادگارەکانی منداڵیم بۆ دەگێڕایەوە. دەمویست لەو ڕێگەوە هەم خۆم خاوێن بکەمەوە هەم دڵی ئەو لە گۆڕەکەدا خۆش بکەم، کە چەند باوکێکی باش بووە.

ئەو کاتانەی لەگەڵ تۆشدا کێشەم دەبوو، بەردەوام تاکە شوێنێک سەردانم دەکرد

و هێـز و وزەم لێوەردەگـرت سـەر گۆڕەکـەی ئـەو بـوو، هەسـتم نەدەکـرد هیـچ کەسـێک لـەم دونیـا هێنـدەی ئـەو بتوانێـت لـە کێشـەکانمدا هاوکاریـم بـکات، ئاخـر کەسـێک نییـە لـەم دونیـا ئامـادە بێـت بـە کاتژمێـر قسـەی بـۆ بکەیـت بـەس تەنهـا گوێـت بـۆ بگرێـت، لـە دڵـەوە گوێـت لێبگرێـت، نـە قسـەت پـێ ببڕێـت، نـە بەرپەرچـی قسـەکانت بداتـەوە تـا تـەواو دەبیـت، پاشـانیش تـۆ بێدەنـگ دەبیـت و چاوەکانـت دادەخەیـت بـۆ ئـەوەی گوێـت لـە وەڵام و پێشـنیارەکانی ئـەو بێـت، بـە ئەسـپایی دەڵـێ؛ تـۆ لەسـەر هەقـی کـوڕم، تـۆ مافـی خۆتـە چـۆن بیربکەیتـەوە، هەمـوو کـەس وەک تـۆ بیردەکاتـەوە، هیـچ کەسـێک نایەوێـت پـێ لەهەڵەکانـی خـۆی بنێـت، لـە هەمـوو کێشـەکانی نـاو خێزانـدا هەریەکـەو بـە گوێـرەی توانـای خـۆی دەیەوێـت وەک قوربانییـەک دەربکەوێـت، بـەڵام دەبێـت تـۆ زۆر لـەوە گەورەتـر بیـت خـۆت وەک قوربانـی نیشـان بدەیـت، پێویسـتە تـۆ هەمیشـە وەک پیاوێکـی گـەورەو بەخشـندە دەربکەویـت، ئەگـەر وا نەکەیـت ناتوانیـت بەسـەر کێشـەکاندا زاڵ ببیـت و پەیوەندییـەکان بـەرەو خراپتـر دەڕۆن....

ئازیـزم، ئێسـتا بیـرت دەکەوێتـەوە ئـەو کاتانـەی دەبـوو بـە شـەڕی گەورەمـان و مـن بـە تووڕەییـەوە ماڵـم بەجێدەهێشـت، تـۆ پێـت وابـوو ڕەنگـە چیتـر نەگەڕێمـەوە بـۆ ماڵـەوە، بـەڵام دوای چەنـد کاتژمێرێـک وەک پیاوێکـی تـر دەگەڕامـەوە، پیاوێکـی بەخشـندەی دەم بەخەنـدە، پیاوێـک لێوانلێـو لـە پاکـی و میهرەبانـی. تـۆش سـەرت لەمـە دەسـوڕما، بـەڵام لەڕاسـتیدا سیحری ئـەو گۆڕانـە باوکـم بـوو، ئەگـەر ئـەو کاتـەش ئـەم قسـەم پـێ بگوتایـەی قـەت نەتدەتوانـی بـڕوا بکەیـت، کـە چـۆن مردوویـەک دەتوانێـت مرۆڤێکـی زینـدوو بـەو شـێوە سەرسـوڕهێنەرە بگۆڕێـت....!.

ئەوانـەی دەڵێـن مـرۆڤ دەمرێـت و لەنـاو دەچێـت واهەسـت دەکـەم پێـش هەمـوو کەسـێک خۆیـان فریـو دەدەن یـان دەیانەوێـت بـۆ مەبەسـتێکی دیاریکـراو خەڵکـی چەواشـە بکـەن، چونکـە مـرۆڤ کاتێـک دەمرێـت و لەنـاو دەچێـت بـۆ هەمیشـەیی لـە نـاو هەسـت و نەسـتی ئێمـەدا بسـڕێتەوە. لـەلای مـن مرۆڤـە زینـدووەکان ئەوانـە نیـن لەبەرچاومانـدا

دێـن و دەچـن بەڵکـو ئەوانـەن هەمیشـە لەنـاو هەسـت و هۆشـماندا ئامادەییـان هەیـە، ئەوانـەن خەوەکانمـان لەگەڵـدا بـەش دەکـەن.

ڕەنگە ئەمـە لـەلای یەکێکـی تـر جیـاواز بێـت، بـەڵام بـۆ مـن باوکـم لـەدوای مردنەکەیـەوە لەهەمـوو کاتێـک زیاتـر لەگەڵمـدا دەژیـا و هـاوکاری دەکـردم، منیـش لەهەمـوو کاتێـک زیاتـر پێویسـتیم پێـی بـوو. لـەدوای ئـەو ڕۆژەی بـۆ یەکـەم جـار ڕۆیشـتمە شـاپێلەکەو بـە قاتـە کەشـخەکەوە بینیـم وەک ئـەوەی لـەدوای کارێکـی زۆر ماندووکـەر بییەوێـت سـەرخەوێک بشـکێنێت چاوەکانـی بەهێواشـی داخسـتبوو، تـا ئێسـتاش بـڕوا ناکـەم ئـەو پیـاوە مردبێـت، هـەر وادەزانـم بۆیـە پاڵکەوتـووە تـا پشـوویەک بـدا.

کاتێـک لەسـەر کورسـییەکە لەتەنیشـتی دادەنیشـتم و قسـەم بـۆ کـرد، یـان ئـەو جارانـەی پرسـیارێکم لێدەکـردو لـە ڕوخسـارە ساردەکەی ورد دەبوومـەوە بـۆ ئـەوەی وەڵامـم بداتـەوە هەسـتم دەکـرد بۆیـە چاوەکانـی بـەو شـێوە داخسـتووە بـەدوای وەڵامێکـی گونجـاودا بگەڕێـت، یـان بیـر لەشـتێک دەکاتـەوە هۆشـی یارمەتـی نـادات.

مێلیسـیا، تـۆ نازانیـت ئـەو سـەردانانەی لـەو چەنـد ڕۆژەدا بـۆلای باوکـم دەمکـردن چەنـد دڵخۆشـی دەکـردم، هێنـدە دڵخۆشـی دەکـردم ئەگـەر دەسـەڵات و توانـای ئـەوەم هەبوویـا وەک فیرعەونـەکان مۆمیـام بکردایـەت بـۆ هەتـا هەتایـە مۆمیـام دەکـرد، بـەڵام ئەفسـوس کاتەکـە کـەم بـوو زۆر زوویـش تێپـەڕی.

ڕۆژی هەینـی، کـە دواڕۆژ بـوو تابوتەکـە بەکراوەیـی بهێڵرێتـەوە زۆر دڵتەنـگ بـووم، چونکـە دەمزانـی چیتـر باوکـم نابینمـەوە، ئەگەرچـی وێنەکـەی بـە بەردەوامـی لـە هەسـت و هۆشـمدا هـەروەک خـۆی ماوەتـەوە.

ڕۆژی هەینـی دوای سـەردانیکردنی باوکـم بـۆ ماڵـەوە گەڕامـەوە، لەگـەڵ دایکمـدا قاوەڵتیـم کـرد. لەسـەرمێزی نانخواردنەکـە بـە هێواشـی بەدایکمـم گـوت: ئەمـڕۆ دواڕۆژی

بینینی باوکمە، ئەمڕۆ تا پاش نیوەڕۆ دوا دەرفەتە بتوانیت بۆ دواجار باوکم ببینیت، دایکم وەک ئەوەی دەمێک بێت چاوەڕوانی خولقێکی لەو جۆرە بێت، سەرێکی ڕەزامەندی ڕاوەشاند.

ئەو ڕۆژە بۆ نانی نیوەڕۆ بەیادی باوکمەوە دایکمم بۆ یەکێک لە ڕیستۆرانتەکانی کۆنەشار داوەتکرد، باوکم زۆر حەزی لەم ڕیستۆرانتە بوو، چونکە تاکە ڕیستۆرانت بوو لە ناوچەکە 'گیپەی پفالتسی' دروست بکات. من هیچ کاتێک بیرم نایەت بە منالی حەزم لەم گیپە کردبێت، هەمیشە یان پیتزا یان سپاگێتییەکم داوا دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی باوکم گیپەکەی لەسەر قاپەکەی قاش قاش دەبڕی ناچاری دەکردم پارچەیەکی لەگەڵدا بخۆم....

باوکم دەیگوت؛ بۆ ئەم جۆرە خواردنە قورسە گەرمانە وا باشترە شەرابی سپی لەگەڵدا بخۆیتەوە، ئەو کاتانە من وام هەست دەکرد بۆیە ئەم قسانە دەکات، تا بەهانەیەک بۆ ئەوە بهێنێتەوە لەگەڵ دایکمدا بوتڵێک شەرابی سپی بخۆنەوە، بەڵام کاتێک گەورە بووم و دەمویست لاسایی باوکم بکەمەوەو وەک ئەو نان بخۆم، تێگەیشتم چێژی شەرابی سپی لەگەڵ ئەو گیپە پفالتسییەدا چەند چێژ بەخشە، جگە لەوەش ئەگەر شەرابی سپی نەبێت چی دەتوانێت ئەو ورگی بەرازە، کە بە گۆشتی کوتراوو پەتاتە ئاخێنراوە هەرس بکرێت!.

دایکم تەواو لاواز بووبوو، لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا خواردن و خەوی تێکچووبوو، بۆیە کاتێک گارسۆنەکە دەفتەری خواردنەکانی هێنا، بەبێ ئەوەی تەماشای بکەم داوای دوو 'سوپی سەوزە'م کرد. سوپی سەوزە لەکاتێکی وادا وەک دەرمان وایە، جگە لەوەی وزەبەخشە ئارەزووی خواردنیشت دەکاتەوە.

لەبەرئەوەی گیپەی پفالتس بەتەنها ئێوارانی کۆتایی هەفتە دروستدەکرا ئێمە داوای دوو 'کۆردۆن بلۆ'مان کرد بە پەنیری سویسرییەوە.

پـاش ئـەوەی لەنانخـواردن بووینـەوە بـەرەو شـاپێلەکە، کـە لێمانـەوە زۆر دوور نەبـوو کەوتینـەڕێ. لـە ڕێـگا مـن کەمێـک نائارامـی دایکـم بـووم، لـە کاردانـەوەی دەترسـام کاتێـک بـۆ یەکەمجـار مێردەکـەی بـە مـردووی لەنـاو تابوتێکـدا دەبینێـت و لـەوە تێـدەگات ئیتـر ئـەوە دوا بینیـن و ماڵئاواییـە، بـەڵام بـە پێچەوانـەی بیرکردنەوەکـەی منـەوە زۆر ئاسـایی هاتـە پێشـچاو، هەسـتم دەکـرد زۆر دڵـی خۆشـە، کـە بـەو قاتـەوە دەیبینێـت. بەبـێ ئـەوەی هیـچ قسـەیەک بـکات کەمێـک چـاوی بـە چەپکەگـوڵ و تاجـە گوڵینەکانـدا گێـڕا، لەپـڕ وەک ئـەوەی ئـەو شـتەی بـۆی دەگـەڕا دۆزیبێتیـەوە بـەرەو لای چەپکێـک گوڵـی گـەورە، کـە لەلایـەن هاوڕێیەکـی باوکمـەوە هاتبـوو، گوڵێکـی جێربێـرای سـپی (Gerbera) لێدەرهێنـاو کـردی بەیەخـەی باوکمـەوە، سـەیرێکی کـردم و بزەیەکـی تاڵـی کـرد، هەسـتم دەکـرد دەیەویسـت بـەوە دڵـی خـۆی خـۆش بـکات، یـان بییەوێـت ئـەوە دوا شـتێک بێـت بـۆ باوکمـی بـکات و ویژدانـی ئاسـودە بێـت.

دوای دوعـاو نـزا کـردن هەندێـک ئـاوی پیـرۆزم لێپرژانـد، دەسـتی دایکـم گـرت و لەسـەر کورسـییەکەی تەنیشـت باوکـم دامنـا، گوتـم: دایـە مـن دەڕۆمـە دەرەوە هەوایـەک هەڵدەمـژم تـۆ دەتوانیـت بـۆ دواجـار دوای قسـەی دڵـت بـۆ باوکـم بکەیـت، ئەمـە دەتوانێـت لـە ڕووی دەروونییـەوە ئاسـودەت بـکات، بەڵکـو دەنگیشـت بکرێتـەوەو بێیتـە قسـە، مـن دڵنیـام باوکـم دەتوانێـت بەباشـی گوێـی لـە قسـەکانت بێـت، ئـەو بەباشـی گـوێ دەگرێـت و لەهەمـوو قسـەیەک تێـدەگات، بـڕوام پێبکـە تـۆ هەمـوو قسـەکانی دڵـی خۆتـی بـۆ بکـە، لەدوایـدا بـۆت دەردەکەوێـت، کەچەنـد بەجوانـی گوێـی لێگرتوویـت و وەڵامەکانـی لـە ڕۆحـی خۆتـدا هەسـت پێدەکەیـت، بۆیـە ئـەو هێشـتا بـە ڕۆح زینـدووە، مـن ئـەڕۆم و پـاش کەمێکـی تـر دەگەڕێمـەوە، هەردووکمـان لـەم کاتـەدا پێویسـتە بـە تەنهـا بیـن....

## ٥

مێلیسـیا، ئیتـر ئەمـە هەمـوو چیرۆکەکـە نەبـوو، دوا نیـوەڕۆی ڕۆژی شـەممە لـە مەراسـیمێکی شایسـتەدا، بـە ئامادەبوونـی خـزم و دۆسـتانی هەمـوو لایـەک تەرمەکەیمـان بـرد بـۆ گۆڕسـتانی "بـۆرن شـتێدتەر"و بـۆ دواجـار بـە خاکمـان سـپارد.

ڕۆژی یەکشـەممە هەندیـک دۆسـت و خـزم سـەردانیان کردیـن، بەتەنهـا کەسـێک تادرەنـگ لەگەڵمـان مایـەوە پاتریـک بـوو. ئـەو پێشـنیارێکی کەمێـک سـەیری کـرد، بـەڵام دواتـر بـۆم دەرکـەوت، کـە چەنـد پێشـنیارەکەی لـە جێـگای خۆیـدا بـوو.

ئـەو پێـی گوتـم؛ دایکـت بەتەواوەتـی نەخـۆش کەوتـووە، سـەرەڕای نەخـۆش کەوتنەکەشـی لـە ڕووی دەروونییـەوە بیمـارە، بۆیـە پێویسـتی بـە کەسـانێک هەیـە لەچواردەوری بـن تـا هـاوکاری بکـەن لـەم قەیرانـە دەربـازی دەبێـت. بێگومـان تـۆ ناتوانیـت هیـچ شـتێکی بـۆ بکەیـت، لەبـەر ئـەوەی سـبەی دەبێـت بڕۆیتـەوە بۆسـەر کار، ئـەم پیرەژنـەش بەیانـی تـا ئێـوارە لـە ماڵـەوە بـە تەنهـا ئەوەنـدەی تـر بـاری دەروونـی خـراپ دەبێـت، ئـەو ئێسـتا بەتەواوەتـی لـە قسـە کەوتـووە، پزیشـکەکان پێیـان گوتـم؛ ماوەیەکـی تـر خـۆی چـاک دەبێـت. پێـی گوتـم؛ ئادریـان مـن ئەزمونـم هەیـە، ژن کاتێـک دەڕواتـە تەمەنـەوە جگـە لـە پیاوەکـەی هیـچ کەسـێک ناتوانێـت ببێتـە هـاوڕێ و هاوتەمەنـی جگـە لـە ژنانـی وەک خۆیـان نەبێـت، بۆیـە باشـترین چارەسـەر ئەوەیـە هـەوڵ بدەیـت لەیەکێـک لـە خانـەی پیرانـدا جێگایەکـی بـۆ پەیـدا بکەیـت، لـەوێ هـەم بەباشـی خزمـەت دەکرێـت، هـەم هـاوڕێ و هاودەمـی بـۆ پەیـدا دەبێـت، ئەمـەش ئەرکێکـی زۆر لـە کـۆڵ تـۆ دەکاتـەوە.

سـەرەتا مـن زۆر دژی قسـەکانی بـووم، نەمدەتوانـی لـەوە تێبگـەم چـۆن هـەروا بـە ئاسـانی دەسـت بـەرداری دایکـم ببـم و بینێرمـە خانـەی پیـران، بـۆ ئـەوەی لـەوێ بمرێـت. ئـەوەی مـن لـە مێشـکمدا بـوو، خزمەتچییـەک بگـرم، ڕۆژانـە بێـت بـۆ ماڵـەوە خواردنـی بـۆ ئامـادە بـکات و مـاڵ پـاک بکاتـەوەو جلەکانـی بـۆ بشـوات، خۆیشـم ئێـواران کاتەکانـی خۆمـی لەگەڵـدا بـەش بکـەم.

ئـەم نەخشـەیەی مـن دەکـرا بـۆ ماوەیەکـی کـورت کارێکـی بـاش بێـت، بـەڵام بـۆ ماوەیەکـی درێژخایـەن زەحمـەت بـوو، بۆیـە دوای مانگێـک هەسـتم بـە مانـدوو بـوون کـرد، کاتێـک دەمبینـی ڕەوشـی دایکـم نـەک بـاش نابێـت بەڵکـو بـەرەو خراپـی دەڕوات، بۆیـە بیـرم لـە قسـەکانی پاتریـک کـردەوەو دواجـار هـەر ئـەوەم کـرد، کـە ئـەو پێشـتر پێشـنیاری بـۆ کردبـووم.

مـرۆڤ بـۆ هەرکارێـک ڕاوێـژ بـە چەنـد کەسـانێکی جیـاواز و بـە ئەزموونتـر بـکات، سـەرکەوتنی مسـۆگەرترە لـە کارەکەیـدا. مـەرج نییـە تـۆ ڕاوێـژ بـە هەرکەسـێک بکەیـت ئیتـر دەبێـت بـە گوێیشـی بکەیـت، نـا مەسـەلەکە ئـەوە نییـە، مەسـەلەکە پەندەکەیـە" سـەری زۆر، بیرکردنـەوەی زۆر". بـە کورتـی لـە کـۆی ئـەو ڕاوێـژو پرسـیارانە کـردم بـۆ ژیانـی مـن و دایکـم خانـەی پیـران باشـترین چارەسـەرە.

مێلیسـیا، ئەگـەر مـن بەختـم هەبوایـە، پێشـتر تـۆم دەناسـی، دڵنیابـووم لـەوەی بەباشـی و وەک دایکـی خـۆت خزمەتـت دەکـرد، بـەڵام منێکـی بـێ ژن و هـاوڕێ بەتەنهـا دەمتوانـی چـی بـۆ دایکـم بکـەم، لـەوە زیاتـر لەخانەیەکـی پیـران شـوێنێکی بـۆ دابیـن بکـەم.

لـەوەدا بەختێکـی باشـم هەبـوو یەکـەم زەنگـم بـۆ خانەیەکـی پیـران بەنـاوی 'خـۆری ئێـوارە' لێـدا، کەهـەر لـە نزیـک ماڵـی خۆمـان بـوو، گوتیـان یـەک جێـگای بەتاڵمـان هەیـە، ئەویـش جێـگای کەسـێک بـوو ڕۆژی پێشـتر کۆچـی دوایـی کردبـوو. یەکەمجـار کەمێـک دڵـم ترسـا لـەوەی دایکـم بخەمـە شـوێنی مردوویـەک. دوای تەلەفۆنەکـە ماوەیـەک بیـرم لـەوە دەکـردەوە، کـە ئایـا کارێکـی بـاش دەکـەم دایکـم بخەمـە شـوێنی مردوویـەک....!.

هـەر لەسـەر کارەکـەوە تەلەفۆنێکـم بـۆ پاتریکـی هاوڕێـم کـردو چیرۆکەکـەم بـۆ گێڕایـەوە؛ بـە پێکەنینـەوە گوتـی؛ ئادریـان ئـەوە بـە ڕاسـتتە بیـر لـە شـتێکی ئەوەنـدە بێمانـا ئەکەیتـەوە، هەمـوو خانـەی پیرانـەکان دوا وێسـتگای ژیانـی ئـەو کەسـانەیە بـۆی

دەڕۆن، ئێمــە هەموومــان میــرات هەڵگــری مردووەکانیــن. تــۆ بیــر بکــەرەوە ســەد ســاڵی تــر کــێ لــە خانووەکــەی ئێــوەدا دەژی!. خەڵکانێــک ئــەڕۆن بــۆ ئــەوەی ئێمــە جێگایــان بگرینــەوە، ســبەینێش ئێمــە ئەڕۆیــن بــۆ ئــەوەی خەڵکانــی تــر جێگامــان بگرنــەوە، ئەمــە سروشــتی ژیانــە، مــن و تــۆ و هیــچ کــەس بەرپــرس نییــە لێــی. زۆربــەی ئەوانــەی دەڕۆنــە خانــەی پیــران و پەککەوتــەکان بــۆ ئــەوە نــاڕۆن تــا لــەوێ بــە ئاســودەیی بژیــن، بەڵکــو دەڕۆن بــۆ ئــەوەی بــە ئاســودەیی بمــرن، دەبێــت تــۆ لەمــە تــێ بگەیــت....

دوای تەلەفۆنەکــەی پاتریــک کەمێــک مێشــکم ئــارام بــووەوە، ئــەو فۆرمانــەی بــە فاکس ناردبوویــان هەموویانــم وەک ئــەوەی داواکرابــوو پــڕ کــردەوەو بــە فاکــس بــۆم ڕەوانــە کردنــەوە، ئیتــر دەبــوو چاوەڕوانــی دوا وەڵام بکــەم.

ئــەوەی ســەیربوو لــەدوای پڕکردنــەوەی فۆرمەکــەو ناردنــی بەبــێ هیــچ کێشــەیەک کەمێــک دڵــم خــۆش بــوو، لەخۆمــەوە وامدەزانــی بارێکــی قــورس لەســەر شــانم کەمبۆتــەوە. ئــەو دڵخۆشــییە هــەر دڵخۆشــییەکی ئاســایی نەبــوو، وەک شــتێکی کاتــی و ڕاگــوزەر بەبــێ کاردانــەوە تێپــەڕ ببێــت، بەڵکــو لــەدوای ئــەوە فێــری ئەوەبــووم، ئــەوەی لــەم پرۆســەی ژیانمانــدا مانــدوو بێتاقەتمــان دەکات، هۆکارەکــەی ئــەو کارانەیــە نەمانکــردوون یــان پێمــان وایــە ناتوانیــن بیکــەن، هیــچ شــتێک ئەوەنــدەی کارە تەواونەکراوەکانمــان بێتاقەتمــان ناکــەن، بــەڵام درک پێکردنــی لــە ئەنجامدانــی کارەکــە گرنگتــرە.

مێلیســیا، پرۆســەی گواســتنەوە دایکــم لەماڵــەوە بــۆ خانــەی پیــران، گەورەتریــن گۆڕانــکاری لەژیانــی منــدا کــرد. لــەدوای ئــەو قۆناغــە ئیتــر ژیانــی مــن کۆتایــی پێهــات و قۆناغێکــی تــر دەســتی پێکــرد، هــەروەک چــۆن کاتــی خــۆی لــەدوای هاوســەرگیریم لەگــەڵ تــۆدا قۆناغێکــی تــر دەســتی پێکــرد....

ژیــان لەبــەردەم ئێمــەدا بــەردەوام لــە گۆڕاندایــە، هەندێکجــار وەک تســونامی هەڵــدەکات و وێرانمــان ئــەکات، هەندێکجــار وەک خۆرێکــی جــوان بەســەرمانەوە دەدرەوشــێتەوە،

پێویستە هەردووکیان وەک خۆیان قبوڵ بکەین، چونکە ئەوە سروشتی ژیانە و ئێمە ناتوانین ئەو بگۆڕین، بەڵکو دەبێت خۆمان بگۆڕین، وەک حەربا پێویستە لەگەڵ ئەو ژینگەی تێی دەکەوین ڕەنگەکانمان بگۆڕین، ئەگینا ناتوانین لە ژیان بەردەوام بین.

ئەو ناخۆشییەی لەماوەیەکی کەمدا ڕووی لە من کرد، ئەگەر ڕووبەڕووی نەبامایەتەوە، ئەوا ژیانمی بە شێوەیەکی زۆر تراژیدی تەواو دەکرد، دوور نەبوو بکەومە سەرشەقامەکان و ببمە هاوڕێی ئەو هەزاران بێ ماڵ و حاڵەی، ناو میترۆکانی بەرلین بووە بەشوێنی ژیانییان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سوپاسی کەسێکی وەک پاتریک بکەم، کە بەردەوام بۆ ئەوەی نەکەوم دەستی دەگرتم؛ 'هاوڕێی ڕاستەقینە ئەوە نییە بەتەنها خۆشییەکانت لەگەڵدا بەش بکات، بەڵکو ئەوەی خەمەکانیشت لەگەڵدا بەش بکا' ئەوانە هاوڕێ نیین بەناوی دڵسۆزییەوە ژیانی ئاساییت پڕ لە کێشەو گومانی خراپ دەکەن، بەڵکو ئەوانەن لەکاتی کێشەکانداو بە دڵسۆزییەوە هاوکاریت دەکەن تا چارەسەریان بکەیت، وا بزانم ئەمە ناوەڕۆکی کێشە ڕاستەقینەکەی ئێمە بوو، ئەگەر بێ تاقەتی لێم بگەڕێت، لە نامەکانی داهاتوودا بە وردی باسی ئەوانەشت بۆ دەنووسم....

مێلیسیا، ئەو هەستەی لەیەکەم ڕۆژەوە دوای تەلەفۆنەکەی دایکم بۆ ماڵەوە گەڕامەوە بوو بە واقیع، ماڵێکی ساردو سڕ، بۆنێکی ساردی تەنهایی، نازانم هەرچەند دەکەم ئەو هەستەم بۆ دەستەمۆ ناکرێت، تەعبیرکردن لەو هەستە زۆر لەوە قورسترە بتوانم بە نووسین دەری ببڕم، چونکە لەو ماوە کەمەدا هەموو گوڵەکانی ناو ئینجانە و کەنار باخەکە سیس و زەرد بوون، درەختەکان وەک نەخۆش کەوتبن ڕەنگیان ژاکابوو، ئەگەر بڵێم پاییزێکی کتوپڕ بوو بڕوام پێبکە، بۆیە ژیان لەو ماڵەدا ئیتر بۆ من زۆر قورس بوو.

پاش ئەوەی ئێواران لەکار دەبوومەوەو بەرەو ماڵە چۆڵ وساردەکە دەگەڕامەوە لە خۆمەوە دڵم تەنگ دەبوو، نەمدەزانی چی بکەم!، ئاخر تا ئەو کاتەی باوکم

لەژیاندابوو، زۆربەی ئێواران من لەکار بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوە ئەوان لە ماڵەوە نەبوون، دەڕۆیشتن بۆ پیاسەی ناو دارستانەکە یان بە کۆڵانەکانی شاردا پیاسەیان دەکرد، قەت بۆ جارێک هەستم بە تەنهایی نەکردبوو، ماڵمان ڕەنگ و بۆنێکی تری هەبوو. خۆ ئەگەر لەماڵیشەوە بووایەن، لە دوای نانخواردن زۆربەیجار دەڕۆشتمە ژوورەکەی خۆم و گوێم لەمۆسیقا دەگرت، کەمێک سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد، یان لەگەڵ پاتریک بەتەلەفۆن قسەمان دەکردو باسی ئەو ڕۆژەی خۆمان دەکرد، کەچی ئێستا هیچ شتێکم لەوانە بۆ ناکرێت، دەڕۆمە ژوورەکەی خۆم پاش چەند خولەکێک دێمە دەرەوەو دەڕۆمە هۆڵەکە، هۆڵێکی ساردو سڕ دەڵێی دەیان ساڵە مرۆڤێک لەم ماڵەدا نەژیاوە. دەرگای سەلاجەکە دەکەمەوە بۆنێکی ناخۆشی لێ دێت، هەندێک سەوزەی کۆنی تێدا گەنیوە، دەرگای دۆلابەکە دەکەمەوە سەمونە کۆنەکان کەڕوویان کردووە، هەندێک قاپ و پەرداخی پیس لەناو مەغسەلەکەدا کلس گرتوونی، بنمیچی خانووەکە پڕبووە لە تەونی جاڵجاڵۆکە، سەرمێزو توحفە جوانەکان تەپ وتۆز داپۆشیوون، ئیتر بووە بە چۆڵەوانییەک بۆ خۆی...

ئەمانە هەمووی لەماوەیەکی کەمدا ڕوویاندا، کە قەت جێی باوەڕ نییە، ئاخر دەبوو من چی بکەم مێلیسیا، لەوە زیاتر شەوان بڕۆم لەلای دایکم لە خانەی پیران تا درەنگ بمێنمەوە.

ئەوەش هەر بیرۆکەی پاتریک بوو، چونکە شەوان کاتێک زەنگی بۆ دەدام من تەواو سەرخۆش بووم، لەوە زیاتر شتێکم نەبوو بیکەم. ڕۆژانە کاتێک لەکار دەگەڕامەوە، دەڕۆیشتم بۆ بازاڕ هەموو ئەو شتانەم دەکڕی، کەوا دایکم داوای کردبوون، ئیتر کەمێک لە کافتریاکە لەگەڵیدا دەماوەو بەپەلە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوەو دەستم بە خواردنەوە دەکرد تا تەواو ئاگام لەخۆم نەدەما، جاری واهەبوو لەسەر قەنەفەی هۆڵەکە بەدیار تەلەفزیۆنەکەوە خەوم لێدەکەوت دەمەو بەیانی کاتێک میزکردن تەنگی پێهەڵدەچنیم بێداردەبوومەوە و دەڕۆیشتمەوە ناو جێگاکەم. لەوەش سەیرتر

ڕۆژ بە ڕۆژ بە شێوەیەک ئارەزووم بۆ خواردنەوە زیادی دەکرد پەلەم بوو زوو بگەمە ماڵەوەو دەست بەخواردنەوە بکەم. من ئەگەر بەو شێوە بەردەوام بوومایە هێواش هێواش لەسەر کاریش دەمخواردەوە، ئاخر بۆیە گوتم؛ ئەگەر پاتریک نەبوایە ئێستا منیش یەکێک بووم لە ئەلکهولییەکانی ناو میترۆکانی بەرلین....

من زۆر سوپاسی خودا دەکەم، کە هاوڕێیەکی وەک پاتریکی پێ بەخشیم، دەزانم تۆ هیچ چارەییت نەدەویست، لەبەر ئەوەی زۆر وشک و قسەڕەق و لە ڕوو بوو، ئەمەش مافی خۆتە تۆش وەک زۆربەی خەڵکی ئەم دونیایە حەزت لەو جۆرە کەسانە بێت، کەبەردەوام ڕووخۆش و زمانلوسن، ئەگەر درۆشت لەگەڵدا بکەن هێشتا هەر بەوانە ئاسودەتری، ئیتر ئەمە نە خەتای تۆی تێدایە نە خەتای کەس، کە زۆرێک لەمرۆڤەکان چارەی ئەو کەسانەیان ناوێت ڕاست و ڕەوان حەقیقەتی خۆتت پێ دەڵێت.

مێلیسیا، منیش کاتی خۆی وەک تۆ بیرمدەکردەوە، کاتێک پاتریک ئاوێنەیەکی دەهێناو ڕوخسارە درێوو ناشیرینەکەمی نیشان دەدام، بە شێوەیەک توڕە دەبووم قەستم بوو بیکوژم، دەیانجار بەمانگ و دوو مانگ لەگەڵیدا قسەم نەکردووەو پڕ بەدڵ ڕقم لێی بووە، تا دواجار بۆم دەرکەوت، ئەو ڕاست دەکات من هەڵەم، پێشتر وامدەزانی ئەو هەر بۆ خۆی کەسێکی قسە ڕەق و ناخۆشە، بەڵام بەدرێژایی کات بۆم دەرکەوت هەر هەقیقەت خۆی ڕەق و ناخۆشە، بۆیە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت هەقیقەت شیرین بکات. من لە ڕەقییەکانی ئەوەوە فێری ئەوەبووم گوتنی هەقیقەت زۆر قورسترە لە شکاندنی دڵی کەسێک بەتایبەتی خۆشت بووێت، ئەمەش ئازایەتی گەرەکە.

چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو شێوە ژیانەی مندا بەسەر چووبوو، ئێوارەیەک زوو یەکێک لەدەرگای دا، کەمێک مەستبووم، ڕۆشتم دەرگاکەم کردەوە سەیر دەکەم

پاتریکـه، ویسـتم نەهێڵـم بێتـە ژوورەوە، هـەر لەدەرگاکـەوە پێـم گـوت؛ هـا چیـت دەوێـت، دەی پێـم بڵـێ چیـت دەوێـت، بەهێـزی خـۆی پاڵێکـی پێـوە نـام و خـۆی بـەژووردا کـرد.

ئـەو زۆربـەی شـەوان تەلەفۆنـی دەکـرد تاقەتـم نەبـوو وەڵامـی بدەمـەوە، نازانـم لەخۆمـەوە ڕقـم لێـی بـوو، ڕاسـتتر بڵێـم ڕقـم لەهەمـوو کەسێک بـوو، سـەیرە ئـەو کهولـە پیسـە وا لـە مـرۆڤ دەکات کەسـی خـۆش نەوێـت هیـچ کەسێک.

دیمەنێـک قـەت لەیـادم ناچێـت، دیمەنـی ئـەو شـەوە بـوو، کـە پاتریـک منـی بەپـاڵ هێنایـە ژوورەوە پێـش ئـەوەی دابنیشـێت، هەرچـی شوشـەی شـەراب، براندی، ڤـۆدکا و ویسـکی هەبـوو هـەر هەمـووی بـردە حەوشـەکەو شـکاندنی، لـە سـەلاجەکەدا قوتـوە بیرەکانـی دەرهێنـاو هەموویانـی ڕژانـد و قوتوەکانـی قوپانـد، سـەیرە وەک منداڵێکـی بێدەسـەڵات ئـەو شـەوە دەگریـام و داوام لێدەکـرد وا نـەکات، هەرکـردی، ڕۆیشـتم لـە چێشـتخانەکە چەقۆیەکـی گـەورەم هێنـا بیکـوژم، بـە چەقـۆوە پەلامـارم دا بـەڵام ئـەو لەمـن بەهێزتربـوو دامـی بەزەویـدا، لەزەوییەکـەدا هـەر ئەوەنـدەم پێدەکـرا بـە دەسـت خواردنەوەکانـم کۆدەکـردەوەو دەمکردنـە نـاو دەممـەوە، ئەگـەر پێـم بکرابـا بەزمـان هەموویـم هەڵدەگرتـەوە....

مێلیسـیا، هیـچ ئازارێـک هێنـدەی ئـەو ئـازارە سـەخت و جەرگبـڕ نییـە ئەلکهولییـەک بوتڵـە شـەرابەکەی دەسـتی بشـکێنیت یـان بیرەکـەی دەسـتی بڕژێنیـت، ئـەوە برینێکـە قـەت سـاڕێژ نابێـت.

دوای شـکاندن و ڕژاندنـی یـەک بەیەکـی هەمـوو بوتـڵ و قوتـوە کهولـەکان لـە حەوشـەکەدا باڵـی گرتـم و بردمییـەوە بـۆ هۆڵەکـەو دواینیشـاندم و دەسـتی بـە قسـەکردن کـرد....

گـوێ بگـرە ئادریـان؛ ژیـان بەمشـێوە نـاڕوات بەڕێـوە، ئەمـەی تـۆ دەیکەیـت جۆرێکـە

لـە خۆکـوژی، مـرۆڤ چـۆن ئەبێـت هێنـدە خۆپەرسـت بێـت. هەمـوو ئەوانـەی خۆیـان دەکـوژن بەتەنهـا لـە خۆپەرسـتییە و هیچـی تـر، یـان هێنـدە بێدەسـەڵاتن ناتوانـن ڕووبـەڕووی کێشـەکانییان ببنـەوە، مـرۆڤ چـۆن دەبێـت لەبـەردەم کێشـەکاندا ئەوەنـدە بچـوک بێـت، پێـم بڵـێ بزانـم تـۆ چ کێشـەیەکت هەیـە؟. یەکێـک لـە کێشـە گەورەکانـی مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە بێکارییـە، تـۆ کارت هەیـە، بـێ ماڵییـە تـۆ ماڵـت هەیـە، مـرۆڤ ئەگـەر ماڵێـک و کارێکـی هەبێـت بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی ئاسـودەو بـاش بـۆ خـۆی دروسـت بـکات. تـۆ دایکێکـی پیـرت هەیـە، پیاوەکـەی لـە ژیانیـدا نەمـاوە ئێسـتا هەمـوو هیـواو خەونێکـی تۆیـە، تـۆش دەتەوێـت بـەم هەڵسـوکەوتەت بیکوژیـت!. وەرەوە سـەرخۆت، منیـش وەک تـۆم، بگـرە خراپتریـش، مـن باوکێکـی نابەرپرسـم هەبـوو هـەر بـە منداڵـی مـن و دایکـم و خوشـکەکەمی بەجێهێشـت و چیتـر نەمانبینییـەوە، خوشـکەکەم بەهەمـان شـێوە مێردێکـی دۆزییـەوەو لەمـن و دایکـم دوورکەوتـەوە، تـۆ خـۆت دەزانیـت، کاتێـک دایکـم نەخـۆش کـەوت چەنـد سـاڵ خزمەتـم کـرد، تادواجـار پەکـی کـەوت و لـە توانـای منـدا نەمـا خزمەتـی بکـەم ئینجـا ڕەوانـەی خانـەی پیرانـم کـردو لـەوێ کۆچـی دوایـی کـرد، ئەزانـی هەمـوو بەختـەوەری مـن ئـەوە بـوو، کـە لەبەرامبـەر مردنـی دایکمـدا ویژدانـم ئاسـودە بـوو.

باشـە دەتەوێت، بـەم ڕەفتـارە تاکـەی بـەردەوام بیت؟. مـن دڵنیـام سبەی لەکارەکەشت دەرت دەکـەن، ئەمـەش بـاری دەروونیـت دە هێنـدەی تـر خراپتـر دەکات، تـا وات لێدێـت وەک هەمـوو ئەلکهولییەکانـی تـر بکەویتـە سـەرجادە، هەمـوو ئەوانـەی تـۆ لەسـەر شـەقام، وێسـتگای شـەمەندەفەرو نـاو میتـرۆکان دەیانبینیـت هـەر هەموویـان پێشـتر بـەم قۆناغـەی تـۆدا ڕۆیشـتوون، پێـت وانەبێـت ئەوانـە هـەر هەموویـان لـە چینـە فاشـیلەکەی نـاو کۆمەڵـگان!، بـە پێچەوانـەوە خەڵکانـی بەتوانـای وایـان تێدایـە ڕۆژگارێـک بەڕێوەبـەری دەیانـی وەک مـن و تـۆ بـووە، ڕەنگـە بـە هـۆی کێشـەیەکی خێزانییـەوە، کـە نەیتوانیـوە بەسـەریدا زاڵ بێـت خـۆی بـەو شـێوە سـەرگەردان کـردووە، ئـا بـاش بـوو بیـرم کەوتـەوە،

تـۆ چیرۆکـی زیگمونـد مویلـەری ئەندازیـار بـاش دەزانیـت، ئـەو پیـاوە لەبـەر زۆری کارەکانـی کاتـی بـۆ خێزانەکـەی نەبـوو، ئـەو پیـاوەی هەمـوو شـتێکی هەبـوو بـە تەنهـا کات نەبێـت، خانوەکـەی لـە شـەقامی تێمپلینـەر (Templiner straße) بایـی ملیۆنێـک مـارک بـوو، بـەڵام دواجـار چـی بەسـەر هـات، بەتەنهـا لەبـەر ئـەوەی ژنەکـەی خیانەتـی لێکردبـوو، لەگـەڵ یەکێـک لـە کرێکارەکانـی خۆیـدا نووسـتبوو، خـۆی توشـی ئـەو کارەسـاتە کـرد. ئەگـەر ئـەو کاتێکـی زیاتـری بـۆ ژنەکـە تەرخـان بکردایـەت ژنەکەیشـی پەنـای بـۆ کارێکـی لـەو جـۆرە نەدەبـرد، وە کاتێکیـش بـە خیانەتـی ژنەکـەی زانـی نەدەبـوو پەنـا بەرێـت بـۆ خواردنـەوەو خـۆی سـەرخۆش بـکات و بـە شـێوەیەکی ناشـیرین بەربێتـە گیانـی ژنەکـەی تـا ژنەکەیشـی ناچـار نەبێـت لـە پۆلیـس شـکاتی لێبـکات، پاشـانیش ئەنجامەکـەی ئەوەبـوو؛ بـە پێـی یاسـا خانـوو بەشـێک لەسامانەکەی بـۆ ژن و مناڵەکانـی بـوو، دەبـوو بەشـێک لەداهاتـی مانگانـەی بـۆ ژن و مناڵەکانـی بێـت، بـە کورتـی دەبـوو هەرچـی هەبـوو وە دەسـتی دەکـەوت لەگـەڵ ژنەکەیـدا دابەشـی بـکات، ژنەکەیشـی چەنـد هەفتەیەکـی پێنەچـوو لەگـەڵ ئـەو کـوڕەدا بـوو بـە هـاوڕێ، سـیگمونديش هەمـوو چارەسـەرەکەی خواردنـەوەو خۆسەرخۆشـکردن بـوو تـا دواجـار ئەوەشـی بـۆی مابـووە لەدەسـتی داو کەوتـە سـەر شـەقامەکان.

سـاڵانێک دواتـر بەهـاوکاری کەسـوکارەکەی و بـە چارەسـەرێکی درێژخایـەن لـە کهـول خواردنـەوە دووریـان خسـتەوەو گەڕاندیانـەوە سـەر ژیانـە ئاسـاییەکەی، بـەڵام ئـەو لـەو مـاوەدا زۆر شـتی لەدەسـت خۆیـدا، کار، مـاڵ، لەسـەروی هەموویـەوە تەمـەن، کەچـی گەڕایـەوە بۆ خاڵـی سـەرەتا، کـە دەبێـت لەوێـوە ژیـان دەسـت پێبکاتـەوە، کـە لـە دەسـتی دابـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا هیـچ کاتێـک درەنـگ نییـە بـۆ ئـەوەی دەسـت پـێ بکەیتـەوە، لـەوەش باشـتر ئەوەیـە مـرۆڤ کارێـک نـەکات دوای باجێکـی زۆر بگەڕیتـەوە بـۆ هەمـا خـاڵ....

مێلیسیا، ئەو ئێوارە تا درەنگی شەو ئادریان قسەی ڕق و ناخۆشی بەرامبەر بە من دەکرد، بەڵام دواجار قسەکانی وەک زللەیەک وابوو لەخەوێکی قورس و ناخۆش بێدارم بکاتەوە، لە قسەکانی فێربووم ئەم ژیانە وەک هێڵێکی شەمەندەفەر وایە ئێمەش شەمەندەفەرەکەین، نابێت بهێڵین لە هێڵەکە دەربچین ئەگینا یەکجار لە هێڵەکە دەرچووین ئیتر زۆر زەحمەت دەبێت جارێکی تر بکەوینەوە سەر هێڵەکەو بەردەوام بین لە ڕۆیشتن.

درەنگانی شەو بەجێیهێشتم و دوا قسەی ئەوەبوو؛ کە دەبێت بیر لە دوارۆژی خۆم بکەمەوە، سبەی کاتژمێر پێنجی ئێوارە دەیەوێت لەبەردەم خانەی پیرانی خۆری ئێوارەدا بمبینێتەوە. لەکاتی ڕۆیشتندا ئەوەندەم ڕق لێی بوو، ئەگەر تواناو دەسەڵاتم هەبوایەت لە دواوە بە چەقۆیەکەوە پەلامارم دەداو لەناوم دەبرد، بەڵام من زۆر لەوە بێ هێزتربووم ئەو کارە بکەم.

ئەو ڕۆیشت و من ئەگەرچی سەرم قورس و هێشتا ورو گێژ بووم نەمدەتوانی بنوم، قسەکانی بە شێوەیەک کاری تێکردبووم نەمدەتوانی بنوم. ئەو شەوە کون و قوژبنی ئەو ماڵە گەڕام بۆ ئەوەی تۆزێک کهول بدۆزمەوەو بیخۆمەوە هیچ نەبێت بۆ ئەوەی خەوم لێ بکەوێت بەڵام نەمدۆزییەوە. دواجار وەک شەیتانێک بە گوێمدا بچپێنێت، ژێر زەمینەکەم هاتەوە یاد، کە باوکم لەوێ شەرابی کۆنی هەڵدەگرت.

ئەوەی سەیر بوو کاتێک ڕۆیشتمە ژێر زەمینەکەو تەماشای ڕەفەی شەرابەکانم کرد، یەک دانە بوتڵی لێ نەمابوو، خەریک بوو بەو شەوە بدەمە قوڵپی گریان، بیرم دەکردەوە دەبێت کێ هاتبێتە ئێرەو هەموو شەرابە کۆنەکانی باوکمی بردبێت!. لەوەتەی مناڵ بووم تا ئێستا بیرم دێت، کە باوکم لەو ژێرزەمینەدا شەراب هەڵدەگرێت، هەمیشە شەرابی کۆن لە ماڵ ئێمە نەبڕاوە، بەڵام ئێستا لە پڕێکدا ئەو هەموو شەرابە بۆ کوێ ڕۆشتوون یان دەبێت کێ هاتبێتە ئێرەو لەگەڵ خۆیدا بردبنی!.

زۆر دڵ تەنـگ و نـا ئومێدانـە گەڕامـەوە سـەرەوەو ڕۆیشـتمە حەوشـەکە بـەو هیوایـەی یەکێـک لـە بوتڵـە کهولـەکان نەشـکابێت یـان هیـچ نەبێـت لـە قنگـی بوتڵەکـەدا شـتێک مابێتـەوە بـۆ ئـەوەی بیخۆمـەوە، بـەڵام لەویـش نائومێـد بـووم، کەڵکـی ئەوەشـم نەبـوو ئۆتۆمبیـل لێبخـوڕم و بـڕۆم لـە یەکێـک لـە مەیخانـەکان هەندێـک کهـول بکـڕم....

دوای نائومێدییەکـی زۆر ئەوەنـدەم ڕق بەرامبـەر بـە پاتریـک لـە دڵـدا بـوو ، بیـرم لـەوە دەکـردەوە چـۆن بتوانـم تۆڵـەی ئـەم شـەوەی لـێ بکەمـەوە، هـەر بەڕاسـتی بیـرم لـە تۆڵـە دەکـردەوە، چونکـە لەهەمـوو ژیانمـدا هیـچ کەسـێک بـەو شـێوەیە ئـازاری نەدابـووم، بۆیـە دواجـار بڕیارمـدا هەرچۆنێـک هەبێـت بنـوم بـۆ ئـەوەی بتوانـم بـۆ سـبەینێ بڕۆمـەوە بـۆ سـەر کار.

کاتیـک ڕۆشـتمە ژوورەکـەم لەسـەر ڕەفـەی کتێبخانـە بچکۆلەکـەم چـاوم بـە بوتڵێکـی بچـوک "تەکیـلا" کـەوت، ئـەو بوتڵـە دیـاری پاتریـک بـوو، لەسـەفەرێکی بـۆ مەکسـیک لەگـەڵ خۆیـدا بـۆی هێنابـووم، بوتڵەکـە لـە شـێوەی دەموچـاوی پیاوێکـی مەکسـیکی نەخشـینرابوو، پیاوێـک سـمێڵێکی زل کڵاوێکـی مەکسـیکی لەسـەردا بـوو، هەروەهـا شـاڵێکی مەکسـیکی لەملـی پێچابـوو، یەکێـک بـوو لـەو دیارییـە جوانانـەی چەنـد ساڵێک بـوو، لـە سـەر ئـەو ڕەفـەی ژوورەکـەم دامنابـوو، زۆر سـەرنج ڕاکێـش بـوو.

چاوپێکەوتنـی ئـەم بوتڵـە کەمێـک دڵخۆشـی کـردم، لەبەرخۆمـەوە بزەیەکـم بـۆ کـرد، بوتڵەکـەم داگـرت و کەمێـک بەدەسـتەکانم سـڕیم، چونکـە تـۆز گرتبـووی، پێـش هەمـوو شـتێک شـاڵەکەی ملیـم لێکـردەوەو فڕێـم دا، پاشـان سـەرەکەی، کـە کڵاوێکـی مەکسـیکی بـوو بـاداو قومێکـم لێـدا، زۆر تیـژ بـوو، وەک ئاگـر هەنـاوی سـوتاندم.

سـەرەڕای گەرمـی تەکیلاکـە، کـە وەک ئاگـر هەنـاوی ئەسـوتاندم، کەمێـک ئارامـی پێبەخشـیم و توڕەبوونەکـەی ناخمـی هێورکـردەوە، بۆیـە چەنـد قومێکـی دیکـەم لێـداو لەسـەر ڕایەخەکـە ڕاکشـام....

# ٦

تــەواوی ڕۆژی دوایــی لەســەر کار بــە سەرئێشــەوە بەســەرم بــرد، ئەمــەش مانــدووی دەکردم. ڕووداوەکانــی شــەوی ڕابــردووم وەک خەوێکــی کاڵەوەبــوو دەهاتنــە پێشــچاو، دڵنیــا نەبــووم، کــە ئایــا ئــەو ڕووداوانــە بەڕاســتی ڕوویانداب‌ــوو یــان بەتەنهــا خەوێــک بــوون.

دوای تەوابوونــی کار وەک زۆربــەی ڕۆژەکانــی تــر دوای کڕینــی هەندێــک پێداویســتی بــەرەو خانــەی پیرانــی خــۆری ئێــوارە بەڕێکەوتــم. بــەڵام ئــەوەی ئــەم ئێــوارەی لــە ئێوارەکانــی تــر جیادەکــردەوە ئەوەبــوو وەک ئێوارەکانــی تــر دایکــم لــە کافتریاکــە نەبــوو. ئــەو زۆربــەی ئێــواران کاتێــک ســەردانم دەکــرد لەگــەڵ هەندێــک لــە پیرەژنەکانــی تــر لــە گۆشــەیەکی دڵگیــری کافتریاکــە ســەرقاڵی یاریکــردن بــوون.

تاوێــک لــە نــاو حەوشــەو باخەکــە گــەڕام لەهیــچ شــوێنێک ســۆراخیم نەکــرد، ئــەوە یەکەمجــار بــوو ئــەو حەوشــە جوانــە ببینــم، کــە هەمــوو ڕاڕەوەکانــی بــە گوڵــی جــوان ڕازێنرابــووەوە، هێنــدە دڵگیربــوو لــە خۆمــەوە ئیرەییــم بــەو شــوێنە دەبــرد. دوای ئــەوەی کەمێــک لەنــاو چیمەنکــەدا پیاســەم کــردو هــەوای پاکــم هەڵمــژی گەڕامــەوە بــۆ نــاو خانەکــەو ڕۆیشــتمە قاتــی ســەرەوە، کــە دایکــم لــە ژووری ژمــارە ٣١١ لەگــەڵ خاتــوو دۆرۆتیــا، کــە هــەر بــە دۆرلایــن بانگــی دەکــرد پێکــەوە نیشــتەجێبوون.

مێلیســیا، ئێســتا ئــەو ژمارەیــەت بیردەکەوێتــەوە؟. بێگومــان بیــرت دەکەوێتــەوە، چونکە ئــەوە شــتێک نییــە لــە نێوانــی ئێمــەدا هــی ئــەوە بێــت لەبیربچێتــەوە، بــەڵام ئــەوەی ســەیربوو، بــۆ ئــەو ژمــارەی ژووره جارێکــی تــر لــە بەرشــەلۆنە بــەر مــن وپاتریــک کــەوت!.

پێــش ئــەوەی بڕۆمــە ژوورەوە، ویســتم لەدەرگاکــە بــدەم، بــەڵام گوێــم لــە دەنگــە دەنگێکــی زۆربــوو، هەســتم کــرد ژوورەوە قەرەباڵغــە.

کاتێـک وەژوور کەوتـم دەبینـم پاتریـک لـەوێ لەنێـوان هەردووکیانـدا لەسـەر کورسـییەک دانیشـتووە و قاقـا پێدەکەنـن، ئـەوەی ڕاسـتی بێـت بەبینیـی پاتریـک زۆر دڵخـۆش نەبـووم، چونکـە هێشـتا لـە توڕەبوونەکانـی شـەوی ڕابـردوو بەتـاڵ نەبووبمـەوە، ئەگەرچـی وەک گوتـم؛ هەمـوو شـتێکم بەباشـی نەدەهاتـەوە یـاد، ئەمـەش مانـای ئـەوە نەبـوو لەبیرکردنـی ئاسـان بێـت.

هەرلەگـەڵ وەژوورکەوتـم ڕووی کـردە هـەردوو پیرەژنەکـەو گوتـی؛ ئەوەتـا نەمگـوت؛ ئێسـتا پەیـدا دەبێـت، ئیتـر تێگەیشـتم بەمەبەسـت لـە ژوورەوە چاوەڕوانـی کـردووە تـا مـن لـەوێ خەجاڵەتبـار بـم و سـەبارەت بـە ڕووداوەکـەی شـەوی ڕابـردوو هیچـی لەگەڵـدا نەڵێـم، چونکـە ئـەو بـاش منـی دەناسـی، کـە چەنـد لەبـەردەم دایکمـدا شـەرمنم، بـەڵام چـی دەکەیـت...؟.

بەسـاردییەکەوە ڕۆیشـتمە ژوورەوەو شـتەکانم لەسـەر مێزەکـە دانـاو ئاماژەیـان بـەو کورسـییەی پێشـتر بـۆم ئامادەکرابـوو لەسـەری دابنیشـم کـرد، مـن بـە سـاردییەک و ناخێکـی پـڕ لـە توڕەبوونـەوە، کـە لـە ناخمـدا قوڵپـی دەدا لەسـەر کورسـییەکە دانیشـتم، پاتریـک وەک کارەکتـەرە نەگۆڕەکـەی خـۆی، بەبـێ ئـەوەی هیـچ خـۆی تێـک بـدات بـە پێکەنینـەوە ڕووی لـە خاتـوو دۆرلایـن کـردوو گوتـی؛ ژیـان وەک خەونـی مرۆڤـەکان وایـە بـە خۆشـی و ناخۆشـییەکانییەوە دەبێـت بـە ڕابـردوو، ئـەوەی بـۆ مرۆڤـەکان مایـەی گرنگـی پێدانـە ئێسـتایە، مـرۆڤ پێویسـتە هەمـوو هـۆش و بیـری لـەلای ئـەم سـاتە بێـت، کـە تیایـدا دەژی، چونکـە کات بـەردەوام لـە تێپەڕبووندایـە، ژیانیـش وەک کات وایـە، هەرکاتێـک وەسـتا ئیتـر کۆتایـی دێـت.

خاتـوو دۆرلایـن هەناسـەیەکی هەڵکێشـاو گوتـی؛ ڕاسـت دەکەیـت، مـن چیتـر حەسـرەت بـۆ ئـەو ڕۆژانـە ناخـۆم، بەڵکـو حەسـرەتی مـن بەتەنهـا بێـڵ و کچەکەمـە، دەزانـم هـەر دێـن بـۆ سـەردانم، بـەڵام نازانـم کـەی، ڕەنگـە مـن پەلـەم بێـت ئەگێنـا دەزانـم هـەر دێـن!.

منیش بە سەرسوڕمانێکەوە پرسیم؛ بۆ بێڵ و کچەکەت لە کوێن؟.

هــەر لێــرەن، لەبەرلیــن، ئــەوان لــە مــن تــوڕەن بۆیــە ســەردانم ناکــەم، ئەگەرچــی دەزانــم هــەر دێــن، هەرکاتێکیــش هاتــن ئیتــر مــن بــە ئاســودەیی ئەمــرم.

ویســتم هەندێــک پرســیاری تــری لێبکــەم، دایکــم قســەکەی لــەدەم وەرگرتــم و گوتــی؛ ئــەو دامــاوە جگــە لــەوەی توشــی بیرچوونــەوە بــووە کەمێکیــش خەڵەفــاوە، بۆیــە وازی لێبهێنــن، ڕۆژانــە لــە خــوارەوە هــەر پیاوێــک ئەبینێــت بەپەلــە بانگــم ئــەکات و ئەڵێــت ئــەوە بێڵــە، خــۆ پیاوەکانــی ئێــرەش زۆربەیــان حاڵیــان لەئــەم باشــتر نییــە.

ئــەو ئێــوارە تــا درەنگــی شــەو ماینــەوەو بــە قســە خۆشــەکانی خاتــوو دۆرلایــن پێدەکەنین، ئــەو ژنــە ناتوانــم بڵێــم مێشــکی لەدەســتدابوو، بــەڵام لەنــاو خــەوو خەیاڵاتێکــی زۆر ســەیردا دەژیا.

ئــەوە لەبیــرم چــوو باســی ئــەم خانــەی پیرانــە بکــەم، کــە بەتەنهــا خانەیــەک نەبــوو بــۆ چاودێــری و خزمەتکردنــی پیــرەکان بەڵکــو لەهەمانکاتیشــدا شــوێنی چارەســەر بــوو، دەتوانیــن بڵێــن نەخۆشــخانەیەکی بچوکیــش بــوو بــۆ ئــەو پیرانــەی کێشــەی تەندروستیشــیان بــاش نەبــوو. لــە دوای کەمتــر لــە مانگێــک دایکــم دەنگــی کرایــەوەو تەندروســتی بــەرەو باشــتر دەڕۆیشــت....

ژیــان ئاوایــە مێلیســیا، ئێمــە بــە منداڵــی لەدایــک ئەبیــن و دواتریــش هــەر بــە منداڵــی ئەمریــن، ئەگــەر پێــت بڵێــم ئــەو ماوەیــەی بــەردەوام تــا درەنگــی شــەو لــەلای دایکــم ئەمامــەوە قــەت هەســتم نەدەکــرد لــە خانەیەکــی بــە تەمەنەکانــم، بەڵکــو هەســتم دەکــرد لــە خانەیەکــی منداڵانــم!.

چەنــد ســەیرە! مــرۆڤ وەک خــۆر وایــە ســەرەتا بــە ڕەنــگ و تیشــکێکی لاوازەوە ســەرهەڵئەدات، وردە وردە لەگــەڵ باڵاکردنــدا پێــدەگات و دەگەشــێتەوە تــا نیــوڕۆ، لــە نیــوەڕۆدا کامــڵ دەبێــت، ئیتــر لەوێــوە وردە وردە جارێکــی تــر بــە هێواشــی بــەرەو لاواز بــوون

هەنــگاو دەنێــت و گەشــی و گەرماییەکــەی بــەرەو کزبــوون دەڕوات تــا پێــش ئاوابــوون.

خـۆر پێـش ئـەوەی ئـاوا بێـت کـزو مانـدوو دەبێـت، تیشـکەکانی گەرماییـان لێدەبڕێـت، هەورێکـی سـادە ئەتوانێـت بێهێزتـری بـکات، ئەتوانێـت هەناسـەکانی بخنکێنێـت، بـە پێچەوانــەی هەڵهاتنــەوە، هیــچ هەورێــک ناتوانێــت هەناســەکانی بخنکێنێــت، چەنــد پەڵــە هــەوری ڕەش و بــۆر دەوری بگــرن ناتوانــن ڕێــگا لــە درەوشــانەوەی بگــرن.

دیـارە هـەر بـەم مەبەسـتەش ئـەم خانەیـان نـاو نـاوە "خانـەی خـۆری ئێـواران"، واتـە ئەوانــەی وەک خــۆر ســوڕی ژیانیــان بــەرەو تــەواو بــوون دەڕوات، وەک خــۆری ئێــواران لاواز دەبـن و دواجـار لـەم کەنـاری خانـەدا بـە یەکجـاری ئـاوا دەبـن، ئەگەرچـی لـەدوای ئاوابوونیــش وەکــو هەتــاو گەرماییەکەیــان بــۆ ماوەیــەک کاریگــەری بەســەر ژیانمانــەوە دەمێنێــت.

دوای ئــەو ئێــوارەی ســەرانی دایکــم کــردو پاتریکــم لــەوێ بینــی، تــا درەنگــی شــەو مامــەوە، ئەگەرچــی پاتریــک زووتــر ڕۆیشــت، بــەڵام مــن پێمخــۆش بــوو زیاتــر بمێنمــەوە، قســەکانیان ئەوەنــدە خــۆش و چێــژ بەخــش بــوو حــەزم نەدەکــرد بــە جێیــان بهێڵــم.

کاتێـک لەڕێـگادا بـۆ ماڵـەوە دەگەڕامـەوە هـەر بیـرم لـە پاتریـک دەکـردەوە، بـۆ ئـەو شـەوە بـەو شـێوە قورسـە منـی ئـازاردا، ئەگـەر هـاوڕێ و دڵسـۆزی مـن بـوو خـۆ دەیتوانـی ڕێگایەکـی تـر بگرێتـە بـەرو ئـازارم نـەدا، دواتـر هەرخـۆم وەڵامـی خۆمـم دایـەوە، کـە ئـەو زۆر هەوڵــی لەگــەڵ منــدا دا بــەڵام مــن بەگوێــم نەکــرد، ڕەنگــە ئیتــر نائومێــد بووبێــت، بەهەرحــاڵ ســەرەڕای ئازاردانەکەشــی شــتێکی خراپــی نەکــرد.

لـەدوای ئەوجـارەوە ئیتـر ئێـواران دەڕۆیشـتم بـۆ خانەکـەو تـا درەنگـی شـەو دەمامـەوە، کاتێکیــش دەگەڕامــەوە ئەوەنــدە مانــدوو بــووم یەکســەر خــەوم لێدەکــەوت، ئــەوەی خۆشـبوو زۆربـەی پیـرەکان بووبـوون بەهاوڕێـم، پیاوێکـی قسەخۆشـی لێبـوو نـاوی فرانـک

هــەر لەگــەڵ دەرۆیشــتمە ژوورەوەو دەگەیشــتمە کافتریاکــە یەکســەر دەهــات بــە پیرمــەوەو دەســتی بەقســەکردن دەکــرد، وام هەســت دەکــرد ئــەو پیــاوە لەهەمــوو تەمەنیــدا هیــچ کەســێک ئەوەنــدەی ئــەو مــاوەی مــن گوێــم لێدەگــرت کــەس گوێــی لــێ نەگرتبێــت. ئێســتا تاقەتــم نییــە هەموویــت بــۆ بگێڕمــەوە، چیرۆکــی ژیانــی ئــەو بەشــێک بــوو لــە مێــژووی شــاراوەی شــاری بەرلیــن. ئــەو باســی سیاســەتی نەدەکــرد، ئــەو باســی ژیانــی ئاســایی ئــەو خەڵکــەی دەگێڕایــەوە لــەدوای وێرانکردنــی لــە لایــەن هێــزە هاوپەیمانەکانــی ڕۆژئــاوا لەلایــەک و هێزەکانــی ســوپای ســوری ســۆڤێتی لەلایەکــی تــرەوە، دەیگــوت؛ ئــەم ئەڵمانیــا بەتایبەتیــش شــاری بەرلیــن قــەرزاری ژنەکانێتــی، تــۆ ئــەم پیرەژانــە ئەبینیــت لــەم خانەیــەدا پیــرو پەککەوتــە بــوون و کەســێک لێیــان ناپرســێتەوە، ئــەم شــارە لــە سەرشــانی ئەمانــە پاکرایــەوە و بونیــاد نرایــەوە. ئــەم شــارە ژنــەکان، ژنــە ئازاکانــی بەرلیــن پاکیانکــردەوەو دروســتیان کــردەوە.

کاتێــک گوتیــان؛ جەنــەراڵ ئالفرێــد یــۆدل بەبــێ هیــچ مەرجێــک بەرلینــی تەســلیمی هێــزە داگیــرکارەکان کــردووە مــن تەمەنــم ١٤ ســاڵان بــوو، ئــەو کاتــە ئەگەرچــی کەمێــک درەنــگ بــوو لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆر دڵخۆشــکەر بــوو، بۆیــە بــۆ هیــچ شــتێک درەنــگ نییــە، چونکــە ئەگــەر ئەوەشــی نەکردایــەت ئــەوا ئەوەشــی مابــوو لەســەر دەســتی ڕوســەکان وێــران و لەنــاو دەبــرا، ئــەوان زۆر بێڕەحــم بــوون بەرامبــەر بــە ئەڵمانــەکان، ڕقێکــی زۆر ئەســتوریان بەرامبــەر بــە ئەڵمانــەکان هەبــوو، هیــچ بەرلینییــەک نییــە ئــەوە نەزانێــت، کــە ڕوســەکان بەتەنهــا نەهاتبــوون ئەڵمانیــا داگیــر بکــەن، بەڵکــو هاتبــوون تۆڵــەی خۆیــان بکەنــەوە.

جیــاوازی نێــوان ڕوس و ئەمەریکییــەکان لــەوەدا بــوو، ئەمەریکییــەکان پێــش ئــەوەی نیــازی داگیرکردنــی شــوێنێکیان هەبێــت یەکســەر پەلامــار نــادەن وێرانــی بکــەن و هەمــوو شــتێک لەنــاو ببــەن، بەڵکــو پڕوپاگەندەیەکــی زۆر بڵاودەکەنــەوە، کــە ئــەوان نیــازی داگیرکردنــی هیــچ شــوێنێکیان نییــە، بەڵکــو بەتەنهــا دەیانەوێــت خەڵکەکــە لــە

دەسـتی ڕژێمـە فاشـییەکەیان ڕزگار بکـەن، ئەمـەش وا دەکات وێنـەی ئەمەریکییـەکان لـە داگیرکارێکـەوە بگۆڕێـت بـۆ ڕزگارکەرێـک، بـەڵام ڕوسـەکان تـەواو پێچەوانـەی ئەمەریکییـەکان بـوون، هەمـوو شـتێکیان وێـران دەکـردو هەمـوو کەسـێکیان لەنـاو دەبـرد، بۆیـە زۆری پێنەچـوو هەڵهاتـن لـە ژێردەسـتی ڕوسـەکان، کـە بەشـێکی زۆری بەرلینیـان بەدەسـتەوە بـوو بـەرەو لای ڕۆژئاوییـەکان دەسـتی پێکـرد، سـەرکەوتنی ئەمەریکییـەکان لـە جەنگـە داگیرکارییەکانیـدا ئەوەیـە لـەدوای داگیـرکاری تـرس و تۆقانـدن بـڵاو ناکەنـەوە، هەوڵـدەدەن زیاتـر خەڵکەکـە دڵنیـا بکەنـەوە، کـە داگیـرکار نیـن، بەڵکـو بـۆ ڕزگارکردنـی خەڵکەکـە لەوێـن، ئەمـەش تـا ڕادەیـەک کاریگـەری باشـی لەسـەر خەڵکەکـە دادەنـا.

فرانـک دەیگـوت: ئـەو ڕۆژانـە بـۆ ئێمـە زۆر سـەخت بـوون، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی دەیانگـوت جەنـگ بەتەواوەتـی کۆتایـی هاتـووە، ئـەوە بـۆ ئێمـە درۆیەکـی گـەورە بـوو، بەتەنهـا جەنگـی پیـاوەکان کۆتایـی هاتبـوو، بەڵکـو جەنگـی ئێمـە ئەوانـەی لەژیانـدا مابوویـن تـازە دەسـتی پێدەکـرد، ڕاسـتتر بڵێـم جەنگـی ژنـە بەدبەختـەکان تـازە دەسـتی پێدەکـرد، جەنگـی برسـێتی و بـێ ئـاو کارەبایـی و پاککردنـەوەی شـەقام و باڵەخانـە ڕوخـاوەکان....

ئـەم شـارە تـۆ دەیبینیـت، لەهـەر کوێیەکـەوە دەڕۆشـتیت وێرانـە بـوو، شـەقامەکانی بەرلیـن ئاپارتمانـی وێـران، ئۆتۆمبیـل و کەرەسـتەی تێکشـکاو داپۆشـیبوون، مـرۆڤ جگـە لەبۆنـی خوێـن و لاشـەی کەوتـوو ئاسـەوارێکی ترسـناک هەسـتی بەهیچـی تـر نەدەکـرد.

ئـاوو کارەبـا نەبـوو نەخۆشـییەکی زۆر بـڵاو بووبـووە، وەک باسـیان دەکـرد نزیکـەی نیـو ملیـۆن برینـدار لـەم شـارەدا هەبـوو، هەمـوو نەگبەتییـەکان بـۆ ژنـەکان مابـووە، جگـە لەئەرکـی دایکایەتـی شـەوو ڕۆژ بـە بـێ وەسـتان کاریـان بـۆ پاککردنـەوەی ئـەم شـارە دەکرد، ژنـم دەبینـی لەکاتـی کارکردنـدا منداڵەکـەی بـە کۆڵـەوە بـوو ئاپارتمانـە ڕوخاوەکانیـان پـاک دەکـردەوە، ژنـە بەتەمەنەکانـت دەبینـی لـە چاوەڕوانـی کوڕەکانیانـدا لەسـەر بـەردی

خانـووه ڕووخـاوەکان دادەنیشـتن و چاویـان دەبڕییـە وێسـتگای شـەمەندەفەرە ڕوخـاوەکان، بـە ئومێـدی ئـەوەی شـەمەندەفەرێکی شـکاوو مانـدوو سـەربازە شکسـتخواردوو دۆڕاوەکان بهێنێتەوە .

لەسـەر شـەقامەکان منداڵـە بـێ باوکەکانـت دەبینـی بـۆ دۆزینـەوەی باوکیـان باوەشـیان بەقاچـی هەمـوو سـەربازێکدا دەکـرد، ژیـان زۆر لـەوە قورسـتر بـوو ئێسـتا تـۆ بیریـی لـێ بکەیتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا مرۆڤـەکان دڵیـان مابـوو، هێشـتا دڵیـان هـەر لـە گۆشـت و خوێـن بـوو، کەسـێک نانێکـی دەسـتبکەوتایە بـە تەنهـا نەیدەخـوارد، هیـچ کەسـێک نەیدەتوانـی پاروویـەک قوتبـدات ئەگـەر منداڵێکـی برسـی بدیایـە، کەسـێک نەبـوو هەسـت بـە ئـازاری ئـەوەی تـر نـەکات، ئەوەتـا ئێسـتاش دەبینیـت زۆربەیـان لێـرەن، کـێ ئاوڕیـان لێدەداتـەوە، کـێ دەزانێـت ئـەم ژنانـەی لێـرەن چەنێـک نەهامەتییـان چەشـتووە، کـێ هەسـت بـە ئازارەکانیـان دەکات، کـێ بـەوە دەزانێـت ئـەم شـارە لەسـەر گۆشـت و خوێنـی ئەمانـە دروسـتکرایەوە ....!.

دانیشـتن لەگـەڵ ئـەم پیـاوەدا زۆر خۆشـبوو، بـەس کێشـەیەکی هەبـوو قـەت لەسـەر یـەک بـاس بـەردەوام نەدەبـوو، لەباسـی مێـژووی شـاری بەرلینـەوە دوای جەنگـی جیهانـی دووەم، لەپـڕ باسـەکەی دەگـۆڕی بـۆ شـوێنێک هیـچ پەیوەندیەکـی بـە باسـەکەی پێشـووەوە نەبـوو، بـۆ نمونـەی دەیگـوت؛ ئـەو سـەردەمە هەمـوو میتـرۆ و وێسـتگای شـەمەندەفەرەکان وێـران کرابـوون، بەئاسـتەم شـەمەندەفەر هاتوچـۆی دەکـرد، شـەمەندەفەرێک لەشـوێنێکە ببزووتایـە بەجارێـک سـەد کـەس خـۆی پیـا هەڵدەواسـی، کەچـی ئێسـتا ئـەو هەمـوو وێسـتگا گـەورەو جوانەمـان هـەن، شـەمەندەفەری خێـرا، کـەس تاقەتـی نییـە لەسـەر کورسـییەک لەگـەڵ یەکێکـی تـردا دابنیشـێت، فارگۆنێـک جێـگای پەنجـا کەسـی تیـا ئەبێتـە کەچـی بیسـت کەسـی تێدایـە هەریـەک لەسـەر کورسـییەک دادەنیشـێت، کـەس چـارەی ئـەوی تـری ناوێـت، نازانـم ئـەم خەڵکـە بـۆ وایـان لێهاتـووە، مـن هەرکاتێـک سـواری شـەمەندەفەر ئەبـم ئـەڕۆم بـۆ ئـەو کوردسـییەی یەکێکـی لێیـە، لەگەڵیـدا قسـە

دەکەم، باسی ئەم ژیانە، باسی سەفەرەکەمی بۆ دەکەم باسی ئەوەی دەکەم، جاران ڕۆژێکمان ئەویست لەبەرلینەوە تا بگەینە "بۆدەن زێ"....

مێلیسیا، ئیتر کە باسی بۆدەن زێ دەهاتە پێشەوە ئەم پیاوە هەموو قسەکانی پێشووی لەبیر دەچوو بەس باسی پیاسەی بۆدەن زێ و دەزگیرانەکەی دەکرد، باسی خواردنی ئەو ناوچەیەی دەکرد، دیاربوو ژنەکەی خۆی زۆرخۆش ویستبوو، بەڵام زووتر مردبوو، کوڕو کچێکی هەبوو، لەماوەی ئەو ساڵەی من هاتوو چۆی ئەو خانەم دەکرد یەک جار چاوم پێیان کەوت، ئەوان تەمەنیان لەسەروو چلەکانەوە بوو.

ژیانی ئەو خانە ژیانێکی زۆر پاک و بێگەردبوو، ئەو خەڵکە لەوێ بوون هەموویان دڵیان وەک منداڵ ناسک بوو، بە سادەترین شت دەگریان، وەک منداڵ زوو دڵیان دەشکا، هەرزووش چاک دەبوونەوە، بەسادەترین شت دڵیان خۆش دەبوو، هەستت دەکرد هەریەکەیان کۆڵێک قسەی نەوتراویان لەسنگدایە، هەموو نهێنییەکانی ژیانی ڕابردوویان بە بێ هیچ فشارێک دەدرکاند.

مێلیسیا، ئەو مرۆڤانە زۆر گوناح بوون کەس نەبوو گوێ لە چیرۆکە پەنهان کراوەکانیان بگرێت، مەرحەبای یەکێکت بکردایەت یەک کاتژمێر قسەی بۆ دەکردیت، سەرەتا چونکە فێر نەبووبووم گوێ لەخەڵکی تر بگرم زوو بێتاقەت دەبووم، دەمگوت؛ کێ تاقەتی وڕێنەی ئەم هەموو پیرەی هەیە، بەڵام دواجار بۆم دەرکەوت ئەو وڕێنانە بەشێک بوون لە ڕاستی ژیانی ئەو کەسانە، لەگەڵ هەر یەکێکیاندا دادەنیشتیت، هەستت دەکرد وەک گوناهبارێک بۆ ئەوەی پاکبێتەوە دان بەگوناهەکانیدا دەنێت.

یەکێک لە خراپترین سیفەتی ئەو پیرانە ئەوەبوو نەدەبوو لەگەڵ چەند دانەیەکیان پێکەوە دابنیشت، باشتر بوو هەمیشە لەگەڵ یەک دانەیان دابنیشتیت، چونکە ئەوان سەرەڕای ئەوەی زۆربەیان گوێیان گرانبوو گوێشیان نەدەگرت، هەرهەموویان دەیانویست قسە بکەن، جاری وا هەبوو پێنج کەس بەیەکجار قسەیان دەکرد.

نزیکەی هەشت مانگ بوو بەردەوام شەوان تادرەنگ لەلای دایکم دەمامەوە، ئیتر لە ژوورەکەی خۆی بێت یان لە کافتریاکە. لەو ماوەدا خاتوو دۆرلاین تەندروستی بەرەو خراپی دەڕۆیشت، تەوا حاڵی پەرێشان بووبوو، ئەمەش ناعەدالەتییەکی تری ئەم دونیا بوو، کە ئەو پیرانە تا هاوڕێ و هاودەمێکیان بۆ پەیدا دەبوو زوو یەکێکیان لەکیس دەچوو. لەگەڵ تێکچوونی باری تەندروستی خاتوو دۆرلایندا هەستم دەکرد باری تەندروستی دایکیشم کەمێک گۆڕانی بەسەردا هاتبوو.

ئێوارەیەک وەک هەموو ئێوارەکانی تر ڕۆشتمەوە بۆ سەردانی دایکم، نازانم بۆچی ئەو ئێوارە کەمێک دوا کەوتم، دەبینم کچێک کەمێک لەتەمەنی من گەورەتربوو لەگەڵ دوو مناڵدا لەوێ بوو، ئەوە یەکەمجارم بوو ئەو کچە ببینم، ئێ خاتوو دۆرلاینیش وەک بیستبووم کەسی نەبوو سەردانی بکات، دەبوو کێ بێت....!.

هەرکە ڕۆیشتمە ژوورەوە دایکم وەک ئەوەی مێشکمی خوێندبێتەوە نەهێڵێت هیچ بڵێم، گوتی؛ ئەوە مانوێلای کچی دۆرلاینە، ئەو نەیگوت؛ دێت سەرم ئەدات، قسەکەی دۆرلاین ڕاست دەرچوو.

کچەکە تەوقەی لەگەڵدا کردم و خۆی پێناساندم، دوو مناڵی خنجیلەی لەگەڵدا بوو، بەڵام خاتوو دۆرلاین لەگەڵ ئەوەی ڕەوشی زۆر خراپ بوو لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵکەوتبوو چاوەکانی لەخۆشیدا دەبریسکانەوە، بزە لە لێوەکانی نەدەبڕان، لەبەر خۆیەوە دەیگوت، ئێلا هەر دەمزانی دێیت، هەر دەمزانی بە تەنها بەجێم ناهێڵیت بمرم، خۆزگە بێڵ یش دەهات، دەزانم ئەویش دێت.

منیش دەمێک بوو مەراقی ئەوەم بوو بزانم کچەکەیی و بێڵ لە کوێن، ئەوە کچەکەیم بینی ئەی بێڵ، بۆیە ڕووم لە مانوێلا کردو گوتم؛ بە زمانی دایکییەوە پرسیم؛ ئێلا ئەی بێڵ لە کوێیە، بۆ ئەوەیس نایەت سەرێکی لێ بدا زۆر حاڵی پەرێشانە...!.

ئێـلا دای لـە قاقـای پێکەنیـن، گوتـی؛ منیـش نازانـم لەوەتـەی هـەم بـەس ناوەکەیـم بیسـتووە، ئـەوە گەنجێکی ئەمەریکی بـووە دایکـم کاتـی خـۆی شـەیدای بـووە، ماوەیەکـی زۆر لەگـەڵ دایکمـدا پەیوەنـدی سێکسـی هەبـوو، دڵنیـام لەگـەڵ کچانـی تریشـدا هەمـان پەیوەنـدی هەبـووە، لەپرێکـدا دیـار نامێنێـت، وەک دایکـم دەیگێڕایـەوە سـاڵێک بـەر لـە درووسـتکردنی دیـواری بەرلیـن بـووە، ئـەم دیـار نەمانـە وا لەدایکـم دەکات تـەواو شـەیدای ببێـت و دونیـا بەدوایـدا بگەڕێـت، ئەڵێـت بـۆ دۆزینـەوە سـەردانی هەمـوو سـەربازگە ئەمەریکییەکانـم دەکـرد، کەچـی پێیـان ڕادەبـواردم، بەجارێـک دە دوانـزە سـەربازییان دەهێنـاو دەیانگـوت؛ ئەمانـە هەمـووی بێـڵ ن، تـا ڕۆژێکیـان ئەفسـەرێکی ئەمەریکـی پێـی دەڵێـت، ئـەو بێڵـە تـۆ باسـی دەکەیـت لـەوە ناچێـت ئەمەریکی بێـت لـەوە ئەچێـت ئینگلیـز بێـت، بـۆ ناڕۆیـت سـەرێک لەسـەربازگە ئینگلیـزەکان بدەیـت، ئـەوان زۆر شـەیدای ژنانـن.

وەک دایکـم دەیگێڕایـەوە، هـەر لەبـەر ئـەوەی بـە ئینگلیـزی قسـەی کـردووە وای زانیـوە ئەمەریکییـە، نازانـم، منیـش لێـم دەپرسـی، باشـە بـە چ زمانێـک قسـەتان لەگـەڵ یـەک دەکـرد، دەیگـوت؛ ڕاسـتی بیـرم نەمـاوە، نـا ئێمـە قسـەمان زۆر نەدەکـرد، لەبـەر ئـەوەی هـەر بەیـەک دەگەشـتین دەممـان لەنـاو دەمـی یەکـدا بـوو بەچـی قسـە بکەیـن، پەیوەنـدی ئێمـە قسـە نەبـوو....

دایکـم دەیگـوت؛ دیارنەمانـی ئـەو کـوڕە هـەر لەخۆمـە زۆر کاری تێکـردم، بـوو بـوو بـە خولیـای نـاو سـەرم، ئەگەرچـی ئـەو تاکـە سـەربازێکی بێگانـە نەبـوو پەیوەندیمـان لەگەڵیـدا هەبووبێـت، بـەڵام دیـار نەمانـی لـە پرێکـدا بریـنداری کـردم، خـۆ ئەگـەر شـتەکە بـەو شـێوە کتوپـڕە نەبوایـەت و پێشـتر بیگوتبـا دەڕۆمـەوە بـۆ وڵاتەکـەی خـۆم یـان دەمگوازنـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر ئاسـایی بـوو....

ئێـلا سـەرەتا بـە توانجێکـی گاڵتـە ئامێـزەوە چیرۆکـی دایکـی و بێـڵ ی دەگێڕایـەوە،

بەڵام کاتێک گەیشتە سەر ئەوەی، کە گوتی؛ نازانم دایکم دەڵێت؛ کە گوایا من کچی بێڵ م تۆنی دەنگی هێواش و غەمگین دەبوو، کاتێک قسەی دەکرد لچی هەڵدەقورتاند بەردەوام دەبوو لە چیرۆکەکەی؛ دوای دیار نەمانی بێڵ بە چەند مانگێک دایکم هەستی کردووە سکی پڕە، ئەگەرچی ئەو لەو ماوەدا لەگەڵ پیاوانی تردا نووستووە، بەڵام دەیگوت؛ دڵنیام تۆ لە بێڵ یت.

ئەو شەوە کاتێکی زۆرخۆشمان بەسەربرد، منداڵەکان زۆر دڵیان بەوە خۆشبوو بۆ یەکەمجار داپیرەیان دیبێت، منداڵەکان بە هۆی خوێندنەوەی چیرۆکەکانەوە زۆر زوو هۆگری داپیرەیان دەبن، داپیرە بۆ منداڵەکان گەنجینەیەکە لە چیرۆک و بەسەرهاتی خەیاڵی، بەڵام داپیرەی ئەوان لەوە نەدەچوو بتوانێت خەیاڵەکەی ئەوان ئاسوودە بکات.

لە دانیشتنەکەدا ئێلا بە غەمبارییەکەوە گوتی؛ لە دوای تەمەنی پێنج ساڵییەوە ئەمە یەکەمجارە دایکم ئەبینم، هەمیشە هەواڵیم لە ڕێگای نەنکمەوە ئەبیست، ئەو منی بە خێوو گەورە کرد، بۆیە تا مرد خزمەتم کرد، خۆم ئەزانم نەنکم چ ڕەنجێکی لەگەڵدا کێشاوم تا گەورەم بکات و لەسەر پێیەکانی خۆم بم وەستێنێت، هەر ئەویش هانیدام ئەم ئێوارە بێم و سەردانی دایکم بکەم، ڕەنگە ئەمەتان لەلا سەیر بێت مردوویەک بتوانێت کاریگەری لەسەر زیندوویەک دابنێت!.

نەنکم ژنێکی زۆر ڕۆح پاک بوو، دڵسۆزی ئەو بۆ خێزانەکەیکەم وێنەبوو، هەموو جار بەخۆی دەگوت؛ دەبێت گوناهێکم کردبێت وا خوا بەم کچە سزای داوم. دایکم هەر بە گەنجی نەنکم و باپیرم بەجی دەهێڵێت و سکی لە من پڕ دەبێت، پاشانیش ناتوانێت وەک دایکێک بەرپرسیارێتی دایکایەتی هەڵبگرێت، ئاخر ئەگەر ژنێک نەتوانێت ببێت بەدایک گوناحە بهێڵێت سکی پڕ ببێت، بۆیە مەرج نین هەرچی توانی منداڵ دروست بکات ببێتە دایک، هەموو ژنێک دەتوانێت منداڵ دروست بکات، بەڵام کەم ژن

دەتوانێـت ببێتـە دایـک، دایکـی منیـش یەکێـک بـوو لـەو ژنانـەی نەیتوانـی ببێـت بەدایـک، هەربۆیـە نەنکـم زوو بردمیـە لای خـۆی، ئەگینـا دەبـوو لـە خانـەی نەوجوانـان بەخێـو بکرایـەم.

لـەم هەفتەیـەدا چەنـد جارێـک نەنکـم هاتـە خـەوم و داوای لێکـردم سـەردانی دایکـم بکـەم، بـەڵام مـن هـەر لەخەوەکەشـمدا دواکەیـم ڕەت دەکـردەوە، تـا ڕۆژی یەکشـەممە سـەردانێکی گـۆڕی نەنکـم کـردو پـاش دوعـا خوێنـدن داوام لێکـرد دەسـت لـەو داوایـەی هەڵگرێـت، پاشـان ڕۆیشـتم بـۆ کڵێسـا چەنـد مۆمێکـم بـۆ مـردووەکان داگیرسـاند و لەخـودا پاڕامـەوە یارمەتیـم بـدات، ڕێـگای ڕاسـتم نیشـان بـدات.

شـەوی ڕابـردوو خەوێکـی زۆر سـەیرم بینـی، لـە خەوەکەمـدا لـە "لوسـت گارتـن" بەرامبـەر (دۆمەکـەی بەرلیـن) وەسـتابووم نەنکـم بینـی بـە جلێکـی سـپییەوە لـە "دۆم"ەکـەوە هاتـە دەرەوەو بەبـێ ئـەوەی لێـم نزیـک بێتـەوە هـەر لەدوورەوە داوای لێکـردم شـوێنی بکـەوم، هـەر لەخەوەکەمـدا دوودڵ بـووم لـەوەی شـوێنی بکـەوم، چونکـە وەک بیسـتوومانە شـوێنکەوتنی مـردوو لەخـەودا بـە جلـی سـپییەوە نیشـانەی مردنـە، بۆیـە هـەر لەخەوەکەمـدا خەمـی منداڵەکانـم بـوو، کـە هێشـتا بچوکـن بـۆ ئـەوەی بەجێیـان بهێڵـم، هێزێکـی تریـش لەخەوەکمـدا پاڵـی پێـوە دەنـام شـوێنی بکـەم، ئەوەبـوو دواجـار پێـش ئـەوەی بڕواتـە نـاو "دۆم"ەکـەو لەبەرچـاوم ونببێـت دوای کەوتـم، لەوکاتـەدا خەریکبـوو دەرگای دۆمەکـە دابخرێـت خـۆم بـەزوردا کـرد، دەبینـم مەسـیح لەسـەر تەخـت دانیشـتووە، نەنکیشـم بەپەلـە بەسـەر قادرمەکانـدا، کـە بـە فەرشـی سـور داپۆشـرابوون ڕۆیشـتە تەنیشـت مەسـیح و ڕووی بـەرەو لای مـن وەرگێـڕا، سـەرەتا وامزانـی ئـەو هۆڵـە چۆڵـە بـەڵام لـە پڕێکـدا سـەر کورسـییەکانی پڕبـوون لەخەڵـک، منیـش هـەر وەسـتاوو واقوڕماوبـووم، نەنکـم بانگـی کردمـە پێشـەوە، منیـش بەترسـێکی زۆرەوە وێنـەی خاچـم کێشـاو ڕۆیشـتمە پێشـەوە، کاتێـک ڕۆیشـتمە پێشـەوە وەک وێنەیەکـی کاڵ هێـواش هێـواش تـۆخ بێتـەوە ژنێکـم ئەبینـی بـە جلێکـی سـپییەوە لەنـاو لانکەیەکـی بـە پێخەفـی سـپی داپۆشـراو

پاڵکەوتبـوو، تاجـە گوڵینەیەکیـش لەسـەر سـەری دانرابـوو، کاتێـک بەتەواوەتـی گەیشـتمە بەردەمـی و ڕوخسـارە سـاردو سـپییەکەیم بینـی زانیـم ئەمـە ژنێکـی مـردووە لەنـاو ئـەم لانکـەدا پاڵکەوتـووە، ئیتـر لەوێـدا وەسـتام و نەمتوانـی هیـچ هەنگاوێکـی تـر بنێـم، نەنکـم بـە دەسـتی ئامـاژەی بـەو کورسـییە کـرد، کـە لەتەنیشـتی بـوو دانیشـم.

مـن هێشـتا حەپەسـابووم، مـن لێـرە چـی ئەکـەم!، لەخەوەکەمـدا وامدەزانـی ئیتـر زینـدوو نابمـەوەو بـۆ هەتـا هەتایـە ناگەڕێمـەوە لای منداڵەکانـم، گیانـم ئارەقـەی دەردەدا، خەریکبـوو لـەرزم لێدەهـات؛ مەسـیح دەسـتێکی بەرزکـردەوەو گوتـی؛ هیـچ مەترسـە، تـۆ دەگەڕێیتـەوە بـۆ لای منداڵەکانـت، ئـەوان لـە ژوورەکـەی خۆیـان نووسـتون، بـە گریـان بێداریـان مەکـەوە، خـودا بـۆ خـۆی ئـاگاداری هەمـوو شـتێکە، دایکـی تـۆش وەک دایکـی هەموومـان بێگوناهـە، خـودا لـە هەمـوو دایکـەکان خـۆش ئەبێـت، ئازارەکـەی تـۆش لـە خاجەکـەی مـن قورسـتر نییـە، کـە نەتوانیـت لەدایکـت خـۆش بیـت، مـن لەهەمـوو خاجدەرەکانـم خـۆش بـووم، دایکـەکان هیـچ گوناهێکیـان نییـە، کـە پیـاوەکان وەک شـەیتان فریویـان ئـەدەن، کاتێکیـش بـە هەمـوو گوناهەکانـی خۆیـان سـکیان پـڕ ئەکـەن ئیتـر لـە بەکەوڵـە شـەیتانیەکانییانەوە لـە دەرگاکانـی پشـتەوە دەڕۆنـە دەرەوەو لـە دەرگای پێشـەوە بـە کەوڵـی مرۆڤانـەوە دێنـە ژوورەوەو داوای سـزای گوناهەکانیـان دەکـەن. هەمـوو گوناهـی ژنـەکان لـە ئەسـتۆی پیاوەکاندایـە....

ئـەوە دایکتـە لەبەردەمتـدا بێگومـان تـۆ نایناسـیتەوە، ئـەو سـزای خـۆی بەزیـادەو لـە ژیانـدا وەرگرتـووە، بۆیـە ئەمـڕۆ تـۆ هاتوویتـە ئێـرە تـا بیبەخشـیت، ئـەو دەمێکـە داوای لێبوردنـی لـە تـۆ کـردووە، تـۆ ئێسـتا دایکیـت، ئەبێـت لـە دڵـی دایکێـک بـۆ منداڵەکـەی تێبگەیـت، دایکێـک ئەگـەر منداڵەکەشـی فـڕێ بـدات ناتوانێـت لـە دڵـی دەریبهێنێـت، بۆیـە لەژیانـدا ئەوەنـدە ئـازار دەچێژێـت سـزای ئـەو فڕیدانـە بەزیـادەوە وەردەگرێـت.

مەسـیح لـە پڕێکـدا لەبـەر چاوەکانـم لەسـەر تەختەکـەی بـەرزە دەبـووە تـا گەیشـتە

ژێـر گومـەزی کڵێسـاکە، ئیتـر بەجلـە ئاودامانـە سـپییە درێژەکەیـەوە بـە سـەقفەکەوە نوسـا، لـە پڕێکـدا ڕوناکییەکـی زۆر لـە چـواردەوری تیشـکیان دایـەوە، منالآنێکیـش باڵیـان هەبـوو بـەرەو ئـەو هەڵدەفڕیـن، ئـەوەی مـن دەیڵێـم ڕێـک بـوو بـە تابلۆکـەی ڕیمبرانـدت، تابلـۆی "ڕۆیشـتن بـۆ ئاسـمان"، بـە ڕاسـتی کاتێـک هەسـتم دەکـرد لەنـاو ڕوناکییەکـەدا مەسـیح لـە تاقێکـی ئاسـماندا وەسـتابوو، لـە خـوارەوەش لەنـاو کەشـێکی تاریکدا قوتابییەکانـی ئەبینـران، مـن هـەر وا مـات مابـووم سـەیری باڵـی منالەکانـم ئەکرد بـەرەو ئاسـمانە ڕوونەکـە دەفڕیـن، نەنکـم خەیاڵەکـەی پێبڕیـم، لـە پڕێکـدا هەسـتم کـرد یەکێـک لـە منالـەکان بەردەبنـەوە بـۆ خـوارەوەو بـەدەم خـەوەوە قیژانـدم، پیاوەکـەم، کـە بەتەنیشـتمەوە نووسـتبوو لەمـن زیاتـر ترسـا، هـاواری کـرد ئـەوە چـی بـوو...؟.

ماوەیـەک نەمتوانـی وەڵام بدەمـەوە، سـەیری چـواردەوری خـۆم کـرد، سـەیری جێگـەو ژوورەکـەم کـرد، هەمـوو شـتێک لـە جێـگای خۆیـدا بـوو، بـە مێردەکـەم گـوت هیـچ نییـە، خەوێکـی ناخۆشـم بینـی، ڕۆیشـتمە ژووری منالـەکان ئـەوان لـە شـیرینی خـەودا بـوون، دەسـتم دەلـەرزی کەمێـک سـەیرم کـردن، نەمدەوێـرا ماچیـان بکـەم، نـەکا خەبەریـان بێتـەوە، بـەڵام لـە دڵـی خۆمـدا ماچـم کـردن و گەڕامـەوە بـۆ ژووری نووسـتنەکە، نەمتوانـی چیتـر بنومـەوە، بۆیـە بڕیـارم دا، هەرچۆنێـک هەبێـت، ئەگـەر دایکـم لـە ژیانـدا مابێـت بیدۆزمـەوەو سـەردانی بکـەم، ئەوەبـوو لـە ڕێـگای دائیـرەی نیشـتەجێبوونەوە زانیـم لەژیانـدا مـاوەو ئێسـتا لـەم خانـەی پیرانەیـە.

مێلیسـیا، ئـەوەی ئێـلا سـەبارەت بـە نەنکـی باسـی دەکـرد، مـن تـەواو بـڕوام پێـی هەبـوو، کـە مـردووەکان چـۆن دەتوانـن ڕێنماییمـان بـۆ ژیـان بکـەن.

پێـش ئـەوەی بڕۆینـە دەرەوە، ئێـلا ماچێکـی دایکـی کـردو چـاوی پـڕ بـوو لـە فرمێسـک، دایکـی بـەدەم خـەوەوە بزەیەکـی بـۆ کـرد، بزەیەکـی دڵخۆشـی، هێشـتا چەپکـە گوڵەکـەی ئێـلای بەدەسـتەوە لەسـەر سـنگی دانابـوو خـەوی لێکەوتبـوو.

لەسەر قادرمەکان، کاتێک هاتینە خوارەوە دەستخۆشیم لە ئێلا کرد، بۆ سەردانەکەی و بەکارێکی باشم هەڵسەنگاندو باسی ئەوەم بۆ کرد، کە دایکی چەند بە حەسرەت بوو بۆ بینینی... بەردەوام وەک پێشبینی کردبوو دەیگوت؛ کچەکەم دێت، دەزانم هەر دێت....

مێلیسیا. ژیان پڕە لە چیرۆکی سەیر، ئەو شەوەی من و ئێلاو منداڵەکانی ژوورەکەی دایکمانمان بەجێهێشت، دایکم پێشنیارێکی سەیری کرد، ئەگەر ڕاستت دەوێت سەیریش نەبوو، داوای کرد، کە ئەگەر بتوانم لە سەمون فرۆشەکەی گەڕەکی خۆمان دو سەمونی بچوک، دوو بەرلینە و دوو گوێچکەی بەرازی لەگەڵ مرەبایەکی قەیسی خۆماڵی لەگەڵ دەستمدا بۆ بەرم، ئەو گوتی؛ دەمێکە تامی سەمون و شیرینی ئەو سەمونخانەم نەکردووە، حەز دەکەم بەیادی جارانەوە قاوەڵتی سبەینێم بە شیرینییەکانی ئەوێ بێت، منیش لەسەر داواکەی دایکم بەیانی کەمێک زوو لەماڵ وەدەرکەوتم و هەموو ئەوانەم کڕی دایکم داوای کردبوون، بەڵام چیم بینی، ئەوی نەدەبوو ڕوویدات...!.

وەک هەموو جارێک پێش ئەوەی بڕۆمە ژوورەوە چەند تەقەیەکم لەدەرگاکەدا دەدا، بەڵام هیچ دەنگێک لە ژوورەوە هەست پێنەدەکرا، بۆیە لەسەرخۆ دەگاکەم کردەوە دەبینم دایکم لەوێ نییە، خاتوو دۆرلاینیش وەک چۆن شەوی ڕابردوو بە جێمهێشتبوو بە بێ ئەوەی جووڵەی کردبێت، چەپکە گوڵەکەی بە هەردوو دەستی لەسەرسنگی دانابوو، چاوەکانی داخستبوون، بزەکانی شەوێ هێشتا لەسەر لێوەکانی بوو، چەند جارێک بانگم کرد، هیچ وەڵامی نەدایەوە، دەستم خستە سەر ناوچەوانی ساردوسڕ، دەستم برد دەستەکانی بەرز بکەمەوەو لێدانی دڵی بپشکنم دایکم و دوو خوشک بەپەلە هاتنە ژوورەوە، بەڵام درەنگ بوو....

## ٧

مێلیسیا، ژیان زۆر لەوە دڵڕەقترە من و تۆ بیریی لێدەکەینەوە، مرۆڤ ئەگەر بییەوێت ئەتوانێت لێبوردە بێت، ئێمە بە ئاسانی ئەتوانین ڕقمان لەهەموو کەسێک بێت، بەڵام ئازایەتی لەوەدایە بتوانین هەموو کەسێکمان خۆش بووێت، هیچ شتێک لەبەردەم مرۆڤدا حەتمی نییە، بۆ مرۆڤ دەتوانێت لەیەک کاتدا بە هۆو بێ هۆ ڕقی لەهەموو کەسێک بێت، کەچی نەتوانێت بە پێچەوانەوە هەموو کەسێکی خۆش بووێت؟.

کاتێک من ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم و چیرۆکی خاتوو دۆرۆتیام بیردەکەوێتەوە، دەڵێم؛ مرۆڤ لەبەرامبەرەکەی چەند تووڕەش بێت، بەرامبەرەکەی چەند غەدری لێکردبێت و ئازاری دابێت هێشتا شایانی ئەوەیە لە دوا ساتەکانی ژیانیدا لێی ببورین، هیچ نەبێت نەهێڵێین بە ئازارەکانی پەشیمانییەوە بۆ دواجار چاوەکانی لێک بنێت، ئەگینا دواتر ژیانی خۆمان پڕ دەبێت لە ئازار.

من بڕوام وایە ئەگەر ئێمە لێبوردە نەبین بەرامبەر ئەو کەسانەی خراپەمان لەگەڵدا دەکەن و دواتر پەشیمان دەبنەوەو داوای بەخشینمان لێدەکەن، ئەوا دواتر ئازاری پەشیمانییەکەی ئەوان ناهێڵێت خەومان لێبکەوێت، مرۆڤ، کە مرد ئازارەکانی لەگەڵ خۆیدا نابات، بەڵکو بەجێی دەهێڵێت بۆ ئەوەی کەسێک هەبێت وەک مەسیح بیدات بە کۆڵیدا، ئەو کەسە کێیە! بێگومان ئەوانەن، کە ناتوانن مردووەکان ببەخشن....

ئەی کەوایە بۆ ئەو مرۆڤانەی ڕۆژگارێک یەکتریان خۆشویستووە، لەبەرامبەر یەکتر لێبوردە نەبن، ئایا هیچ شتێک هەیە ئەوەندە قورس بێت مایەی بەخشین نەبێت!.

مێلیسیا، من هەرکاتێک بیر لە خاتوو دۆرلاین ئەکەمەوە جگە لەبزەکەی سەر لێوی هیچ شتێکی تریم بیر ناکەوێتەوە، هەموو ژیانی ئەو ژنە پڕ لەئازاری پەشیمانی بوو، بەڵام دواجار چونکە ئەیزانی هەڵەیەو دانی بە هەڵەکانی خۆیدا دەنا زۆر بە ئاسودەیی چاوەکانی لێکنا، دڵنیام کچەکەشی چیتر مۆتەکە خەوی لێ تێک نادات.

لە سەردانێکمدا بۆ لای دایکم، شەوێکیان لێم پرسی، کە بەڕاستی باوکمی خۆشنەدەویست، یان چ هۆکارێک هەبوو ئەوەندە لەگەڵ باوکم ساردبوو؟.

لەوەڵامدا گوتی: نا، بە پێچەوانەوە من ئەوم لە دڵەوە خۆش ئەویست، باوکیشت ئەوەی باش دەزانی، بەڵام ئیتر ژنان بەو شێوەیەن، بۆ ئەوەی مێردەکانیان زیاتر بایەخیان پێبدەن، پێیان خۆش نییە هەموو خۆشەویستی خۆیانیان بۆ دەرببڕن، ژن هەیە بەتەواوی ژیانی خۆی نەخۆش دەردەخات بۆ ئەوەی بەردەوام مێردەکەی لەباوەشی بگرێت و وەک منداڵ دڵی رابگرێت، ئەمە پێی دەڵێن مەکری ژنان، دیارە هەر ژنێک بۆ خۆی دەزانێت چۆن خاڵی لاوازی مێردەکەی مێردەکەی بۆ بایەخدان پێی بەکار بهێنێت، ئادریان، من پێش ئەوەی دایک بم ژنم، بۆیە پێت دەڵێم؛ هەموو ژنێک حەز دەکات جێگای سەرنجی پیاوان بن، تۆ قەت ئەو پرسیارەت لەخۆت کردووە، بۆچی نێوان بوک و خەسو هەمیشە ناکۆکە!، لەبەر ئەوەی دایک کوڕەکەی خۆی خۆش ئەوێت، بەڵام لە ڕووەکەی ترەوە وەک ژنێکیش لەوە تێدەگات، کە بوکێ چۆن دەیەوێت دڵی کوڕەکەی بەلای خۆیدا ڕابکشێت، چونکە پێشتر خۆیشی بووک بووەو باش لە نهێنی دڵی بوکەکان تێدەگات، بۆیە دواجاریش دەبینیت هەر بوکێ سەردەکەوێت. ئەمەش پێی دەڵێن جەنگی ژنەکان بۆ بەدەست هێنانی دڵی پیاوەکان.

بەڵام سەبارەت بە باوکت من زۆر پەشیمانم، هیچ نەبێت ئیتر دەبوو لەم کۆتایی تەمەنمدا زیاتر بایەخم پێبدایەت و دڵیم ڕابگرتایەت، نەمکرد و ئەویش کتوپڕ ڕۆیشت و

بەجێیهێشتم، هەموومانی بە جێهێشت، ئادریان، هیچ دەردێکم نییە جگە لەپەشیمانی نەبێت، پەشیمانی ئەمکوژێت، ئەو جارانەش لەگەڵ تۆدا ئەڕۆمە سەر گۆڕەکەی زمانم ئەبەسترێت، لەدڵی خۆمدا زۆر قسەی بۆ ئەکەم، بەڵام درەنگە درەنگ....

مێلیسیا، لەدوای گێڕانەوەی قسەکانی دایکم، بەیەک شێوە دەمتوانی یارمەتی بدەم، ئەویش ڕۆژانی یەکشەممە کەمێک زوو دەڕۆیشتم بەدوایداو دەمبرد لەسەر گۆڕەکەی باوکم بەجێمدەهێشت و پێمدەگوت؛ من ئەڕۆم لە کافێیەک قاوەڵتی دەکەم، تا دێمەوە بە دەنگی بەرز قسەی بۆ بکە، چیت لەدڵدایە بەباش و خراپەوە پێی بڵێ، دڵنیابە گوێی لێت دەبێت، تەنها بەم ڕێگەیە دەتوانیت هەردووکتان ئاسودە بکەیت. پاشانیش ئەگەڕامەوە دەمبرد بۆ مەراسیمی نزاکردن لە کلێسا و لەوێش دوای نزاکردن چەند مۆمێکی دادەگیرساند، ئیتر هەستم دەکرد تەندروستی بەرەو باشتر دەڕوات، بەڵام مردنی خاتوو دۆرلاین هەموو شتێکی تێکداو دیسانەوە باری تەندروستی دایکم بەرەو خراپی ڕۆیشت تا ئەو کاتەی شەوێک ویستبووی بە قادرمەکاندا بڕواتە خوارەوە، بە قسەی خۆی دەیگوت؛ سەرم گێژی خواردووە، بەڵام هەرچییەک بێت بوو بە هۆی بەربوونەوە لە قادرمەکانی قاتی دووەمەوە تا قاتی یەکەم، جگە لە حەوزی لە پێنج جێگە قاچەکانیشی شکابوون.

ئەو ماوەیە زۆر بێتاقەت بووم، چونکە دایکم ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی بەتەواوەتی تێک دەچوو، کەسی نەدەناسییەوە، قسەی نەدەکرد، لە بەشی چارەسەر لەژێرچاودێری وردا بوو. منیش بۆ ئەوەی نەڕۆمەوە بۆ ماڵەوەو وەک جاران دەست نەکەمەوە بە خواردنەوە، سەردانی خانەکەم دەکرد، هەندێکیان بووبوون بە هاوڕێم، فرانک، کە پێشتر باسم کرد دەهات و بەزۆر یەخەی دەگرتم و قسەی بۆ دەکردم، دەیگوت؛ دایکت خەتای خۆی بوو، ئەی بۆ بانگی منی نەکرد یارمەتی بدەم، بەخوا ژنێکی جوان بوو، بەڵام زۆر کەللە ڕەق بوو، زوو زوو دەمی لێ نزیک ئەکردمەوەو بە نزمی ئەیگوت؛

حەزم لێیبوو زۆر، بەڵام ئەو زۆر وشک بوو قسەی لەگەڵدا نەدەکردم، ژنی وام قەت نەدیبوو، خۆزگە چاک دەبووەوە، ئا چاک دەبێتەوە، من ئەزانم چاک ئەبێتەوە. تۆ هیچ خەمت نەبێت من لێرەم....

سەرەڕای بێتاقەتی خۆم زۆرجار قسەکانی ئەم پیاوە دەی خستمە پێکەنین، چونکە داماوە خۆی پێویستی بەوە بوو یەکێک ئاگای لێی بێت، چونکە هەر دەمی قسەکردنی باش بوو ئەگینا ڕەوشی ئەویش زۆرباش نەبوو، نەیدەتوانی پێنج مەتر بڕوات....

## ٨

بە کەمتر لە مانگێک دوای ئەو ڕووداوە، دایکیشم لەو خانەیە کۆچی دوایی کرد، ئیتر ئەوەندە بێتاقەت بووم نەمدەزانی بەچی بێتاقەتییەکم دەربکەم!. بەیانیەک پاتریک هات بۆ لام بۆ ئەو شوقەی چارلۆتەن بۆرگ، کە دواجار من و تۆ پێکەوە تێیدا ژیاین.

ئەو کاتەی تۆ بۆ یەکەمجار سەردانت کردم نزیکەی سێ هەفتە بوو ئەو شوقە دوو ژووریەم گرتبوو. دوای مردنی باوکم و نیشتەجێبوونی دایکم لە خانەی پیران خانووەکەی خۆمانم بە کرێدا، ئەوەبوو دوای لەدایکبوونی نازیلا فرۆشتم و ئەو خانووە نوێیەمان پێکڕی.

ئەو بەیانییە پاتریک پێشنیارێکی سەیری بۆ کردم ئەویش ئەوەبوو پێکەوە بۆ پێنج ڕۆژ سەفەرێکی بەرشەلۆنە بکەین، بۆ ئەوەی هەناسەیەکی نوێ بدەم و کەمێک مێشکم ئارام بێتەوە، سەرەتا من ناڕازیبووم، بەڵام کاتێک بلیتەکانی نیشاندام و گوتی؛ لەبەر ئەم سەفەرە هەفتەیەک پشووم وەرگرتووە، ئیتر نەمتوانی دڵی بشکێنم.

ئـەو ئێـوارەی بـە شـەقامی ڕامبـلادا هاتینـە خـوارەوەو تۆمـان بینـی لەبـەردەم پیـرە وێنەکێشـەکەدا دانیشـتبوویت بـۆ ئـەوەی پۆرترێتێکـت بـۆ بکێشـێت دوو ڕۆژ بـوو ئێمـە گەشـتبووینە بەرشـەلۆنە. ئێسـتاش بیـر لـەو ئێوارەیـە دەکەمـەوە نازانـم ئـەو سـیحرە چـی بـوو، ئێمـەی لەوێـدا ڕاگـرت...!.

ئـەو کاتـە مـن پێـم وابـوو ئەگـەر کێشـانی ئـەو تابلـۆ لـە شـوێنی کارکردنـی ئـەو هونەرمەنـدە پیـرە ببوایـەت ئـەوا ڕەنـگ بـوو هـەر نەیویسـتایە تـەواوی بـکات بـۆ ئـەوەی هەمـوو ڕۆژێـک تـۆ دابنێـت و لـە ڕوخسـارو سـیمات وردبێتـەوە، بـەڵام ئـەو نەیدەتوانـی لەسـەر ئـەو شـەقامەو لەنـاو ئاپـۆرەی ئـەو خەڵکـەدا ئـەو کارە بـکات.

ئـاخ، مێلسـیا ئـەم دونیـا چەنـد سـتەمکارە، تـۆ دەزانیـت گوڵـەکان ئـەو کاتانـە سـیس دەکات و هەڵدەوەرێنێـت، کـە لەهەمـوو کاتێـک زیاتـر بۆنیـان خۆشـە، تـۆ بڵێیـت ئـەو بۆنـە خۆشـەی کۆتایـی تەمەنییـان ئارەقکردنـەوەی مـەرگ نەبێـت؟. بـۆ نـا خـۆ مرۆڤەکانیـش پێـش ئـەوەی بمـرن تایەکـی بـەرز لەشـیان دەتەنێـت و ئـارەق دەکەنـەوە، بـەڵام ئارەقکردنـەوەی مرۆڤـەکان بـە پێچەوانـەی گوڵەکانـەوە بۆنێکـی ناخـۆش دەردەن، کـە پـڕە لـە بۆنـی نائومێـدی و ئـازار....

زۆرجـار کاتێـک بەتەنهـا بیـر دەکەمـەوە پێموایـە نەدەبـوو شـتەکان بـەو خێراییـە ڕوویـان بدایـەت، بـەڵام مـن دەمتوانـی چـی بکـەم، لـە پڕێکدا مردنـی و باوکـم و دوای سـاڵێک مردنـی دایکـم و تەنهـا کەوتنـی مـن، دەبـوو ئـەو هێـزەی ئـەم کارانـەی ئەنجـام دا توانـای ئـەوەی هەبێـت ئـەو بۆشـاییانەش جێدەمێنـن پـڕ بکاتـەوە، تـۆ بـۆ مـن ئـەو کاتـە بەتەنهـا هیوایـەک بوویـت هەمـوو ناخۆشـییەکانم بسـڕێتەوەو ژیانێکـی نـوێ دەسـت پێبکـەم، بـەڵام ئەویـش بـە هـۆی هاوڕێـی خـراپ و ئیریـی مرۆڤەکانـی ئـەم سـەردەمەوە زۆری نەخایانـد....

مێلیسـیا، لـە بیـرت دێـت دوای ئـەوەی لـە ڕیسـتۆرانتەکەی 'مـۆڵ دێسـپانیا' هەسـتاین و بـە 'ڕامبـلا دێـل مـار'دا گەڕاینـەوەو بەسـەر هەمـان پـردی بەیانیـدا پەڕینـەوە، تـۆ بـە

پێکەنینــەوە دەتگـوت؛ لــە پــڕ لــە ژێــر پێمانـدا نەکرێتــەوەو بـۆ نـاو ئاوەکـە بەربینـەوە!، منیـش دەمگـوت' کـوا گوێـم لـە شـوتەکە نییـە، لەپـڕ بـەدەم دەمویسـت لاسـایی شـوتەکە بکەمــەوە. طوتتتتــت....

مێلیسـیا، لـە بیـرت دێـت دواجـار لـە کوێـدا یەکترمـان بەجـێ هێشـت؟. ڕێـک لـەلای پەیکــەری شــێرەکان ی گۆڕەپانــی دەروازەی ئاشــتی (Plaça Portal de la Pau) لەوێشـدا زۆر قسـەمان کـرد، نازانـم باسـی چیمـان دەکـرد، بـەڵام دەزانـم قسـەمان زۆربـوو بــۆ گوتــن!. هەردووکمــان حەزمــان نەدەکــرد لەیەکتــر داببڕێیــن، بــەڵام نەماندەوێــرا بــە ئاشـکرا ئـەو حـەزە دەرببڕیـن.

دوای ئــەوەی ئیتــر کات بــەرەو نیــوەڕۆ دەڕۆیشــت و هەریەکەمــان هاوڕێیەکمــان لــە هوتێلکــە بەجێهێشــتبوو، دەبــوو لەیەکتــر داببڕێیــن و بگەڕێینــەوە بــۆ لای هاوڕێکانمــان، نامەوێـت درۆت لەگەڵـدا بکـەم، ئەگـەر مـن ئـەو بەیانییـە پاتریکـم لـە هاتنـە دەرەوەم ئـاگادار بکردایەتـەوە دەمتوانی لەگەڵتـدا تـا هوتێلکـە بێـم، بـەڵام دەمزانـی کاتێـک پاتریـک بێـدار دەبێتـەوەو مـن لـەوێ نیـم حاڵـی چـۆن دەبێـت. بەیانـی پێـش ئـەوەی لـە هوتێلەکـە بێمـە دەرەوە بـە ئەنقەسـت بێـدارم نەکـردەوە، چونکـە ئـەو لـە مـن دەترسـا شـتێکم لـێ بەسـەر بێـت یـان شـتێک بەسـەر خـۆم بهێنـم، نازانـم ئـەو خەیاڵـە پڕوپوچانـە چـی بـوون ڕۆشـتبوونە نـاو مێشـکییەوە....

یەکێـک لـە جوانتریـن وێنەکانـی تـۆ لەبەرچـاوم ئـەو کاتـە بـوو، کـە ماڵئاواییمـان لەیەکتــر کــردو پێــم گوتیــت؛ هــەر بــۆ زانیــن مــن لــە هوتێــل کەتەلۆنیــا لــەو ڕاســتە شــەقامەی ڕامبــلا بەدەســتی چەپــدا نیشــتەجێم، بــۆ ئێــوارەش لەبیــرت نەچێــت لــەلای پەیکــەری شــێرەکان، لــەم گۆڕەپانــە چاوەڕوانــم، تــۆش بــە پێکەنینێکــەوە گوتــت؛ زۆر باشــە، بــە دەســتیش ماچێکــت بــۆ هەڵــدام، ئــەوە دیمەنێکــە هەمیشــە لەخەیاڵمــدا زینـدووە، منیـش لـە جێگـای خـۆم وەسـتابووم سـەیری تـۆم دەکـرد دەڕۆیشـتیت و جـار نـا

جارێـک ئاوڕێکـت دەدایـەوە تـا بەتەواوەتـی لەبەرچـاوم ونبوویـت.

مێلیسـیا، ئـای چەنـد بەپەلـە بـووم، تـا ئێـوارە بێـت.... ئـەو ڕۆژە درێژترین ڕۆژێک بـوو تیایـدا ژیابێتـم.

کاتێـک گەیشـتمەوە هوتێلەکـە دەبینـم پاتریـک زۆر شـپرزە لـە هۆڵـی پێشـوازیکردنەکە دێـت و دەچێـت. ئـەو منـی نەبینـی، لەپشـتەوە دەسـتێکم خسـتە سەرشـانی، خەریـک بـوو لـە تووڕەییـدا بتەقێتـەوە، بـەڵام منـی بـە دڵخۆشـییەوە بینـی دانـی بەخۆیـدا گـرت، منیـش هیچـم نەگـوت؛ تەنهـا ئـەوە نەبێـت بانگـم کـردە کافتریاکـەو لەسـەرخۆ هەمـوو شـتێک بـۆ گێڕایـەوە.

وابزانـم ئـەم بەسـەرهاتەم چەنـد جارێـک بـۆ گێڕاویتـەوە، کـە چـۆن پاتریـک بـە هیـچ شـێوەیەک بـڕوای نەدەکـرد، کـە مـن و تـۆ یەکترمـان بینیـوە، هـەر وای دەزانـی هێشـتا لەنـاو خەیاڵەکانـی شـەوی ڕابـردوودا دەژیـم، کـە پێـم دەگـوت؛ مـن بـەم کچـە نائاشـنا نیـم، دوای ئـەوەی پێکـەوە کافێیەکمـان خـواردەوە، باسـی هەمـوو بەسـەرهاتەکەم بـە وردی بـۆ گێرایـەوە، لـە چاویـدا ئـەوەم دەخوێنـدەوە، دەیوسـیت بـڕوا بـە قسـەکانم بـکات، بـەڵام هێشـتا گومانـی لـە ڕاسـتی چیرۆکەکـە هەبـوو.

کات لـە نیـوەڕۆ نزیـک دەبـووەوە، ئـەو گوتـی: برسـیمە، هێشـتا قاوەڵتیـم نەکـردووە، بـا بڕۆینـە شـوێنێک نانێـک بخۆیـن. منیـش پێـم گـوت: برسـیمەو برسیشـیم نییـە، ئـەو وایدەزانـی تێکچـووم یـان بەتەواوەتـی عەقڵـم لەدەسـت داوە. ئاخـر مـرۆڤ کاتێـک نائـارام بێـت ئەگـەر برسیشـی بێـت ئـارەزووی خواردنـی نییـە.

لـە هوتێلەکـە وەدەرکەوتیـن، لـە کۆڵانـە تەسـک و پێچاوپێچەکانـدا ڕیسـتۆرانتێکی گچکەمـان بەرچـاو کـەوت، ئەگـەر هەڵـەم نەکردبێـت نزیکـی ماڵەکـەی پیکاسـۆ بـوو، نازانـم تـەواو بیـرم ناکەوێتـەوە شـوێنێک بـوو لـە نێـوان ڕامبـلا و ئـەو مۆزەخانـەدا،

سـەرەڕای کۆنـی و تەسـکی شـوێنەکە وەک لـەدەرەوە دیـار بـوو لەنـاوەوە دڵگیـر بـوو.

مـن لـەوێ نانـی نیـوەڕۆم خـوارد، پاتریکیـش نانـی بەیانـی چونکـە ئـەو لـەو کەسـانە بـوو بـۆ قاوەڵتـی کـردن سـەیری کاتـی نەدەکـرد، دەبـوو قاوەڵتـی بـکات، هەرکاتێـک لەخـەو هەسـتێت.

کات نزیکـی یەکـی پـاش نیـوەڕۆ بـوو ئـەو شـوێنەمان بـە جێهێشـت و گەڕاینـەوە بـۆ هوتێلەکـە، مـن دەمویسـت هەرچۆنێـک بێـت سـەرخەوێک بشـکێنم، چونکـە بـە درێژایـی شـەوی ڕابـردوو نەمتوانیبـوو بنـووم. پاتریـک، گوتـی؛ مـادام تـۆ لێـرە دەمێنیتـەوە مـن دەڕۆمـە دەرەوە پیاسـەیەک دەکـەم و دەگەڕێمـەوە....

مێلیسـیا، چەنێـک لەسـەر ڕایەخەکـە ڕاکشـام لەگـەڵ چاوەکانـم دەنایـە سـەریەک تـۆم دەهاتـەوە بەرچـاو، کـە چـۆن لەبـەردەم هونەرمەنـدە پیرەکـەدا دانیشـتبوویت، لەپـڕ خەیاڵەکانـم دەڕۆشـتەوە بۆسـەر کرانـەوەی پردەکـەو بـاوەش پیاکردنەکـەی تـۆ، سـەیرە زۆر سـەیرە، ئێسـتاش دوای ئـەو هەمـوو ساڵە ئـەم چیرۆکانـە بـۆ تـۆ دەگێڕمـەوە، کاتێـک دەگەمـە سەرباسـی باوەشـەکە ئەڵێـی ئێسـتایە، هەسـت بـە گەرمـی باوەشـەکەت دەکـەم، هەسـت بـە نەرمـی لەشـت دەکـەم بـەر دەسـتەکانم دەکەوتـن، هەسـت بـەو پێکەنینـە دەکـەم بـۆ دواوە ئـاوڕت دەدایـەوەو بەدەسـت ماچێکـت بـۆ هەڵـدام....

زۆر ڕاکشـام و خـۆم ئەمدیـو ئەودیـو کـرد، بـەڵام خـەوم لـێ نەدەکـەوت، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەسـتم بەسـەر ئێشـە دەکـرد، هەرچۆنێـک بێـت پێویسـت بـوو بنـوم بـۆ ئـەوەی هیـچ نەبێـت بتوانـم ئێـوارە درێـژە بـە گەشـتە دووەرەکەمـان بدەیـن. ئـەوە بـوو هەسـتام لەنـاو سـەلاجەکە ئـەو بوتڵـە تەکیـلام دەرهێنـا پێشـتر پاتریـک کڕیبـووی، ئـەو زۆری حـەزی لـە تەکیـلا بـوو لەگـەڵ لیمـۆی سـەوزدا، هەرجارێـک ئەڕۆیشـتینە دەرەوە یـان شـەوان دەگەڕاینـەوە یـەک دوو پێکـی لێدەخـواردەوە.

منیـش بـە هەمـان شـێوەی ئـەو لیمۆکانـم قـاش کـرد، خوێکـەم خسـتە سـەرقاپەکەو چەنـد پێکێکـم بـە لیمـۆی سـەوزو خوێـوە خـواردەوە، بـاش بـوو بـەو شـێوەیە توانیـم بخـەوم.

هێنـدە مانـدوو بێخـەو بـووم ئاسـتەمییەکەی هـەر ئەوەبـوو خـەوم لێبکەوێت، ئیتـر بـۆ خـۆم ڕۆچووبوومـە نـاو قولایـی خـەوەوە، ڕەنگـە کاریگـەری تەکیلاکـەش بووبێـت، کاتێـک پاتریـک بێـداری کردمـەوە کاتژمێـر نزیکـەی پێنجـی پـاش نیـوەڕۆ بـوو.

نازانـم بـاش بیـرم نەمـاوە ئـەو کاتـەش وا بزانـم لەبیرمـان چووبـوو کاتێـک بـۆ یەکتـر بینینەکـە دیـاری بکەیـن، بـەڵام هەرچۆنێـک بێـت مەبەسـتمان ئێـوارە بـوو، پاتریـک بەمـە پێدەکەنـی، دەیگـوت؛ لـەم وڵاتـە کـێ دەزانێـت ئێـوارە کەیـە، تـا دەی شـەو ئێوارەیـە!.

ئـەو ڕاسـتی دەکـرد، بەڕاسـت دەبـوو کاتژمێـر چەنـد یەکتـر ببینیـن؟. لەبـەر ئـەوەی مـن پەلـەم بـوو بـۆ بینینـت وامەزانـی تـۆش بەهەمـان شـێوەیت، کەچـی بۆچوونەکـەم ڕاسـت دەرچـوو، تـۆش تووشـی هەمـان حاڵـەت بوویـت، بۆیـە هەردووکمـان لـە کاتێکـی گونجـاودا بەیەکگەیشـتین.

کاژمێـر شەشـی دوای نیـوەڕۆ، کـە هێشـتا خـۆر بـە ئاسـمانەوە بـوو، مـن و پاتریـک لـە ڕامبـلاوە بـەرەو "پلاسـا دێـل پۆرتـال دێ لا پـاو" بەنـاو جەنجاڵـی شـەقامەکە بـەرەو خـوار بووینـەوە، ئێمـە هیـچ قسـەمان لەگـەڵ یەکتـر نەدەکـرد، ئەگەرچـی مـن بـە بـوون لەگـەڵ پاتریکـدا بـووم بـەڵام بەخەیـاڵ لەگـەڵ تـۆدا بـووم. پاتریکیـش هێشـتا لـە گومانێکـی قوڵـدا بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەبـێ ئـەوەی هیـچ بڵێـت شـوێنم کەوتبـوو.

کاتێـک گەشـتینە گۆڕەپانەکـە خەڵکێکـی زۆر لـەدەوری پەیکـەری شـێرەکان وێنەیـان دەگـرت، کوڕێـک دەسـتی کچێکـی دەگـرت بـۆ ئـەوەی سـواری یەکێـک لـە شـێرەکان ببێـت و وێنەیەکـی یـادگاری بگرێـت، یەکێکـی تـر دەسـتی دەکـردە ملـی شـێرێک و داوای لـە کەسـێک دەکـرد وێنەیەکـی بگرێـت.

من و پاتریک بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک لەگەڵ یەکتردا بکەین ماوەیەک بەدەوری گۆڕەپانەکەدا سوڕاینەوە، پێم وابێت سێ چارەک تێپەڕیبوو لە پڕێکدا تۆو کارین دەرکەوتن. پاش یەکتر ناسین چەند وێنەیەکمان لەوێ لەلای پەیکەری شێرەکان گرت، ئەو وێنانە جوانترین یادگاری من و تۆ بوون.

پێشهاتەکان هەر لەسەرەتاوە دیاربوو، من و تۆ زیاتر بەرەو نزیکبوونەوە دەڕۆیشتین، بەڵام کارین و پاتریک زۆر دڵخۆش نەبوون بە یەکترناسین، کارین دەیوسیت من بۆ خۆی بم و تۆش بۆ پاتریک، وەک کاتی خۆیشی پێم گوتیت؛ من کێشەم لەگەڵ کاریندا نەبوو، ئاسایی بوو وەک دوو هاوڕێ پێکەوە لەو ئێوارەیەدا پیاسە بکەین، بەڵام نەمدەویست تۆم لەکیس بچێت.

کارین بە مەبەست دەیویست من بۆ ئەو بم، ڕاستە ژنان لە پیاوان هەستیارترن بەرامبەر خوێندنەوەی هەستی پیاو، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر زوو من درکم بە هەستی کارین کرد، نەک هەر بەرامبەر بە خۆم، بەڵکو بەرامبەر بە تۆش، تۆ لە دڵپاکی خۆت نەتدەتوانی لەوە تێبگەیت ئەو ژنە چەنێک پڕە لە ئیرەیی بەرامبەر بە تۆ، ئەو کاتە نەموێرا هەستی خۆم بەڕاستی دەرببڕم، چونکە تازە یەکترمان دەناسی، دەترسام پەیوەندییەکەمان هەر لەسەرەتاوە شکست بخوات، بۆیە دانم بەخۆمدا گرت.

مێلیسیا، جوانی تۆ بەو دڵپاکی و سادەییەتەوە بوو، بەبێ ئەوەی مەبەستت بێت مرۆڤت بەرەو لای خۆت کێش دەکرد، ئەمەش کارینی پڕ لە ئیرەیی کردبوو، ئەو بەتەنها دەیویست لەپشتی توانا شاراوەکانی تۆوە خۆی بشارێتەوەو هەموو ئەو شتە باشانەی بە قاچەکانی خۆیان بۆ لای تۆ دەهاتن ببات بۆ خۆی.

بەباشی دێتەوە بیرم کاتێک بە "مۆڵ دێ بۆش ئەلسینا"دا لەژێر پالمەکاندا پیاسەمان دەکرد، ئەو بە بیانووی سەیر کردنی بەلەمەکانەوە کەمێک ڕایگرتین،

دەیویست هەلێک بدۆزێتەوە سەرنجی من بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ببێتە هەلێک بۆ ئەوەی تۆ لە پاتریک نزیک بکاتەوە، بەلاّم کاتێک من لە مەبەستەکەی تێگەیشتم لەناخەوە توشی هەڵچونێکی دەروونی خراپ بوو، ئەگەرچی دەرینەدەبڕی بەلاّم بەئاسانی منیش و پاتریکیش هەستمان پێکرد، جگە لە تۆ نەبێت، کە لەدونیا جوانەکەی خۆتدا بوویت و قسەت دەکرد و قاقا پێدەکەنیت، تۆ بەبێ ئەوەی ئاگات لەخۆت بێت و مەبەستت بێت ئەوت لەناخەوە وردتر دەکرد.

ئازیزەکەم مێلیسیا، جوانی تۆ بەتەنها لە ڕوخسارتدا نەبوو، بەڵکو جوانی تۆ هێزێکی سیحراوی بوو لەناختەوە دەهاتە دەرەوەو بەرامبەرەکەتی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا، ئەوەی کارینی کردبوو بە هاوڕێی تۆ ئەوەبوو ئەو سیحرەت لێبدزێت یان ئەو پەیوەندییە جوانە مرۆڤانەیەی تۆ لە ڕێگای ئەو هێزە شاراوەوە دەستت دەکەوت بۆ خۆی ببات، ئەو هیچ کاتێک کاری چاکەی بۆ تۆ نەدەویست، ئەو بەتەنها هێزە جادوگەرییەکەتی دەویست، لەچاویدا هەندێکجار ئەوەم دەخوێندەوە، ئەگەر پێی بکرێت تێکت بشکێنێت، بەس بۆ ئەوەی نیشانی بدات ئەو لە تۆ بەهێزترە....

ئەو ئێوارە بۆ من یەکێک بوو لە ئێوارە هەرە جوانەکانی ژیانم، بەتایبەتی کاتێک گەیشتینە کەنار دەریاکەو هەتاو بۆ دواجار بە ڕەنگێکی سورەوە بەرەو کۆتایی بێ سنووری دەریاکە ڕۆدەچووە خوارو لە دوای خۆی کۆمەڵێک تیشکی پرتەقاڵی بە جیهاندا پەخش دەکرد.

ئەو ئێوارە جگە لە کارین نەبێت هەر هەموومان خەیاڵمان لە ناو ئەو ئاوابوونە جوانەی هەتاودا فڕیبوو. ڕاستە ئەو بە نیگاو چاوەکانی سەیری ئاوابوونەکەی دەکرد، بەلاّم خەیاڵی لە شوێنێک بوو دوور لە جوانی ئەو ئێوارە، ئەو کاتێک هەموو هەوڵێکی خۆی دەخستە کار بۆ ئەوەی دڵی پیاوێک بەدەست بهێنێت و شکستی دەخوارد بە تاوانی تۆی دەزانی، چونکە تۆ بەبێ هیچ مەبەستێک دڵی هەردووکمانت بەدەست هێنابوو.

مێلیسـیا، ئـەو ئێـوارە کاتـەکان زۆر خێـرا تێدەپەڕیـن، مـن بـە مەبەسـت و تـۆ بـە هیـچ مەبەسـتێک بەهەردووکمانــەوە هەوڵــی ئەوەمــان دەدا پاتریـک و کاریـن لەیەکتـر نزیـک بکەینــەوە، بــەڵام هەندێـک کار هەیـە بــەزۆر ناکرێـت، بەتایبەتــی پەیوەنـدی هاوڕێیەتــی سـەرەڕای ئـەوەی بگاتـە خۆشەویسـتی، ئـەو مرۆڤانـەی زوو دەبنـە دۆسـت و هـاوڕێ هێـزە شـاراوەکەی ناوەوەیانـە، نـەک پێویسـتییە دەرەکییـەکان، مـن و تـۆش دوو ڕۆحـی زۆر لەیەکتـر نزیکمـان هەبـوو، کەبـەرەو لای یەکتـری کێـش دەکردیـن. پاتریکیـش زۆر زوو هەسـتی بـەو نزیکییـە ڕۆحییـەی نێوانمـان کـرد بۆیـە کەمێـک خـۆی بـۆ دواوە کشـاندەوە، ئـەو بـە پێچەوانـەی کارینـەوە نەیدەویسـت ئەگـەر تـۆ بـۆ خـۆی نەبیـت نەهێڵێـت بـۆ منیـش ببیـت، هاوڕێـی بـاش ئـەوە نییـە بەتەنهـا لێـت وەربگرێـت بەڵکـو ئەوەیـە پێشـت ببەخشـێت. پاتریـک بـۆ مـن یەکێـک بـوو لـەو هاوڕێیانـەی نەیدەویسـت مـن بەتەنهـا بـۆ خـۆی بـم، بەڵکـو زۆرجـار دەیویسـت بـۆ ئەوانـەش بـم دەتوانـن دڵـم خـۆش بکـەن.

بـە پێچەوانـەوە بـە درێژایـی ئـەو هەمـوو مـاوەی مـن و تـۆ بەیەکـەوە بوویـن کاریـن بـۆ تـۆ بەتەنهـا هاوڕێیـەک بـوو دەیویسـت هەمـوو شـتەکانی تـۆ بـۆ خـۆی ببـات بەبـێ ئـەوەی هیچـت بداتـێ، ئیتـر نازانـم ئەمـە بـە تایبـەت خوویەکـی ژنانـە یـان هـەر ئـەو وابـوو!.

مێلیسـیا، خۆشـباوەڕی و سـادەیی تـۆ گەشـتبووە ئاسـتی سـاویلکەیی، نەدەبـوو چیتـر ئەوەنـدە سـاویلکە بیـت هەسـت بـەو هەمـوو غـەدرە نەکەیـت ئـەو ژنـە بەنـاوی هاوڕێتـی و دڵسـۆزییەوە لـە تـۆ دەکـرد. ئـەو هـەر لەیەکـەم ڕۆژی بینینمانـەوە هەمـوو هەوڵێکـی دەدا مـن ببـات بـۆ خـۆی، بـەڵام کاتێـک لەهەوڵەکانیـدا لەگـەڵ مـن شکسـتی دەخـوارد تۆڵـەی خـۆی لـە تـۆ دەکـردەوە، کەچـی تـۆ هـەر پێدەکەنیـت و سـەرت بـادەداو بـڕوات نەدەکـرد، تـا کارەسـاتەکە گەیشـتە ئـەم ڕۆژە....

دوای پیاسـەی ئـەو ئێـوارەی "پاسـاژ ماریتیـم" لـە بەرشـەلۆنێتا، کاتێـک بـۆ هوتێلەکـە گەڕاینـەوە پاتریـک خـۆی دا بەسـەر جێگەکەیـدا و گوتـی؛ زۆر مانـدووم، منیـش چونکـە

دڵـم خۆشـبوو بـە پێکەنینـەوە پرسـیم؛ مـرۆڤ دوای پیاسـەیەکی درێـژ لەگـەڵ ئافرەتانـدا چـۆن ئەبێت بڵێت ماندووم!. هەناسـەیەکی هەڵکێشـاو وەک خووکـەی خـۆی بـە دەنگێکـی ڕەق گوتـی؛ هەندێـک ئافـرەت هــەن ئەوەنــدە وزەی نێگەتیـڤ لــە گیانیاندایـە، لەگــەڵ هــەر بینێکیــان شــەکەتت دەکــەن و هەمــوو وزە نێگەتیڤەکــەی خۆیــان لەتــۆدا بەتــاڵ دەکەنـەوە. منیـش یەکسـەر زانیـم مەبەسـتی کارینـە، هـەر بـە فزولـی پرسـیم؛ مەبەسـتت کێیـە؟. وتـی؛ ئـەو نەعلەتییـە، کاریـن، باشـە بـۆ نەیدەتوانـی بالانسـی خـۆی ڕابگرێـت، هەندێـک کـەس سـەیرن، خـۆ مـەرج نییـە هاوڕێیەتـی هـەر بـۆ ئـەوە بێـت خۆشەویسـتی و عەشـق دروسـت بـکات، ئێمـە ئەتوانیـن لێـرە هـاوڕێ بیـن، پێکـەوە بڕۆیـن بـۆ ئۆپیـرا، بـۆ پارکـەکان، بـۆ دیسـکۆکان و کەنـاری دەریـا، نازانـم وەک هـاوڕێ دەتوانیـن پێکـەوە بڕۆیـن بـۆ هــەر شــوێنێک خوازیــاری بیــن، ئەشــێت دواتریــش یەکترمــان خۆشــبووێت، ئەشــێت قـەت ئـەوەش ڕوونـەدات، بـەڵام.... بـەڵام چـی پاتریـک، بیڵـێ هەمـووی، هەرچـی لەسـەر دڵتـە بیڵـێ، منیـش درکـم بـەو گرژییـەی دروسـتی کردبـوو کـرد، هیـوادارم کاریگـەری خراپـی لەسـەر مێلیسـیا نەبێـت، ئـەو تـەواو جیـاوازە، نازانـم چ هۆکارێـک ئـەو دوانـەی کـردووە بـە هـاوڕێ، هیـچ لەیـەک ناچـن، ئـەو هـەر لـە یەکـەم بینینـەوە، کاتێـک لەبـەردەم هونەرمەنـدە پیرەکـەدا دانیشـتبوو دڵـم بـۆی خورپـەی کـرد، ئـەو تـەواو پێچەوانـەی کاریـن وزەیەکـی پۆزەتیفـی وا لـە ڕۆحیدایـە مـرۆڤ بـۆ خـۆی پەلکێـش دەکات.

گوتـم: پاتریـک، لـە دوای ئـەو ئێـوارەوە دەزانیـت مێلیسـیا چـۆن مێشـکی داگیـر کردیـن، دەبێـت مێشـکی چەنـی تریشـی وەک ئێمـە بـە خۆیـەوە مانـدوو کردبێـت، بەبـێ ئـەوەی هەسـتی پێبـکات، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەنگـە ئـەوە قەدەرێـک بێـت مـن و ئـەو بەیەکـەوە ببەسـتێتەوە، ئەگینـا چـۆن مـن بـەو بەیانییـە زوو دەڕۆمـە دەرەوەو ئەویـش وەک ئـەوەی چاوەڕوانـی مـن بـکات، لـە کەنـاری دەریاکـە بـەو بەیانییـە دادەنیشـێت و سـەیری ماسـییەکان ئـەکات....!.

مێلیسیا، لەدوای پیاسەی ئەو ئێوارەوە پاتریک بڕیاریدا بۆ پیاسەکردن لەگەڵ ئێوەدا نەیەتە دەرەوە، ئەو ئیتر وەها بوو، کەسێکی خۆشدوو نەبوو، لەگەڵ ڕەقیبەکەشیدا زۆر ڕاستگۆ بوو، ئەو کەسێک بوو لەژیانیدا بۆی گرنگ نەبوو بەرامبەرەکەی چۆن لێی تێدەگات، ئەوەندە بۆی گرنگ بوو ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆیی و بەرامبەرەکەی، ئەمەش لەژیانیدا کاری کردبووە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی.

من ئەو بڕیارەی پاتریکم زۆر پێ باش نەبوو، چونکە دەمزانی کارین هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات، ئەگەر من بۆ خۆی نەبات ئەوا نەهێڵێت تۆش بۆ من بیت، ئەمە ڕاستییەک بوو، لە دوای ڕۆژی دووەم کاتێک بەبێ پاتریک پیاسەمان کرد بە هەموو دڵپاکییەکەی خۆتەوە هەستت بەوە کرد، کە دەیەوێت کێشەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی لەیەکتر دوور بکەوینەوە.

هەندێک مرۆڤی دەمامکدار هەن، کاتێک دەیانەوێت هاوڕێکەیان لەبەرچاوی خەڵکی تر بشکێنن بۆ ئەوەی خۆیان بەرزبکەنەوە پەنا بۆ گاڵتەکردن دەبەن، ئەو ئێوارە هەموو گاڵتە و شۆخیکردنێکی کارین لەگەڵ تۆدا دەیویست پەیامێکی ژەهراوی بە من بگەیەنێت، تۆش سادەو ساکار، وەک منداڵێک قاقا پێدەکەنیت و دەتریقایتەوەو هەستت بە ژەهری ناو قسە شیرینەکانی نەدەکرد.

ئەوەی سەیرە کەسانی وەک تۆ هێندە وزەو هێزی پۆزەتیف لەناویاندا دەگەشێتەوە هەموو هێزە باش و پۆزەتیفەکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت تا لە هێزە خراپ و وزە نێگەتیفەکان بیپارێزن. دەیانجار من ئەم قسەم پێگوتیت؛ لەم دونیا دوو هێز هەن بەردەوام لە جەنگدان هێزی خراپە و هێزی چاکە، ئەوانەی سەر بەهێزی چاکەن و دونیا بە جوانی و دڵپاکییەوە ئەبینن و بەتاڵن لە ڕق و کینە بەرامبەر بە دونیاو خۆیان هەمیشە پلان و خراپەکارییەکان، کە لەدژی ئەنجام ئەدرێن ئەگۆڕێت بۆ کاری باشە، ئیتر ئەوانە ئەمە ناو ئەنێن بەخت، بەڵام لە ڕاستیدا شتێک نییە ناوی

بەخـت بێـت، ئـەوە هێـزی چاکەیـە ئـەو کەسـە باشـانە ئەپارێزێـت لـە هێـزە خراپـەکان، کـە دونیـا و خەڵـک بـە تاریکـی ئەبینـن.

ئـەو ئێـوارە مـن و تـۆو کاریـن بڕیاربـوو پێکـەوە بڕۆینـەوە هەمـان ڕیسـتۆرانت لـە 'مـۆل دێسـپانیا' کافێیـەک بخۆینـەوە و هەندێـک قسـە بکەیـن. ئـەو ریسـتۆرانتەی یەکـەم بەیانـی بـۆ یەکەمجـار پێکـەوە دانیشـتین و قاوەڵتیمـان کـرد، کەچـی کاریـن ئەمـەی پێخـۆش نەبـوو، لـە خۆیـەوە هەسـتی بـە مەترسـییەک دەکـرد، کـە بـۆ هەتـا هەتایـە لێـم نائومێـد بێـت و پەیوەنـدی مـن و تـۆ ببێتـە پەیوەندییەکـی ڕاسـتەقینە، بۆیـە لـە خۆیـەوە ڕێگاکـەی پێگۆڕیـن بـەرەو "مـۆڵ دێ بەرشـەلۆنە" و بـەدەم شـۆخی و گاڵتەپێکردنـەوەو بـە شـەقامی "ڕۆنـدا لیتـۆرا" دا گەشـتینە " باخچـەی مۆسـین و سـاحلی لۆبێـرا" (jardins mossen costa i llobera) کـە دەبـوو نـاوی باخچـەی کاکتۆسـەکان بێـت (Cactaceae)، چونکـە مـرۆڤ هەسـتی نەدەکـرد لـە باخچەیەکـی ئاسـایی پـڕ گـوڵ و گوڵـزارو فـوارەی سەرنجڕاکێشـدا بێـت، بەڵکـو مـرۆڤ وایدەزانـی لـە باخچەیەکـی تایبـەت بـە کاکتۆسـەکاندایە، ئەمەیـە هەمیشـە پێمدەگوتیـت گوڵـەکان گـوڵ ڕادەکێشـن و دڕکەکانیـش دڕک.

ئـەوەی کاریـن لـەو ئێـوارەدا ویسـتی ئەوەبـوو، بەهـەر نرخێـک بێـت تـۆ لـە بەرچـاوی مـن بخـات و هەندێـک وێنـەی ناشـیرین لەسـەر تـۆ دروسـت بـکات، ئـەو دەیویسـت هەرچۆنێـک بێـت لـە ڕێـگای هەندێـک گاڵتەکردنـەوە هەندێـک ڕاسـتی لەسـەر تـۆ بڵێـت، بـەڵام تـۆ زۆر لـەوە سـاویلکەتر بوویـت لەقسـەکانی تێبگەیـت، تـۆش بـە پێچەوانـەوە هەمـوو قسـەکانت بـە پۆزەتیـف وەردەگـرت و پێـت وابـوو ئـەو پەسـنت دەکات، ئەویـش بـەم سـاویلکەییەی تـۆ دڵخـۆش بـوو، کـە دەتوانێـت بەبـێ ئـەوەی تـۆ بەخـراپ قسـەکانی وەربگریـت مەبەسـتەکانی بـە مـن بگەیەنێـت، بـەڵام کاتێـک زانـی مـن بـاش تێدەگـەم ئـەو دەیەوێـت چـی بگەیەنێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا نـەک کڕیـاری قسـەکانی نیـم بەڵکـو تـەواو دژیـم، ئیتـر نەیتوانـی تووڕەبوونەکـەی بشـارێتەوە، ئـەم کاردانـەوە توندەش بـاش

بوو دواتر تۆی کەمێک بێدارکردەوەو هەموو پلانەکانی ئەو بەجارێک شکستی خوارد.

ئەو ئێمەی بەم ڕێگادا هێنا، بۆ ئەوەی ئێمە لەشوێنێک دانەنیشین، کە یادگارییەکمان پێکەوە هەیە، ئەو جۆرە مرۆڤانە لەناخەوە هێندە بچوک و گرگنن ناتوانن بەرگەی دانیشتنێک بگرن، کە دوو کەس قسەی هاوبەشیان پێکەوە هەیەو ئەو هیچ شتێکی نییە، ئیتر لەبری ئەوەی گوێ بگرێت و چێژ لە دانیشتنەکە ببینێت یان هەندێ شتی نوێی گوێ لێبێت هەوڵ دەدات تێکی بدات، بۆ ئەوەی خۆی قسەی هەبێت، ئەو نەیدەویست ئەو ئێوارە ئێمە بەباسکردنی یادگاریی سادەی ڕۆژی رابردوو ئازاری بدەین، ئەو باش خۆی دەناسی، کە ناتوانێت پێنج دەقە بەرگەی گفتوگۆی نێوان ئێمە بگرێت، کە باسی شتێک دەکەین جگە لە ڕێککەوت هیچی تر نەبوو، بۆیە بەو ڕێگایەدا بردینی، کە ئەویش لەمەیدانەکەدا بتوانێت گەمەی خۆی بکات، نەک وەک سەیرکەرێک تەماشا بکات، ئەوەبوو چونکە نیازی لەگەڵ ئێمەدا خراپ بوو بەجێگایەکی گەیاندین وەک ئاوێنەیەک بوو پشتی دەمامکەکەیمان نیشان بدات....

ئەو کاتەی لەبەردەم چەند کاکتۆسێکی جۆری "ئێشینۆ سێرویس" (Echinocereus) دا وەستاین، کەهەر لە ژێژکێک دەچوو گوڵی لەسەر نابێت، هەر لە ڕاستیشدا "ئێشینۆ" بە لاتینی واتە ژیژک، منیش بە شێوازە گاڵتەکردنەکەی خۆیەوە ڕووم بەلای کاریندا وەرگێراو گوتم؛ ئەم کاکتۆسە زۆر سەرنجڕاکێشە، کە ئەتوانێت لە ڕێگای گوڵەکانەوە هەناوی دڕکاوی بشارێتەوە، پاشان ڕووم بەلای یەک ڕیز کاکتۆسی تردا وەرگێراو بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە گوتم؛ ئەم کاکتۆسانەش گوناهیان نییە وەک دڕک هاتوونەتە بوون، ڕەنگە ئەوانیش حەزیان بکردایە گوڵ بن، بۆیە ئەبینین زۆرجار دەمامکی گوڵ لەسەر دەنێن....!.

کارین بەم قسانەی من وەک بەرکەوتنی دڕکی کاکتۆسەکان یەکسەر هەستی بەئازارەکەی کرد، بەڵام من هیچ خۆم تێکنەداو بەردەوام بووم لەسەر گاڵتەکردنەکەی

خۆم، چونکە ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو بیوەستێنم، بۆ ئەوەی خۆی نیشان بدەم....

ئەگەر بیرت بێت، لەدوای ئەوەی چەند هەنگاوێک ڕۆیشتینە ئەو لاوەو گەشتینە لای گوڵزاری گوڵاڵە سورەکان، کە مرۆڤی بۆ خۆی پەلکێش دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەویش هەر کاکتۆس بوو لە جۆری "تریگلۆشیدیاتۆس" (Triglochidiatus) کە لەهەمان خێزانی "ئێشینۆ سێرویس"ە، هیچکاممان درکمان بەوە نەکرد ئەشێت دڕکێک ئەوەندە گوڵی جوان بگرێت!. ئەوەی " تریگلۆشیدیاتۆس" لە کاکتۆسەکانی تر جیادەکردەوە ئەوەبوو بۆخۆی لە تۆپەڵە تەلێکی دڕکاوی دەچوو گوڵی گرتبێت، بەڵام لەژێرەوە تەونێکی جاڵجاڵۆکە بوو لە دڕک، ڕێک و ڕاست لەو مرۆڤانە دەچوو دەتوانێت بە دەمامکێکی جوانەوە چزووە ژەهراوییەکانی ناخی بشارێتەوە، من هەر ئەمەندەم گوت، هەموو کاکتۆسەکان سەر بە یەک خێزانن هەر دەمامکێکی گوڵ لەسەر نێن دواجار ناتوانن دڕکە ژەهراوییەکانی ناخیان بشارنەوە.

کارین باش لەمەبەست و کرۆکی قسەکانی من تێدەگەیشت و لەناخەوە پڕبوو لە توڕەبوون و ڕق بەرامبەرم، بەڵام ڕێگای لێدەگرت بۆ ئەوەی تۆ درک بەمەسەلەکان نەکەیت، بۆیە کاتێک هەستی کرد تۆش خەریکی لە مەبەستەکانی من تێدەگەیت، ئیتر نەیتوانی ڕێ لە ڕق و توڕەبوونەکەی بگرێت و تەقییەوە، ئەم تەقینەوە تەنها یەک قازانجی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کەمێک تۆی بە ئاگا هێنایەوە تا لە مەبەستی قسەکانی تێبگەیت....

یەکێک لە سیفەتە خراپەکانی مرۆڤی لاواز ئەوەیە لەهەر شکست و دۆڕانێکدا بۆ ئەوەی سۆزی چواردەورەکەیان بۆ خۆیان ڕابکێشن پەنا دەبەنە بەر سواڵی بەزەیی، کارینیش دەیزانی لەگەمەیەکی دۆڕاودایە دەبوو کارێک بکات تۆپەکە بکەوێتەوە قاچی خۆی یان بەرامبەرەکەی لەسەر گرژییەکانکەمێک خاو بکاتەوە، ئەوەبوو ماوەیەک خۆی بێتاقەت نیشانداو دواتریش دەستی بەسەریەوە گرت، کە

گوایە سەری دێشێت تا بەو بیانووەوە تۆ بگەڕێنێتەوە بۆ هوتێلەکە. دوا کارتی ئەو بۆ قەرەبووکردنەوەی دۆڕانەکەی دەبوو بەکاری بهێنێت ئەوەبوو تۆ لەگەڵ خۆیدا بۆ هوتێلەکە بگەڕێنێتەوە، لەدوای ئەوەش چیتر نەهێڵێت ڕۆژانی داهاتوو لە بەرشەلۆنەدا چاومان بەیەکتر بکەوێتەوەو بۆ هەتا هەتایە لەیەکتر ونببین.

مێلیسیا، ئەوەی لەو ماوە کەمەی من لە پەیوەندی نێوان ئێوە تێگەیشتم ئەوەبوو، ئەو بەباشی هەموو خاڵە لاوازەکانی تۆی دەناسی و دەیزانی چۆن سۆزی تۆ بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، دەیزانی چۆن باشییەکانی تۆ بۆ خراپییەکانی خۆی بەکاربهێنێت. دواتر باشتریش لەوە تێگەیشتم پەیوەندییەکەی نێوان ئێوە باشییەکانی تۆ ڕایگرتبوو، ئەگینا ئەو لەو کەسانە نەبوو بە ئاسانی بتوانێت بەسەر ڕق و کینەکانی ناخیدا زاڵبێت.

هەرچۆنێک بێت ئەو هاوڕێی نزیکت بوو، پێکەوە هاتبوون بۆ سەفەر، نەدەبوو بەتەنها بەجێی بهێڵێت، ئەویش هەر ئەوەی دەویست من و تۆ لەیەکتر دووربخاتەوە....

تەنها شتێک لەو کاتەدا من بیرم لێکردەوە ئەوەبوو کاتێک ئێوە بە نیازی پشوودان لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشتن من بە بیانووی میزکردنەوە کەمێک لێتان دوورکەوتمەوە، لە پێچێکی درەختەکاندا کارتی هوتێلەکەم دەرهێنا ژمارەی ژوورەکەم لەگەڵ ئەدرەس و ژمارەی تەلەفۆنی خۆم لە بەرلین لە پشتەکەی نووسی و گەڕامەوە بۆ لای ئێوە....

لەوە دەچوو ئەو ماوەیەی من بەجێم هێشتبوون هیچ قسەیەکتان پێکەوە نەکردبێت، وەک دوو کەسی نەناسراو هەریەکەتان لەسەر سوچێکی کورسییە درێژەکە دانیشتبوون، منیش بەبێ ئەوەی دابنیشم داوام کرد ئەگەر پێتان خۆشبێت دەتوانین بگەڕێینەوە، تۆش بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکت کردم، بەڵام من بە چاوداگرتنێک هەموو شتێکم تێگەیاندیت، بە بزەکەی لێوتدا منیش وەڵامەکەی خۆم وەرگرت.

کاتێک گەشتینەوە " پلاسا دێل پۆرتال دو لا پاو" هێشتا دونیا تاریکی نەکردبوو، وەک جارەکانی پێشوو لە تەنیشت یەکێک لە پەیکەری شێرەکانەوە وەستاین بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لەیەکتر بکەین. کارین هێشتا هەر خۆی زۆر بێتاقەت نیشان دەداو جار ناجارێک دەستی بەسەرییەوە دەگرت، ئەو ئەوەندە ڕق لەدڵ بوو نەیدەویست بە چاو سەیری ئێمە بکات، هەر کاتێک ئێمە قسەمان دەکرد ئەو ڕووی خۆی وەردەگێڕا، ئەمەش هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی بە دزی ئەوەوە کارتی هوتێلەکە بخەمە ناو دەستتەوە.

ئای چەند سەیر بوو مێلیسیا!، کاتێک دەستم خستە ناو دەستەوە بۆ ئەوەی کارتەکەت بدەمێ لە ڕێگای پەنجە باریکەکانتەوە هەستم بە لێدانی دڵت دەکرد، بەڵام چارەیەکی ترمان نەبوو جگە لەوەی بۆ ئەوەی بەیەکتر بگەینەوە، بەو شێوەیە لەیەکتر جیاببینەوە.

پێش ئەوەی خواحافیزی لەیەکتر بکەین تۆ پرسیت، کە ئایا سبەی کاتمان دەبێت لێرە چاومان بەیەک بکەوێتەوە؟. ئەم قسەیە کارینی داچڵەکاند، بۆیە نەیتوانی چیتر بێدەنگ بێت، لەبری من وەڵامی دایەوە، کە پێویست ناکات ئێمە یەکتر ببینینەوە، ئەو گوتی: کە گوایا سبەی شوێنی تایبەت هەیە بۆی بڕۆن بۆیە کاتیان نابێت، تۆش بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکت کرد، بەڵام هیچت نەگوت....

ئیتر بەبێدەنگی ئێوە ڕۆیشتن، منیش تا ماوەیەک شانم خستبووە سەر پشتی یەکێک لە شێرەکان و لەدواوە زۆر بە تەوسەوە تەماشای تۆم دەکرد، کە جارناجارێک بۆ دواوە ئاوڕێکت دەدایەوە، خۆشییەک بە دڵ و دەروونم دەگەیشت و ئومێدی زیاتری دەدامێ....

## ٩

کاتێک گەشتمەوە هوتێلەکە چەند خولەکێکی کەمی مابوو بۆ نۆی شەو، کەمێک بێتاقەت بووم. پاتریک لەدەرەوە بوو، چونکە ئەو کاتانە کاتێکی گونجاو بوو بۆ دەرەوەو شەقامەکان لەهەموو کاتێک زیاتر دەخرۆشان. ماوەیەک لە ژوورەکەدا هاتم و ڕۆیشتم و بیرم لە قسەکانی کارین و خۆم دەکردەوە نەمدەزانی کارێکی باشم کردبوو یان خراپ، تا زیاتر بیرم دەکردەوە زیاتر ئارامم لەبەر هەڵدەگیرا.

مێلیسیا، لێت ناشارمەوە زۆر دەترسام ئیتر نەتبینمەوە، بەڵام خەیاڵی ئاوڕدانەوەکانت هێزو هیوای زیاتریان دەدامێ، هەندێکجاریش لەبەر خۆمەوە دەمگوت؛ دەی خۆ ئەگەر ئەویش نزیکبوونەوەی منی پێخۆش بێت، لەبەرلینیش بێت ئەمدۆزێتەوە، چونکە هەموو ناونیشانەکانی خۆم بۆ نوسیووە. لەم بیرو خەیاڵانەدا بووم پاتریک گەڕایەوە بۆ هوتێلەکە، ئەویش بێ تاقەت دیاربوو، بۆیە لێم پرسی بێتاقەت دیاریت، لە وەڵامدا گوتی؛ نا بە پێچەوانەوە زۆر ماندووم، لەو کاتەوەی تۆ ڕۆیشتوویت منیش بە پێ بەناو شاردا دەسوڕێمەوە، ماوەیەکی زۆرە ئەوەندە بە پێ نەڕۆیشتووم، بەڵام تۆ لەوە ناچێت باش بیت!.

گوتم: نازانم بڵێم باشم یان نا، ئەشێت هەردووکیان بم و هیچیشیان نەبم، ئەمشەو بەتەمای چیت؟. پاتریک لەوەڵامدا گوتی: ئەبێت بەتەمای چی بم، دەمەوێت ئێستا دوشێک بکەم، دوای ئەوە بڕیار بەدەست تۆیە، من لەبەر تۆ لێرەم، چۆنت پێ خۆش بێت با وا بێت....

پاش ئەوەی پاتریک دوشەکەی تەواو کرد، بڕیارماندا لەدەرەوە شتێکی سوکە بخۆین پاشان بڕۆینە یەکێک لە بارەکان بەتایبەتی ئەو بارانەی تا درەنگی شەو مۆسیقاو سەمای زیندوو پێشکەش دەکەن، لە بەختی ئێمەدا ئەو شەوە شوێنێکی گونجاو نەبوو لێی دابنیشین و کاتیش بەرەو درەنگبوون دەڕۆیشت، ئەگەرچی لەو

شارە هیچ کاتێک درەنگ نییەو تا دەمەو بەیانی خەڵک بەسەر ئەو شەقامانەدا دێن و دەچن.

کاتژمێر نزیکەی یانزەی شەو بوو پاتریک گوتی: من زۆر ماندووم پێمخۆشە بۆ هوتێلەکە بگەڕێینەوە، بە پێچەوانەوە من ئەوەندە نائارام بووم هیچ پێمخۆش نەبوو لەکاتێکی وادا بۆ ژوورێکی بچوک بگەڕێمەوە، چونکە لەو کاتانەدا لەو شوێنە بچوکانەدا هەست بەتەنگە نەفەسی دەکەم، بۆیە گوتم؛ تا بەر دەرگای هوتێلەکە لەگەڵتدا دێم، دواتر دەڕۆم تا ماندوو دەبم بەتەنها پیاسە دەکەم.

من هیچ شتێکم سەبارەت بە پیاسەکەی ئێوارە بۆ پاتریک نەگێڕابووەوە، کەچی لە چاوەکانیدا کاتێک سەیری دەکردم ئەوەم دەخوێندەوە بزانێت چی ڕوویداوە، لەوەش زیاتر سەبارەت بەو پیاسەیە هیچ نەیپرسی، ئەوە یەکەمجاریش بوو بهێڵێت بەتەنها لێی جیاببمەوەو نەپرسێت بۆ کوێ ئەڕۆم و نیازی چیم هەیە. ئەو مرۆڤێکی زۆر سەیر بوو، هەر لە منالییەوە کارەکتەرێکی ساردو سڕی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەتدەتوانی خۆشت نەوێت و ڕقت لێی بێت.

من بۆیە تا بەردەم هوتێلەکە لەگەڵیدا ڕۆیشتم و چەندین باسی تۆو کارینم هێنایە بەرباس بۆ ئەوەی سەبارەت بە پیاسەکەی ئێوارە پرسیارێکم لێبکات و منیش داخی دڵم هەڵبڕێژم، بەڵام ئەو هەر هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو، بۆیە چارم نەبوو لەوە زیاتر تا درەنگی شەو لەدەرەوە بەسەر بەرم.

لە ڕامبلا بە خەیاڵێکی قوڵەوە بەرەو سەر دەریاکە بوومەوە، نازانم چەنێک کاتم پێچووبوو تا گەیشتمە "ڕامبلا دێل مار" ئەوەی لەهەمووی سەیرتر بوو "پلاسا دێل پۆرتال دێ لا پاو"م تێپەڕاندبوو بە بێ ئەوەی بزانم چۆن، ئاخر بۆ پەڕینەوە بەو گۆڕەپانەدا هەر دەبێت بوەستیت تا گڵۆپی ترافیکەکان سەوز دەبێت، ئەگینا ئۆتۆمبیل دەتشێلێت، هەرچەند بیرم دەکردەوە نەدەهاتەوە یادم کەی و چۆن بەو گۆڕەپانەدا تێپەڕیبووبووم.

پەڕینــەوە بــەو گۆڕەپانــەدا، کــە چەنــد یادگارییەکــی کــەم بــەڵام جوانــم لەگەڵیــدا هەبــوو مێشــکی مانــدوو کردبــووم و خەیاڵمــی تــەوا داگیرکردبــوو. لەســەر یەکێــک لــە کورســییەکانی کەنــار ئاوەکــە، کــە ڕۆژانــە خەڵــک لەوێــدا دادەنیشــن و لــە دونیــای جوانــی دەریاکــە دەڕوانــن دانیشــتم. دەمویســت ســەیری ماســییەکان بکــەم، بــەڵام کاتێــک ڕوناکــی گڵۆپــەکان لەســەر شــەپۆلەکان یارییــان دەکــرد نەیدەهێشــت بەجوانــی لــە دیمەنــی پۆلــە ماسییەکان بڕوانیــت، بۆیــە وازم هێنــاو چــاوم بڕییــە شــێلمان و پایــە ئاسنینەکان، کــە بــە ڕوناکییەکــی شــین داپۆشــرابوون. ڕەنگــی شــینی ئــەم پایانــە لەگــەڵ گڵۆپــی عامــودەکان بــە شــێوەیەکی زۆر سەرســوڕهێنەر تــا قوڵایــی دەریاکــە شــۆڕبووبوونەوە. ڕامــان بــە شــێوەیەکی قــوڵ لەڕەنگــەکان خەیاڵتــی بــەرەو جیهانێکــی تــر دەبــرد، مــرۆڤ وایدەزانــی شــارێکی گــەورە بــە باڵەخانــە بەرزەکانییــەوە ڕۆچوونەتــە نــاو دەریاکــە یــان هەســتت دەکــرد لەســەر ئــەو پــردە باریکــە شــارێکی گــەورە هەیــەو ڕوناکییەکانــی لەنــاو ئاوەکــەدا ڕەنگــی داوەتــەوە. ئەگــەر کەســێک تابلــۆی "ئەســتێرەکانی شــەو بەســەر ڕووبــاری ڕۆن" ی 'ڤــان گــۆخ'ی نەیدبێــت ناتوانــی لــەو ڕەنگانــە تێبــگات چــۆن لــە پنتێکــەوە بــۆ نــاو قوڵایــی ئاوەکــە شــۆڕ دەبنــەوە.

مێلیسیا، مــن هێشــتا ڕەنگــەکان خەیاڵەکانمــی لەگــەڵ خۆیانــدا بــۆ نــاو قوڵایــی دەریاکــە شــۆڕکردبووەوە یەکێــک دەســتی خســتە سەرشــانم و گوتــی: ئــەوە تــۆ لێرەیــت؟!.

ســەرەتا زۆر داچڵەکیــم، ئاخــر هیــچ ئەوەنــدەی ئــەوە ناخــۆش نییــە کەســێک لــە پــڕدا لەنــاو خەیاڵێکــی قــوڵ بەئــاگات بهێنێتــەوە. ناتوانــم بڵێــم ترســام، لەگــەڵ ئەوەشــدا دڵــم کەوتــە تــەپ تــەپ، دەســتەکانم دەلەرزیــن و هەناســەم کەمێــک تەنــگ بــوو. ســەرەتا وامدەزانــی دەنگەکــە زرنگانــەوەی گوێــم بــووە، بــەڵام دەســتەکە دەســتی مرۆڤێــک بــوو دایچڵەکانــدم، کاتێــک هەســتامە ســەرپێ و ئــاوڕم بــۆ دواوە دایــەوەو تــۆم بینــی بــڕوام بــە چاوەکانــی خــۆم نەدەکــرد، نەمدەتوانــی بــڕوا بکــەم، کــە تــۆش بــەم درەنگــی شــەوە لێــرە بیــت، بۆیــە وەک شــێتێک پەلامــارم دایــت و تونــد باوەشــم پێــدا کردیــت، دواتریــش زۆر

سوپاسم کردیت، کە هەڵوێستیکی خراپت بەرامبەرم نەنواندو خۆشییەکەت لێ تێک نەدام. دەزانیت ئەگەر دوای ئەوەی وەک شێت باوەشم پێداکردیت و لە زەوی بەرزم کردیتەوە کاردانەوەیەکی خراپت بنواندایەت لەوانەبوو بۆ هەتا هەتایە نەمتوانیبایە جارێکی تر لێت نزیک ببمەوە!.

ئەوە دووەم جار بوو لە دوو ڕۆژی جیاوازدا لەهەمان شوێندا بە بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت تۆ لەباوەش بگرم، دواتریش هۆشم هاتەوە سەر خۆم بە هێواشی دامنایتەوە سەرزەوی و داوای لێبوردنم کرد، کە نەدەبوو ڕەفتارێکی وا بنوێنم، بەڵام تۆ وەک خووە جوانەکەی خۆت بە پێکەنینەوە گوتت؛ نا ئاساییە، بەڵام پێم بڵێ ئەو هەموو کاتە لێرە چاوەروانت دەکرد؟.

ئەم پرسیارە کەمێک بەلامەوە سەیر بوو، بۆیە بە سەرسوڕمانەوە گوتم: چاوەڕوانی چی، من کەمێک پێش ئێستا بێتاقەتی هێنامی بۆ ئێرە، هێشتا قسەکانم تەواو نەکرد لە ڕوخساری تۆدا هەستم بەهەڵەیەک کرد، بەڵام نەمدەزانی هەڵەکە چییە وا یەکسەر کاریگەری لەسەر تۆ دانا، هەستم دەکرد بەو قسانەم کەمێک نائومێدم کردبوویت، ئەوە بوو دواتر کەمێک قسەمان کردو تۆ کارتەکەت نیشان دام، کە لە پشتەکەی لە سەروی ئەدرەسی بەرلینەوە بە قەڵەمێکی جیاواز نووسیبووم شەوان لە دوای کاتژمێر دەو نیوەوە لەلای ماسییەکان ئەبم....!.

ئای بەو نووسینە چەند خەجاڵەت بووم، دوایی بۆم ڕوونکردیتەوە، دوێنێ ئێوارە ئەو دوو دێڕەم لەسەر کارتەکە نووسی بەو مەبەستەی ئەگەر لەیەکتر ونبووین، بۆ ئەوەی یەکتر بدۆزینەوە شەوان بێینەوە بۆ "کارێر دێل مار" بۆ ئەو شوێنەی یەکەمجار یەکترمان تیا بینی، ئیتر دوێنێ لەبیرم چوو کارتەکەت بدەمێ، ئەمڕۆش ئەوەندە شپرزەو بەپەلە ئەدرەسەکەم نووسیم گوێم بەوە نەدا چی لەسەرەوە نووسراوەو دواتر چی ڕوودەدات، بۆ ئەوەی دڵت بدەمەوە ئەوەم نیشان دایت، هەر بۆیە بە دوو قەڵەمی جیاواز نووسراون.

شـەوێکی خۆشـبوو، هـەوای فێنکـی دەریاکـە لێـی دەدایـن، بەسـەر پـردە تەختینەکـەدا بـۆ ئـەو شـوێنە دەڕۆیشـتین یەکەمجـار یەکترمـان بینـی. بـە هێواشـی و هێمنـی بـە نـاو ڕوناکییەکانـدا دەڕۆیشـتن تـا گەشـتینە ئـەو جێگایـەی یەکەمجـار تـۆ لێـی دانیشـتبوویت، بەرامبـەر بـە باڵەخانـەی " مۆڵ دێ بەرشـەلۆنە" ئـەو باڵەخانـەی لـەدوورەوە لـە پاپۆڕێکـی گـەورە دەچێـت لـەو کەنـارەدا لەنگـەری گرتبێـت. تـۆ باسـی ئـەوەت کـرد، کـە کاتژمێرێـک زیاتـرە لێرەیـت و چـاوەڕوان دەکەیـت، ئیتـر نائومێـد بوویـت و دەتویسـت بـۆ هوتێلەکـە بگەڕێیتـەوە، بـەڵام چـاوت بـە مـن کـەوت، باسـی ئەوەشـت کـرد، پەیوەنـدی نێـوان تـۆو کاریـن زۆر بـاش نییـەو هەسـت دەکـەم بـەم پەیوەندییـەی مـن و تـۆ ڕازی نییـە، ئیتـر نازانـم هۆکـەی چییـە.

ئـەو شـەوە تـۆ کەمێـک غەمباربوویـت، هەسـتم دەکـرد لەگـەڵ خۆتـدا لـە جەنگێکـی گـەورەدا بیـت، دەتویسـت ئـەم پەیوەندییـە نوێیـەی نێـوان مـن و تـۆ بـە شـێوەیەک مامەڵـەی لەگەڵـدا بکەیـت کارنەکاتـە سـەر پەیوەندییـە دێرینەکـەی نێـوان تـۆ و کاریـن، ئەمـەش مانـدووی دەکردیـت، چونکـە کاریـن لـەم ڕووەوە نـەک نەیدەویسـت هاوکاریـت بـکات، بەڵکـو کێشـەی بـۆ دروسـتدەکردیت. بـۆ ئـەوەی کەمێـک پێکەنیـن و بـزە بـۆ سـەر لێوەکانـت بگێڕمـەوە منیـش کەوتمـەوە باسـی هونەرمەنـدە پیرەکـە، کاتێـک تابلۆکـەی بـۆ دەکێشـایت، بیـرت دێـت پێـم گوتیـت: بـە بـێ ئـەوەی تـۆ بناسـم هـەر لەخۆمـەوە غیـرەم لـەو هونەرمەنـدە پیـرە دەکـرد، پاتریکیـش گاڵتـەی پێدەکـردم.

لێـم پرسـیت؛ کـە ئایـا هەسـتت چـۆن بـوو کاتێـک تـۆ دانیشـتبوویت ئـەو حەشـاماتە سـەیریان دەکردیـت؟. تـۆش گوتـت: ئـەوە شـتێکە جارێکـی تـر ئەسـتەمە دووبـارەی بکەمـەوە، ناخۆشـترین کاتێـک لـە ژیانمـدا ئەوەبـوو، کاتـەکان تـەواو نەدەبـوون، حـەزم دەکـرد بـە زووتریـن کات تابلۆکـە تـەواو بـکات ئەگـەر زۆر خراپیـش بێـت و هیچیـش لەمـن نەچێـت، بـەس لـەو شـوێنە دەربـاز بـم. کەمێـک بێدەنـگ بوویـن، هەردووکمـان وەک ئـەوەی بیـر لەیـەک شـت بکەینـەوە سـەیری ئـەو هەمـوو ڕەنگـە جوانەمـان دەکـرد بەسـەر وردە

شـەپۆلی کەناڵەکـەدا پـەرش بووبـوون. لەبـەر خۆمـەوە پرسـیم؛ ڕەنگـە دڕکـەکان ئازاریـان دابێـت.....!. تـۆش پرسـیت دڕکـی چـی؟. وەڵامەکـەی مـن ئەوەبـوو ئەگـەر هەرکەسـێک بڕواتـە نـاو باخێکـی دڕکاوییـەوە دەبێـت چاوەڕوانـی ئـەوەش بـکات دڕکێکـی پێـدا بچەقێـت و ئـازاری بـدات.....!. ئیتـر تـۆ تـێ گەیشـتیت، سـەرێکی ڕازیبوونـت لەقانـدو بزەیەکـی تاڵـت کـرد.

ئـای مێلیسـیا، ئـەم ڕۆژگارە چەنـد سـەیرە، ئـەو شـەوە ئێمـە لـە چ دونیایەکـدا بوویـن و ئـەم شـەویش هەریەکەمـان لـە کوێیـن، مـن ئێسـتا لەوپـەڕی تەنهایـی و نائومێدیدا نامـە بـۆ تـۆ دەنووسـم لـە چ دونیایەکدام!. زۆر باشـم لـە بیـرە، جـا بڵـێ ئـەوە شـتێکە مـرۆڤ بتوانێـت لەبیـری بـکات، کاتێـک شـانمان بەیەکـەوە نووسـاندبوو، نازانـم سـەیری سـنوری بێکۆتایـی دەریاکەمـان دەکـرد یـان مانگـی چـواردە، کـە وەک تۆپێکـی خـڕ بـە ئاسـمانەوە ئەدرەوشـایەوە، هەردووکمـان خەیـاڵ تـا لای تریفەکانـی مانـگ و ئـەو سـەری دەریاکـە بردبووینـی، بـە بـێ ئـەوەی وشـەیەک لەگـەڵ یەکتـردا بڵێیـن گوێمـان لـە مۆسـیقای وردە شـەپۆلەکان دەگـرت، کـە لەگـەڵ ڕوناکـی گڵۆپەکانـدا ئاوازێکـی هێمـن و ئارامکەرەوەیـان دەژەنـی، شـەپۆلەکان بـە ئارامـی بـەردەوام لـەو ئـاوازەی دەریایـان دەژەنـی، کـە تێکەڵەیـەک بـوو لەدەنگـی ئـاوو شـەو لـە هـاژەو بێدەنگـی، لـە دوو مرۆڤـی مانـدوو دەچووین بیانەوێت لـەو کەنـار ئـاوەدا ماندوێتـی خۆیـان بشـکێنن، وەک دوو مرۆڤـی مانـدوو تـا زیاتـر بـە بێدەنگـی دەماینـەوەو گوێمـان لـەو ئـاوازە هێمنـەی کەناڵەکـە دەگـرت، کـە شـەپۆلی دەریـاکان لەگـەڵ خۆیانـدا دەیانهێنـا زیاتـر شـانەکانمان شـل دەبـوو، تـا ئـەو کاتـەی چیتـر شـانەکانمان نەیانتوانـی یەکتـری ڕاگیربکـەن و سـەرمان نـا بەسـەری یەکتـرەوە. ئـەوە چـی بـوو، خودایـە لـە پڕێکـدا ڕوویـدا.....!.

مێلیسـیا، لەبیـرت دێـت لـە پڕێکـدا سـەرت لەسـەرم تـرازاو کەوتـە سـەر ڕانـم، خـۆ ئەگـەر فریـا نەکەوتبـام مەترسـی بەربوونـەوەت هەبـوو، بۆیـە بەپەلـە داوام لێکردیـت بڕۆینـە سـەر یەکێـک لـە کورسـییەکانی پشـتەوە دابنیشـین، ئـەو کورسـییە درێـژەی

لەتەختــە درووســتکرابوو، دوای ســاڵێکی تــر گەڕاینــەوەو شــەوێک تــا درەنــگ لەســەری دانیشــتینەوە، منیــش پێــش ئــەوەی دابنیشــین گوتــم؛ وەک یەکەمجــار مــن لــەم ســەری کورســییەکە دادەنیشــم و تــۆش ڕابکشــێ و ســەربخەرە ســەر ڕانــم. ئــای لــە دڵ و دەروونــی مــرۆڤ چەنــد نهێنــی ســەیری تێدایــەو کــەس پــەی پێنابــات خاوەنەکــەی نەبێــت!.

کاتێــک تــۆ پاڵکەوتیــت و ســەرت لەســەر ڕانــم دانــا و منیــش دەســتم بــە ڕومەتەکانتــدا دەهێنــاو یاریــم بــە قــژت دەکــرت، بیــرم لــەو کاتــە دەکــردەوە، کــە بــۆ یەکەمجــار تــۆم لەبــەردەم هونەرمەنــدە پیرەکــەدا بینــی و دڵــم خورپەیەکــی کــرد، بــە پاتریکــم گــوت: نابێــت بڕۆیــن، مــن ئەوەســتم تــا تــەواو دەبێــت، چونکــە هەســت دەکــەم، شــتێک مــن بــەو کچــەوە گــرێ دەدات، ئیتــر ئەویــش بــە توانجەکانــی خــۆی کەمێــک گاڵتــەی پێکــردم، بــەڵام دوای ماوەیــەک دوورکەوتینــەوە هەســتم دەکــرد مێشــکی ئەویشــت داگیرکــردووە. بەداخــەوە ئێمــە زۆر دوور کەوتبووینــەوە، بۆیــە تــا گەڕاینــەوە نــە تــۆ مابوویــت نــە هونەرمەنــدە پیرەکــە، جێگاکــەی هێنــدە بەتــاڵ بــوو، بــڕوام نەدەکــرد قــەت پێشــتر مرۆڤێــک لــەو شــوێنەدا دانیشــتبێت، ئیتــر بــە نائومێدییەکــەوە بــەرەو کەنــاری دەریاکــە ڕۆیشــتین و تــا درەنگــی شــەو ماینــەوە، بــەڵام ئەوەبــوو مــن خــەوم لێنەدەکــەوت، بۆیــە بەیانــی زوو وەک شــتێکم لــێ ونبووبێــت و بەدوایــدا بگەڕێــم بــەرەو ئــەم شــوێنە هاتــم و تــۆم بینییــەوە.....

تــۆ چاوەکانــت داخســتبوو، هیــچ قســەت نەدەکــرد، نەمدەزانــی بیــر لەچــی دەکەیتــەوە، بــەڵام مــن هــەر بــەردەوام دەســتم بــە ڕومەتــە ناســکەکانتدا دەهێنــاو یاریــم بەقــژت دەکــرد، دەمزانــی ئەمــە چێــژو خۆشــییەکت پێدەبەخشــێت، بــەڵام مــن هــەر لــە خەیاڵــە ســەیرو ســەمەرەکانی خۆمــدا بــووم و هەندێکجــار بــۆ ئــەوەی لــە خــۆم دڵنیــا ببمــەوە، چــاوم دادەخســت و دەمکــردەوە تــۆم لەباوەشــمدا دەبینــی، ســەیری ئــەو خەڵکانــەم دەکــرد لــە پشــتمانەوە بەســەر پردەکــەدا دەپەڕینــەوە، جــار ناجارێــک دەنگــی باڵندەیــەک، توتــەی بەلەمێــک دڵنیــای دەکردمــەوە، کــە لەخــەودا ناژیــم و ئەمــە ڕاســتییە، بــە دەســت مــن نەبــوو ئەگینــا ژیانــم لەوێــدا دەوەســتان، ئێســتاش ئەگــەر دەســەڵاتێکی خودایانــەم هەبێــت

ژیانـم دەگێڕمـە بـۆ ئـەو شـەوەو بـۆ هەتـا هەتایـە لەوێـدا دەیوەسـتێنم.

لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت؛ هیـچ شـتێک لەگـەڵ قـەدەردا ناکرێـت، مـن لەیەکـەم نیـگاوە شـتێک دڵمـی ئەنـگاوت، لـەدوای یەکـەم بینینـەوە هێزێـک بـەرەو لای یەکتـری ڕادەکێشـاین، ئاخـر ناسـینی مـن و تـۆ زۆر کـورت بـوو ئـەو هەمـوو شـتە ڕوویانـدا، ئەوەیـە دەڵێـن؛ "عەشـق زمانـی هەیـە" ئێمـەش بەبـێ ئـەوەی قسـەیەک لەگـەڵ یەکتـردا بکەیـن لـە گفتوگۆیەکـی عاشـقانەدا بوویـن.

هەمـوو دەسـت بەرکەوتنێکـی مـن بـە ڕوخسـارو تاڵـی پرچەکانـت پڕبـوون لـە وشـەگەلێک زمـان ناتوانێـت بیانڵێـت، کاتێـک دەسـتم بـە لوتـە قنجـە جوانەکەتـدا دەهێنـاو تـۆ زیاتـر ڕۆدەچوویتـە نـاو خەیاڵـەوە منـی لەناخـەوە دەهەژانـد، کـە هیـچ وشـەیەک توانـای ئـەو نـاخ هەژاندنـەی نییـە. بـۆ ئـەوەی بمەوێـت زیاتـر بتدوێنـم و وەڵامـی داواکارییەکـم بدەیتـەوە، پەنجـەم لەسـەر لوتتـەوە بـۆ سـەر لێوەکانـت داگـرت، تـۆش بـە هێواشـی ماچـت کـرد، ئیتـر ماچـی ئـەو پەنجەیـەم بەسـبوو بـۆ ئـەوەی لەخۆشەویسـتی تـۆ بـۆ مـن دڵنیـا بـم، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی تـۆش هەمـان کارت ئەنجـام داو دەسـتت بەرزکـردەوە بـۆلای لێوەکانـم، بـەڵام مـن هـەر بەیـەک ماچـەوە نەوەسـتام، دەیـان ماچـی دەسـتم کردیـت، ماچـی یـەک بەیەکـی پەنجەکانـت، بۆنـی نێنۆکـە بۆیاخاوییەکـەم دەکـرد، بـۆ مـن ئـەو کاتـە هیـچ شـتێک ئەوەنـدەی ئـەو ماچانـە چێژبەخـش نەبـوون، بۆیـە سـەرم بـۆ سـەر ڕوومەتـت دانەوانـدەوەو پرسـیم دەتوانـم؟. تـۆش دەمـت نزیـک کـردەوەو بـە ماچێـک وەڵامـت دامـەوە، ئیتـر هێنـدەی ئەسـتێرەکانی ئاسـمانی ئـەو شـەوە مـاچ ڕژایـە ئـەو کەنـار ئـاوە....

# ١٠

دونیـا بومەلێـڵ بـوو ئێمـە بـەرەو هوتێلەکانمـان گەڕاینـەوە، سـەرەتا مـن نەمهێشـت تـۆ بەتەنهـا بگەڕێیتـەوە بۆیـە تـا بـەردەرگای هوتێلەکـە لەگەڵتـدا هاتـم، لەوێـش تێـر ماچمـان کـرد. کاتێـک گەشـتمەوە هوتێلەکـەی خـۆم کاتژمێـری هۆڵـی پێشـوازیکردنەکە پێنـج دەقـە لـە پێنـج و نیوی بەیانـی لایدابـوو. پاتریـک پرخـەی دەهـات، بـەڵام مـن خـەوم نەدەهـات، ئاسـەواری لێوەکانـی تـۆ هێشـتا لەسـەر لێـوم نـە ڕۆشـتبوون، وەک جـاری پێشـوو لـە بوتڵـە تەکیلاکـەی پاتریـک دوو پێکـم خـواردەوە، کەمێـک ئارامبوومـەوەو خـەوم لێکـەوت.

کاتژمێـر نـۆی بەیانـی پاتریـک بـۆ قاوەڵتـی بێـداری کردمـەوە، چێشـتخانەی هوتێلەکـە تـا کاتژمێـر دە کراوەبـوو، منیـش گوتـم: نـان ناخـۆم دەمەوێـت بخـەوم، ئیتـر ئـەو لەسـەری نەڕۆیشـت، منیـش نووسـتمەوە.

کاتژمێـر دووی پاشـنیوەڕۆ دیسـان پاتریـک بێـداری کردمـەوە، کـە چێشـتخانەی هوتێلەکـە کراوەیـە ئەگـەر دەمەوێـت نـان بخـۆم، منیـش بەنابەدڵییەکـەوە هەسـتام. بەخێرایـی دوشـێکم کـرد، پاشـان لەگـەڵ پاتریـک ڕۆیشـتمە خـوارەوە.

لـە چێشـتخانەکە پاتریـک گوتـی؛ ئـەوە دەزانیـت سبەی ئێمـە دەگەڕێینـەوە بـۆ بەرلیـن، کاتەکەمـان تـەواو بـوو، دەبێـت ئەمـڕۆ چیمـان بووێـت بیکڕیـن و خۆمـان بـۆ گەڕانـەوەی سـبەی ئامـادە بکەیـن، ئـەم قسـەیە وەک ئـەوە وابـوو لـە پڕێکـدا بەردێکـی قـورس بـدەن بەسـەرمدا، بــە نابەدڵییەکـەوە گوتـم؛ ئەزانـم.

مێلیسـیا تەنهـا شـتێک، ئـەو ڕۆژە دڵـی خۆشـکردم ئەوەبـوو، کـە تـۆ ئێـوارە دەهاتیـت بـۆ هوتێلەکـە بـۆ لای مـن، کاتژمێـر حەوتمـان دانابـوو، مـن ئەمـەم بـە پاتریـک گوتبـوو؛ بـەڵام لـەوە دەچـوو زۆر بـڕوا نـەکات، یـان بەکارێکـی باشـی نەزانێـت، چونکـە ئـەو دەم و

چاوی منی دەخوێندەوە، ڕۆژێک باش بووم و ڕۆژێک خراپ، ئەوەشی دەزانی کارین تا پێی بکرێت ناهێڵێت ئەم پەیوەندەییە سەربگرێت، ئەو لە کۆتاییەکەی دەترسا، بەڵام هیچی نەگوت، بەتەنها سەرێکی لەقاند.

ئەو دوا نیوەڕۆ زیاتر بۆیە حەزم دەکرد لەگەڵ پاتریکدا بۆ بازاڕکردن بڕۆمە دەرەوە تا دیارییەکت بۆ بکڕم ببێتە یادگارێکی جوان لەلات، بەڵام نەمدەزانی چی بکڕم!. پیاوان بە شێوەیەکی گشتی لە دیاریی کڕین بۆ ژنان لاوازن، کەم پیاو هەیە بزانێت دیارییەکی گونجاو بۆ خۆشەویستەکەی بکڕێت، بە بێ ئەوەی پێشتر پێشینەیەکی نەبێت، تەنانەت زۆربەی پیاوان نازانن ژمارەی پێڵاوی ژنەکانیان چەندە، سەرەڕای ئەوەی هێشتا بۆ کەسێکی وەک من، کە یەک دوو ڕۆژ بوو تۆم دەناسی، هەر زۆر زەحمەت بوو بتوانم دیارییەک بکڕم، کە تەواو ئەو شتە بێت تۆ حەزت لێیەتی. پاتریک لەمەشدا بە فریام کەوت. ئەو گوتی: بڕۆ دوای چەند کچێک بکەوە بزانە زیاتر خۆیان بە کام لە دوکانەکاندا دەکەن و زیاتر بایەخ بە چی دەدەن بزانە چ شتێک زۆر سەرنجیان ڕادەکێشێت. منیش وەک ئەو گوتی؛ وامکرد، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی من چاودێریم دەکردن و هاوتەمی تۆ بوون حەزیان لە دوکانی پێڵاوو جلوبەرگ فرۆشەکان بوو، هەندێکیشم دەبینی خۆیان بەدوکانی مت و مورو فرۆشەکاندا دەکرد و دەیان ئەنگوستیلە، گوارەو ملوانکەیان تاقی دەکردەوە، ئەمەش هزرێکی باشی پێدام، کە دەتوانم شتێکی لەم بابەتە بکڕم.

هەروا بە کۆڵانە تەسکە قەرەباڵغەکەی "کارێر دێ سانتا ئانا"دا دەڕۆیشتین، دوکانێک نەبوو سەرنجت بۆ لای خۆی ڕانەکێشێت، تەنانەت دوکانی کافێ و جگەرە فرۆشەکانیش. بازاڕەکانی ئەم کۆڵانە هێزێکی جادوویی سەیریان هەبوو، کە خەڵکیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا، مەرج نەبوو تۆ هەموو شتێک بکڕیت، بەڵام دەبوو لەبەردەم هەریەکێک لە دوکانەکداندا هەڵوێستەیەک بکەیت....

چـوار کـچ لــه پێشـمانەوە بـوون بـە ئەڵمانـی قسـەیان دەکـرد، بـە پاتریکـم گـوت؛ دەڵێـی چـی پرسـێکیان پـێ بکەیـن، ئێسـتا ئـەوان دەزانـن کچـان لـەم سـەردەمەدا حەزیـان لەچییـە، بـەڵام پاتریـک وەک ئـەوەی گوێـی لەقسـەکەم نەبووبێـت بـە چـاک و خـراپ وەڵامـی نەدامـەوە. ئێمـە بـەردەوام بـە دوای ئـەو کچانـەوە بوویـن، تـا بزانیـن زیاتـر چ شـتێک سـەرنجیان ڕادەکێشـێت، ئەمـەش ئاسـان نەبـوو، چونکـە شـتێک نەبـوو سـەرنجیان ڕانەکێشـێت و لەبەردەمیـدا هەڵویسـتەیەک نەکـەن. گەورەتریـن کێشـەی ئێمـە ئەوەبـوو کات خەریـک بـوو درەنـگ بـکات، ئەگـەر ئێمـەش بـە پێـی ئـەو کچانـە بڕۆشـتینایە ئـەوا بـە کاتژمێرێـک سـەد مەترمـان نەدەبـڕی، بـاش بـوو بەختـی ئێمـە لەبـەردەم دوکانێکـی "سڤارۆڤسـکی"دا وەسـتان و دەسـتیان بـە هـات و هـاوار کـرد، واو، ئـەوە زۆر جوانـە واو ئـەوەی تـر بـێ وێنەیـە، واو ئـەو زنجیـرە زۆر کەشـخەیە واو....

ئـەوان لەبـەردەم جامخانەکـەدا وەسـتابوون بـە سەرسـوڕمانەوە لەیـەک بەیەکـی گـوارە، ملوانکـەو ئەنگوسـتیلەکانیان دەڕوانـی، ئـاخ و حەسـرەتیان بـۆ هەڵدەکێشـا، چونکـە نرخەکانیـان لـەوە گرانتـر بـوو ئـەوان بتوانـن بەدڵـی خۆیـان لێـی بکـڕن. ئێمـە لـە تەنیشـتیانەوە بەهەمـان شـێوە وەسـتابووین و لـە خشـڵەکانمان دەڕوانـی، کـە بەڕاسـتی ئەوەنـدە شـتی ناسـک و جـوان لـە جامخانەکـەدا نمایشـکرابوون ئێمـەش حەزمـان ڕۆیشـتبووە سـەریان، لەپڕێکدا چـاوم کەوتـە سـەر ملوانکەیـەک، کـە لـە ئاڵتونـی سـپی درووسـتکرابوو دڵێکـی پێوەبـوو، دڵەکـەش نقێمێکـی سـوری لەسـەر بـوو، ئەمـە تـا ڕادەیـەک هزرێکـی خسـتە نـاو مێشـکمەوە، کـە بزانـم چـی بکـرم. بۆیـە کچەکانمـان لەبـەر جامخانەکـەدا بـە جێهێشـت و ڕۆیشـتینە ژوورەوە، پرسـیاری ئـەو ملوانکەمـان کـرد، ئەویـش چەنـد نمونەیەکـی بـۆ هێنایـن و سـەیرمان کـرد، یەکـەم ملوانکـە، کـە دڵـم ڕۆیشـتە سـەری ئـەو ملوانکـە بـوو بەدرێژایـی ژیانـی پێکـەوە بوونمـان هەمیشـە لەملتـدا بـوو. ئـەوەی لـەو ملوانکـەدا بەتەنهـا سـەرنجی ڕاکێشـام زنجیـرە باریکـە ناسـکەکە نەبـوو، کـە لـە ئاڵتونـی سـپی درووسـتکرابوو، بەڵکـو دو دڵەکـە بـوو، کـەوەک دوو ئەڵقـە خرابوونـە نـاو یەکـەوە.

سـەرێکی زنجیرەکـە لـە ڕێـگای کونێکـەوە بەسـترابوو بـە یەکێکیانـەوە، کـە ڕەنگـی زیـوی بـوو بـە "ڕۆدیـۆم" ڕووپۆشـکرابوو، ئەوسـەری زنجیرەکـە بەهەمـان شـێوە لـە ڕێـگای کونێکـەوە بـە دڵەکـەی تـرەوە، کـە ڕەنگـی زەردبـوو بـە ئاڵتـون ڕووپۆشـکرابوو بەسـترابووەوە، بەبـێ ئـەوەی هیـچ کەسـێک بزانێـت کام دڵیـان لەنـاو ئـەوی تریاندایـە، یـان کامیـان لـە پێشـدا ڕۆیشـتۆتە نـاو ئـەوی تـرەوە. هێشـتا لـە دوکانەکـە هـەر ئەمدیـو ئەودیـوم پێدەکـرد بـۆ ئـەوەی بزانـم کام دڵیـان ڕۆیشـتۆتە نـاو ئـەوی تریانـەوە، پاتریـک پرسـی ئـەوە دەتەوێـت چـی لـەو زنجیـرە بکەیـت؟. گوتـم: هیـچ بـەس ئەمەوێـت بزانـم ئـەم دوو دڵـە کامیـان لەنـاو ئـەوی تردایـە....! وەک هەمـوو جارێکـی تـر ئەگـەر قسـەیەکی بـەدڵ نەبوایـەت سـەرێکی ڕادەوەشـاند، ئیتـر منیـش تێدەگەیشـتم، کـە نایەوێـت وەڵام بداتـەوە بۆیـە وازم هێنـاو داوام لـە ئافرەتـە فرۆشـیارەکە کـرد، کـە بـۆ دیـاری بـۆم بپێچێتـەوە.

مێلیسـیا، تـا ئـەو کاتـەی گەڕامـەوە بـۆ هوتێلەکـەو چاوەڕوانـی هاتنـی تـۆ بـووم مـن هـەر بیـرم لـەو دوو دڵـە دەکـردەوە، کـە دەبێـت کامیـان لـە پێشـدا چووبێتـە نـاو ئـەوی تـرەوە!، پاتریکیـش بـە توانجـەوە دەیگـوت؛ بێگومـان هـەر دەبێـت یەکێکیـان پێشـتر چووبێتـە نـاو ئـەوی تـرەوە.

کاتێـک گەشـتینەوە هوتێلەکـە بیسـت خولەکێکـی مابـوو بـۆ حـەوت، لەگـەڵ پاتریکـدا لـە باڕەکـە دە خولەکێـک دانیشـتم و بیرەیەکـم لەگەڵـدا خـواردەوە، پاشـان داوای ڕوخسـەتم لێکـردو سـەرکەوتمە سـەرەوە بـۆ ژوورەکـە، هەندێـک جانتـاو جلەکانـم ڕێـک کـرد، دەسـتم بـە گیرفانمـدا کـرد ملوانکەکـەم دەرهێنـا، کـە لـە کاغەزێکـی دیاریـی پێچرابـوو، چەنـد جارێـک ئەمدیـو ئەودیـم پێکـردو دیسـان هەمـان پرسـیار کەوتـەوە نـاو مێشـکم، دەبێـت ئـەم دوو دڵـە کامیـان لـە پێشـدا ڕۆشـتبێتە نـاو ئـەوەی تریـان و لـەدەرگا درا...!.

دەرگاکـەم کـردەوەو بـە ڕوویەکـی خـۆش و پێکەنینـەوە پێـم گوتیـت: بەخێـر بێیـت

بـۆ ژووری ٣١١، بـەڵام پێـم بڵـێ دوو دڵ، کاتێـک لـە شـێوەی ئەڵقەیەکـدا ڕۆشـتبنە نـاو یەکـەوە، دەبێـت کامیـان لـە پێشـدا ڕۆشـتبێتە نـاو ئـەوەی تـرەوە، تـۆش بـە زەردەخەنـە سـیحراوییەکانت بـە شـێوەیەک لێـم ڕوانیـت، وەک ئـەوەی تـەواو نەبـم یـان جۆرێـک لـە شـێتی لێیـدا بـم، بۆیـە بـۆ ئـەوەی مەسـەلەکە بخەمـەوە سـەر بـاری خـۆی باوەشـم پێـدا کردیـت و دەمـم خسـتە نـاو دەمتـەوە....

مێلیسـیا، مـن بیـرم نەمـاوە، بـەڵام پێـم وابێـت ئـەوە درێژتریـن مـاچ بـوو لـە ژیانمانـدا کردبێتمـان، سـەیرە ئـەو مـاوە درێـژە بەبـێ ئـەوەی دابنیشـین بـە پێـوە توانیمـان ماچێکـی ئەوەنـدە درێژخایـەن بکەیـن. مـن بـە بینینـی تـۆ هەمـوو شـتێکم لەبیرچووبـووەوە، کاتێـک یەکترمـان مـاچ دەکـرد، بیـرم نەمابـوو ملوانکەکـە هێشـتا لەنـاو دەسـتێکمدا بـوو، لـە پـڕ لـە پشـتی تـۆوە بەربوویـەوە، تـۆش پرسـیت، ئـەوە چـی بـوو کـەوت؟. لەوەڵامـدا گوتـم ئـەوە ئـەو پرسـیارە بـوو، کـە پێشـتر لێـم کردیـت و دیارییەکـەم دایـە دەسـتت.... پێـم گوتیـت؛ تـا ئـەوە نەکەیتـەوە لـە مانـای پرسـیارەکەم ناگەیـت، جـا هیـوادارم شـتێکم کڕیبێـت ئـارەزووی تـۆی لەسـەر بێـت، چونکـە پیـاوان بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە دیاریکڕینـی ژنانـدا گێـژن.

کاتێـک پاکەتەکـەت کـردەوە ئەوەنـدە دڵخـۆش بوویـت، ئەمجـارە تـۆ شـێتانە باوەشـت بەمنـدا کـرد، خودایـەی، ئەوەنـدە بەتاسـەو عەزرەتـەوە باوەشـمان بەیەکـدا کـرد، هەمـوو شـتێکمان لەبیرچـوو، تەنانـەت خۆیشـمان، ئـەوە یەکـەم تێکەڵبوونـی مـن و تـۆ بـوو، کـە نەدەبـوو بـەو زووییـە ڕووبـدات، بـەڵام چـی لـە ڕۆحـی مـرۆڤ دەکەیـت کاتێـک تێکـەڵ بـە ڕۆحێکـی تـر دەبێـت، مـرۆڤ چـۆن ئەتوانێـت مـەی بخواتـەوەو بڵێـت هـۆش لەدەسـت نـادەم، ئـەو مـاچ و باوەشـەی ئێمـەش وابـوو، ئێمـە لـەدەرەوەی خۆمـان تێکـەڵ بەیەکتـر بوویـن، کاتێکیـش هەردووکمـان بەتـاڵ بووینـەوەو هاتینـەوە هۆشـی خۆمـان پەشـێوییەک ڕوخسـاری تەنیبوویـن، هەردووکمـان هەسـتمان ئەکـرد زۆر زوو بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەو شـتە ڕووبدات. بـە تەنیشـتی یەکتـرەوە بـە ڕووتـی پاڵکەوتبوویـن وهەردووکمـان چاومـان بڕیبـووە سـەقفی ژوورەکـە، بیرمـان لـە چـی دەکـردەوە، نازانـم...، بـۆ ئـەوەی ئـەو بێدەنگییـە

بشـکێنم داوای لێبوردنـم کـرد، تـۆش هەناسـەیەکت هەڵکێشـاو گوتـت؛ نـا ئاسـاییە هـەر دەبـوو ئەمـە ڕووبـدات، هەندێکجـار ڕووداوەکان لەدەسـتی خـودی مرۆڤیشـدا نیـن، لەپڕێکـدا هەڵگەڕایتــەوەو وەک پشـیلەیەک خـۆت خزانـدە نـاو باوەشـمەوە....

لـە ژێـر سـنگمەوە پرسـیت، هەمـوو خەتـای ئـەو زنجیـرە نەفرەتییـە بـوو، منیـش نازانـم دڵـەکان کامیـان لـە پێشـدا ڕۆیشـتووەتە نـاو ئـەوی تـرەوە، ئایـا تـۆ خـۆت وەڵامەکـەت لەلایـە؟. منیـش لەوەڵامـدا گوتـم: نـا، بـۆ منیـش جێگای پرسـیارە، ئێسـتاش دوای ئـەوەی ڕوویـدا پرسـیارەکە زیاتـر لەمێشـکمدا قوڵبـووەوە، کـە ئایـا مـن و تـۆ کاممـان لەپێشـدا ڕۆیشـتینە نـاو ئـەوی تـرەوە....؟. ئـەو گوتـی؛ بێگومـان تـۆ لەپێشـدا هاتینـە نـاو منـەوە، منیـش گوتـم: ئـەی بـۆ تـۆ نەبێـت، تـۆ پێـت وایـە پیـاو ئەگـەر لەسـەرەوە بێـت ئـەو ئەچێتـە نـاو ئـەوەی ژێـرەوە ئـەی ئەگـەر پێچەوانـەی بکەینـەوەو ژنەکـە بکەوێتـە سـەرەوە!. تـۆش بێدەنـگ بوویـت و هیچـت نەگـوت.

پـاش ئـەوەی خۆمـان لەبەرکـردو ئامادەکاریمـان بـۆ ڕۆیشـتن کـرد، مـن بەدەسـتی خـۆم زنجیرەکـەم کـردە ملـت ئەوەنـدە جـوان لێـت دەهـات یەکسـەری چـاوی مرۆڤـی بـۆ سـەر سـینەت ڕادەکێشـا.

لەنـاو ئەسانسۆرەکەیشـدا کاتێـک بـۆ خـوارەوە دەڕۆیشـتین، بـە بـێ ئـەوەی شـەرم لـە ئاوێنـەکان بکەیـن بـۆ یـادگاری چەنـد ماچێکمـان کـرد، بیـرت دێـت دوای سـاڵێک هاتینـەوە هەمـان هوتێـل، ئـەو کاتـە هەردووکمـان هەسـتمان ئەکـرد هێشـتا نـاو ئەسانسـۆرەکە بۆنـی ماچەکانـی ئێمـەی لێدێـت. هەمـوو کـۆڵان و شـەقامەکانی بەرشـەلۆنە بۆنـی یادگارەییەکانـی ئێمەیـان لێدەهـات.

دوای ئـەوەی ڕۆیشـتنە خـوارەوە پاتریـک هێشـتا لـە بارەکـە بـە دیـار پەرداخێـک بیـرەوە دانیشـتبوو سـەیری تەلەفزیۆنـە هەڵواسـراوەکەی دەکـرد، کـە نازانـم یـاری تۆپـی پێـی نێـوان کام لـە تیپـەکان بـوو!. پاتریـک لـەو کەسـانە بـوو شـەیدای سـەیرکردنی یـاری تۆپـی

پێـن، بۆیـە دوو ڕۆژی دیکـەش لـەو بـاڕە دابنیشـتایەت و سـەیری تۆپتۆپێنـی بکردایـەت بێتاقـەت نەدەبـوو.

لەبەرئـەوەی کاتــەکان کەمـی مابـوو زۆر بـە خێرایـی تێپـەڕ ئەبـوو، هەردووکمـان شـپرزەی ئـەوە بوویـن چـۆن بتوانیـن ماوەیەکـی تـر لەیەکتـر جیاببینـەوە، تـۆ لەگـەڵ کاریـنـدا دەبـوو کاتژمێـر نـۆ لەبـەردەم هۆڵـی ئۆپێرایەکـدا بیـت تـا پێکـەوە بـڕۆن بـۆ سـەیری سـەمای فلامینکـۆ، بـاش بـوو هۆڵەکـە زۆر دوور نەبـوو دەمانتوانـی بـە کاتێکـی کـەم بگەینـە ئـەوێ، بـەڵام نەدەبـوو کاریـن مـن لەگـەڵ تـۆدا ببینێـت، چونکـە وەک بـۆت باسـکردبووم هیـچ شـتێکت سـەبارەت بـە پەیوەندییـە نوێیەکانـی خۆمانـت پـێ نەگوتبـوو، بۆیـە بـێ خەمبـوو لـەوەی چیتـر مـن و تـۆ یەکتـر نابینینـەوە.

ئـای مێلیسـیا، چەنـد ناخـۆش بـوو کاتێـک گەیشـتینە بەرامبـەر هۆڵـی فلامینکۆکـە، لەبەرئـەوە کارینمـان ئەبینـی لەبـەردەم دەرگاکـەدا ڕاوەسـتابوو چاوەڕوانـی تـۆی دەکـرد، لەبـەر جەنجاڵـی شـەقامەکە ئـەو نەیدەتوانـی ئێمـە ببینێـت، بـەڵام ئێمـە بەباشـی ئەومـان دەبینـی چـاوی بـە چواردەوری خۆیـدا دەگێـرا، ئیتـر کات بـەرەو درەنگـی دەڕۆیشـت و پێنـج دەقـەش لـە ژووانەکەتـان لایدابـوو، دەبـوو یەکتـر بەجێبهێڵێـن، لەوێشـدا بـۆ ماوەیـەک باوەشـمان بەیەکـدا کـردو بـە چەنـد ماچێـک ماڵئاوایمـان لەیەکتـر کـرد.

کاتێـک تـۆ بـۆ شـەقامەکەی ئەوبـەرەوە دەپەڕیتـەوە مـن هـەر لـە شـوێنی خـۆم چەقیبـووم، تاکـە هیوایـەک هەمبـوو ئـەو ئاوڕدانـەوە کورتانـەی تـۆ بـوو، بەدەسـت ماچـت بـۆ هەڵـدەدام ئەویـش زۆر تەمـەن کـورت بـوون.

## ١١

بـۆ ڕۆژی دوای کاتێـک گەیشـتمەوە بەرلیـن و بەتایبەتـی گەیشـمەوە ماڵەکـەی خـۆم، ئـای هەسـتم بـە چ سـاردی و تەنهاییـەک کـرد!، چەندینجـار بیـرم لـەوە دەکـردەوە یەکسـەر بگەڕێمـەوە بـۆ بەرشـەلۆنە. مـن چیتـر نەمدەتوانـی لـەو ماڵـە ساردوسـڕەدا بژیـم. مردنـی دایـک و باوکـم هاتنـەوە یـادم ئەوەنـدەی تـر وێرانیـان دەکـردم، وامدەزانـی ئـەوەی لـە بەرشـەلۆنە دیبـووم بەتەنهـا خەوێـک بـوو بـەس و ئێسـتا بێداربووبمـەوە. مـن توشـی نەخۆشـییەکی خـراپ بـووم، لەنێـوان خـەوو بێـداری تیامابـووم. لەپـڕ زنجیرەکـەی ملـی تـۆم هاتـەوە یـاد، کامیـان لەنـاو ئـەوی تردایـە؟. خەریـک بـوو بیرکردنـەوە شـێتم بـکات، چونکـە نەمدەزانـی ئێسـتا خـۆم لەنـاو کامیانـدام، لەنـاو خـەودام یـان بێـداری!. دەبـوو یەکێکیـان ڕاسـت بێـت، مـن ئێسـتا مرۆڤێکـم و لەنـاو خەوێکـی قوڵـدا دەژیـم و ئـەم چیرۆکـی ژیانـە بەشـێکە لـەو خـەوە، یـان ئـەوەی لەچەنـد ڕۆژی ڕابـردوودا ڕوویـدا خەوێـک بـوو وەک خەوەکانـی تـر....!.

بیرمدەکەوتـەوە هەندیکجـار لـەو جـۆرە خەوانـەم دیبێـت، مێلیسـیا، کاتێـک بیـرم لـەو خـەوە نەعلەتییانـە دەکـردەوە هەسـتم دەکـرد پێشـتر تـۆم لەخەونمـدا دیـوە، لەهەمـان شـوێن، یـان شـوێنێکی تـر وەک ئـەو شـوێنانەی بەرشـەلۆنە. بەڵـێ بۆچوونەکـەی بەرشـەلۆنەم ڕاسـتبوو، پێشـتر تـۆم لەشـوێنێک دیبـوو، هەمـان دیمـەن، هەمـان شـوێن و ڕووداو، بـەڵام بـۆ لەبەرشـەلۆنە ئـەوەم بیرنەکەوتـەوە، کـە ئـەو شـتەی بینیـم و ڕوویـدا پێشـتر لەخەونمـدا بینیبـووم، ئـەی بـۆ ئێسـتا بیـرم دەکەوێتـەوە و لەگـەڵ ڕووداوەکانـی بەرشـەلۆنەدا تێکـەڵ ئەبـن؟.

ماوەیـەک لەبـەردەم ئاوێنـەی کانتۆرەکـەدا ڕاوەسـتام و سـەیری خـۆم دەکـرد، ڕوخسـارم گۆڕانێکـی زۆری بەسـەردا هاتبـوو، خۆمـم بەباشـی نەدەناسـییەوە، زیاتـر لـە خۆمـی نـاو خەونەکـەم دەچـووم. ئاخـر ڕاسـتە ئـەو کـوڕەی لەنـاو ڕووداوەکانـی خەونەکەمـدا بـوو

هەرخـۆم بـووم، بـەڵام هیچیـش لەخـۆم نەدەچـوو، ئـەو کەمێـک ڕیشــی هێشـتبووەوەو قەڵەمــی کردبــوو، مــن قــەت لەژیانمــدا ڕیشــم نەهێشــتۆتەوە، جگــە لــەو ڕۆژانــەی مردنــی باوکـم و دایکـم نەبێـت دوو ڕۆژ یـان سـێ ڕۆژ جارێک ڕیشـم تاشـیوە، هەمـوو بەیانییـەک پێش ئـەوەی بـڕۆم بـۆ سـەر کار ڕیشـم دەتاشـم، کەچـی ئێسـتا لـە ئاوێنەکـەدا لـەو کـوڕە دەچـم، کـوڕی نـاو خەونەکـەم.... هـەروا وەسـتابووم و سـەیری خۆمـم دەکـرد ڕووداوەکان لەگـەڵ وێنــەی تــۆدا بەبەرچاومــدا دەهاتــن و دەچــوون، لەکەسـێک دەچــووم ســەیری ڕووداوێکــی ترسـناک بـکات، هەندێکجـار بـۆ ئـەوەی لەبەرچـاوم ونبـن یـان بمەوێـت لەدەسـتیان هەڵبێـم تونـد چاوەکانـم دەنوقانـد و بیـرم لـە مردنـی بـاوک و دایکـم دەکـردەوە، بیـرم لـە خانـەی پیرانـی 'خـۆری ئێـوارە' دەکردەوە، بیـرم لـە خاتـوو دۆرلایـن دەکـردەوە، بـەڵام زۆر سـەیربوو، لەیادەوەریمـدا کاڵبووبوونـەوە، وام هەسـت دەکـرد سـاڵانێکی دووروو درێـژە ڕوویانـداوە، ئەگـەر ڕاسـتت دەوێـت وامدەزانـی ئەویـش خەونێکـی تربـووە لەخەونەکانـم.

ئـەو ئێـوارە مـن سـەیر لەنێـوان بـە ئاگاهـی و خەونـدا نوقـم بووبـووم، هەمـوو ڕووداوەکانـی ڕابـردووم دەهێنایـەوە نـاو یـادم، بـەڵام هـەر هەموویـان وەک یادەوەرییەکانـی منداڵـی کاڵبـوون، چـۆن دەبـوو مردنـی دایکـم، کـە هێشـتا دوو هەفتـە بەسـەریدا تێپەڕیبـوو تەمێـک باڵـی بەسـەردا بکێشـێت و بەجوانـی نەتوانـم لـە یادەوەریمـدا هەمـووی ببینـم. لـە بـەردەم ئاوێنەکـەدا چـاوم دادەخسـت بـۆ ئـەوەی هەمـوو هێـزی بیرکردنـەوەم بـۆ ڕابـردوو بگێڕمـەوە، کەچـی وەک بیابانێـک دوور زۆر دوور لەنـاو شـەپۆلی سـەرابەکاندا دیمەنـەکان دەهاتـن و دەچـوون، ئەمـەش مانـدووی دەکـردم، جـا چـی مانـدووی نەدەکـردم، هـەر هەمـوو شـتێک بـە خەیاڵمـدا گـوزەری کردبێـت مانـدووی کـردووم، باشـترین شـتێک لەکاتێکـی وادا جگـە لـە گەڕانـەوەی بـۆ لای مۆسـیقا هیـچ شـتێک هاوکاریـت نـاکات، بۆیـە گـەڕام بـەدوای مۆسـیقای "مێدیتاتسـیۆن"، تـای شـی یـان زیـن" ئەمانـە ئـەو مۆسـیقانەن لەکاتـی دڵتەنگـی و بـێ تاقەتیـدا هاوکاریـت دەکـەن، سـەرلەنوێ ترپەکانـی دڵ ڕێـک دەخەنـەوە و مێشـکت لـە جەنجاڵـی و بیرکردنـەوەی خـراپ پـاک دەکەنـەوە. ئـەم مۆسـیقانە ڕاسـتە ئایینەکانـی

بوزایـی، هیندۆســی و جایینســم"ەکان وەک وەرزشـێکی ڕۆحــی گوێــی لێدەگــرن تــا بــە "نیرڤانـا" بگـەن، بـەڵام خـۆ بـە فەلسـەفەکەی ئـەوان بێـت هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت لـەدوای چوونـە نـاو خەڵوەتێکـی قوڵـەوە بـە نیرڤانـا بـگات و هەمـوو لـەش و ڕۆحـی لـە هێـزە خراپـەکان پـاک بێتـەوە.

نێرڤانـا دەمەوێـت ئەمشـەو منیـش ئـازاد بـم، ئـازاد بـم لـە ڕۆحـی وەهمـە بـەدەکان لـەو هێـزە جادووییـە خراپانـەی مێشـکم مانـدوو دەکـەن و ئەندێشـەی خـراپ دەخەنـە نـاو مێشـکمەوە، دەمەوێـت ئەمشـەو بگەڕێمـەوە بـۆ نـاو خـۆم، دەمەوێـت ببمـەوە بەخـۆم.....

مێلیسـیا، ئەو شـەوە وەک 'براهما'یەک لەگەڵ مۆسـیقایەکی دووروو درێژی مێدیتاتسـیۆندا ڕۆیشـتمە خەڵوەتـەوە، ئـەو مۆسـیقا ئەوەنـدە لەخـۆم و دونیـا دووری خسـتمەوە، هەسـتم دەکـرد لەنـاو بۆشـایی گەردوونـدا مەلـە دەکـەم، جیهانـی زۆر سـەیرو سـەمەرەم بینـی، درەختـی سـەوز و میـوەدار، کێـوی بـەرز بـەرز، ڕوبـارو دەریاچـەی زۆر شـین، کـە وەک حەوزێکـی شوشـەیی خـڕ هەمـوو  هەمـوو ماسـییەکانی نـاوی دیاربـوون، دەشـتایی پـڕ لەگـوڵ و گوڵـزار ملیۆنەهـا پەپولـە بەسـەریاندا دەفـڕی، کارمامـزی جـوان، تـاوس و مەلـی بەهەشـت و هـەزاران باڵنـدەی ڕەنـگاو ڕەنـگ، مـن ئیتـر لـە زەوی نەمابـووم، لـە دونیایەکـی تـردا بـووم.... لەبۆشـاییەکی زۆر قوڵـی گەردوونـدا، هەمـوو شـتێکم ئەبینـی مـرۆڤ نەبێـت، دەنگێـک پێـی دەگوتـم: جوانـی ئـەو ئـەم جیهانـە پـاک و ڕەنـگاو ڕەنگـە بـەوەوە مـاوە، کـە هێشـتا مـرۆڤ دەسـتی پێـی نەگەیشـتووە.

مێلیسـیا سـەیر لـەوەدا بـوو جـار جارێـک تـۆ لـەوێ دەردەکەوتیـت، ڕووت و قـوت، لەنـاو گوڵـزارو چەمەنەکانـدا، هـەزاران پەپولـەی ڕەنـگاو ڕەنـگ بەچواردەورتـدا دەفڕیـن، باڵنـدەکان بەسەرسـەرتەوە دەیانخوێنـد، تـۆش بێباکانـە بەکەنـار ڕووبـارە شـینەکەدا، کـە مـرۆڤ بـە ئاسـانی ماسـییە جۆراوجۆرو ڕەنـگاو ڕەنگەکانـی نـاوی ئەبینـی، بانگـم دەکردیـت گوێـت لێـم نەبـوو، دەنگەکـە لەنـاو خۆمـدا دەنگـی دەدایـەوە، هـاوارم دەکـردو دەگریـام و

دەمقیژاند بۆ ئەوەی گوێت لێم بێت، بەڵام تۆ زۆر بێباکانە بەناو گوڵەکاندا پیاسەت دەکرد، لق لق و تاڵ تاڵ گوڵەکانت بۆن دەکرد، لەپڕ نەدەمایت و کارمامزێک لە شوێنەکەت هەڵدەتۆقیو دەستی بەبازبازێن دەکرد، من لە کوێ بوو، نازانم!. مۆسیقاکە دەیبردم، زۆر دوور دەیبردم، هێندە دوور بەتەواوەتی هەموو کێشی خۆم لەدەست دەدا....

مێلیسیا، ڕۆژانی دوای گەڕانەوەی بەرشەلۆنە، ناخۆشترین ڕۆژێک بوون لە ژیانمدا گوزەراندبێتم، کاتەکان نەدەڕۆیشتن، نەمدەتوانی لەسەر شتێک تاسەر بەردەوام بم، هەمیشە دڵەڕاوکێ و نا ئارامییەکی سەیر باڵی بەسەر بیرو هۆشمدا کێشابوو. دەترسام ئەو ڕووداوو بەسەرهاتەی بەرشەلۆنە بە تەنها خەوێک بێت و بەس. ڕۆژانە دەیان و سەدان لەو جۆرە ڕووداوانە ڕوودەن، کوڕو کچێک لەسەفەرێکدا یەکتر دەناسن با ماچی دەمی یەکتریش بکەن و پێکەوە بخەون، خۆ مەرج نییە ببنە هاوڕێ، ڕەنگە هەریەکیان خەڵکی وڵاتێک بێت، لەدوای سەفەر هەموو شتێک کۆتایی دێت، ژنان و پیاوان هەن لەو سەفەرانە خیانەت لە هاوڕێی و مێردەکانیان دەکەن، هەموو شتێک ڕێی تێدەچێت، تاکە شتێک دڵی خۆشدەکردم، تۆ لەبەرلین بوویت، دەمزانی ئەگەر بۆ کافێ خواردنەوەیەکیش بێت هەر جارێک پەیوەندیم پێوە دەکەیتەوە.

پاتریک پێی دەگوتم؛ تۆ سەیر مێشکی خۆت بە هەندێک شتەوە ماندوو دەکەیت، ئەو کچە وەک دواجار من لە هوتێلەکە بینیم، ئەوەی لە ڕوخسار و چاویدا خوێندمەوە بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر، لەو کەسانە نییە، تەنها ئەو ساتەی بۆ گرنگ بێت تیایدا دەژی، ئەو دێتەوە، بەڵام نازانم کەی، ئەو وەک خۆی گوتی؛ ئەمساڵ خوێندنی تەواو کردووەو سەرقاڵی کار دۆزینەوەیە، بۆ ئافرەتێکیش ئاسان نییە خوێندن تەواو بکات و بێکار لەماڵەوە دابنیشێت، ئەو ئەوەشی گوت؛ لەگەڵ کاریندا پێکەوە دەژین، چونکە نەیتوانیوە بەتەنها خانوویەک بۆخۆی بگرێت، ماڵی باوکیشی لەدەرەوەی شارن، هاتوچۆش هەروا ئاسان نییە، بۆیە پەلە مەکە، لەکارەکانی خۆت بەردەوام

بە، ژیانی خۆت ئاسایی بکەرەوە، هەموو شتێک بەدڵی تۆ دەبێت، ئەو گوتی؛ با یەک شتیشت پێ بڵێم، ئەوە چەند ساڵە من دەناسیت، هەر بەتەنهام، وە دەمەوێت هەر تەنها بم، تەنهایی لەوە باشترە یەکێک بکەمە هاوبەشی ژیانم، ماڵەکەم لێ بکاتە دۆزەخ، من نامەوێت بەهۆی ئەوەی هەر دەبێت هاودەم و هاوڕێیەکم هەبێت ژیانی خۆم و کەسێکی تر تێکبدەم، بۆیە ئەوەندەش لە خۆشەویستی گەشبین مەبە، تۆ ئەزمونی من و ناتالی دەزانیت، ئێمە لە تەمەنی نەوجەوانییەوە پێکەوە بووین، دواتر بە چ ناخۆشییەک کۆتاییمان بە هاوڕێیەتی هێنا، ئەگەر ڕاستت دەوێت هێشتا شۆکی ئەو هاوڕێتییە بەری نەداوم، بۆیە هیچ پەلەم نییە، پەلەکردن زۆرجار پەشیمانی گەورەی لەدوایە....

قسەکانی پاتریک مایەی تێڕامان بوو، بە شێوەیەک بیرکردنەوەی گۆڕیم، کەمێک لە خۆشخەیاڵی هاتمەوە دەرەوە، چونکە من بۆ خۆیشم پێشتر چەند ئەزموونێکی سەرنەکەوتووم هەبوو. لەدوای ئەو قسانە باشتر دەمتوانی بیربکەمەوە، پاتریک بۆیە باسی ئەزموونی سەرنەکەوتووی خۆی کردو باسی ڕابردووی منی نەکرد، بۆ ئەوە بوو لەناو خۆمدا نەمشکێنێت، ئەو زۆر ژیرانە خۆمی نیشاندام، ئەو ویستی بە بەباسکردنی ئەزموونی خۆی باسی ئالینای هاوڕێمم بیر بخاتەوە، کە چەند مانگێک پێش مردنی باوکم لەیەکتر جیابووینەوە، ئەویش ڕۆیشت و بوو بە یادگاری، باشترە وا لە شتەکان بڕوانین، هەموویان دەڕۆن و دەبن بە یادگاری، تەنانەت من و تۆش.....

ئەم قسانە ئەوەندە هێزو بوێرییان پێدام بتوانم ژیانی ئاسایی دەستپێبکەمەوە، ئەگەرچی کەمێک قورس بوو لەگەڵ ئەو تەنهاییە نوێیەدا ڕابێم، من هێشتا کەمتر لەمانگێک بوو هاتبوومە ئەو خانووە، هەندێک وردە کاری مابوو دەبوو تەواویان بکەم. بڕیارمدا لەدوای کارەوە کاتەکانم بە داکوتینی تابلۆ و دانانی ڕەفەکانەوە تەرخان بکەم، ئەمەش هاوکارییەکی باشم دەکات بۆ ئەوەی بە هێواشی ڕووداوەکان فەرامۆش بکەم و وەک خەڵکانێکی ئاسایی ژیان بگوزەرێنم.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی لەدوای تەواوبوونی کار سەردانی چەند بازاڕێکی پێداویستی و کەلوپەلی خانووم کرد، هەندێک شتی جوانکاری ماڵم لەگەڵ چەند گوڵدانێکی شوشەدا کڕی. تەواو سەرقاڵی دەستنیشانکردنی شوێنی شتەکان بووم، دوو لە گوڵدانەکان، کە لەبلوری لەمپا دەچوون بۆ تەنیشت ڕاست و چەپی تەلەفزیۆنەکەم کڕیبوو، ئینجانە گەورەکان بۆ گۆشەکانی ژوورەکە، بەدیواری سەرەوەی تەلەفزیۆنەکە دەبوو چەند ڕەفەیەک لە شێوەی پەیژە دابکوتم.... یەک بەیەک شتەکانم لەناو مێشکمدا تاوتوێ دەکرد.... دۆلابێکی بچوکی دەرگا شوشەییم بۆ تەنیشت دەستشۆری حەمامەکە کڕیبوو، لەگەڵ شوێنی کاغەزی تەوالێت، گۆشەیەکی ستیل بۆ دانانی شامپۆو پێداویستی خۆشتن لە بانیۆکەدا.... ئەو ئێوارە زۆر سەرقاڵبووم ، بۆ من بیرکردنەوەو بڕیاردان لە شوێنەکان قورستر بوو لە دانانیان، هەروا بە ژوورەکەدا دەهاتم و دەچووم گوێم لەدەنگی زەنگی دەرگای خوارەوە بوو، سەرەتا وامزانی گوێم دەزرنگێتەوە، بەلام پاش ماوەیەک وەستان و گوێگرتن جارێکی تر لێدرایەوە، بیرم کردەوە، ئەگەر پاتریک بێت زۆربەی کات تەلەفۆن دەکات، سەیری ساڵنامەکەم کرد کۆتایی هەفتە هیچ شتێکم یاداشت نەکردبوو، من لەبیرکردنەوەدا بووم، بۆ سێهەم جار لێدرایەوە، منیش ڕۆیشتمە لای ئامێری دەرگاکردنەوەکەو پرسیم کێیە؟ کەس دەنگی نەبوو، چەند جارێکی تر پرسیم کێیە...؟ هەرکەس دەنگی نەبوو، ویستم بگەڕێمەوە ژوورەوە بۆ چوارەم جار لێدرایەوە، دیسان پرسیمەوە کێیە، کەس وەلامی نەدایەوە، ئیتر بۆ ئەوەی زیاتر بێزارم نەکات دەرگاکەم کردەوەو گەڕامەوە بۆ لای کارەکانم.... چەند خولەکێکی پێ نەچوو لەدەرگای ژوورەکە درا، لەکونی دەرگاکەوە سەیرم کرد ژنێکم بینی بە چەپکێک گوڵ و شتێکی تریشی بەدەستەوە بوو نەمزانی چییە، ئەوەی لەو کونە بچکۆلەوە بینیم نەمناسییەوە، لەدڵی خۆمدا گوتم: ڕەنگە هاوڕێ یان دۆستێکی خۆم بێت بەهۆی مردنی دایکمەوە گوڵی هێنابێت، بۆیە بەپەلە دەرگاکەم کردەوە تۆ بە دەنگی بەرز هاوارت کرد سوپرایس...!، لەخۆشیاندا وەک شێت، بەهەمان شێوەی ئەو بەیانییەی سەر پردەکەی 'ڕامبلا

دێل مار[1] باوەشم پێداکردیت و هێنامیتە ژوورەوە، ئەوە چۆن بوو هاتیت!، قەت بڕوام نەدەکرد، وامدەزانی وەک ئەو ئافرەتانەی لە سەفەرەکاندا پەیوەندی لەگەڵ پیاوان دەبەستن و لەکۆتایی سەفەرەکەیاندا ئەدرەس و ژمارەی تەلەفۆنەکانیان دەخەنە ناو تەنەکەیەکی خۆڵەوەو بە فەرامۆشی ئەسپێرن.

ئای مێلیسیا، ئەو هاتنەی تۆ لەو کاتەدا بۆ من چەند پێویست بوو، من لە دۆخێکی زۆر خراپدا دەگوزەرام، بۆیە هیچ گلەیی ئەوەشم نەکرد، کە بۆچی لە دوو سێ ڕۆژی ڕابردوودا زەنگێکت لێ نەدابوو، تا خۆت باسی هاتنەوەت کردو داوای لێبوردنت کرد، کە نەتتوانیوە زەنگێکم بۆ لێبدەیت، هەندێک باسی خراپبوونی پەیوەندی نێوان خۆت و کارینت کرد، باسی ئەوەشت کرد، کە پاش گەڕانەوە توشی حاڵەتێکی سەیر بوویت، پێت وابووە ئەوەی ڕوویداوە پێشتر لە خەوتدا دیوتەو ڕووداوەکانت لێ تەکەڵ بووە، کە ئایا ئەو ڕووداوە هەمان ئەو ڕووداوە بووە لەخەوتدا بینیوتە.... منیش قسەکەم لەدەم وەرگرتیت و گوتم: بێگومان لە ڕووداوی خەوەکەشدا کوڕەکە من بووم، بەڵام لەبەرشەلۆنە نەدەهاتەوە یادت و لە دوای سەفەرەکە بیرت کەوتەوە منت پێشتر لە شوێنێک دیوە ئەو شوێنەش ناو خەونەکانتە.... تۆ بە چاوە تیژو گەشەکانتەوە دەمت کردبۆوەو بەسەر سوڕمانەوە پرسیت: تۆ ئەم شتانە چووزانیت...؟. منیش بە پێکەنینێکی لە خۆباییانەوە گوتم: شتێک لەجادوو دەزانم، لەو کاتەدا دەستم گرتیت و وەک قاوەگرەوەیەک سەیری ناو لەپی دەستەکانم دەکردیت، کەچی لەپڕێکدا هەستم بەترسێک لەچاوەکانتدا کرد، بۆیە هەموو قسەکانم ڕاستکردەوەو گوتم: خۆشەویست منیش بەهەمان نەخۆشی تۆدا تێپەڕبووم، بۆیە دەستم برد بۆ زنجیرەکەی سەر سینەت و دڵەکانم بە دوو پەنجەم بەرزکردەوەو پرسیم: تۆ ئێستا پێم بڵێ کامیان لەناو کامیاندایە....؟.

لەو کاتەدا ڕادیۆکە گۆرانییەکی مایکل بۆلتۆنی پەخش کرد:

"تۆ مۆمیت، خۆشەویستیت ئاگرەکەیەتی

ئاگرێک لەبەر باو باران ئەگرێت

ڕوناکییەکەت لەناو دڵما تا ئەبەد ئەدرەشێتەوە

تۆ وەک هەڵهاتنی خۆر لەشەودا بۆلای من هاتوویت

تۆ لەناو خەونەکان و ژیانمدا وەک خۆر ئەدرەوشێیتەوە

تۆ تەنها کەسی، تەنها کەسی و بەس"

کاتێک گۆرانییەکە تەواو بوو، بە پێکەنینێکەوە گوتت: خۆ درۆم لەگەڵ ناکەیت!. نا هەرگیز، تا ئەبەد لە دڵمدا وەک ئەو خۆرە پرشنگدارە ئەدرەوشێیتەوە، تۆ وەک ئەو خۆرە تاقانە بێ وێنەیت.

مێلسییا، دوای ئەو هەموو کارەسات و ناخۆشی و دوورییە بەردەوام هەستم بەو تینی ئاگری خۆشەویستییەت کردووە لەناو دڵمدا دەگرێت، تۆ ڕوناکییەکی ئەبەدیت لە ڕۆحمدا هەڵکردووە، بۆیە دوای گۆرانییەکەش و ئێستاش هەر هەمان هەستم بۆت هەیە، بەڵام ئیتر نازانم دواجار چارەنووسمان بەرەو چ ڕێگایەکمان دەبات!.

ئەو گوڵانەی هێنابووت، هەمان ئەو گوڵانە بوون، ڕێکوڕاست ئەڵێی بۆ ناو دوو گوڵدانە شوشەکەت هێنابوو، دە لق خونچەی لالە (تولپ) پێنج پێنج بەسەر هەردوو گوڵدانەکەدا دابەشمان کرد، ڕەونەقێکی تری دا بە مێزو ژوورەکە، تۆ پرسیت، لەوە دەچێت تازە هاتبیتە ئێرە، یان خانووەکەت نوێ کردۆتەوە؟. لەوەڵامدا گوتم: ئەوەی یەکەم ڕاستە، کەمتر لە مانگێکە گواستوومەتەوە، ئیتر نەڕۆیشتمە ناو درێژەی چیرۆکەکانی ڕابردوو، تۆش هیچ لەسەری نەڕۆیشتیت.

هاتنی ئەو ئێوارەی تۆ ئەتمۆسفێری ژوورەکەی تەواو گۆڕیبوو، ژوورەکەی لە ژوورێکی پڕ تەنهایی و بێدەنگییەوە گۆڕی بۆ ژوورێکی پڕدەنگ و ڕەنگ. هەروەها هاوکاری تۆ وەک ژنێکی بە سەلیقە لە دانانی شتەکاندا تەواو دڵی خۆشدەکردم.

سـەرم لەسـەلیقەت سـوڕمابوو ئەوەنـدە جـوان دەتتوانـی شـتەکان لەگـەڵ گونجانـی ژوورەکـەدا ڕێـک بخەیـت، بۆیـە داوام لێکردیـت، ئەگـەر بکرێـت کۆتایـی هەفتـە لـەلای مـن بمێنیتـەوە، بـەڵام گوتـت: بەداخـەوە ناتوانـم، چونکـە جارێـک ئـەم پەیوەندییـەم بـە نهێنـی هێشـتۆتەوە. دواتـر بـەردەوام بوویـت؛ ئەمـە تاکـە شـتێکە لەژیانمـدا لـە کارینـم شاردبێتەوە، بۆیـە خەریکـە شـێت دەبێـت و دەیەوێـت بەهـەر نرخێـک دڵنیـا بێـت لـەوەی، کـە ئایا مـن لەگەڵیـدا ڕاسـت دەکـەم و لـەدوای ئـەو ئێـوارەی باخچـەی مۆسـین و ساحلی ئـی لۆبێـرا (jardins mossen costa i llobera) ئیتـر پەیوەنـدی مـن و تـۆ کۆتایـی هاتـووەو یەکترمـان نەبینیوەتـەوە!.

ئـەو بـڕوا بـە هیچـکام لـەو قسـانە نـاکات مـن سـەبارەت بـە خۆمـان پێـم گوتـووە، چونکـە دەڵێـت؛ لـەدوای ئـەو ئێـوارەوە مـن هەڵسوکەوتم زۆر گـۆڕاوە، تەنانـەت بـۆ ئـەوەی هەمـوو شـتێکم پـێ بدرکێنیـت دەیگـوت؛ ئاسـاییە پەیوەندیـت لەگەڵیـدا هەبێـت، خـۆ مـن پێـم ناخـۆش نییـە ئیتـر بـۆ دەیشـاریتەوە، مـن هێشـتا هـەر حاشـام لێکـردووە، بـەڵام ئـەو گومانـی لـە هەمـوو هەڵسـوکەوت و تەنانـەت پەیوەندییەکیشـم هەیـە، دەیەوێـت بیزانێـت، منیـش بڕیارمـداوە تاتـەواو لەگـەڵ تـۆدا هەمـوو شـتێک یـەکلا نەکەمـەوە پێـی نەڵیـم. هەروەهـا دەمەوێـت ماوەیەکـی تـر لەخانووەکـەش لەگەڵیـدا جیـا ببمـەوە، چونکـە لـە ئێسـتادا خوێندنـم تـەواو کـردووەو بـەدوای کارێکـدا دەگەڕێـم، هەرکاتێـک کارێکـم دەسـت بکەوێـت ئـەوا خانوویەکـی سـەربەخۆ دەگـرم، ئەویـش بەهەمـان شـێوەی منـە، ئـەو کاتـە پەیوەندییەکەشـمان سـنوردار دەبێـت....

مـن یەکسـەر پێشـنیاری ئـەوەم کـرد، کـە بێیـت و پێکـەوە لـەم خانووەدا بژیـن، بـەڵام تـۆ زۆر لـە مـن زیرەکتـرو دووربینتـر بوویـت، بۆیـە بـەو شـێوە وەڵامـت دامـەوە، کـە هێشـتا زووە بـۆ ئـەوەی مـن و تـۆ پێکـەوە لـەماڵێکـدا بژیـن، لانـی کـەم بـا سـاڵێک بەسـەر پەیوەندییەکەمانـدا تێپـەڕ ببێـت پاشـان بڕیـار دەدەیـن، کـە ئایـا دەتوانیـن پێکـەوە لـە ماڵێکـدا بژیـن....!.

ئـەو ئێـوارە چاوەنـوارِ نەکـراوە یەکێـک بـوو لـە یادگارییـە خۆشـەکانی ژیانمـان، تـۆ تاکـە ئافرەتێـک بوویـت بتوانـم ئەوەنـدە کاتـت لەگەڵـدا بەسـەربەرم و بێتاقـەت نەبـم، کاتـەکان لەگـەڵ تـۆدا هەمیشـە زوو تێپـەڕ دەبـوون، ژنـان بـە شـێوەیەکی گشـتی پیـاو مانـدوو دەکـەن، یـان هیـچ قسـەیەکیان بـۆ کـردن نییـە یـان باسـی شـتی وا پڕوپـوچ دەکـەن پیـاو گێـژو حـۆل ئەبێـت.

پێـش تـۆ مـاوەی سـاڵێک زیاتـر لەگـەڵ کچێکـدا بـووم نـاوی ئالینـا بـوو، ئـەو لەسـەر یـاری و تەلەفزیـۆن ئالـودە بووبـوو، وەک بەبەیەکـی بچکۆلـە هەمـوو کاتەکانـی لەبـەردەم تەلەفزیۆنەکـەدا بەسـەر دەبـرد یـان لەسـەر قەنەفـەکان پـاڵ دەکـەوت، هیـچ کات و تاقەتـی پیاسـەکردنی نەبـوو. لـە جـەژن و ئاهەنگەکانـدا هەمـوو کەسـێک بـەزۆر دڵـی خـۆی خۆشـدەکرد، ئـەو مێشـکی هـەر لـەلای ئەوەبـوو کـەی بگەڕێینـەوە بـۆ ماڵـەوە. خەڵـک سـەرقاڵی سـەماو گۆرانـی و سەرمەسـتکردن بـوو، ئـەو وەک دارکونکـەرە هەزارجـار دەیگـوت؛ کـەی بڕۆینـەوە.... کـەی بڕۆینـەوە.... حـەزی لەهیـچ نەبـوو، خەریـک بـوو قسـەکردنی لەبیـر دەچـووەوە، چونکـە بـەس بـە 'ئـا' و'نـەء' وەڵامـی دەدایـەوە، لـەم دواییانـەدا تەمەڵـی بـە شـێوەیەک سـواری شـانی بووبـوو تاقەتـی خۆشتنیشـی نەبـوو، تاقەتـی مـاچ و سێکسـی نەبـوو، کاتێـک لەگەڵیـدا دەخەوتـم وامدەزانـی ژنێکـە لـە پلاسـتیک، هـەردوو قاچـی دەکـردەوەو بەدەسـتی کەناڵـی تەلەفزیۆنەکـەی دەگـۆڕی، زوو زووش دەیگـوت؛ ئـەوە تـەواو نەبوویـت.....!.

ئەوەبـوو هەرشـتێکی لـەلای مـن هەبـوو ئێوارەیـەک بـۆم بـردەوە بـۆ ماڵەکـەی خـۆی، پێمگـوت؛ ئیتـر دەتوانیـت لەمـڕۆوە ئاسـودە بیـت، مـن چیتـر ناتوانـم لەگـەڵ بوکەڵەیەکـدا بژیـم.... وەک ئـەوەی هیـچ ڕووینەدابێـت، پێـی گوتـم؛ چۆنـت پێخۆشـە بـا وابێـت، ئـەم قسـە زۆر ئازاریـدام، چونکـە هیـچ نەبێـت مـن لـە دڵـەوە خۆشـم دەویسـت، پێـم خۆشـبوو کاردانەوەیەکـی تـری هەبێـت، نـەک وەک مردوویـەک مامەڵـەم لەگەڵـدا بـکات.

ئەو کاتە باوکم لە ژیاندا مابوو زۆر ئامۆژگاری کردم، کە دەبێت دڵی من زۆر لەوە گەورەتر بێت لەبەرامبەر ژنان، بەڵام دواجار گوتم: باوکە ڕاستە خۆشم دەوێت، بەڵام جگە لە مرۆڤێکی مردوو هیچی تر نییە، یاری و تەلەفزیۆن ڕۆحی گوشیوە، خەریکە وەک ئەوان بێگیان ئەبێت، من چیتر ناتوانم لەگەڵ مرۆڤێکی بێ ڕۆح و گیاند ابژیم....

لەدوای ئەو ئێوارە نە بینیمەوە، نە تەلەفۆنێکی کرد، نەجارێک سەردانێکی کردین، تەنانەت باوکم چەند خۆشی دەویست بۆ تازییەکەی نەهات، کارتێکی سەرخۆشی نەنارد.... بەڵام تۆ لەو ژنانەی ڕۆح دەخەیتە گیانی پیاوەوە، مرۆڤی مردوو زیندوو دەکەیتەوە، پیاوێک کاتێک ئەتبینێت ئیرادەی بۆ ژیان بەهێز دەبێت....

ئازیزم مێلیسیا، تا ئەو شەوە بەتەواوەتی نەمدەزانی کارین ژنێکی مەترسیدارە، هەروام دەزانی وەک زۆربەی ژنان بەرامبەر بە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی پڕە لە ئیرەیی، وامدەزانی وەک مشەخۆرێک بەتەنها بەرهەمی هێزە جوان و پۆزەتیفەکانی تۆ بۆ خۆی دەچنێتەوە، بەڵام کاتێک پێشنیاری ئەوەم بۆ کردیت، کە سبەی ئێوارە بێیت بۆ سەردانم و شەو لەلام بمێنیتەوە، بەڵام لەلای کارین وا نیشان بدە سەردانی ماڵی باوکت دەکەیت. وەڵامەکەی تۆ بزەیەکی تاڵ و بێدەنگییەکی خەمناک بوو.... بەم وەڵامە سەرم سوڕما، بۆیە دوام لێکردیت قسە بکەیت، تۆش هەناسەیەکی قوڵت هەڵکێشاو گوتت؛ ئەو لەو کەسانەیە، ئەگەر کارێکی لەو جۆرە بکەم، بێگومان سبەی شەو شتێک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ ماڵ باوکم بکات و دڵی ئەوانیش بخاتە مەراقەوە، پێشتر شتێکی لەو بابەتە ڕوویدا، بۆیە لەبیریی بکە، خۆم هەوڵدەدەم سبەی ئێوارەش سەردانت بکەمەوە، بمبورە ئەگەر نەتوانم شەو بمێنمەوە، کێشەکەی من لەگەڵ ئەودا هەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەو هەموو نهێنییەکی من ئەزانێت، من لە دڵپاکی خۆمەوە هەموو شتێکم بۆ گێڕاوەتەوە، سەرلەبەری پەیوەندییەکانی من دەزانێت، هیچ شتێک نییە لە ژیانمدا ئەو نەیزانێت، ئەو لەو کەسانەیە دەیەوێت ئاگای لەهەڵسوکەوتی هەموو کەسێک بێت، هەموو کارێک

دەکات بۆ ئـەوەی نهێنـی پەیوەندییەکانـی چواردەورەکـەی بزانێـت و ژیانـی بەرامبەرەکـەی بخاتــە ژێــر کۆنترۆڵــی خۆیــەوە، بــەڵام ناهێڵێــت هیــچ کەســێک هیــچ شــتێکی بزانێــت، زۆرجـار بۆ بـە دەستخستنی نهێنـی کەسێک دەست بـۆکاری زۆر ترسناک دەبات، ئەمـەم ماوەیـەک پێـش ئێسـتا لەلایـەن هاوپۆلێکمـەوە زانـی لەگـەڵ ئەوەشـدا حاشـای لێـدەکات و بـە بوختانـی نـاو دەبـات....

مێلیسیا، ناسینی تـۆ لـەو مـاوە کەمـەدا گۆڕانێکـی گـەورەی لەژیانـی منـدا درووسـتکرد، منــی لــە دڵتەنگــی و تەنهاییــەوە پــڕ کــرد لــە ئومێــد و ژیــان، زۆر ســەیر دڵــی منــت داگیرکـرد، ماڵێکـی چۆڵـت ئاوەدانکـردەوە. بـڕوا ناکـەم لـە هەمـوو تەمەنمـدا هیـچ کەسێک وا بـە خێرایـی توانیبێتـی کارم تێبـکات و بـەو شـێوە سەرسـوڕهێنەرە هۆگـری بـم!. نازانـم، ســەیر تــۆم خۆشویســت، هــەر لەیەکــەم نیــگاوە لەبــەردەم وێنەکێشــە پیرەکــەدا دڵمــت بـرد، هێزێکـی گـەورەو کاریگـەر لـە ڕۆحتـەوە وزەی پۆزەتیـف بـۆدەرەوە فڕێـدەدات، هیـچ کەسـێک ناتوانێـت لەگـەڵ یەکـەم بینینـدا سەرسـامت نەبێـت و دڵـی بـۆ خـۆت کێـش نەکەیـت، هەرکەسـێک تـۆ ببینێـت یەکسـەر هەسـت بـەم هێـزە ڕۆحییـە گـەورە لەتـۆدا دەکات، بـەڵام تـۆ خـۆت هەسـتی پێناکەیـت، هێنـدە سـادەو سروشـتییانە مامەڵـە لەگـەڵ چواردەورەکەتـدا دەکەیـت وەک هێـزی موغناتیسـی هەمـوو تەنەکانـی چـواردەورت بۆخـۆت کێـش دەکەیـت، ئەمـەش هاوڕێکانتـی پڕکـردووە لـە ئیرەیـی ورق بەرامبـەرت، ئەوانـە لـە پاکـی و سروشـتیی تـۆ تێناگـەن، وا دەزانـن هـەر هەمـووی مەکـرو جـادووە، بۆیـە دەمبینـی زۆرجـار بـە توانجـەوە داوایـان لێدەکردیـت لـەو جادووەیـان فێـر بکەیـت.

ئـەو شـەوە دوای ئـەوە ڕۆیشـتیت و منیـش تـا نـاو میترۆکـە لەگەڵتـدا هاتـم، حـەزم نەدەکـرد بڕۆیـت و بـە تەنهـا بـۆ ماڵـەوە بگەڕێمـەوە، بـەڵام بـۆ ژیانـی داهاتوومـان وا باشـتربوو بڕۆیـت، میترۆکـە هـات ئێمـە لەگەرمـەی ماچـدا بوویـن، بۆیـە گوتـم؛ بابـڕوات هەمـوو چەنـد دەقـە جارێـک دانەیـەک دێـت، بـەڵام تـۆ کەمێـک نیگـەران بوویـت، کـە کاریـن لەماڵـەوە چـاوەڕوان دەکات، نەتدەویسـت هیـچ شـتێک سـەبارەت بـەم پەیوەندییـە

بزانێت، تۆ دەتگوت؛ نازانم بۆچی حەز دەکەم ئەم پەیوەندییەی لێ بشارمەوە، ئەمە تاکە نهێنییەکی ژیانی منە ئەو نەیزانێت، من خۆم هەموو شتێکی بۆ باسدەکەم و ڕای وەردەگرم، بەڵام نامەوێت جارێک بەم پەیوەندییەم بزانێت.

کاتێک سواری میترۆکە بوویت ماچێکم کردیت و گوتم؛ هەرکە گەشتیتەماڵەوە یەکسەر دەست و دەم و چاوت بشۆ با لە بۆنی من پاکبیتەوە، با بەهیچ شێوەیەک هەست نەکات بۆنی پیاوێک بەلەشتەوەیە، ئەگینا ئیرەیی هێندەی تر پڕی دەکات لە ڕق، پێم گوتیت؛ بۆچوونی من ئەوەیە بۆیە گومانی لە تۆ هەیە، کە لەژێرەوە پەیوەندیت لەگەڵ مندا هەبێت، وا دەزانێت من هی ئەو بووم و تۆ لێت دزیوە، ئەو ئێستا وا بیر دەکاتەوە، کە تۆ خۆشەویستەکەت لێ دزیوە.... تۆش قاقا پیدەکەنیت و دەتگوت: هیچگار بەو شێوەش نا....

پاش ئەوەی میترۆکە بەخێرایی لەناو تونێلە تاریکەکەدا بزربوو من هەر وەستابووم و گوێم لە دوا هاژەی دەگرت، لەخۆمەوە هەستم دەکرد پاش کەمێکی تر بگەڕێیتەوە، بەڵام ئەوە بەتەنها خەیاڵێک بوو بەس....

ئێمە ئیتر ئاوا دەستمان پێکرد، لەهەفتەیەکدا دوو بۆ سێ جار یەکترمان ئەبینی و کاتەکانی خۆمان بە دڵخۆشی بەسەر دەبرد....

## ١٢

زۆری نەبرد تۆ کارێکت دۆزییەوە، ژوورێکت بەکرێ گرت، کارین هەموو هەوڵێکی دا لەهەمان شوێنی تۆ کار بدۆزێتەوە، بەڵام سەری نەگرت. ئیتر پاش نائومێدی لە شوێنێکی تر کارێکی دۆزییەوە.

دوای ساڵێک لەپەیوەندی نێوانمان، کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، بتوانین خۆشەویستی خۆمان بە ئاشکرا دەرببڕین. لەسەردەمە کۆنەکاندا مرۆڤ ئەشق و خۆشەویستی لەترسی پیاوانی ئایینی و نەرێتپارێزەکان دەشاردەوە، بەڵام لەم سەردەمە نوێیەدا مرۆڤ لەترسی ئیرەییبەرەکان، لەترسی ئەوانەی بە دوای خۆشبەختی کەسانی تر ئەگەڕێن و هەموو کارێک بۆ تێکدانی ئەکەن. مرۆڤ لەم سەردەمەدا ئەوەندە کاتەکانی بۆ تێکدانی بەختەوەری کەسانی تر بەفیڕۆ دەدات، ئەوەندە ئەو کاتانە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری خۆیان سەرف ناکەن. سەردەمی ئێمە سەردەمێکە پێویستە خۆشی و بەختەوەرییەکانمان لە چوارچێوەی ماڵەکانماندا زیندان بکەین و نەهێڵین هیچ کەس پێی بزانێت، دەبێت خۆشبەختییەکانمان بەدرۆی گەورە گەورە داپۆشین....

مێلیسیا، ئێمە ساڵێکمان زۆر بە قورسی تێپەڕاند، بۆیە نەماندەتوانی تا کۆتایی بەم شێوە بەردەوام بین بۆیە بڕیارماندا پێکەوە لە ماڵەکەی مندا بژین، بەڵام بۆ تۆ بڕیارێکی لەو جۆرە ئاسان نەبوو، چونکە نەتدەزانی چۆن چارەسەری ئەو درۆیەی بەدرێژایی ئەو ماوە لەگەڵ کاریندا کردبووت بکەیت. کارەساتێکی گەورەیە لەم سەردەمەدا بژیت و نەزانیت درۆ بکەیت، بەڵام هەر دەبوو ئێمە ژیانی خۆمان لەبەر هیچ کەسێک تێک نەدەین، ئەوەبوو ژوورەکەی تۆمان چۆڵکرد، هەموو شتەکانمان بۆلای من هێنا.

چەند ڕۆژێک دوای گواستنەوەی تۆ بۆ لای من بە بەکارینت گوتبوو، کە ئیتر لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەژیم و ڕەنگە ژیانی هاوسەری پێکبهێنین، کەچی سەرت لەوە سوڕمابوو هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نەبوو، بە پێچەوانەوە هەر زۆر خۆشحاڵی خۆی دەربڕیبوو. لەوەش زیاتر بەشێوەیەک وەڵامی دابوویتەوە وەک ئەوەی ئاگای لەهەموو شتێک بێت! . تۆ زۆر لەمە سەرت سوڕمابوو، زۆر سەرزەنشتی خۆت کرد، کە ئەو ماوە درێژە سەبارەت بەم پەیوەندییە بەهەڵە لە کارین تێگەیشتبوویت، دەتویست لە سەردانەکەیدا بۆ لامان داوای لێبوردنی لێبکەیت، کە ماوەیەکی زۆر نهێنییەکت لێ شاردۆتەوە. هێندە بە وەڵام و کاردانەوەکەی سەرسام بوویت ڕای منیشت لەبەرامبەری گۆڕی، لەگەڵ ئەوەشدا داوام کرد لە ڕۆژی سەردانەکەیدا دەبێت پاتریکیش لێرە بێت، ئیتر بۆ خۆمان دەیکەینە سوکە ئاهەنگێک....

ئەوەبوو ئێوارەی شەممەی داهاتوو کارین بە باوەشێک گوڵ و دیاری جوان و گرانبەهاوە هات، لەدوای چەند خولەکێک پاتریکیش پەیدا بوو، بەڵام ئەوەی سەیربوو کارین ئەو ئافرەتە نەبوو، کە پێشتر لەبەرشەلۆنە ناسیبوومان، تۆش دەتگوت؛ لە منالییەوە هاوڕێمە جگە لە هەندێک شتی بچوک نەبێت لە نێوانماندا ڕوویداوە قەت بەو شێوەی بەرشەلۆنە نەمدیوە، تۆ دەتگوت؛ ژنان بەشێوەیەکی گشتی ئیرەییبەرن، ڕەنگە پێی خۆشبووبێت ئەویش وەک من جێی سەرنجی ئێوە بووبێت، بەڵام کاتێک ئێوە هەردووکتان زیاتر لەمن نزیک دەبوونەوە ئیتر تووشی ئەو حاڵەتە دەروونییە بووبێت، ئەمەش بۆ ژنان زۆر ئاساییە، ئەوەتا دەبینیت دواتر تێگەیشتووە هەڵەیەو ڕای بەرامبەرمان گۆڕیوە.

ئەو ئێوارە ئەگەرچی کەمێکمان خواردبووەوە، بەڵام کارین زۆر سەرنجڕاکێش و پڕ موحیبەت بوو. تەنها کەسێک ئەو ئێوارە بەهیچ شێوەیەک بایەخی پێ نەداو خراپ مامەڵەی دەکرد پاتریک بوو، ئەگەرچی زۆر قسەمان لەگەڵ کردو سەرزەنشتمان کرد، بەڵکو مەیلی بەلایدا بڕوات هیچ سودی نەبوو، لە کۆتاییشدا پێش ئەوەی

لەدەرگاکە بڕواتە دەرەوە ڕستەیەکی گوت؛ تەنها یەک ڕستە، ئاگاتان لەخۆتان بێت، هەنگ توانای بەرهەمهێنانی ئەو هەنگوینە شیرینەی هەیە، بەڵام نابێت شیرینی هەنگوینەکە واتان لێبکات چزووەکەی فەرامۆش بکەن.

دوای ڕۆیشتنی پاتریک بیرکردنەوە بە شێوەیەک مێشکی داگیرکردم ئێوەش هەستتان پێکرد، کارین بە پێکەنینەوە گوتی؛ چییە بۆ ڕۆیشتنی ئەو پیاوە وشکە بێتاقەت بوویت!، دەبا بڕوات، ئەو کەی بەکەڵکی ئەم جۆرە دانیشتنانە دێت، ئەو هەموو قسەو نوکتە خۆشانەمان کرد بزەیەک نەیگرت، سەیرم لێ دێت مرۆڤی وا لەم سەرزەمینەدا هەیە، ئەوە بەس بۆ بەڕێوەبەری ژمێریاری باشە.... ئەم قسەیە ڕایچڵەکاندم، بەڕێوەبەری ژمێریاری! بە پێکەنینەوە گوتم؛ هێشتا نەبووە بە بەڕێوەبەر، جێگرە بەڵام ڕۆژێک دێت ببێتە بەڕێوەبەر، کارین یەک قاقای درێژی لێدا، ئا بزانە چۆم سەرناسێکم....

مێلیسیا، لەبیرت دێت دوای ڕۆیشتنی کارین ئێمەش ڕۆیشتینە ناو جێگا، تۆ پرسیت؛ پاتریک چی پێ گوتیت وا بەو شێوە سەرودڵت گیرا؟. منیش قسەکەی پاتریکم بۆ گێڕایتەوە، وەڵامەکەی تۆش ئەوەبوو، کە پاتریک پیاوێکی وشکی ڕەشبینەو هەموو شتێک بە نێگەتیڤ ئەبینێت.... بەڵام من دەمزانی پاتریک قەت لەخۆیەوە قسەیەک ناکات، تا دڵنیا نەبێت لێی، ئەو ڕاستە کەمدوو کەمێک مۆنە، بەڵام دڵ و دەروونی پڕە لە قسەو ژیان، هەر ئەو شەوە دوای ئەوەی کارین ڕۆیشت ئاگرەکەی خەریکبوو ماڵمان بسووتێنێت، چونکە بە درێژایی پەیوەندی من و تۆ جگە لەخۆشەویستی نەبێت بچوکترین ناخۆشی لە نێوانماندا ڕوونەدابوو، کەچی لەناو جێگەکەدا خەریک بوو ببێتە شەڕو ناخۆشی، خۆ ئەگەر من دانم بەخۆمدا نەگرتایەت، ئامادەبوویت ئەو شەوە بڕۆیت. ئەوە یەکەم سەردانی کارین و یەکەم شەڕی نێوان من و تۆ بوو....

بۆ ئەوەی ناخۆشیی لە نێوان من و تۆدا ڕوونەداتەوەو بە خۆشی ژیانمان پێکەوە بەشبکەین من لەهەر باسێک تایبەت بوو بە کارین خۆم بەدوور دەگرت. من هەموو شتێکم دەکرد، بۆ ئەوەی ئاسەواری گرژی ئەو شەوە نەهێڵم و بە یەکجاری بیسڕمەوە، چونکە دەمزانی خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد وەک گوڵدانە شوشەکە وایە، بگرە لەویش ناسکترە، ئەگەر یەکجار درزی برد هەتا دونیا دونیایە ئەو درزەی پێوە دیارەو تادەستکاریشی بکەین درزەکە گەورەتر دەبێت، بۆیە باشترە بە درزەکەوە بمێنێتەوەو لەگەڵیدا ڕابێین، نەک دەستکاری بکەین و بەیەکجاری بیشکێنین.

لە دوای ئەو سەردانەوە پەیوەندی تۆو کارین وەک جارانی لێهاتەوە، منیش سەبارەت بەو پەیوەندییە هیچ شتێکم نەدەگوت؛ قەت ڕێگای ئەوەشم لێ نەدەگرتیت هەرکاتێک بتەوێت بیبینیت، ئەو کاتانەش سەردانی دەکردیت و دەهات بۆ ماڵەوە ڕێزی زۆرم دەگرت و دەمدواند، بەڵام تۆش دەتزانی هەموو ئەو شتانەم لەبەر دڵی تۆ دەکردو هیچ بڕوام پێیان نەبوو.

دوای شەش مانگ لەگەرمبوونی پەیوەندی نێوان تۆو کارین پەیوەندییەکانی نێوان من و تۆ ساردی تێ دەکەوت، هۆکارەکەشی ئەوەبوو ئیتر تۆ زۆر کاتت نەبوو بۆ من، ئەمەشت بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە وا باشترە ژن و مێرد زۆر پێکەوە نەبن، بۆ ئەوەی کێشەو بەرکەوتن دروست نەبێت، پێویستە ژن و پیاو پەیوەندی تر بدۆزنەوە، هەموو پەیوەندییەکەش بۆ من پاتریک بوو بۆ تۆش کارین بوو، ئەمەش زۆر خراپ بوو، چونکە هێندەی تۆ چارەی پاتریکت نەدەوسیت من بۆ کارین وا نەبووم. یەکێک لەهەڵە گەورەکانی نێوان ئێمە ئەوەبوو، کە ئێمە کێشە خەڵکی ترمان هەبوو نەک خۆمان، هەرچەند بیرم لێدەکردەوە نەمدەتوانی لەوە تێبگەم بۆ دەبێت ئێمە کێشەی خەڵکی تر بکەین بە کێشەی خۆمان، زیاتریش کێشەکان لەلای تۆوە بوون، بە تایبەتی دوای ئەوەی کارین لەهەمان بیرۆ لەلای ئێوە دامەزرا ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ تۆ دەبوویت بە مرۆڤێکی تر لەبەرچاوم، نازانم بۆ لەگەڵ ناوی پاتریک

دەهـات بەشـێوەیەک تـوڕە دەبوویـت نەتدەتوانـی بەسـەر خۆتـدا زاڵ بیـت!، کاتێکیـش مـن بەرگریـم لەپاتریـک دەکـرد، بـۆ ئـەوە نەبـوو بەرگـری لـەو بکـەم بەڵکـو بەرگریـم لەخـۆم دەکـرد، ئـەوەی سـەیربوو باسـی هەندێـک زۆر شـتی تایبەتـی پاتریکـت دەکـرد مـن نەمدەزانـی و قەتیـش نەمدەویسـت بیزانـم. ئـەو مـاوە شـتی زۆر سـەیر سـەیر ڕوویانـدەدا، هەسـتم دەکـرد چیتـر لەگـەڵ ژنێکـدا ناژیـم ئەوەنـدەی لەگـەڵ جاسوسـێکدا دەژیـم، مێشـکم خەریـک بـوو بتەقێـت، چـۆن تـۆ بـەو خێراییـە گۆڕایـت!.

بیـرم دێـت جارێـک لێـم پرسـیت، دامەزراندنـی کاریـن لەهەمـان بیـرۆ لـەلای ئێـوە ئنگەیەکـی تێدایـە، چونکـە سـەرەتا زۆری هەوڵـداو هـەر ڕەتکرایـەوە، وەڵامەکـەی تـۆ ئـەوە بـوو، کـە ئیرەیـی پـێ دەبـەم، چونکـە ئـەو نیشـانەیەکی خسـتە نـاو قەرەوڵەکەیـەوە هـەر دەبێـت بـی پێکێـت، تـۆ کاتـی خۆیشـی ئـەم قسـەت لەدەمـی کارینـەوە بـە نێگەتیـڤ کـرد، کـە ئـەو لـەو کەسـانەیە نیشـانەی لـە شـتێک گـرت واز ناهێنێـت تـا نەیپێکێـت، بـەڵام ئەمجـارە بـە پۆزەتیـڤ باسـتکرد و وەک ئازایەتییـەک لـەو ژنـەدا بینیـت.

لەکاتـی قەیرانەکانـی نێـوان مـن و تـۆ دوو کـەس هەبـوون دەمتوانـی هانایـان بـۆ بـەرم، هەردووکیـان هەمـان قسـەیان دەکـرد، بـەڵام نەمدەتوانـی ئـەو کارە بکـەم، ئـەو دوو کەسـە دایکـت و پاتریـک بـوون، پاتریـک زۆری پـێ ناخـۆش بـوو بەبـێ ئـەوەی ئـاگای لەهیـچ بێـت بـوو بـوو بەبەشـێک لـە کێشـەکەی ئێمـە، دووەم کەسـیش دایکـت بـوو دەمتوانـی لەگەڵیـدا بەبـێ تـرس دەردە دڵـی خۆمـی لـەلا بـاس بکـەم، هەردووکیـان پیـان دەگوتـم؛ ماوەیـەک لەیەکتـر دوور بکەوینـەوە، منیـش دەترسـان دوورکەوتنـەوە ببێتـە هـۆی مردنـی خۆشەویسـتی نێوانمـان، دەترسـام کەسـێک لـەو مـاوەدا ئـەو بۆشـاییەی نێوانمـان وەک هەلێـک بۆخـۆی بقۆزێتـەوەو یەکێکمـان فریـو بـدات، یـان ڕەنگـە لەڕقـی ئـەوی تـردا وەک تۆڵەیـەک توشـی هەڵەیـەک ببیـن کۆتایـی بـە هەمـوو خۆشەویسـتی و پەیوەندییەکـەی نێوانمـان بهێنێـت.

ئـەو ماوەیـە بـۆ مـن زۆر قـورس بـوو، خۆشەویسـتی تـۆ بـۆ مـن وەک گـڕی مۆمەکـە وابـوو لەهەناومـدا کڵپـەی دەسـەند، پاتریـک دەیگـوت؛ کێشـەی نێـوان ئێـوە کـەس نییـە جگـە لـە کاریـن نەبێـت، لـە ترسـی تووڕەبوونـی تـۆ نەمدەوێـرا ئـەم قسـەیەت پـێ بڵێـم، دەمزانـی هـەر کەنـاوی کاریـن بهێنـم یەکسـەر ئاگـر دەگریـت، سـەیر ئـەو ژنـە کاری لێکردبوویـت، بـڕوام بەجـادو نییـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەسـتم دەکـرد جـادوی لێکردبوویـت.

ئەگـەر ئـەو شـەوەت لەبیربێـت پێشـنیاری ئـەوەم کـرد، کـە واز لەکارەکـەت بهێنیـت و ببیتـە ژنـی ماڵـەوە، مـن خانووەکـەی مـاڵ باوکـم ئەفرۆشـم و خانوویەکـی نوێـی پێدەکڕیـن، ئەگـەر پێـت خـۆش بێـت دەیکـەم بەناوتـەوە، بـەس بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی نێوانمـان چـاک بێتـەوە، سـەرەتا کەمێـک دوودڵ بوویـت، پـاش کەمێـک ڕازی بوویـت، کەچـی سـبەینێ لەخـەو هەسـتاین پەشـیمان بوویتـەوە.

ئـەو بەیانییـە پێـش ئـەوە بڕۆینـە دەرەوە دیسـان دوام لێکردیتـەوە بـاش بیـر لـەو مەسـەلە بکەیتـەوە، چونکـە پەیوەنـدی بەچارەنووسـی هەردووکمانـەوە هەبـوو، دوا بڕیـاری تـۆ ئەوەبـوو، کـە بیریـی لێدەکەیتـەوە، مـن دەمزانـی بیرکردنەوەکـەی تـۆ پرسـکردن بـوو بەکاریـن، ئەوەبـوو ئێـوارە هاتیتـەوە گوتـت؛ بەهیـچ شـێوەیەک واز لـەکار ناهێنـم و خانوویشـم ناوێـت، ئـەم وەڵامـەم پـێ سـەیر بـوو، چونکـە دەمزانـی پرسـت بـە کاریـن کـردووە، بـەڵام لـەوە تێنەدەگەیشـتم مەبەسـتی کاریـن لـەم مەسـەلەدا چییـە، ئـەو کاتـە مـن بیـرم بـۆ ئـەوە دەچـوو کاریـن دەزانێـت وازهێنانـی تـۆ لەکارەکـەو ماڵگواسـتنەوە بـۆ شـوێنێکی تـر لـە گەیشـتن بـە مەبەسـتەکانی شکسـت دەهێنێـت، بـەڵام دواتـر لـە ڕێگای قسـەکانی تۆماسـەوە مەبەسـتە ڕاسـتەقینەکەیم بـۆ دەرکـەوت.

مێلیسـیا، دڵنیـام تـۆ تۆمـاس ناناسـیت، بـڕوا ناکـەم ناویشـت بیسـتبێت، ئـەو بەشـێکی سـەرەکی بـوو لـە گەمەکـەی نێـوان ئێمـە، ڕەنگـە ئەمـەت لـەلا سـەیربێت!، ئـەوە پاشـان بـە درێـژی بـۆت بـاس دەکـەم....

ئێستا لەم درەنگی شەوەدا، کە نامە بۆ تۆ دەنووسم، نازیلا لەگەڵ ئیلاریا لە خەوێکی زۆر قوڵدان، پێش کەمێک ڕۆیشتمە دەرەوە جگەرەیەکم کێشا، دونیا لە تاریکیدا نوقمی بێدەنگی بووە، هێندە دونیا خامۆشە بە ئاسانی جریوەی ئەستێرە دوورەکانی ئاسمان ئەبیستیت. جگەرەم دەکێشا دوکەڵەکەم دەکرد بە ئاسماندا و سەیری قوڵایی گەردوونم دەکرد، لەپڕ لەناو ئەو ملیۆنەها ئەستێرە چاوگەشەی ئەم تاریکەشەوە ئەستێرەیەک کشا، نەیزەکێک بوو لەگڕو لەپڕ وەک یاری ئاگرینی دەستی منداڵان لەسەری ساڵدا هێڵێکی لەدوکەڵی سپی بەدوای خۆیدا جێهێشت، دوکەڵەکە هەروەک دوکەڵی جگەرەکەی من چەند پێچپێکی خواردو خەرمانەیەکی کێشا، لەناو خەرمانەکەدا وێنەی خاتوو کامیلیای دایکتم بینی، ئەو ژنە دڵسۆزەی قەت بۆ جارێک گوێت لێ نەگرت، هیوادارم لەژیاندا مابێت و جارێکی تر بتوانم بیبینمەوە، ئای لەو ژنە میهرەبانەی چەند چاکەی تۆی دەویست و تۆ هیچ بایەخێکت بە قسەکانی نەدەدا....

قەت ناتوانم ئەو ڕۆژەم لەبیر بچێت، کە هانام بۆ بردو داوام لێکرد بۆ دواجار لەگەڵ تۆدا قسە بکات، بەڵکو چارەسەرێک بۆ کێشەکەی نێوانمان بدۆزێتەوە. پاش کەمێک بیرکردنەوە ڕۆژنامەکەی سەر مێزەکەی هەڵگرت و لە ناوەندی ڕۆژنامەکە چەند لاپەڕەیەکی دەرهێنا، کە تایبەت بوو بە هەلی سەفەر بە نرخێکی گونجاو، گوتی: ئا لێرەدا بگەڕێ سەفەرێکی گونجاو بدۆزەرەوە، من لەگەڵ مێلیسیا قسە دەکەم بۆ خۆتان بڕۆن هەفتەیەک لێرە دوور بکەونە، ئەگەر کێشەکان خۆتان بن ئەوا لەگەڵتان سەفەر دەکات، ئەگەر کێشەکان وەک تۆ باسی دەکەیت خەڵکی تر بن دەتوانن لەگەڕانەوەدا چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوەو لەو کەسانە دوور بکەونەوە دەبنە مایەی کێشەو سەرئێشە بۆتان.

ئەوە بوو تۆش ڕازی بوویت، ئەمە بۆ من مایەی دڵخۆشی بوو، چونکە هەستم کرد هێشتا خۆشەویستی من لە دڵی تۆدا ماوە، ڕاستت دەوێت من لەوە دەترسام

چیتـر تـۆ ئامـادە نەبیـت هەنگاوێـک بـۆ شـوێنێک لەگەڵـمـدا بێیـت، خراپتریـن قۆناغـی پەیوەنـدی نێـوان ژن و مێـرد یـان دوو کەپـڵ ئەوەیـە چیتـر هیـچ کامیـان ئامـادە نەبـن هەنگاوێـک لەپێنـاو بتەوکردنـی پەیوەندییەکەیانـدا پێکـەوە بـڕۆن.

ئـەو سـەفەرە بـۆ دورگـەی کرێتـا لەمـاوەی دوو سـاڵی پەیوەندیمانـدا دووەم سـەفەر بـوو، یەکـەم سـەفەر دوای سـاڵێک لەیەکترناسـینمان و بـەو یـادەوە گەڕاینـەوە بـۆ بەرشـەلۆنە، بـۆ ئـەو شـوێنانەی یەکەمجـار یەکترمـان بینـی و دواتـر یـادگاری خۆشـمان تێیـدا بەسـەر بـرد، ئەویـش ئـەو کاتـە بـوو هێشـتا پەیوەندییەکەمـان لـەلای کاریـن نەدرکاندبـوو، ئـەو کاتـە سـەردەمی زێڕینـی خۆشەویسـتی نێوانمـان بـوو، ئـای چەنـد دڵخـۆش بوویـن ئـەو کاتانـەی هێشـتا شـەیتان نەکەوتبـووە نێـوان پەیوەندییەکەمانـەوە، چەنـد بەهیـوای ئـەو ڕۆژەوە بـووم....

سـەفەری دورگـەی کرێتـا بەتایبەتیـش شـاری "خانیـا" لـە کاتێکـدا بـوو، کـە خۆشەویسـتی نێوانمـان لاواز بووبـوو، بـەڵام لـەوێ توانیمـان دەسـت بـە بنیاتدانانـەوەی بەشـە وێرانبووەکانـی بکەینـەوە، کەمێـک بگەڕێینـەوە بـۆ دۆخەکانـی ڕابـردوو. لـەوێ جارێکـی تـر هەردووکمـان گەڕاینـەوە بـۆ باوەشـی یەکتـر، چونکـە ئیتـر کەسـێک نەبـوو کاریگـەری خراپمـان لەسـەر دابنێـت و تـۆوی خراپـەکاری لـە نێوانمانـدا بچێنێـت، لـەوێ بووینـەوە بـە خۆمـان، چونکـە کەسـێک نەبـوو لەبنـەوە دنەمـان بـدات، بـۆ خۆیشـت دەزانیـت ئـەو کەسـە جگـە لـە کاریـن کەسـی تـر نەبـوو.

دوای دوو مانـگ لەگەڕانەوەمـان لـەو سـەفەرە ئارامتـر لەجـاران پێکـەوە ژیانمـان دەگوزەرانـد، ئەمـە بـوو هەمیشـە مـن سوپاسـگوزاری دایکـت بـووم، بەتایبەتـی کاتێـک تـۆ پێـت گوتـم؛ سـکم پڕبـووە، ئـای چ مژدەیەکـی خۆشـبوو، چەنـد دڵمـان بـەو هەواڵـە خۆشـبوو، بۆیـە بڕیـاری هاوسـەرگیریمان دا.

نازیلا پێش ئەوەی بێتە دونیاوە ژیانی ئێمەی گۆڕی، خۆشەویستییە ڕاستەقینەکەی جارانی بۆ گەڕاندینەوە، من و تۆی کرد بە ژن و مێردێکی ڕاستەقینە، بەشێکیش لە هۆکارەکان دوورکەوتنەوەی تۆ بوو لە کارین، ئەو سەفەرە ئەوەی نیشاندایـن، کە کێشەکانی نێوانمان خۆمان نین، بەڵکو کەسانی ترە، خۆیشت پێت لەم ڕاستییە نا، بەڵام سەیرە دواتر نەتتوانی سودی لێ ببینیت، ئەو ژنە سەیر دەیتوانی بیرکردنەوەی تۆ لەسەر هەموو شتەکان بگۆڕێت، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەبوو هەموو شتێکی نێوان ئێمەی دەزانی.

مرۆڤ ئەگەر بیەوێت دیوارێک بڕوخێنێت، پێویستە لە درزەکانییەوە دەست پێبکات، دیواری بێ درز ڕوخانی ئاسان نییە، ئەو درزی خالە لاوازەکانی ئێمەی دەزانی ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو تۆ هەموو شتێک بۆ دەگێڕایەوە. گەورەترین هەڵەی ژن و مێرد ئەوەیە نهێنییەکانی ژیانی خێزانی خۆیان بۆ کەسانی تر بگێڕنەوە، من هەمووجار ئەوەم پێدەگوتیت؛ کە پێویست ناکات هەموو نهێنییەکی ژیانی من و تۆ بۆ کارین بگێڕیتەوە، ئەو ژنانەی هەموو شتێکی پیاوەکانیان بۆ ژنانی هاوڕێیان دەگێڕنەوە لە کۆتاییدا پیاوەکانیان لەدەست دەدەن یان دەیکەنە قوربانی....

## ١٣

مێلیسیا، ژیانی ئێمە خەریکبوو بە تەواوەتی دەکەوتەوە سەر هێڵەکەی خۆی تا ئەو ڕۆژەی دیسانەوە کارین بە بۆنەی سەردانی لەدایکبوونی نازیلاوە سەردانی کردیت، بێگومان تۆ تا لەدایکبوونی نازیلا پەیوەندییەکی وات لەگەڵ کاریندا نەمابوو، چەند مانگێکیش بوو چیتر نەدەڕۆیشتیتەوە بۆ سەر کار، بەڵام ئێمە هەڵە بووین، کە وامان دەزانی ئەو ئاگای لە سکپڕی تۆ نییە، ئەو ئاگای لەهەموو شتێک هەبوو، بەردەوام چاودێری هەواڵی ئێمەی دەکرد، دواتر لە ڕێگای پاتریکەوە هەندێک هەواڵم بیست تۆشی شۆک بووم!.

یەکێک لە سیفەتە خراپەکانی تۆ ئەو دڵپاکییەت بوو، کە هەموو شتێکت بەبێ مەبەست دەردەبڕی ئەمەش بەردەوام ناحەزی بۆ دروستدەکردیت، گەورەترین فەشەلی منیش لە ژیانمدا ئەوەبوو نەمتوانی تۆ فێری درۆکردن بکەم یان هیچ نەبێت فێری ئەوەت بکەم وەک منالێکی ساویلکە هەرچی لەدڵتدایە دەری نەبڕیت. سەردەمی ئێمە سەردەمێکی هێندە خراپە وەک چۆن پۆلیس بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت تلیاک و هێرۆیین لە ماڵەکانیاندا هەیە ئاواش خەڵکانێک هەن بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن لەماڵەکانیاندا بەختەوەری و خۆشبەختیان شاردۆتەوە. مرۆڤی ئەم سەردەمە ئەوەندە بەدوای بەختەوەری خەڵکانی ترەوەیە ئەوەندە بەدوای بەختەوری خۆیدا ناگەڕێت، هەرکەسێک لەلای خۆیەوە پێی وایە بەختەوەری ئەم کەسێکی تر دزیویەتی، ئەم خەڵکانە بەختەوەری و خۆشبەختی بۆ کەسانی چواردەریان بە ڕەوا نابینن و بەمافی خۆیانی دەزانن ئەگەر نەتوانن بەختەوەرییەکەی ئەوان بەدەست بهێنن ئەوا تێکی بدەن.

هاتنی ئەو ڕۆژەی کارین بۆ پیرۆزبایی مناڵبوونەکەت هەموو شتێکی تێکدا، چونکە بەدرێژایی ئەو ماوەی بڕیارماندا پێکەوەو بۆ خۆمان بژین و نەهێڵین هیچ کەسێک بکەوێتە نێوانمانەوە ئەو ڕۆژ کەوتەوە بەرهەرەس لەدوای ئەوەی تۆ زۆر گەمژانە باسی ئەوەت کرد، کە مانگی داهاتوو دەگوازینەوە بۆ خانووی خۆمان....

ئاخر چ پێویستی دەکرد تۆ ئەم نهێنییە بۆ کارین بدرکێنیت؟. بیرت دێت چاوێکم تێبڕیت بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕیت، کەچی کارین زۆر لە تۆ زیرەکتر بوو گوتی؛ ئا بیستم ئادریان بەتەمای فرۆشتنی خانووە میراتییەکەی ماڵ باوکێتی، ئێ خۆ کارێکی باش دەکەن، ئەو خانووە بە کەڵکی چی دێت، ئەگەر خۆتانی تێدا نەبن کەواتە دەبێت هەر لە ئێستاوە پیرۆزبایی خانووەکەشتان لێ بکەم، تۆش گەمژە گەمژە سوپاست دەکرد لەبری ئەوەی بابەتەکە بە شێوەیەکی تر بگۆڕیت، یان بڵێیت نا خانوومان نەکڕیوە هەر شوقەیەکی گەورەترمان بە کرێ گرتووە، تازە درەنگ

بـوو، تـۆ وەک مـن نەتبینـی بـە بیسـتنی ئـەو هەواڵـە چـۆن ڕەنگـی تێکچـوو، چاوەکانـی زەقکردنـەوە، خەریکبـوو جەڵتـە بـکات، تـۆ ئـاگات لێنەبـوو، تـۆ قـەت ئـاگات لـە هیـچ نەبـووە....

ئـەو ژنـە ئیریـی چاوەکانـی کوێـر کردبـوو، جگـە لەتـۆ هیـچ کەسـێکی تـری نەدەبینـی، ئـەو دەیویسـت تـۆ بێـت، دەیویسـت هەمـوو ئـەو شـتانەی تـۆ هەتـن هـی ئـەو بـن، تـۆش بـە زمانـە شـیرین و لوسـەکەی هـەرزوو فریـوت دەخـوارت و وەک هەمـوو جـارەکان دەیتوانـی بێتـەوە ژیانـت و وا نیشـان بـدات، کـە لـەو زیاتـر هیـچ دۆسـتێکت لـەم دونیـادا نییـە.

گەورەتریـن هەڵـەی مـرۆڤ ئەوەیـە لەدووجـار زیاتـر لەگـەڵ هاوڕێیەکیـدا شکسـی خـوارد جارێکـی تـر وەک وەک یەکەمجـار پەیوەنـدی دروسـت بکاتـەوە، تـۆ دەجـار شکسـتی گـەورەت خـوارد بـەڵام ئـەو هەمـوو جـارەکان دەیتوانـی بتگێڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای پەیوەندییـەکان، ئەمـەش لـە ڕێـگای فریودانـی دڵـە پاکەکەتـەوە.

ئـاخ مێلیسـیا، لـەم سـەردەمەدا دڵپاکـی چەنـد زیـان لـە مـرۆڤ دەدات، مـن قـەت داوام نەدەکـرد ببیتـە مرۆڤێکـی دڵ و دەروون پیـس، بەڵکـو هەمـوو داوای مـن ئەوەبـوو، کـە هەندێـک شـت هـەن پەیوەندییـان بـە مـن و تـۆوە هەیـە چ پێویسـت دەکات خەڵکـی تـر بیزانێـت، بـۆ دەبێـت کاریـن بزانێـت ئێمـە چـۆن ئەخەویـن، چـۆن مـاچ و دەسـتبازی ئەکەیـن ئەمـە شـتگەلێکن تایبـەت بـە مـن و تـۆ.

ئەگێڕنـەوە جارێـک دوو ژن هـاوڕێ ئەبـن، لـە تـۆو کاریـن نزیکتـر، سـوێند بەسـەری یەکتـر ئەخـۆن، ژنـی یەکـەم وەک تـۆ هەمـوو شـتێکی خـۆی بـۆ هاوڕێکـەی ئەگێڕێتـەوە. هاوڕێـی دووەم زۆر حـەزی لـە سێکسـە بـەڵام پیاوەکـەی بـەو ڕادەیـە نییـە، کـە بتوانێـت حەزەکانـی ئـەو تێـر بـکات. پیـاوی ژنـی یەکـەم چوکێکـی گـەورەی بەهێـزی پێوەیـە، بـەڵام ژنەکـەی زۆر ئـارەزووی نـاکات، ژنـی یەکـەم ئەمـە بـۆ هاوڕێکـەی دەگێڕێتـەوە، ئیتـر ئـەو ژنـە ئاگـری تێبەردەبێـت، بەبـێ ئـەوەی هاوڕێکـەی ئـاگای لـێ بێـت خـۆی لـە

مێردەکـەی نزیـک دەکاتــەوە، سـەرەتا مێـردی ژنـە دەڵێـت ئەمـە خیانەتـە لـە هاوڕێکەتـی دەکەیـت، ئەگـەر واز نەهێنیـت و بـەردەوام بیـت لەسـەر ئـەم هەڵسـوکەوتە ئـەوا هەمـوو شـتێک بـۆ هاوسـەرەکەم دەگێڕمـەوە، ژنـەش لەبـەر ئـەوەی کلیلـی کردنـەوەی هەمـوو دەرگا نهێنییەکانـی پیاوەکـەی لەلایـە، دەزانێـت لـە کام دەرگاوە بڕواتـە ژوورەوە، بۆیـە زۆری پێناچێـت کێشـە دەکەوێتـە نێـوان ژن و پیاوەکـە، ژنـە بـۆ چارەسـەری کێشـەکانی ڕوو لـە هـاوڕێ نزیکەکـەی دەکات، ئەویـش ئـەو ڕێگانـەی نیشـان دەدات، کـە جیابوونـەوەی لـە پیاوەکـە مسـۆگەر بـکات، ئەمیـش دڵپـاک و سـاویلکە هەمـوو شـتێکی بـە گـوێ دەکات، بـەڵام کاتێـک دەزانێـت هـاوڕێ ئازیـزو نزیکەکـەی لەباوەشـی پیاوەکەیـدا دەبینێتـەوە، بەمـەش هـەم مێردەکەیـی و هـەم هاوڕێکـەی لەدەسـتدا.

مێلیسـیا، هیـچ شـتێک نییـە بـۆ ژن و پیـاو نـرخ و بەهـای خـۆی نەبێـت، بۆیـە ئـەو شـتەی تـۆ ئەمـڕۆ هەتـەو نـرخ و بەهاکـەی نازانێـت ئـەوا کاتێـک لەدەسـتی دەدەیـت ئـەو کاتـە دەزانیـت چ شـتێکی بەنرخـت لەدەسـتداوە، زۆربـەی ژنـان توشـی ئـەم نەخۆشـییە هاتـوون، بـەردەوام گلەیـی لەپیاوەکانیـان دەکـەن، بـەردەوام پیاوەکانیـان بـە پیـاوی تـر بـەراورد دەکـەن لەکاتێکـدا هەمـوو پیاوێـک وەک ئـەوی تـرە، ڕەنگـە پەیوەندییـەکان جیـاواز بێـت، هیـچ پیاوێـک لـە پیاوێکـی تـر باشـتر و خراپتـر نییـە، پەیوەندییـەکان باشـی و خراپـی پیـاوەکان دەسنیشـان دەکات، ئەمـەش تـا ڕادەیـەک بـۆ ژنانیـش ڕاسـتە.

ئێوارەیـەک لـەدوای کار سـەردانێکی پاتریکـم کـرد، مـن ئـەوم بـاش دەناسـی، ماوەیـەک بـوو سـەردانم نەکردبـوو، پێـم گـوت؛ دیسـان بەڵاکـە هاتۆتـەوە ڕێگامـان، خەریکـە ژیانمـان تێـک دەچێتـەوە، جـاران بەتەنهـا خەمـی مێلیسـیام بـوو، بـەڵام ئێسـتا کچێکمـان هەیـە، ئـەو هێشـتا زۆر منداڵـە تـا لەنێـوان کێشـەکانی ئێمـەدا ببێتـە قوربانـی. جـاران وامدەزانـی ئەگـەر منداڵێکمـان ببێـت کێشـەکانمان چارەسـەر دەکات، بـەڵام ئـەوە هەڵەیەکـی گـەورە بـوو، نەدەبـوو بهێڵیـن منداڵمـان ببێـت تـا کێشـەکان بەتەواوەتـی بنبـڕ نەکەیـن، منـاڵ گوناهـی چییـە لـە خێزانێکـی کێشـەداردا بێتـە بـوون!.

پاتریـک گوتــی؛ ماوەیــەک چـاوەڕوان بکــەن هــەوڵ بـدە مێلیسـیا بــە کەمتریـن شـێوە کاریـن ببینێـت، ڕەنگـە مـن بتوانـم لەداهاتـوودا هەنـدێ زانیـاری باشـتان دەربـارەی کاریـن بدەمــێ بـۆ ئــەوەی بــە تەواوەتــی ڕایگــرن، بــەڵام جارێـک بەڵگــەم لەبەردەسـتدا نییــە، هــەر تەنهـا هەندێـک قســەیە. ئەبێــت ئێـوە دان بەخۆتانـدا بگـرن، درۆو خراپــەکاری تـا سـەر ناتوانێـت بـەردەوام بێـت، ئەوانـەی ژیـان لەسـەر درۆو خراپـەکاری بنیـاد دەنێـن قـەت ناگەنــە ئەنجامــی کۆتایــی، لەبــەر ئــەوەی لەیــەک شــوێندا شکسـتێکی بچوکــی خــوارد هەمــوو بەســەریدا دەڕوخێــت، بۆیــە تەڵەکەبــازی ناتوانێـت بگاتــە ئامانجــە کۆتاییەکــەی، بــەڵام دەبێــت ئێــوە بەهێزتــر بــن و ئــارام بگــرن.

ئــەم قسـانەی پاتریـک هــەروا قســەی ئاسـایی کەسـێک نەبـوو لەخۆیــەوە قســە دەربپەڕێنێـت، مــن دەمزانــی کاتێـک ئــەو دەڵێـت، زانیــاری تــەواوم لەبەردەسـتدا نییــە ڕاسـت نـاکات، چونکـە ئـەو لـەو کەسـانە نەبـوو، کـە هەنـدێ زانیـاری بچوکیـان لەلایـە دەیکەنـە هـەڵاو وا دەزانـن هەمـوو شـتێک دەزانـن، ئـەو کاتێـک دەیگـوت: هەندێـک زانیـاری کەمــم لەلایــە، دەمزانــی زانیــاری زۆری لەلایــە، بــەڵام ئەمــە گرفتــی مــن نەبــوو، بەڵکـو گرفتــی مــن ئــەوە بــوو ئــەو زانیارییانــە چیــن و ســەبارەت بــە چیــن!.

لــە مێشـکی خۆمـدا هــەر لێکـم دەدایــەوەو بـۆ سـاتێک نەمدەتوانـی بیـر لەقسـەکانی پاتریـک نەکەمــەوە، ئــەوە بــوو دوای گەڕانــەوە بـۆ ماڵــەوە تـۆش هەسـتت بـە گۆڕانێـک لەمنـدا کـرد، بۆیـە پرسـیت هیـچ شـتێک ڕوویـداوە وا بـەو شـێوە بێتاقەتـی کردوویـت؟. نەمدەزانـی چ وەڵامێـک بدەمــەوە، دەمویسـت وەڵامەکـەم بـە شـێوەیەک بـە کارینـەوە گـرێ بـدەم، کـە هیـچ نەبێـت ئەوەنـدە کاریگـەری لەسـەر تـۆ دابنێـت ماوەیـەک لـە کاریـن دوور بکەویتــەوە یـان ڕێگــەی نەدەیـت وەک جـاران پێتــەوە بنووسـێتەوە، نەمدەزانـی چ درۆیـەک ڕێکبخـەم بـۆ ئـەو وەڵامـەی تـۆ، لەخۆمـەوە وەک شـەیتان هاتبێتـە نـاو مێشـکمەوە گوتـم؛ هیـچ نییـە بـەس دەترسـم، تـۆش پرسـیتەوە، لەچـی دەترسـم؟. وەڵامەکـەی مـن ئەوەبـوو، کـە لـە نازیـلا ئەترسـم، خـەوی زۆرناخۆشـم پێـوە دیـوە، لەخەوەکەمـدا بینیـم نازیـلا لـە

باوەشــی کاریـنـدا شــیریی دەکـرد بەدەمییــەوە، بــەڵام دوای کەمێـک نازیـلا لەباوەشــیدا خــەوی لێکــەوت، ئەویـش بــە پێکەنینێکــەوە خســتییە نــاو جێگاکەیــی و ڕۆیشــت، بــەڵام نازیـلا ئیتـر خەبــەری نەبــووەوە، منیـش لەخەوەکەمــدا دەمقیژانــد و کەسـێک نەبــوو بێـت بــە دەنگەمــەوە، ئەمــڕۆ لەکارەکــەم پرسـیاری کەسـێکم کـرد، کــە شــارەزایی لــە شـیکردنەوەی خــەودا هەبێت، ئەوانیـش ناونیشـانی دەروونناسـێکیان پێدام ، کـە جگـە لـە بـواری دەروونیـدا شـارەزایی باشـی لـە شـیکردنەوەی خـەودا لـەلای عـەرەب، هینـدی، چیـن و ئەوروپاییـەکان هەیـە،، بۆیـە درەنـگ هاتمـەوە سـەردانی ئـەوم کـرد، تـۆش بێئـەوەی گـوێ لـە تـەواوی قسـەکانم بگریـت پەلـەت بـوو بزانیـت ئـەو چـی پێگوتـم؛ منیـش لەدڵـی خۆمـدا بـەم کاردانـەوەی تـۆ زۆر دڵخۆشـبووم، چونکـە دەمتوانـی ئامانجەکـەم بپێکـم، ئـەو پرسـی؛ کـە پێشـتر ئـەو ژنـەم دیـوە یـان دەیناسـم؟ منیـش ڕاسـت و درووسـت پێمگـوت؛ ئـەو ژنـە نزیکتریـن دۆسـتی هاوسـەرەکەمە، ئەوەشـم پێگـوت؛ کـە بـووە بـە کێشـە لەنێـوان مـن و هاوسـەرەکەمدا.... تـۆ وەک ئـەوەی گوێـت لەهیـچ نەبێـت هـەر پەلـەی وەڵامەکـەت بـوو، منیـش گوتـم؛ دەروونناسـەکە گوتـی؛ ئـەو کەسـەت چـۆن لەخەوەکـەدا دیـوە لـە ڕاستیشـدا هەروایـە، شـیرەکە ئامـاژەیـە بـۆ زمـان و قسـەکردن، ئـەو کەسـە زمانـی وەک ئـەو شـیرە شـیرینە، مناڵەکـەش ئامـاژەیـە بـۆ ئێـوە، ئێـوەش وەک ئـەو مناڵـە پـاک و سـاویلکەن، دەبێـت زۆر ئاگاتـان لەخۆتـان بێـت و تـا پێتـان دەکرێـت خۆتانـی لـێ بـەدوور بگـرن، چونکـە لەنـاو شـیرینی زمانیـدا ژەهرێکـی کوشـندە هەیـە.

مـن بـۆ ئـەوەی درۆکـەم لەناخیشـمدا بشـارمەوە هەندێـک دەسـتی خـۆم گلۆفـت و خـۆم مـڕ ومـۆچ کـرد، بـەڵام تـۆ تـەواو ڕەنگـت تێکچووبـوو نەتدەزانـی چـی بکەیـت، چونکـە ئێـوارەی داهاتــوو دەبـوو بێـت بـۆ ماڵــەوە بـۆ لات، نەتدەزانـی ئەمــە چـۆن چارەســەر بکەیـت، لەدڵــەوە پێمخۆشـبوو بـۆ جارێـک ببینـم هەسـت بـە مەترسـی کاریـن بکەیـت و بیـر لــەوە بکەیتــەوە لێـی دوور بکەویتــەوە. لەبەرئــەوەی دەمزانـی تـۆ چەنـد شــەرمن و لەڕووداماویـت، دوام لێکردیـت سـبەینێ تەلەفـۆن بـۆ کاریـن بکەیـت و پێـی بڵێیـت،

کە نازیلا زۆر ناساغە بۆیە با سەردانەکەی دوابخات بۆ ڕۆژێکی تر، ماوەیەکیش لەماڵەوە وەڵامی تەلەفۆن نەداتەوە، باشبوو بۆ یەکجار لە ژیانتدا بەگوێت کردم.

لەماوەی چوارساڵی پەیوەندی نێوانمان دەتوانم بڵێم ئەوە یەکەم ساڵ بوو بتوانین کەمێک وەک خێزان بژین، چونکە ساڵی یەکەم دوور بە دوور هەرکەسەو لە ماڵی خۆی دەژیا، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو کاتێک زیاتر دڵمان خۆشبوو، ساڵی دووەم دوای ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوانمان بۆ کارین ئیتر سەردانێکی کردو لەدوای ئەو سەردانە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان من و تۆ گۆڕا بۆ جۆرێک لە کێشە، ئێستاش کاتێک بیر لەو کێشانە دەکەمەوە پێم سەیرە مرۆڤ دەتوانێت بە ناوی هاوڕێتی و دڵسۆزییەوە ژیانی کەسێکی تر پڕ بکات لەژەهر، نازانم دەیان جار پێم دەگوتیت؛ کاتێک قسە دەکەیت هەست ناکەم تۆیت، هەست دەکەم کەسێکی ترە قسە دەکات، یان کەسێکی تر لەناو مێشکتدا لەجیاتی تۆ بیر دەکاتەوە.... دوا فرسەتی ژیانی ئێمە دووەم ساڵی پەیوەندیمان بوو سەفەری خانیامان کردو لەوێ تۆ بە نازیلا سکت پڕ بوو، ئەو ڕۆژانە دەتوانم بڵێم لەدوای ڕۆژەکانی بەرشەلۆنە، کە یەکترمان تیا ناسی خۆشترین و جوانترین ڕۆژەکانی ژیانی ئێمە بوون، خۆزگە هەر ئەو کاتە لەو دورگەیە نەگەڕاینایەتەوەو بۆ هەتا هەتایە لەوێ نیشتەجێ بووینایە، بەڵام ئەمە بەتەنها حەزو خەونێک بوو بەس....

نازیلا خەریک بوو دوو ساڵی تەمەنی پڕدەکردەوە، ئەمجارە بە پلانێکی زۆر تۆکمە و نوێوە گەڕایەوە بۆلای تۆو لەجارەکانی پێشوو بەهێزتر پەیوەندییەکەی لەگەڵتدا گەرمکردەوە، بەوەی چەند باش و دڵسۆزی نازیلا بوو، ئیتر تۆ ئەوەت لەبیر چووبوو، کەمن لەخەوەکەمدا بۆم گێڕایتەوە، ناتوانم لەوەدا لۆمەت بکەم، کاتێک ئەمبینی چەند دڵسۆزانە مامەڵەت لەگەڵدا دەکات و خەریکی نازیلا دەبێت

خەریک بوو خۆم لە خۆم بەرامبەری بکەومە گومانەوە، کە ئەو ژنێکی بەو شێوەیە خراپ نییە.

تاکە شتێک لەو ژنەدا من لێی تێ نەدەگەیشتم، ئەوەبوو نازانم بۆ هەر کاتێک لەتۆ نزیک دەبووەوە ئیتر پەیوەندی نیوان ئێمە تێک دەچوو، من سەرم لەم نهێنییە دەرنەدەچوو!. نازانم جادووی لێدەکردیت یان هۆکارەکەی چی بوو، لەگەڵ ئەو لێت نزیک دەبووەوە ئیتر ئێمە لەیەکتری دوور دەکەوتینەوە، ئەوەی سەیربوو زۆرجار کاتێک شەڕمان دەبوو ئەو دەکەوتە نێوانمان، من بەتەنها بەزەییم بە نازیلادا دەهاتەوە، کە وەک کەروێشکێکی ترساو لەتاو هاوارو قیژەی تۆ خۆی گرمۆڵە دەکردو لە پشتی یەکێک لەدەرگاکانەوە خۆی دەشاردەوە!.

مێلیسیا، کاتێک لە نهێنی کێشەکان تێگەیشتم درەنگ بوو، کاتێک بوو چیتر تۆش ئامادە نەبوویت گوێم لێبگریت، ئەوەیە دەڵێن؛" هیچ کاتێک درەنگ نییە" ئەگەر تۆ بەتەنها ئامادەیی دە خولەک گوێگرتنت هەبوایەت ژیانی ئێمە بەو کارەساتە کۆتایی نەدەهات و نازیلاش لەباوەشی هەردووکماندا گەورە دەبوو. مرۆڤ ئەگەر لەکاتی تورەبوونیشدا بیەوێت گوێ بگرێت توشی هەڵە نابێت، ئەشێت مرۆڤ بۆ ساتێک شێتگیر ببێت و عەقڵی لەدەست بدات، بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا ئامادەی گوێگرتن بێت، کە کەسێک دەیەوێت ئامۆژگاری بکات یان ئارامی بکاتەوە توشی هەڵە نابێت، بەڵام نازانم بۆ تۆ بەردەوام ئامادە بوویت کارین قسەت بۆ بکات و دڵۆپ دڵۆپ ژەهری ڕق و کینە بکاتە ناو دەمارەکانتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ڕقت لەمن ببێتەوە، بەڵام ئامادەی دە خولەک گوێگرتن لە من نەبوویت، کە من دەمویست هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە.

بمبورە کاتێک ئەم دێڕانە دەنووسم تورە دەبم، زۆر تورە دەبم لەسەر ئەوەی ئامادە نەبوویت بەتەنها دە خولەک گوێ بگریت، چی دەبوو ئەگەر گوێت بگرتایەت!

مـن لەدڵـی دایـک تێدەگـەم بـە تایبەتیـش دڵـی تـۆ، بـەڵام دەبـوو گـوێ بگریـت، پاشـان هەمـوو شـتێکمان یـەکلا دەکـردەوە، بمبـورە، کـە ئەوەنـدە تـوڕەم، چونکـە تـۆ هەمـوو کات ئامادەبوویت گـوێ لـە کارینـی هاوڕێـت بگریـت و بـڕوا بـە قسـەکانی بکەیـت، بـەڵام هیـچ کاتێـک نـە گوێـت لەمـن دەگـرت نـە بڕواشـت پێدەکـردم، نازانـم بـۆ مرۆڤـەکان هەمیشـە پێیـان خۆشـە گـوێ لـە درۆکان بگـرن!.

ئـەو کۆتایـی هەفتـەی تـۆ سـەردانی خێزانەکەتـت کـرد، نەدەبـوو بـە کاریـن بڵێیـت، نەدەبـوو ئـەو بزانێـت، مـن هەمووجـار ئـەم قسـەیەم پـێ دەگوتیـت، کـە پێویسـت نـاکات کاریـن هەمـوو نهێنییەکـی ژیانـی ئێمـە بزانێـت، ئەگـەر ئـەو لـەوە دڵنیـا نەبوایـەت، کـە تـۆ لەماڵـەوە نیـت، ڕێـک و ڕاسـت لـەو کاتـەدا نەدەهـات منیـش فریـو بـدات، تـۆ بـڕوات بـە مـن نەدەکـرد، پێـم گوتیـت؛ کاتێـک لەدەرگاکـە درا دڵـم خورپـەیەکـی کـرد، لەدڵـی خۆمـدا دەمگـوت؛ دەبێـت کـێ بێـت بـەم ئێـوارەی ڕۆژی شـەممە لـەدەرگای ئێمـە بـدات، کاتێـک دەرگاکـەم کـردەوە بەبـێ یـەک و دوو بـە عەلاکەیەکـەوە خـۆی بـە ژووردا کـرد گوتـی؛ ببـورە لەنـاکاوو لـە ناوەختـدا هاتـم، مێلیسـیا بـۆ خـۆی داوای لێکـردم هەندێـک شـتی بـۆ بکـڕم، دەزانـم لەمـاڵ نییـەو تـۆش ئـەم هاتنـەت پێخـۆش نییـە، لەبـەر ئـەوە دانانیشـم....

ئـەوەی تـۆ داوات لەئـەو کردبـوو داواشـت لەمـن بکردایـەت هـەر دەمتوانـی بۆتـی بکـڕم، یـان دەمانتوانـی سـەرلەبەیانییەکەی پێـش ئـەوەی بڕۆیـت پێکـەوە بمـان کڕیایـە، هەمـوو بەهانەکـەی تـۆ ئەوەبـوو، ئـەو هـەر بـۆ خـۆی دەڕۆیشـت بـۆ ئـەو بـازاڕە ئیتـر بۆچـی مـن بـە منداڵێکـەوە زەحمەتـم وەر بـەر خـۆم بنایـە.

ئـەو ڕاسـتی نەکـرد، نەیدەویسـت بـڕوات بـەس دەیویسـت مـن فەرمـووی لێبکـەم، وەک ئـەوەی نەیدیبێـت و یەکەمجـاری بێـت هەندێـک سـەیری ماڵەکـەی کـردو دەرگای حەوشـەکە کرابـووە، چونکـە مـن لـەوێ دانیشـتبووم کەمێـک لـە حەوشـەکە وەسـتاو هەناسـەیەکی هەڵکێشـاو گەڕایـەوە ژوورەوەو بـەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیشـت، پێـش ئـەوەی

دەست ببات دەرگاکەی دەرەوە بکاتەوە بە ڕووە خۆش و زمانە شیرینەکەیەوە گوتی؛ ئاساییە کەسێک یەکێکی تری خۆشنەوێت، بەڵام خۆ دەبێت هۆکارێک هەبێت، پێم وایە جگە لەبێ بەختی خۆم هیچ هۆکارێکی تر نییە، ئەگینا چ زیانێکم بۆ تۆ هەبووە....

ئەو قسانەی کردو ویستی وای نیشانی من بدات، کە دەیەوێت بڕوات، ئەمە بەتەنها فریودان بوو، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن و وەڵام نەداتەوە، من دەمویست بۆ ئەوەی زیاتر نەبێتە دوژمن لەوە دڵنیای بکەمەوە، کە من هیچ کاتێک رقم لێی نەبووە نابێت، ئاخر گەورەتین هەڵە ئەوەیە زیاتر ڕقی ناحەزەکانت بەرامبەر بەخۆت بوروژێنیت، باشترین چەکێک لەبەرامبەر دوژمنەکانتدا نیشاندانی گەورەیی و بەخشندەییە، فریودانیانە بە ڕێزو خۆشەویستی، ئەگینا زیانی گەورەترت لێدەدەن.

لەو کاتەدا دەستی برد دەرگاکە بکاتەوەو بڕواتە دەرەوە، من هەر ئەوەندەم پێگوت؛ تۆ هەڵەیت، ئەگەر پێت وایە ئێمە ڕقمان لە تۆیە، بە پێچەوانەوە ئێمە ڕێزی تایبەتمان بۆت هەیە، بە تایبەتی مێلیسیا زۆری خۆشدەوێیت، ئیتر بۆ دەبێت قسەیەکی لەو جۆرە بکەیت.... ئەمە هەلێک بوو بۆ ئەوەی دەست لە کیلۆنی دەرگاکە بەربدات و کەمێک بەرەو لای من بگەڕێتەوە، بەزمانێکی زۆر شیرین و بە بزەیەک لە چاوەکانییەوە خۆشییان دەردەدا، کە ئاماژە بوون بە سەرکەوتنی لە پلانەکەیدا، گوتی؛ ئادریان تۆ پیاوێکی زۆر میهرەبانیت، ئەو میهرەبانییەی تۆیە هەمیشە نیگەرانم دەکات، کەوا تۆ ڕقت لەمن بێتەوە، نازانم بۆ هەمیشە ئەو هەستە خراپەم بەرامبەر بەو پیاوانە هەیە، کە خۆشم ئەوێن، ئەگەر لەبیرت بێت من هەر لەبەرشەلۆنە، کاتێک یەکترمان ناسی لە دڵەو یەکسەر خۆشم ویستی، بەڵام ئیتر بێ بەختی من لەوەدابوو، کە تۆ زیاتر مەیلت بەلای مێلیسیادا ڕۆیشت، ئەو هەمیشە لە من زیاتر بەختی لە ژیاندا هەبووە، بەڵام خۆ دەتوانیت لەوە دڵنیام بکەیتەوە، کە ڕقت لێم نابێتەوە، هیچ نەبێت ئێمە دەتوانین هاوڕێ بین، ئەمە چ کێشەیەکی تێدایە!.

مێلیسیا، ئەو کاتە بەشێوەیەک کەوتبوومە ناو سیحری فریوەکانییەوە وەک تۆ نەمدەزانی ئامانجە راستەقینەکەی چییە تا ئەو کاتەی لەگەڵمدا تەقییەوە، ئەمە ڕاستی و درووستی مەسەلەکە بوو، بەڵام هەر نەتتوانی باوەڕ بە من بکەیت، ژنان هەمیشە وەهان، ئیرەیی ناخیان ناهێڵێت ڕاستییەکان ببینن بۆیە بەردەوام پێیان خۆشە گوێیان لەدرۆکان بێت و باوەڕ بە درۆزنەکان بکەن.

ئەو ئێوارە من دەمویست زیاتر لەگەڵیدا نەڵێم و بڕواتە دەرەوەو ملی بشکێنیت، بەڵام نەدەبوو بەبێ وەڵامی تۆمەتەکانی بهێڵم بڕواتە دەرەوە، ئەمە هەڵەی من بوو، پێی لێ دەنێم هەڵەی من بوو، دەبوو وازی لێ بهێنم چۆن بیردەکاتەوەو چیم پێ دەڵێت با بۆ خۆی بێت، بەڵام ئیتر توشی ئەو هەڵە بووم و وەڵامم دایەوە، ئەمەش ئەو هەلەی بۆ ئەو ڕەخساند بە ئامانجی پلانەکەی بگات و ئێمەش باجێکی گەورەماندا.

من دەمویست لەوە دڵنیای بکەمەوە، کەس ڕقی لێی نییەو هەمووی خەیاڵی ناو مێشکی خۆیەتی، دەتوانین پێکەوە هاوڕێ بین، بەڵام ئەو هەر لەسەر ئەوە پێی دادەگرت، کە دەبێت من خۆشم بوێت، ئەو سەرەتا بە هێمنی و نازێکەوە قسەی دەکرد، کەچی دواتر تۆنی قسەکردنەکانی گۆڕا بۆ تورەبوون و لەپڕ دەستی بەگریان کرد، کە ئەو کەس خۆشی ناوێت، تەنانەت هاوڕێ نزیکەکانی خۆیشی ڕقیان لێیەتی، بەردەوام بە گریانێکی لەکوڵەوە ئەو دێڕەی دەگوتەوە؛ کە ئەو منی زۆر خۆشدەوێت، بەڵام من هەر ڕقم لێیەتی....

مێلیسیا، تۆ بیهێنە پێشچاوی خۆت، ئەگەر تۆ لە جێگەی من بوایەیت چیت دەکرد؟ دەتوانی بیکەیتە دەرەوە؟ خۆ هیچ نەبێت هەر ئەوەت دەکرد، کە من کردم، ویستم لە گریانەکەی بیوەستێنمەوەو پاشان درۆیەک بۆ ڕۆیشتنە دەرەوە بدۆزمە، هەرچەند ئەمە درۆ نەبوو، چونکە بەڵێنم بە پاتریک دابوو سەردانی بکەم، بۆیە

دەستم برد دەستیم گرت بۆ ئەوەی چیتر نەگری، کەچی باوەشی پێداکردم و گوتی؛ تۆ پیاوێکی زۆر خراپی، تۆ من ئەکوژیت، هەموو ڕۆژێک زیاتر هەلا هەلام ئەکەیت، پێم بڵێ بزانم مێلیسیا چی لەمن زیاترە وا ئەوت خۆشویست و منت بە خۆشەویستییەکەی خۆم سزا دا، دەی پێم بڵێ؛ بزانم بۆ منت خۆشناوێت و ئەوەندە دڵڕەقی لەگەڵمدا، دەزانیت لەو ڕۆژەوەی تۆم لەبەرشەلۆنە بینی ناتوانم بۆ ساتێک بیرت لێنەکەمەوە، من بەقەد هەموو ئەم دونیا ڕقم لە مێلیسیا دەبێتەوە، ئەو هەموو شتەکانی من دەبات، ئەو بەردەوامە لە تێکدانی ژیانی مندا، بۆیە ئێستاش خۆمی لێ نزیک ئەکەمەوەو ناتوانم دەستبەرداری بم، بەتەنها بۆ ئەوەیە لە تۆوە نزیک بم و جار بەجارێک چاوم پێت بکەوێت.

بەردەوام بوو گوتی: ئادریان، یەکجار بەس یەکجار ئەگەر بتوانم ماچێکی دەمت بکەم، ئیتر هیچم ناوێت، واز لەهەموو شتێک ئەهێنم، تکا ئەکەم بەس یەکجار، ئاوێک بکە بەم ئاگرەی لەناو دڵمدایە، کاتێک مێلیسیا باسی ئەو شەوانە دەکات، کە چۆن پێکەوە جوت دەبن ئاگر دەچێتە ناو گیانمەوەو تا بەیانی خەوت پێوە دەبینم، تەنانەت باسی جوتبوونەکەی بەرشەلۆنەیشی بۆ کردم ئەو چەند بەتامەزرۆییەوە باسی ئەو جوتبوونەی دەکرد من لەناوەوە دەکولام و ئەوەندەم ڕق لێی دەبووە، قەستم بوو بیکوژم، چونکە ئەو لەلای من گوتی؛ کەمێک بێ تاقەتم و دەمەوێت بەتەنها پیاسەیەکی قەراخ دەریاکە بکەم، کەچی هاتبوو بۆلای بۆ تۆ. ئەو خیانەتی لە من کرد، ئەو ژنە جادوبازە، دەبوو تۆ ئەو خۆشییە لەگەڵ مندا بەش بکەیت، دەبوو من و تۆ لەو هوتێلە جوتباین، بۆیە تکا دەکەم بۆیەکجار ئەو خۆشییەش لەگەڵ مندا بەش بکە، بەڵێنت دەدەمێ ئەمە نهێنییەک دەبێت لەنێوان من و تۆدا، بەڵێن بێت نەهێڵم هیچ کەسێک بەم نهێنییە بزانێت. بەس یەکجار خەونەکەم بهێنە دی، دەی ئادریان دەمت بهێنە، تکا دەکەم، خۆشم ئەوێیت وەک شێت خۆشم ئەوێیت، بڕوابکە زۆر باجی قورسم داوە لە پێناو ئەوەی بە تۆ بگەم، بەڵام تۆ نازانم دڵت لەبەرد

درووست بـووه یـان چـی!. هیـچ پیاوێـک نییـه چـاوم خسـتبێتە سـەری و نەمتوانیبێـت بـە ئامانجەکـەم لەگەڵیـدا بگـەم، تـۆ زۆر سـەیریت لـە پیاوەکانـی تـر ناچیـت، هەمـوو پیـاوەکان لەبـەردەم ژنانـدا ئەوەنـدە لاوازن، بـڕوا ناکـەم لـەم دونیـا نمونەیـەک هەبێـت ئـاوا ژنێـک لەپیاوێـک بپارێتـەوەو لەگەڵیـدا هیـچ نـەکات و بییەوێـت لەخـۆی دووربخاتـەوە، تـۆ چیـت؟ پێـم بڵـێ، مـن لەگەنجێتییـەوە دەمزانـی مێلیسـیا جادوبـازە، ئەگـەر جـادو نەبێـت، چۆن ئێستا تـۆ بـەم شـێوە لەگـەڵ ژنێکدا بـۆت دەگـری ئەوەنـدە دڵـڕەق دەبیـت و هیـچ وەڵامـی نادەیتـەوە....

مێلیسـیا، ئـەو بەشـێوەیەک لێـم ئاڵۆزکابـوو نەمدەتوانـی بەهیـچ شـێوەیەک لەخۆمـی دووربخەمـەوە، دەترسـام بـە هێـزی خـۆم لەخۆمـی بکەمـەوەو شـوێنێکی برینـدار ببێـت و بیکاتــە بەڵگەیــەک، کــە مــن ویســتومە دەســتدرێژی بکەمــە ســەری، خــۆ ئــەو کات پۆلیسـەکانیش وەک ژنـەکان وەهـان هەمیشـە بـڕوا بـە درۆزنـەکان دەکـەن. تـۆ دە ڕۆژ حیکایـەت بـۆ پۆلیـس و دادگا بخوێنـەوە ئـەوان داوای بەڵگـە دەکـەن، چ چیـرۆک و حیکایەتێک دەتوانێـت هێنـدەی برینـی ژنێـک لـە سـەر جەسـتەی ببێتـە بەڵگەیـەک بـۆ دادگا!.

لەقسـەکانی ئـەو ئێوارەیـدا ڕقێکـی ئەسـتورم لـە ناخیـدا بەرامبـەر بـە تـۆ بـۆ دەرکـەوت، ئـەو بـەردەوام باسـی ئـەوەی دەکـرد تـۆ هەمـوو شـتێکی ئـەو تێـک دەدەیـت و دەیبەیـت بـۆ خـۆت، ئـەو باسـی ئـەوەی دەکـرد دەبـوو ئـەم مـاڵ و حاڵـەی ئێسـتا هـی ئـەو بێـت نـەک تـۆ، ئـەو تـۆی بـە سـەرچاوەی نەهامەتییەکانـی ژیانـی دەزانـی و دەیگـوت؛ هەمـوو شـتێکی مـن بـۆ خـۆی دەبـات، لـەوەش زیاتـر دەیویسـت؛ ئـەو گومانـەم لـەلا دروسـت بـکات، کـە تـۆ بەتەنهـا بـۆ بەرژەوەنـدی لەگـەڵ منداپـت، گوایـە تـۆ لـەلای ئـەو گوتوتـە؛ دوو منداڵـی لـێ دروسـت دەکـەم و یـەک شـەقی تـێ هەڵـدەدەم و لـە ماڵەکەدەیکەمـە دەرەوە، ئـەو دەیگـوت؛ بـڕوام پێبکـە هیـچ کەسـێک وەک مـن مێلیسـیا بـاش ناناسـێت، ئـەو بەتەنهـا ژنێکـی جـادو بـازەو بـەس، ئـەو ناتوانێـت هیـچ کەسـێکی خۆشـبوێت، بـڕوام پێبکـە هیـچ تـۆی خۆشـناوێت بەتەنهـا بەرژەوەنـدی لەگەڵتـدا هەیـە. ئـەو هەمـوو شـتێک بـۆ مـن

دەگێڕێتــەوە، دەیــان جــار باســی ئــەوەی کــردووە، کــە تاســەر لەگــەڵ تــۆدا نامێنێتــەوە، ئــەو هیــچ خۆشەویســتییەکی بــۆ تــۆ نییــە، ئــەو بــە منــی گــوت؛ کــە تــۆ لەژێــرەوە لەگــەڵ پیاویکــی تــردا پەیوەندیــت هەیــە نــاوی هانــزە، لەســەر کار پێکــەوەن، دەیگــوت؛ لەســەر کار زۆر تاقەتــی منیشــی نییــە، نیــوەڕوان پێکــەوە دەڕۆن بــۆ نانخــواردن، لــە پشــووەکاندا پێکــەوە قــاوە دەخۆنــەوە.... ویســتی بــەردەوام بێــت، بــەڵام چیتــر نەمتوانــی ڕێــگا لــە تووڕەبوونــی خــۆم بگــرم، بۆیــە بەســەریدا قیژانــدم و گوتــم؛ بەســە، ئێســتا دەڕۆیتــە دەرەوە باشــە ئەگــەر نــا پۆلیــس بانــگ دەکــەم.... کەمێــک هێــواش بــووەوە، پاشــان وەک هەڕەشــەم لێبــکات گوتــی؛ گوێبگــرە ئادریــان، ئەگــەر بــەردەوام بیــت لــە ئازاردانــم و بــەو شــێوە دڵڕەقانــە مامەڵــەم لەگەڵــدا بکەیــت، ژیانــت ئەکەمــە دۆزەخ، بــڕوام پێبکــە هەمــوو شــتێک ئەکــەم بــۆ ئــەوەی بــە مەبەســتی خــۆم بگــەم، تــۆ هێشــتا مــن ناناســیت، ئەگــەر بمەوێــت کارێــک بکــەم بەهــەر نرخێــک بێــت ئەیکــەم، بۆیــە باشــترە ئــەو خۆشەویســتییەی بــۆ مێلیســیا لەدڵتدایــە لەگــەڵ منــدا بەشــی بکەیــت.

لــە پڕێکــدا دیســان بــە تووڕەبوونێکــەوە گوتــی؛ گــوێ بگــرە ئادریــان، مــن مێلیســیا وەک ئەڵقەیــەک وایــە لەدەســتمدا، هــەرکات بمەوێــت لــەم پەنجەمــی دادەکەنــم و ئەیکەمــە پەنجەیەکــی تــرم، ئەتوانــم چۆنــم بوێــت یــاری پــێ بکــەم و هەرکاتیــش مانــدوو بــووم بــۆ کوێــم بوێــت تــوڕ هەڵیــدەم، بۆیــە باشــترە واز لــە کەللــە ڕەقــی بهێنیــت، زۆربــەی پیــاوو ژنەکانــی ئــەم ئەڵمانیایــە خیانــەت لەیەکتــر دەکــەن، خیانــەت چییــە، بەتەنهــا تاقیکردنەوەیەکــی تــرە. ئــەوە چــوار ســاڵ زیاتــرە تــۆ لەگــەڵ مێلیســیادا دەژیــت، بــەڵام چــوار ڕۆژت بەخۆشــی لەگەڵیــدا بــەڕێ نەکــردووە، تــۆ ناتوانیــت لەگــەڵ ئــەودا بــەردەوام بیــت، چونکــە ئــەو ئەمــڕۆ یــان ســبەی هــەر بەجێــت دەهێڵێــت، تــۆ زۆر گێلانــە دوای جــادوی خۆشەویســتی ئــەو کەوتوویــت، ئــەوەی تــۆ بــۆ ئــەوو لەگــەڵ ئــەودا دەیکەیــت، نیــو چارەکــی تــر بــۆ هــەر ژنێــک بکەیــت، ئێــواران دەگەڕێیتــەوە پێڵاوەکانــت لــە پــێ دادەکەنێــت و بــە باوەشــێکی پــڕ لەســۆزو خۆشەویســتییەوە بەخێرهاتنــەوەت دەکات. بــڕوام

پێبکە ئادریان تۆ پیاوێکیت قابیلی ئەو نیت، تۆ لەو پیاوانەیت هەر لەیەکەم نیگاوە ژنان دەکەونە ژێر کاریگەری شەهامەت و قۆزییەکەتەوە، تۆ کاریزمایەکی سەیرت هەیە، پێم سەیرە کەوتویتە ژێر کاریگەری ژنێکی جادوبازی وەک مێلیسیاوە!.

ئازیزەکەم مێلیسیا، تاقەتم نییە بەم نیوەشەو بە قسە پڕوپوچەکانی ئەو خەویش لەخۆم بزڕێنم، بۆیە چیتر باسی ئەو هەموو قسەقۆڕو فریودەرانەی ئەو ناکەم، کە دەیوسیت بەهەر نرخێک بێت من لەخشتە بەرێت و لەگەڵمدا بخەوێت، بۆیە کاتێک دەیزانی ئەو ڕێگایە دادی نادات هەوڵی شکاندنی کەسایەتی تۆی دەدا، دەیویست من بکاتە پاڵەوانێک و تۆش بکات ژنێکی جادو باز، بۆیە دواجار ئەوەندە تورەو بێزاربووم ئاگام لەخۆم نەما کاتێک پەلاماری هەردوو قۆڵیمدا بۆ ئەوەی لەخۆمی دووربخەمەوە قۆڵی هێلەکە تەنکەکەی بەدەستمەوە دڕا، ئەمە بۆ ئەو بەسبوو ئیتر کۆتایی بەگەمەکەی بهێنێت، کەمێک دوورکەوتەوەو گوتی؛ ئەوە هێلەکەکەت لەبەرمدا دڕاند وا نییە، خۆ ناتوانی حاشای لێ بکەیت.....

مێلیسیا، کاتێک ئەم قسەیەی کرد یەکسەر چیرۆکەکەی یوسف و زلێخام بیرکەوتەوە، کاتێک زلێخا دەیویست لەگەڵ یوسفدا بنوێت، بەڵام یوسف ڕەتی کردەوە، کە کاری وا بەهیچ شێوەیەک نابێت ڕووبدات، چونکە ناتوانێت خیانەت لە مێردەکەی کە خزمەتی کردووە بکات. لە هەردوو چیرۆکەکەی نێوان من و یوسفدا میوانەکە کراسەکەی بەری دڕا، بەڵام خۆ نابێت هەرکەسێک کراسەکە لەبەریدا بدڕێت ئیتر مانای ئەوە بێت بێگوناهە!.

من دەزانم ئەمەش ببەینە بەردەم هەر دادگایەکی ئەم دونیا ناتوانێت بێگوناهی ژنێک نەسەلمێنێت، کە لەپێشەوە پیاوێک کراسەکەی یان هێلەکەکەی دڕاندووە، بە هەموو پێوەرو یاسایەک ئەگەر ژنێک لەپێشەوە کراسەکەی لەلایەن پیاوێکەوە بدڕێنرێت واتا پەلامار دراوە، خۆ ئەگەر یوسفیش وەک پیاوێک لە پێشەوە کراسەکەی

بدڕابـا هــەر تاوانباربــوو بــەوەی پەلامــاری ژنــی فەرمانــڕەوای میســری داوەو ئەویــش لەکاتێکـدا بەرگـری لەخـۆی کـردووە یەخـەی پیاوەکـەی دڕیـوە.

تێگەیشــتن و ترســەکەی مــن بــۆ دڕانــی هێلەکەکــەی کاریــن لــە جێــگای خۆیدابــوو، چونکـە ئـەو بـە مەبەسـتەکەی خـۆی گەیشـت، کـە مـن لـەلای تـۆ بـەوە تاوانبـار بـکات لەکاتــی هێنانــی شــتەکانی تــۆدا مــن پەلامــارم داوەو ویســتوومە بــەزۆر لەگەڵیــدا بخــەوم. کاتێکیـش مـن بـۆ ڕوداوەکـەی نێـوان مـن و کاریـن داوای لێبوردنـم لێکردیـت تـۆش وەک زۆربــەی خەڵکــی ئــەم دونیــا داوای لێبوردنەکــەت بــەوە لێکدایــەوە مــن گوناهبــارم بۆیــە داوای لێبــوردن دەکــەم، ئاخــر ئەمــە کارەســاتی مرۆڤــی ئــەم ســەردەمەیە کاتێــک داوای لێبوردنــی لێدەکەیــت، یەکســەر خــۆی لــێ دەبێتــە قوربانــی و ئەویــش بــە تاوانبــار!.

مێلیسـیا، مـن زۆر بـە دڵـە پـاک و ڕۆحـە جوانەکـەی تـۆ ئاشـنابووم، هـەر لەیەکـەم سـاتی بینینەوە لەبەرشـەلۆنە، کاتێـک لەبـەردەم پیـرە هونەرمەندەکـەدا دانیشـتبوویت دڵـم خورپەیەکـی کـرد، کـە شـتێک لـە تـۆ بـە منـەوە دەبەسـتێتەوە، بـەڵام نەمدەزانـی ئــەو شــتە چییــە، تــا بــۆ ڕۆژی دوایــی لــە ســەر پردەکــەی 'ڕامبــلا دێــل مــار' لەســەر کەناڵەکـە تـۆم بینییـەوە تەماشـای ماسـییەکانت دەکـرد، ئیتـر هەسـتم کـرد قەدەرێـک هەیـە ئێمـە بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، هێزێـک هەیـە دەیەوێـت مـن و تـۆ پێکـەوە گـرێ بـدات. لـە خـۆم دەپرسـی دوای ئـەو هەمـوو کارەسـات و ناخۆشـییە، کـە لـە ماوەیەکـی کەمـدا خۆشەویسـترین کـەس، کـە دایـک و باوکـە لـە دەسـت بدەیـت، ئەبێـت ئـەو هێـزەی ئــەم کارانــە ڕێکدەخــات لەبــری هــەر لــێ ســەندن و بردنێــک شــتێکت بداتــێ، کــە ئەمــە خراپتریــن هزرێکــە بــە مێشــکی هەمووانــدا دێــت، ئەگــەر ئــەوە نەبوایــەت ئەمــە ڕووی نـەدەدا، ئەمانـە هەمـووی بیرکردنەوەکانـی نـاو مێشـکی خۆمانـە چۆنـی پێخـۆش بێـت بـەو شـێوە تلیـاک ئاسـا ئازارەکانمانـی پـێ سـڕ دەکەیـن.

ئـەوەی مـن لـە ژیانـدا تێگەیشـتم ئـەوە نییـە، کـە ئەگـەر ئـەوە ڕوی نەدایـەت ئـەوا ئـەوەی تـر ڕوی نـەدەدا، بەڵکـو ئـەوەی مـرۆڤ چـۆن بەرەنـگاری خراپەکارییەکانـی ژیـان دەبێتـەوە، مـرۆڤ چـۆن لەگـەڵ هێـزە خراپەکانـدا خـۆی نـادات بەدەسـتەوە، ئەمـە کرۆکـی مەسـەلەکەیە. سـەرەتا مـن وامدەزانـی ئەگـەر دایکـم نەمردایـەت منیـش نەدەهاتـم بـۆ بەرشـەلۆنەو توشـی تـۆ نەدەبـووم و ئـەو هەمـوو کارەسـاتە ڕوی نـەدەدا، بـەڵام لـە بناغـەدا مەسـەلەکە ئەوەیـە، ئەگـەر دایکـم لـە ژیانیـدا وەک ژنێـک هەمـوو تەمەنـی لەگـەڵ باوکمـدا بـەوە خـەرج نەکردایـەت، کـە دەبێـت سـەرنجی ئـەو زیاتـر و زیاتـر بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت و وەک یـاری لێگـۆ تەماشـای بـکات، کـە دەتوانێـت چۆنـی بوێـت و چـی بوێـت لێـی درووسـت بـکات، لـەدوای مردنـی باوکـم ئەویـش توشـی ئـەو شـۆکە مەترسـیدارە نەدەبـوو، کـە ژیانـی دابنێـت، بۆیـە هەڵـە سـەرەکییەکە لەوەدایـە هیـچ مرۆڤێـک یـاری منـداڵان نییـە، کـە هەرکاتێـک ویسـتت و چۆنـت ویسـت یـاری پـێ بکەیـت و بێتاقـەت بوویـت وازی لـێ بهێنیـت و لێـی دووربکەویتـەوە....

دایکـم شـەوێک لـە خانـەی پیرانـی خـۆری ئێـواران دانـی بـەوەدا نـا، کـە غـەدری زۆر گـەورەی لەباوکـم کـردووە، ئـەو وای دەزانـی باوکـم هـەزاران سـاڵ دەتوانێـت بـەو شـێوەیە بـۆ ئـەو بـژی، دەیگـوت؛ ئیتـر هەمـوو ژنێـک لەگـەڵ پیاوەکەیـدا بـەو شـێوە ڕەفتـار دەکات، کـە سـۆزی پیاوەکـەی بـەلای خۆیـدا ڕابکێشـێت بـۆ ئـەوەی زیاتـر سـەرنجی بداتـێ و بایەخـی پێبـدات، ژنـان قـەت هەمـوو هەسـتێکی خۆیـان بـۆ پیاوەکانیـان دەرنابـڕن و هەمیشـە لەناخـی خۆیانـدا سـەرکوتی دەکـەن، بـەڵام کاتێـک باوکـم لەپـڕ کۆچـی دوای کـرد، ئیتـر دایکـم توشـی ئـەو شـۆکە گـەورە بـوو، کـە ژیانـی لەسـەر دانـا، لەبـەر ئـەوەی هەمـوو ئومێدێکـی ژیانـی بـە باوکمـەوە گـرێ دابـوو.

ئـەوەی دەمەوێـت لێـرەدا بـە تـۆی بڵێـم ئەوەیـە؛ مـرۆڤ پێویسـتە ڕووبـەڕووی نەهامەتییـەکان و هێـزە خراپـەکان بێتـەوە، نـەک بکەوێتـە نـاو گەمەکانییـەوە. لەژیانـی هـەر مرۆڤێکـدا هەمیشـە هێزێکـی خـراپ هەیـە دەیەوێـت بـە نیشـاندانی چەنـد دیمەنێکـی

جـوان و خۆشـییەکی کـەم ژیانـی بـەرەو دۆزەخ ببـات، بـەڵام سـەرکەوتنی ژیـان لـە گرتنەبـەری ڕێگـە ناخـۆش و سـەختەکاندایە نـەک ئاسـان و خۆشـەکان.

تـۆ دەزانیـت مـرۆڤ کاتێـک تینوویەتـی بـە فریوخواردنـی سـەراب چ زیانێـک لەخـۆی دەدات، بۆیـە مـەرج نییـە لەکاتـی تینوێتیـدا هـەر شـتێک وەک ئـاو خـۆی نیشـاندابن ئێمـە بـڕوای پێبکەیـن و خۆمانـی تەسـلیم بکەیـن، پێویسـتە ئێمـە بـڕوا بـەو هێـزە خراپانـە نەکەیـن، کـە لەکاتـی لاوازییەکانمـدا خۆیـان بـە بەهێـز و جـوان نیشـانمان دەدەن.

مێلیسـیا، هەزارجـار ئـەم قسـەیەم دووبـارە کـردەوە، کـە نەدەبـوو تـۆ هەمـوو نهێنییەکـی نێـوان خۆمـان بـۆ کاریـن بـاس بکەیـت، گەورەتریـن هەڵـەی ژنـان ئەوەیـە بەبـێ ئـەوەی بیربکەنـەوە هەمـوو ڕازو نیازێکـی دڵـی خۆیـان بۆیەکتـر دەگێڕنـەوە، ئەمـەی، کـە هێـزە خراپـەکان کاتێـک دەیانەوێـت ژیانـی یەکێـک تێـک بـدەن، دەزانـن لـە چ خاڵێکـی لاوازەوە دەسـت پێبکـەن. کارینیـش هەروەهـای کـرد، لـەو دەرگایانـەوە دەسـتی بـە تێکدانـی ژیانـی ئێمـە کـرد، کـە خۆمـان کلیلەکانمـان پێدابـوو، ئـەو لـەو کـون و کەلەبەرانـەوە دەسـتی بـە تێکدانمـان کـرد، کـە خۆمـان نیشـانماندابوو، ئـەو بـە شـێوەیەک ژیانـی تـۆی کۆنتـڕۆڵ کردبـوو دەیتوانـی وەک یاریزانێکـی بـاش چۆنـی بوێـت بـەو شـێوەیە یاریـت لەگەڵـدا بـکات، ئەمـەش هەمـووی بەهـۆی دڵپاکـی و سـادەیی خـۆت بـوو لەگـەڵ ئـەودا، بـەڵام تـۆ هیـچ شـتێکت سـەبارەت بـە نهێنییەکانـی ژیانـی ئـەو نەدەزانـی و جارێـک گوتـت؛ سـەیرە ئـەو وەک پشـیلە چـۆن پیسـییەکەی خـۆی دەشـارێتەوە ئـاوا هەمـوو شـتێکی خـۆی دەشـارێتەوە، ئەگـەر باسیشـی بـکات ئـەوا لنگەوقـوچ باسـی دەکات، منیـش پێـم گوتیـت؛ کەواتـە پێویسـتە لـە ئـەوەوە فێرببیـت ڕێـز لـە نهێنییەکانـی ژیانـی خـۆت بگریـت، تـۆ ئێسـتا هەرخـۆت نیـت، کەسـێکی تـر لـە ژیانتـدا هەیـە، بۆیـە پێویسـت نـاکات ئـەو شـتانەی بـە خـۆش و ناخۆشـەوە لـە نێوانمانـدا ڕوودەدەن بـۆ ئـەو بـاس بکەیـت، ئەگـەر ئێمـە خۆشـییەکانمان هەبێـت بـا بەتەنهـا بـۆ خۆمـان بێـت، ئەگـەر ناخۆشـیش بێـت بـا هـەر بـۆ خۆمـان بێـت، تـۆش وەڵامەکـەت ئەوەبـوو، ئاخـر مـن پێویسـتم بەوەیـە کەسـێک هەبێـت خەمەکانـی خۆمـی لەلابـاس بکـەم، سـینەی مـن زۆر لـەوە بچوکتـرە جێـگای خەمەکانمـی

تێدا بێتـەوە، ئەگـەر لـەو کاتانـەدا کەسێک نەبێـت هانـای بـۆ بـەرم و خۆمـی لـەلا بەتـاڵ بکەمـەوە ڕەنگـە خـۆم بکـوژم، ناتوانـم و بەرگـەی هەڵگرتنـی هیـچ خەمێـک ناگـرم....

مێلیسـیا، کـوردەکان پەندێکیـان هەیـە دەڵێـت؛ (ئەگـەر مریشـک خـۆی خـۆڵ نـەکات بەسـەری خۆیـدا هیـچ کەسـێک ناتوانێـت خـۆڵ بـکات بەسـەریدا) زۆربـەی ژنـان وەک ئـەو مریشـکە وان، خۆیـان خـۆڵ ئەکـەن بەسـەری خۆیانـدا، چەندیـن جـار مـن پێـم گوتیـت؛ سـەگێکت بـۆ ڕادەگـرم بـۆ ئـەوەی لەگەڵیـدا قسـە بکەیـت و هەمـوو نهێنییەکـی دڵـی خۆتـی لـەلا بـاس بکەیـت، سـەگەکان زۆر لـە مرۆڤـەکان بـە هەسـتترو بەوەفاتـرن، بـڕوام پێبکـە سـەگەکان زیاتـر لەهەندێـک لـە مرۆڤـەکان گوێمـان بـۆ ڕادەگـرن و لێمـان تێدەگـەن، سـەگەکان بەتەنهـا بۆنکردنێـک لـە ئازارەکانـت تێـدەگات، کەچـی مـرۆڤ هەیـە کاتژمێرێـک باسـی مەینەتـی و ئازارەکانتـی بـۆ دەکەیـت، ئینجـا بـە لالوتێکـەوە دەڵێـت، داوای لێبـوردن دەکـەم، کـە ناتوانـم هیچـت بـۆ بکـەم، ئاخـر مـن داوای یارمەتـی ناکـەم داوا دەکـەم بەتەنهـا گوێـم لـێ بگریـت، بـڕوام پێبکـە هیـچ مرۆڤێکـی زینـدوو لـەم سـەرزەمینەدا هێنـدەی باوکـم لەنـاو گۆڕەکەیـدا گوێـی لـێ نەگرتـووم، مێلیسـیا، مـردووەکان زیاتـر لـە مرۆڤـە زیندووەکانـی ئـەم سـەردەمە گـوێ دەگـرن....

مـن پێـم گوتیـت؛ سـەگێک زیاتـر لـە مرۆڤێـک دەتوانێـت گوێـت لێبگرێـت و لێـت تێبـگات، ڕاسـتە ئـەو ناتوانێـت قسـە بـکات، بـەڵام خـۆ قسـەکردن هـەر گوتـن نییـە؛ سـەگێک کاتێـک دەزانێـت تـۆ بـێ تاقەتیـت خۆیـت لـێ دەسـوێت، وەک منـاڵ پێتـەوە دەنووسـێت و بەچواردەورتـدا دێـت و سـەرنجت بۆیاریکـردن ڕادەکێشـێت، بـەڵام تـۆ بـە گوێـت نەکـردم، تـۆ هیچـت بـە گـوێ نەکـردم هیـچ، هیـچ کەسـێک ئەوەنـدەی مـن دڵسـۆزی ڕاسـتەقینەی تـۆ نەبـوو، هیـچ کەسێک ئەوەنـدەی مـن تـۆی خـۆش نەدەویسـت، هیـچ کـەس ئەوەنـدەی خۆمـان دڵسـۆزی خۆمـان نەبوویـن، ئیتـر چـۆن دەبێـت کێشـەیەک مـن خـۆم نەتوانـم چارەسـەری بکـەم، خەڵکانـی تـر بتوانـن یارمەتیمـان بـدەن، مـرۆڤ خـۆی نەتوانێـت کێشـەکانی خـۆی چارەسـەر بـکات، خەڵکانـی تـر چـۆن دەتوانـن....!.

# ١٤

مێلیسیا، لەدوای ڕووداوەکەی ئەو شەوە من ڕۆیشتم سەرێکم لە پاتریک داو بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، هیچ وەڵامی نەدامەوە، خەریک بوو دڵم دەوەستا، شتێک سەرسینەمی گرتبوو، نەمدەتوانی بەباشی هەناسە بدەم، بۆیە ئەوەندە تووڕە بووم بەسەر پاتریکدا قیژاندم، چونکە لە بێدەنگییەکەیدا هەستم دەکرد لەو پیلانەدا بەشدار بێت، ئەوە یەکەمجارم بوو لە ژیانمدا بەوشێوە شێتگیرییە تووڕە ببم، پاتریک هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی؛ من پێم نەگوتیت ماوەیەک خۆتانی لێ بەدوور بگرن تا هەندێک بەڵگەم دەستدەکەوێت بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە لێتانی دوور بخەمەوە.... منیش بەم قسانە هێندەی تر تووڕە بووم و گوتم: تۆش وەک ئەو پزیشکەت لێهاتووە، کە نەخۆشەکەی توشی نەخۆشی دڵ بووە، کەچی پێی دەڵێت؛ دەبێت خۆت لەو کێشانە بەدوور بگریت، کە دەبنە هۆی خەم و ئازاردانت، ئەویش دەڵێت؛ جەنابی دکتۆر بۆ تۆ وا دەزانی من خۆم بە دوای کێشەدا دەگەڕێم، من چی بکەم کاتێک دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە لەبەردەرگا چاوەڕوانم دەکات.... کەچی لەوەڵامدا گوتی: تازە هیچ شتێک ناکرێت، تازە ئەو ژەهرەکەی خۆی ڕژاندووە، تەنها شتێک تۆ دەتوانیت بیکەیت ئەوەیە، نەهێڵیت ژەهرەکە بەهەموو لەشتدا بڵاو بێتەوەو بتکوژێت بۆ ئەمەش پێویستت بە هاوکاری مێلیسیا هەیە، بەڵام ئایا ئەو وەک ژنێک ئەتوانێت یارمەتیت بدات، ئەمە پرسیارەکەیە؟.

مێلیسیا، من زۆر دڵم بەوە خۆشبوو، کە دەتوانیت لەم پێوەدانە ژەهراوییەدا هاوکاریم بکەیت، زۆر گەشبین بووم بەوەی، کە تۆ ژنێکیت دەتوانیت لە من تێبگەیت، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە هیچ کاتێک خۆشخەیاڵی و گەشبینی ناتوانن بە ئاسانی ئامانجە سەرەکییەکان بپێکن.

مـن ئـەو شـەوەم زۆر بەناخۆشـی و سـەختی بـردە سـەرو نەمویسـت تەلەفۆنـت بـۆ بكـەم و بـەم هەواڵــە ناخۆشــە ســەردانەكەت لــێ تێــك بــدەم، مــن دەمویســت، هەرچۆنێــك ببێــت چاوەڕوانــی ئــەوە بكــەم، ڕۆژی دوایــی بگەڕێیتــەوەو ئێوارەكــەی لــە ماڵــەوە كاتێــك نازیــلا خـەوی لێدەكەوێـت، بـە هێواشـی و لەسـەرخۆ تـەواوی ڕووداوەكـەت وەك خـۆی بـۆ بگێڕمـەوە، بـەڵام نەمزانــی هــەر لەگــەڵ دەرچوونــی كاریــن لــەلای مــن یەكســەر وەك قوربانییەكــی برینــدار تەلەفۆنــت بــۆ دەكات و بەشــیوەن و گریــان هەمــوو مەســەلەكان بــە هەڵگێراوەیــی دەگێڕێتــەوە، لــە هەمــووی ســەیرتر ئەوەبــوو منەتێكــی گــەوەری كردبــوو بەســەرتا، كــە لەبــەر خاتــری تــۆو نازیــلا تەلەفۆنــی بــۆ پۆلیــس نەكــردووەو نەیویســتووە مەســەلەكە گەورەتــر بێــت، بــەڵام هەمــوو ئــەو قســانەی كردبوونــی تــەواو پێچەوانەكــەی ڕاســتبوون.

ئــەوەی مــن لــە كاردانــەوەی ئــەو ڕووداوە چاوەڕوانــم نەدەكــرد، ئەوەبــوو تــۆ وەك كڵپەیــەك لەئاگــر بــۆ ماڵــەوە گەڕایتــەوە، مــن ســەرەتا ترســی ئــەوەم هەبــوو لەماڵــی باوكـت شـتێك ڕوویـدا بێـت، بـەڵام دواتـر، كـە بـە ڕوومـدا تەقیتـەوەو هەمـوو شـتێكت تێكـدا مـن چیتـر نەمدەتوانـی بەرگریـش لەخـۆم بكـەم، جگـە لـەوەی داوای لێبوردنـم لێكردیـت، بـەڵام ئـەوە هەڵەیەكـی گـەورەی مـن بـوو، نەدەبـوو داوای لێبـوردن بكـەم، بەڵكـو دەبـوو بەرگــری لەخــۆم بكــەم، چونكــە مــرۆڤ دەبێــت بزانێــت داوای لێبــوردن لــە كــێ دەكات، هەمــوو كەســێك لەمانــای لێبــوردن نــاگات وەك چــۆن هەمــوو مرۆڤێــك ناتوانێــت داوای لێبــوردن بــكات، داوای لێبوردكــردن كاری مرۆڤــە بەخشــندەو گەورەكانــە، بۆیــە بەتەنهــا مرۆڤــە بەخشــندەو گــەورەكان دەتوانــن لێــی تێبگــەن.

ئەوەبـوو دوای ئـەو ڕووداوە چیتـر تـۆ نەتدەتوانـی بـە هیـچ شـێوەیەك مـن ببەخشـیت و تەنانــەت ئامــادەی ئــەوەش نەبوویــت گوێــم لێبگریــت و پێــت وابــوو هەمــوو پیاوەكانــی دونیــا بــۆ تاوانەكانیــان درۆ دەهۆننــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا مــن داوام لێكردیــت ئەگــەر هەڵەیــەك ڕوویــداوە، ئەگــەر گریمــان ئــەو ســیناریۆیەش ڕاســت بێــت لەبەرخاتــری نازیــلا مافــی ئــەوەم هەیــە بمبەخشــیت، بــەڵام تــۆ بەهیــچ شــێوەیەك نەتدەتوانــی ســەیری چاوەكانیشــم بكەیــت....

خراپترین هەڵەیەک تۆ کردت ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دوایی ماڵەکەت بەجێهێشت و ڕۆیشتیت بۆ لای کارین. من پێمخۆشبوو لەکاتێکی وادا بڕۆیت هەوایەک بگۆڕیت، بڕۆیت بۆ شوێنێک بەتەنها بیت، یان بۆ ماڵی باوکت چونکە دەمزانی ئەوان دڵسۆزی خۆت و نازیلابوون، بەڵام بۆ ماڵی کارین نا.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە کاتێک لەکار گەڕامەوە تۆ لەماڵەوە نەبوویت تۆ نازانیت چەند قورس بوو، چەند هەستێکی ناخۆش بوو، سەرەتا وامزانی لەگەڵ نازیلادا بۆ پیاسەکردن ڕۆیشتوویتە دەرەوە، تا درەنگی شەو چاوەڕوانم کرد، کاتێک نەگەڕایتەوە ناچاربووم زەنگێک بۆ ماڵ باوکت لێ بدەم، دایکت وەڵامی دایەوەو گوتی: منیش تێناگەم، مێلیسیا دوا نیوەڕۆ زەنگی دا و گوتی: ئەگەر ئادریان تەلەفۆنی بۆ ئێرە کرد پێی بڵێ؛ هیچ خەمی نەبێت لەگەڵ نازیلا لەلای هاوڕێیەکمانین، ئەوەشی باسکرد، کە ئایا ئەو ڕووداوە ڕاستە لە نێوان تۆو کاریندا ڕوویانداوە، منیش ڕاستی و دروستی ڕووداوەکەم بۆ گێرایەوە، کەمێک هەستم بە ئاسودەیی کرد، کە کەسێک هەیە، کاتێک قسەی بۆ دەکەم گوێم لێدەگرێت، ئەویش گوتی؛ هەر لە نەو جەوانییەوە حەزم بەچارەی ئەو کچە نەکردووەو چەندین جار بە مێلیسیام گوتووە لێی دوور بکەوێتەوە، بەڵام نازانم بۆ لێی دوورناکەوێتەوە، ئەوەشی گوت؛ لە سەردەمی گەنجێتیدا ئەوەندە کاریگەری خراپی لەسەر مێلیسیا هەبوو بەردەوام کێشەی بۆ درووستدەکردین....

دوای تەلەفۆنەکە کەمێک هەستم بە ئاسودەیی کرد، کە توانیم ڕاستییەکان لەلای کەسێک باس بکەم و جوان گوێم لێبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر نائارامی تۆ و نازیلا بووم، ئاخر تۆ نازانیت چەند نازیلام خۆشدەویت، چەند پەیوەست بوو بە منەوە، چۆن دەبوو هەروا بەئاسانی دەستبەرداری ببم.

دوای داخستنەوەی تەلەفۆنەکە دڵنیابووم جگە لەلای کارین بۆ هیچ شوێنیکی تر نەڕۆیشتوویت، تابیریشم لەم ڕۆیشتنە دەکردەوە زیاتر توڕە دەبووم، ئاخر بۆ بەبێ پرسی من تۆ بڕۆی بۆ شوێنێک، کە سەرچاوەی پلانی تێکدانی ژیانی نێوانمان لەوێ بێت، من نەمدەتوانی لەوە تێبگەم، کە ئەو نهێنییە چییە وەک کارین پێی گوتم؛ کە تۆ بۆ ئەو وەک ئەڵقەیەکی لە پەنجەیدا....

بەهەرحاڵ لەهەموو شوێنێکی ئەم دونیا کاتێک کێشەکان کۆن دەبن بەرەوە ساردبوونەوە دەڕۆن، بەڵام کێشەی نێوان من و تۆ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەرم دەبوو، نوێ دەبویەوە، ناچار من بڕیارمدا بڕۆم و ماڵەکەتان بۆ بەجێبهێڵم بۆ ئەوەی ماوەیەک لەیەکتر دوور بکەوینەوە، بەڵکو پەیوەندییەکەی نێوانمان کەمێک ئاسایی بێتەوە، بەڵام خراپتر بوو باشتر نەبوو، چونکە ڕۆیشتنی من هەلی زیاتری بۆ کارین ڕەخساند بەردەوام سەردانت بکات و پڕت بکات لە ڕق و کینە لەبەرامبەر مندا، ئەگەر ڕاستت دەوێت ئەو هێندە ڕقی لەتۆ بوو ڕقی لەمن نەبوو، ئەوە تۆڵەی تۆ بوو لەمنی دەکردەوە.

ئازیزەکەم مێلیسیا، دەزانم بۆ چاککردنەوەی ئەو هەڵانەی لەژیانی ئێمەدا ڕوویاندا زۆر درەنگە،، بەڵام من دەتوانم چیم لەدەست بێت لەوە زیاتر شەوانە داخە دڵی خۆم لە نامەیەکدا بۆ تۆ بنووسم....

ئەمشەو زۆر ماندووم لە ڕووی دەروونییەوە وێران بووم، کاتێک بیر لە ڕووداوەکانی ژیانی نێوانمان دەکەمەوە هێڵنجم دێت، توشی سەرئێشەیەکی خراپ دێم، بۆیە تاقەتم نییە ئیتر جارێک بۆت بنووسم، بەڵام دواجار هەر بۆت دەنووسم، هەموو ئەو نهێنییانەی، کە ویستم پێت بڵێم بۆ ئەوەی بەر لە ڕووداوە ترسناکەکە بگرم و تۆ هیچ گوێت لێنەگرتم، هەموویت بۆ باس دەکەم. داوات لێدەکەم ویژدانی خۆت بکەیتە دادوەر، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی لە دوا تەمەنی ژیانماندا بە ئاسودەی بمرین، ئەگەر

ئێمـه ئـەو بەختەمـان نەبووبێـت، کـە ژیانێکـی بەختەوەرمـان هەبێـت هیـچ نەبێـت خـۆ شایسـتەی ئەوەیـن بـە ئاسـودەیی بمریـن، هیـچ مرۆڤێـک شایسـتەی مردنێکـی تراژیـدی نییـە. داوات لێدەکـەم، لـە دوای خوێندنـەوەی نامـەکان بمبەخشـیت، بـە جوانییەکـەی خـۆت، بـە بزەکانـی سـەرلێوت، بـە ڕۆحـە پـاک و بێگەردەکـەت، جوانتریـن دیـاری لـە کۆتایـی ژیانـی منـدا بەخشـینی تۆیـە، پێمخۆشـە ئەگـەر مـردم بـە ئاسـودەیی بمـرم، وەک خاتـوو دۆرلایـن، کـە هەسـتم دەکـرد دەمێـک بـوو دەبـوو بمرێـت، بـەڵام چاوەڕوانـی سـەردانێکی ئێـلای کچـی ڕێـگای لەمردنەکـەی دەگـرت، ئـەو نەدەبـوو بمرێـت تـا ئێـلا نەیبەخشـێت، ئەوەبـوو دوای سـەردانەکەی ئێـلا بـە خەندەیەکـی پـڕ لەخۆشـبەتییەوە چاوەکانـی لێکنـاو خـەوی لێکـەوت، ئـای مێلیسـیا، تـۆ نازانیـت ئـەو ژنـە چەنـد بـە ئـازارەوە ژیـا، بـەڵام دواجـار چەنـد بەئاسـودەیی چاوەکانـی لێکنـا.....

## ١٥

مێلیسـیا، دوای هەمـوو هەوڵـەکان بـۆ چاککردنـەوەی پەیوەنـدی نێوانمـان ئەوەبـوو، کەهەریەکەمـان لـە ماڵـی خـۆی بـژی، تـا ڕۆژی بڕیاردانـی دادگا، دەبـوو چەنـد مانگێکـی تـر چاوەڕوانـی ئـەوە بکەیـن، دادگا چـی بڕیارێـک دەدات، مـن هیـچ شـتێکم نەدەویسـت جگـە لـە نازیـلا نەبێـت. مـن دەمزانـی لـەدوای بڕیاردانـی دادگاوە هەمـوو شـتێک دەدۆڕێنـم، ئیتـر ئەمـە یاسـایەکە مـن ناتوانـم بیگـۆڕم، کـە لەهەمـوو جیابوونەوەیەکـدا پیـاو دۆڕاوی یەکەمـە....

بـە بۆنـەی ڕۆژی لەدایکبوونـی سـێ ساڵەی نازیـلاوە دەبـوو نازیـلا سـێ ڕۆژ لـەلای مـن بێـت. مـن هەمیشـە سوپاسـم دەکردیـت، کـە دوای دوورکەوتنەوەشـمان ئەوەنـدە بـڕوات بـە مـن مابـوو، هـەرکات بمویسـتایە نازیـلات بـۆ دەهێنـام، زۆرێـک لەژنـەکان کاتێـک لـە پیاوەکانیـان جیادەبنـەوە، بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـەر هەمـوو مـاڵ و موڵکێکـی بەجێمـاوی پیاوەکـە بگـرن، بیانـووی سـەیر سـەیر دەدۆزنـەوە.... بـۆ ئـەوەی ڕێـگای بینینـی منداڵـەکان

لـه باوكیـان بگـرن كێشـەی نـوێ دروستـدەكەن، ئێمـە ڕۆژانـە بەچاوەكانـی خۆمـان دەبینیـن، كـە ژنـان هەمـوو شـتێك دەكـەن بـۆ ئـەوەی پیاوەكـە نەتوانێـت منداڵەكانیشـی ببینێـت، لەمـەدا مـن هـەردەم سوپاسـم كردبوویـت، كـە ڕێگات دەدا بێمـە ماڵـەوە، لـەوەدا تـۆ ژنێكـی داوێـن و دەسـتپاك بوویـت، كـە هەمووجـار دەتگـوت: ئـەم خانـووە هـی تۆیـە، لـە میراتـی ماڵـی باوكـت بـۆت ماوەتـەوە مـن چـاوم لەسـەری نییـە، هەركاتیـش دادگا جیابوونەوەكـەی قبوڵكردیـن مـن لـەم خانـووە دەڕۆمـە دەرەوە، وەڵامەكـەی مـن ئەوەبـوو؛ مـن خانـووم بۆچییـە بـە بـێ تـۆو نازیـلا....

مێلسـیا، دوای ئـەو هەمـوو كێشـەو ناخۆشـییەی نێوانمـان و دواتـر جیابونـەوە ئێمـە لـە دڵـەوە یەكترمـان خۆشدەویسـت، هەردووكمـان هەسـتێكی سـەیرمان بۆیەكتـر هەبـوو، بـەڵام ئـەو هێـزە خراپـە چـی بـوو نەیدەهێشـت ئێمـە پێكـەوە بیـن نازانـم، ئەگـەر لەبیـرت بێـت، ئـەو ئێـوارەی هەینییـەی ئاهەنگـی سـێ سـاڵەی نازیـلات ڕێكخسـتبوو منیشـت بانگهێشـت كردبـوو، ئێوارەیەكـی خێزانـی زۆرخـۆش بـوو، بـەڵام خۆزگـە كاریـن لـەوێ نەدەبـوو، جارناجارێـك بـە نیگایـەك پەیامێكـی ترسـناكی بـۆ دەنـاردم، بـەڵام تێـی نەدەگەیشـتم، ئـەو هیـچ بـە هاتنـی مـن بـۆ ماڵەكـەی خـۆم دڵخـۆش نەبـوو، وە قـەت چاوەڕوانـی ئـەوەی لەتـۆ نەدەكـرد بـەو شـێوەیە لەگـەڵ منـدا هەڵسـوكەوت بكەیـت.

ئێـوارە ئاهەنگەكـەی نازیـلا ئەوەنـدە دڵخۆشـكەربوو ئێمـە هەمـوو شـتێكمان لەبیركردبـوو، دایكـە میهرەبانەكـەت، قـەت لەبیـرم ناچێـت گوتـی؛ حەیـف ئادریـان ناگەڕێیتـەوە بـۆ ئـەم ماڵـە، چەنـد خۆشـە هەموومـان ئـاوا بـەو شـێوە پێكـەوە كۆببینـەوە، بینینـم یەكسـەر تـۆ چاوەكانـت پڕبـوون لـە فرمێسـك، ئەمـە بـۆ مـن مانایەكـی زۆر تایبەتـی هەبـوو، بـەڵام كاریـن ئەگـەر لـەو كاتـەدا دەسـەڵاتی هەبووایـەت ملـی ئـەو پیـرە ژنـەی دایكتـی لێدەكـردەوە، وا بـە ڕق و توڕەبوونێكـەوە تەماشـای دەكـرد وەك تاوانێكـی گـەورەی ئەنجامـدا بێـت، هـەر هـی ئـەوەش بـوو نەیتوانـی زۆر بمێنێتـەوەو لەهەمـووان زووتـر ملـی شـكاند، چونكـە نەیدەتوانی خۆشـی ئـەو ئێـوارەی ئێمـە بـە چاوەكانـی خـۆی

ببینێت، ئیتر ئەمە سروشتی هەندێک کەسە، کە دڵخۆشی و خۆشبەختی کەسانی تر تورەو غەمگینیان دەکات، کارین لەو کەسانە بوو کاتێک دڵخۆش و بەختەوەر دەردەکەوت، کە بیبینیایە کەسێک لەنزیکی ئازار دەچێژێت....

ئەگەر ڕاستت دەوێت ڕۆیشتنی ئەو منی لەناخەوە دڵخۆشکرد، پاتریک لە تەنیشتمەوە بە گوێمیدا چپاند، بینیت!. منیش گوتم؛ بە پێکەنینێکەوە گوتم؛ ئا باشم بینی، بڕوات بۆ دۆزەخ.

دوای تەوابوونی ئاهەنگەکە من دواکەس بووم مابوومەوە، لەبەر ئەوەی نەمدویست هەموو ئەرک و ماندوو بوونەکە بۆ تۆ بەجێ بمێنێت، من جگە لە هاوکاری کردنت لە کۆکردنەوەی قاپ و شتە بەجێ ماوەکانداو گسکدانی هۆڵەکە هیچ نیازێکی ترم نەبوو، کەچی چەند خۆشبوو، چەند جوان بوو کاتێک هۆڵەکەمان کۆکردەوەو ڕێکخستەوە بە نیازی ماڵئاوایی دانەویمەوەو ماچێکی نازیلام کرد، کەچی بە دەستە لاوازە بچوکەکانی دەستی گرتم، کە نەڕۆم، لەوکاتەدا تۆش هاتیت و دەستت کردە ملم و باوەشت پێدا کردم ئیتر هیچ کاممان نەمانتوانی ڕێگە لە گریانە پەنگخواردووەکانی ناخمان بگرین....

چەند خۆشبوو ئەو باوەشە گەرمە، باوەشی دوای شەڕو تورەبوون، نازیلاش بچوک بچوک لەخوارەوە باوەشی بە قاچی هەردووکماندا کردبوو. من ئەو شەوە زۆر سوپاسم کردیت، کە نەتهێشت بڕۆم و داوات لێکردم شەو لەلاتان بمێنمەوە، ئەو شەوە ئەگەرچی دوا شەوی ژیانمان بوو، کە پڕ بەدڵ یەکتری لە ئامێز بگرین و پێکەوە بنوین، یەکێک بوو لەو شەوانەی قەت لەبیر ناچنەوە، یەکێک بوو لەو شەوانەی ڕەنگە لەدوا ساتەکانی ژیانمدا کاتێک بۆ هەمیشەیی چاوەکانم لێک دەنێم هەست بکەم لەناو جێگەکەدا لە باوەشی تۆدام و توند لەئامێزت دەگرم و لە تەوقی سەرتەوە تا پەنجەکانی پێت دەلێسمەوە....

چەند ناخۆشە کاتێک هەندێک ڕوداوی چاوەڕوان نەکراو دێنە پێشەوە، کە نازانیت بە چ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، چونکە هەلێکە ڕەنگە لە کیست بچێت بۆ هەتا هەتایە نەیبینیتەوە.

ئەو شەوە ئێمە زۆر درەنگ نووستین، لەسەر جێگەکە پێکەوە قسەمان دەکرد، وابزانم لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی یەکترناسینماندا کەمجار ئەوە ڕوویدابێت ئەوەندە لەناو جێگادا بمێنینەوەو پێکەوە قسە بکەین، باسی یادگارە خۆشەکانی بەرشەلۆنە، پاشان سەفەرەکەی خانیا و سکپڕبوونی بە نازیلا.... هەستمان دەکرد ئەو شەوە هێزە خراپەکان نووستبێتن، چونکە بەس باسی شتی جوان و خۆشمان دەکرد و بە هێواشی لەناو جێگاکەدا پێدەکەنین و ماچی یەکترمان دەکرد....

کات درەنگی کردبوو، لەسەر دارەکانی ناو حەوشەکەوە مرە ڕەشەکان دەیانخوێند، لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد دونیا شینێکی خۆڵەمێشی دەینواند، سەیرێکی کاتژمێرەکەم کردو پەردەکەم دادایەو گەڕامەوە بۆلای تۆ، هەستم دەکرد تەواو ماندوویت، منیش ماندوو بووم، بەڵام خەومان نەدەهات....

مێلیسیا، لەبیرت دێت پێم گوتیت؛ چەند ناخۆشە لەم کاتەدا بەجێت دەهێڵم، تازە نامەوێت لەبەڵێنەکەم پەشیمان ببمەوەو دڵە بچکۆلەکەی نازیلا بڕەنجێت. باشە بۆ مرۆڤ هەندێکجار ئەوەندە دەبەنگە هەندێک بیرۆکەی باش هەن لەو کاتانەدا نایەنە ناو مێشکییەوە، تۆ بڵێی هەر پەیوەندی بە ئەو قەدەرەوە هەیە، کە دەبێت ئەوە ڕووبدات، کە دەبێت ڕووبدات!.

بەبۆنەی بوون بە سێ ساڵی نازیلاوە بەڵێنم بە نازیلا دابوو ببەم بۆ "دیزنەی لاند" لە پاریس، بۆیە نەمدەتوانی لەو بەڵێنە پاشگەز ببمەوە، کە دەمێک بوو بە نازیلام دابوو ببەم بۆ لای سندرێلا، بێل، یاسمین، ئارورا، ئاریەل، سپی بەفرین و حەوت کورتە باڵاکە، ئاخر ئەو بەردەوام لەو خەیاڵەدا دەژیا، کە ڕۆژێک دەتوانێت

ئـەم شـازادانه ببینێـت، ئـەو بـە خـەیـاڵ لەگەڵیانـدا دەژیـا، چـۆن دەکـرا مـن لەبـەر خاتـری خـۆم خەیاڵەکانـی ئـەوم تێـک بدایـەت، هیـچ دادوەریـی نەبـوو مـن مناڵەکـەم بخەمـە نـاو خـەوو خەیاڵێکـەوەو دواتـر لەبـەر ئارەزوویەکـی خـۆم لێـی تێـک بـدەم....

لەســەرەتادا بڕیارەکــەی ئێمــە بــەو شــێوەیە بــوو، مــن ڕۆژی شــەممە کاتژمێــر نــۆی بەیانـی بێـم بـۆ ماڵـەوە نازیـلا لەگەڵـدا خـۆم بـۆ سـێ ڕۆژ ببـەم بـۆ پاریـس، بەخەیاڵیـش نەمدەتوانــی بیــر لــەوە بکەمــەوە شــەوی شــەممە مــن لــەلای تــۆ بمێنمــەوەو دوای ئــەو دابـڕان و لێـک جیابوونـەوە جارێکـی تـر لـە ئامێـزی یەکتـردا بنوویـن، بۆیـە مـرۆڤ نابێـت هیـچ شـتێک بـە نامومکیـن بزانێـت. لـە ژیانـی ئێمـەدا دەشـێت ئـەو شـتانە مومکینـن ڕوونــەدەن و پێچەوانەکەشــی هــەر ڕاســتە.

بەدرێژایـی ئـەو شـەوە ئێمـە نزیکـە سـێ کاتژمێرێـک خەومـان لێکـەوت، نازیـلا وەک هەمـوو بەیانییـەک زوو بێداربـووەو ئێمەشـی هەسـتاند، هەردووکمـان مانـدوو بویـن، جگـە لەمانـدوو بوونەکـە مـن خەمـی ئـەو دە کاژمێـر ڕێگایـەی نێـوان بەرلیـن و پاریسـم بـوو. بیـرم کـردەوە هیـچ نەبێـت تـۆ دەتتوانـی لەماڵـەوە بخەویتـەوەو پشـوویەک بدەیت، ڕەنگـە بیرکردنــەوە لــە پشــوودانی تــۆ هــۆکاری ئــەوە بووبێــت بیــر لــەو بیرۆکەیــە نەکەمــەوە پێشـنیاری ئـەوەت بـۆ بکـەم تـۆش لەگەڵمانـدا بێیـت.

ئەزانیـت مێلیسـیا، ئەگـەر تـۆ لەگەڵمـان بهاتیتایـە ئـەو کارەسـاتە ڕووی نـەدەدا، هاتنـی تـۆ هەمـوو پلانـە خراپەکانـی تێکـدەدا، بـۆ هەتـا هەتایـە تێکـی دەداو مـن و تـۆو نازیـلاش ڕەنگـە مناڵـی تریشـمان ببوایـەو پێکـەوە ژیانێکـی بەختـەوەرو خۆشـمان دروسـت بکردایەتـەوە، بـەڵام تـازە دوای ئـەو هەمـوو سـاڵە ناتوانیـن هیـچ بکەیـن، بەداخـەوە.....

مێلیسـیا، ڕاسـتە دەڵێـن: 'بەدەسـتی خۆتـە بڕۆیـت بـۆ سـەفەر، بـەڵام گەڕانـەوە بـە دەسـتی خـۆت نییـە' کـێ دەزانێـت لەکاتـی سـەفەردا چـی ڕوودەدات، ئـەوەی مـن و تـۆ بیرمـان لێنەدەکـردەوە ئـەوە بـوو ڕوویـدا، بـەڵام دەبـوو تـۆ تەنهـا دە خولـەک زیاتـر نـا

گوێت لەمـن بگرتایـەت، کاتێـک مـن هەمـوو شـتەکانم زانـی کاتێکـی زۆربـاش و گونجـاو بـوو بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی نـوێ دەسـتپێبکەینەوە، بـەڵام تـۆ تێکتـدا، هەمـوو شـتێکت تێکـدا، ژیانـی خـۆت و ئێمەشـت وێـران کـرد....

ئـەو بەیانییـە پێـش ئـەوەی لەگـەڵ نازیـلادا بڕۆینـە دەرەوە، چەنـد بـەدڵ باوەشـمان بەیەکـدا کـردو تێـر یەکترمـان مـاچ کـرد، شـەوێ بڕیارمـان دابـوو بیـر لـە ژیانـی داهاتـوو بکەینـەوە، تـۆ گوتـت؛ مـن داواکـەم لـەدادگا دەکێشـمەوەو بیرۆکـەی جیابوونـەوە لەمێشـکم دەردەکـەم، بـەڵام ئـەو کات واماندەزانـی هێـزە شـەڕەنگێزو خراپـەکان نووسـتون، نەمانزانـی سـەرقاڵی پلانێکـی نوێـن....

شـتێک زۆرجـار بیریـی لێدەکەمـەوەو ناتوانـم بەباشـی لێـی تـێ بگـەم ئەوەیـە، وەک مـن زۆر گەمژانـە نەمتوانـی پێشـنیاری هاتنـی تـۆ لەگەڵمانـدا بکـەم، ئـەی تـۆ بـۆ هزرێکـی وەهـا بـە مێشـکتدا نەهـات، کـە لەگەڵمـان بێیـت، دەزانیـت هاتنـی تـۆ هەمـوو پلانەکانـی تێکدەشـکاند و بـۆ هەتـا هەتایـە ژیانـی ئێمـەی دەگـۆڕی....

مێلیسـیا، بـڕوام پێبکـە کاتێـک لـە "وێسـتگای تسـۆی بەرلیـن" (Bahnhof Zoologischer Garten) شـەمەندەفەرەکە کەوتـە ڕێ دڵـم خورپەیەکـی کـرد، هێشـتا شـەمەندەفەرەکە لـە شـاری بەرلیـن دەربـاز نەبووبـوو پەلـەی گەڕانـەوەم بـوو، خەیاڵـی ئـەوەم دەکـرد، کاتێـک لەگـەڵ نازیـلا دەگەڕێینـەوە، کاتێـک تـۆ دەرگاکەمـان لێدەکەیتـەوەو وەک چـۆن دواجـار باوەشـمان بەیەکـدا کـرد ئـاوا تونـد یەکتـری لەبـاوەش دەگریـن و هێنـدەی دەریایـەک ماچـی تـەڕی یەکتـر دەکەیـن، بـەڵام ئەفسـوس ئەمانـە هـەر بەتەنهـا خەیاڵێـک بـوون و بـەس، کـە بـە درێژایـی ئـەم چەنـد سـاڵەی ڕابـردوو لەگـەڵ خۆمـدا دەمگێـران....

# ١٦

مێلیسیا، دوا شەومان بوو لەگەڵ نازیلا لە دیزنەی لاند بەسەربەرین، سەرەڕای ئەوەی بۆ هەر یارییەک دەبوو ماوەیەکی زۆر چاوەنواڕ بکەین، بەتایبەتیش بینینی شازادەکان، کاتەکانمان زۆرخۆش دەگوزەراند. نازیلا تەواو ڕۆیشتبووە ناو دونیای شازادەکانەوە، دونیای چیرۆکە ئەفسانەییەکانی بەڕاستی دەبینی....

درەنگانێکی شەو بەتەواوەتی ماندووبوون بڕستی لێبڕیبووین لەگەڵ نازیلادا گەڕاینەوە بۆ هوتێلەکە، کەچی کارگوزارێکی پێشوازیکردن بانگی کردم و گوتی: ئەمڕۆ ئەم بەڕێزە چەند جارێک زەنگی بۆ لێدایت و دەیویست قسەت لەگەڵدا بکات، بەڵام ئێوە لێرە نەبوون. هیچی پێنەگوتین تەنها ئەوە نەبێت دەیگوت: زۆر زۆر پێویستە کە قسەی لەگەڵدا بکەم، ژمارەی خۆیشی نەداینێ و گوتی: خۆی ژمارەکەم دەزانێت....

ئەم هەواڵە هیچ دڵخۆشکەر نەبوو، کە بۆچی پاتریک پەیوەندیم پێوەدەکات، دواتر لەناو ئەسانسۆرەکەدا تا گەشتمە ژوورەکە دڵی خۆم بەوە دایەوە، کە ڕەنگە شتێکی لەپاریس بوێت بۆی بکڕم، بەڵام خۆ من لە ناو شاری پاریس نیم....!. تا گەشتمە ژوورەکەی خۆم هەزارو یەک خەیاڵی سەیر سەیر بە مێشکمدا هات.

نازیلا ئەوەندە ماندوو بوو لەناو ئەو عارەبانەی وەک یەدەک لەگەڵ خۆمدا بردبووم خەوی لێکەوتبوو، من و ئەو لە دوو دونیای زۆر جیاوازدا بووین. ئەو لەناو جیهانی شازادەکاندا بە خەیاڵی ئاسودەوە خەوی لێکەوتبوو منیش وەک پورەی هەنگ ناو مێشکم وروژابوو بە هزری خراپ خراپەوە.

سەیرە ماوەی نێوان ئەسانسۆرەکە لە خوارەوە بۆ نهۆمی ژوورەکەی ئێمە لە نهۆمی دووەمی هوتێلەکە بەتەنها دوو خولەکی بەسبوو، بەڵام بۆ من بووبوو بە

دوو کاتژمێر. زۆرم پەلە بوو بگەمە ژوورەکەو زەنگێک بۆ پاتریک لێبدەم.... کاتێک گەشتمە ژوورەکە بەپەلە نازیلام لەناو عارەبانەکە دەرکردو خستمە ناو جێگاکەی و تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و تەلەفۆنم بۆ پاتریک کرد، لەوەی هەر لەیەکەم زەنگەوە هەڵیگرت دیاربوو چاوەڕوانی تەلەفۆنی من بوو، بە شڵەژاوییەوە پرسیم؛ چی ڕوویداوە پاتریک مێلیسیا باشە....؟.

ئەو لەو کەسانە بوو هەزار شتی خراپ ڕوویدابایەت نە خۆی تێکدەدا نە دەشڵەژا نە قسەی دەبڕی، لەوەتەی من ئەوم دەناسی هەر بەو شێوە ئارام و لەسەرخۆ و سەنگینە قسەی دەکرد، گوتی: ئادریان گوێ بگرە؛ دوێنێ شەو تۆماس بەپەلە هات بۆ ماڵەوە سەردانی کردم، زۆر شپرز دیاربوو، لەوەتەی دەیناسم ئەوە یەکەم جارە بەو شێوە ترساوییە ببینم، ڕەنگی بەتەواوەتی تێکچووبوو. ئەو لەو کەسانە بوو هەموو شتێکی لەلای من باس نەدەکرد، بەڵام بەدەست خۆی نەبوو نەشیدەتوانی هەندێک شت تاسەر بە نهێنی بهێڵێتەوە، ئەو لەو کەسانە بوو پێویستی نەدەکرد قسەی لێ دەربهێنیت، دەبوو بۆ ئەوەی نهێنییەکانی دڵی بدرکێنێت بایەخت بەو قسانە نەدایەت دەیانکات.

من دەمزانی تۆماس پەیوەندی لەگەڵ کاریندا هەیە، ئەمەبوو پێم گوتیت: ماوەیەک چاوەڕوان بن هەموو شتێکتان بۆ باس دەکەم، چونکە چەند مانگێک پێش ئێستا شەوێکی یەکشەمە لەلای من خواردمانەوەو یاری شەترەنجمان کرد، هەندێک شتی درکاند زۆرم لەلا سەیربوو، منیش بۆ ئەوەی زانیاری زیاترم دەست بکەوێت هەندێک وردە پرسیارم لێکرد، کەچی ئەو ناجسنە بابەتەکەی گۆڕی و لەقسەکانی پەشیمان بووەوە، بۆیە بڕیارم دابوو ئەمجارە هەر باسی کارین و مێلیسیای کرد بابەتەکە بگۆڕم بۆ ئەوەی ئەو زیاتر سور بێت لەسەر بابەتەکە، ئیتر ئەو لەو جۆرە کەسانەیە، بەڵام دوێنێ شەو لەوە دەچوو پەتی سەبری بەتەواوەتی بچڕابێت و تەواو ترسابێت، بۆیە هەموو شتێکی لەلای من درکاند، چونکە دەیزانی ئەویش

بـۆ پۆلیـس بانـگ دەکرێـت، هەرکـە نـاوی پۆلیـس هـات یەکسـەر قسـەکەم لـە دەمـی وەرگـرت و گوتـم: پۆلیـس! بۆچـی چـی ڕوویـداوە؟. گوتـی: ئادریـان، تکایـە قسـەکەم پـێ مەبـڕە بـا هەمـوو شـتێکت بـۆ ڕوون بکەمـەوە، مـن دەبـوو دوێنـێ شـەو پەیوەندیـت پێـوە بکـەم، بـەڵام نەمتوانـی چونکـە دوای بیسـتنی هەواڵەکـە یەکسـەر پەیوەندیـم بـە مارکـی هاوڕێمانـەوە کـرد، دەمزانـی تـۆ لـەوێ بلیـت دەکڕیـت، داوای ژمـارەی هوتێلەکـەی تـۆم کـرد، ئـەو گوتـی؛ بەداخـەوە لەماڵـەوە کێشـەی کۆمپوتـەرم هەیـە ناتوانـم بڕۆمـە نـاو سـیرڤەرەکەمانەوە، بـەڵام بـۆ سـبەینێ نـاوو ئەدرەسـی ئـەو هوتێلـەت دەدەمـێ، کـە ئەدریـان بـۆی ڕۆیشـتووە.

مـن ئەمـڕۆ بەبیانـووی نەخۆشـییەوە نەڕۆیشـتم بـۆ کار، بـۆ ئـەوەی سـەرێک لـە مێلیسـیا لەنەخۆشـخانە بـدەم، دەزانـم ئـەم کێشـە هـەروا ئاسـان نییـە و هەموومـان کـەم تـازۆر بەهـۆی پەیوەندییەکەمانـەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە بانگهێشـت دەکرێیـن. هەرکـە نـاوی مێلیسـیا و نەخۆشـخانەی هێنـا دڵـم خەریـک بـوو بەربێتـەوە، هـاوارم کـرد تـکا دەکـەم چـی بـووە مێلیسـیا چـی بەسـەر هاتـووە....؟ قسـەکەی پـێ بڕیـم، ئـارام بگـرە، مێلیسـیا ئێسـتا لەنەخۆشـخانە کەوتـووە، مەترسـی مـردن لەسـەر ژیانـی نەمـاوە، بـەڵام هەمـوو شـتەکان ئەمـە نییـە.

ئـەوەی مـن لـە دەمـی تۆماسـەوە بیسـتوومە چیرۆکەکـە بـەم شـێوەیە؛ دوا نیـوەڕۆی ڕۆژی شـەممە کاریـن سـەردانی مێلسـیا دەکات، ئـەو دەیزانـی، کـە مێلیسـیا بەتەنهایـەو نازیـلا لەگـەڵ تـۆدا سـەفەر دەکات. دەڵێـت؛ ماوەیەکـی زۆر لـەدەرگا دەدات، ئینجـا مێلیسـیا دەرگا دەکاتـەوە، دەڵێـت؛ مێلیسـیا لـە ڕەوشـێکی زۆر خراپـدا بـووە، لەنـاو جێـگادا بـووە کـە ئـەم لـەدەرگای داوە، بـە قسـەی کاریـن دەڵێـت؛ ئەگـەر ئـەو لـەو کاتـەدا نەڕۆیشـتایەت و فریـای نەکەوتایـەت بێگومـان لـە ماڵەکەیـدا دەمـردو کـەس پێـی نەدەزانـی، هەروەهـا کاریـن باسـی ئەوەشـی کـردوە کاتێـک دەرگاکـەی لـێ کردمـەوە دەموچـاوی خـراپ تێکچووبـوو، ئەوەنـدە مانـدوو بـوو یەکسـەر ڕۆیشـت و لەسـەر جێگاکـەی پاڵکەوتـەوەو

داوای پەرداخێک ئاوی کرد، لەدوای خواردنەوەی پەرداخە ئاوەکە کەمێک وەک بێهۆش بوو‌بێت ماوەیەک چاوەکانی دادەخات. کارین دەڵێت، من دەستم لەنێوچەوانی دا سەری زۆرگەرم بوو چەندجارێک بانگم کرد هیچ وەڵامی نەدامەوە، لەپڕێکدا دەستی بە هێڵنجدان کردو ڕشایەوە، ئیتر بەپەلە تەلەفۆن بۆ ئەمبولانس دەکات و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، لەدوای پشکنین و لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە ژەهر لە خوێنەکەیدا هەبووە، بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسیش ئەو پەرداخەی لەسەر مێزی تەختی نووستنەکەی دانراوە، کە شوێن پەنجەی تۆی پێوە بووە ئاسەواری هەمان ژەهری تێدابووە، ئیتر جارێک ئەمە تەنها سەرەتایەکە، ڕەنگە لەداهاتوودا لێکۆڵینەوەکان بەڵگەی زیاتر بدەن بەدەستەوە....

دوای ئەو قسانە خۆم پێ نەگیراو قیژاندم و بەسەر پاتریکدا هاوارم کرد، کەواتە ئەو قەحبە ژەهرخواردی کردووە، ئەمە پلانەکەی بوو، کە لە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونەکەی نازیلادا لە چاویدا خوێندمەوە، من دەمزانی نیازی شتێکی هەیە بەڵام نەمزانی دەگاتە ئەو ئاستی دڕەندەییە.... ئەو بەدەمی خۆی پێی گوتم؛ ئەگەر لەگەڵیدا نەبم ژیانم پڕ دەکات لە ژەهر، کەواتە ئەمە مەبەستەکەی بوو، من هەوڵدەدەم ئەمشەو بەهەر نرخێک بێت بگەمە ناو شاری پاریس و بۆ بەرلین بگەڕێمەوە، هەر ئێستا دوای ئەم تەلەفۆنە یەکسەر هەموو شتەکانم کۆدەکەمەوەو دەگەڕێمەوە..... پاتریک قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: ڕێک و ڕاست من بۆ ئەمە تەلەفۆنم بۆ کردیت، کە دڵنیابم لەوەی تۆ ئەم کارەت کردووە یان نا!، من دەمزانی کاری لەو شێوە لە تۆ ناوەشێتەوە، بۆیە دەبێت جارێک تۆ لە پاریس بمێنیتەوە تا بزانم من لە ڕێگای پارێزەرێکەوە دەتوانم چی بکەم....

ئەمڕۆ لەگەڵ هێرمانی زاوامدا قسەم کرد، ئەو خۆی پیشەکەی دەرمانسازییە، دوای ئەوەی چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، پرسیارێکی کرد، گومانێکی سەیری لەلا دروستکردووم، کە ئایا ڕێژەی ئەو ژەهرە لەخوێندا چەنێکە و چەند کۆنە؟ من

نەمدەزانــی چ وەڵامێکــی بدەمــەوە، چونکــە ئــەو دەیگــوت: هەندێــک ژەهــر هــەن یــان کاردانەوەکــەی یەکســەر دەردەکەوێــت بەمــردن بێــت یــان شــێوەی تــر، هەندێکیــش هــەن بەشــێنەیی کار لــە ئۆرگانەکانــی لــەش دەکــەن و پەکیــان دەخــەن، دۆزینــەوەی ئەمەیــان ئەگــەر کــۆن بووبێــت پێویســتی بــە لێکۆڵینــەوەی ورد هەیــە، بــەڵام ئــەوەی تــۆ باســی دەکەیــت پزیشــکەکان بــۆ خۆیــان دەبێــت بزانــن لــەکام جــۆرە!، مــن تاقەتــم نییــە قســەکانی هێرمــان بکــەم، کــە کاتێــک قســە دەکات نــاوی هــەزارو یــەک تێکەڵــەی کیمیــاوی دەهێنێــت، وەک ئــەوەی ئێمــە بزانیــن باســی چــی دەکات، تەنهــا ســودێک لەقســەکانی هێرمــان ئەوەبــوو گومانێکــی لــەلا درووســتکردم، ئەگــەر ئــەو گومانانــە لەســەر تــۆ ڕاســت بــن بــۆ دوای شــەوو ڕۆژێــک نیشــانەی ئــەو ژەهــرە دەرکــەوت! بــۆ تــا کاریــن نەگەیشــتبوو ئــەو نەڕشــابووەوە، ئەگەرچــی کاری قســەکەی گۆڕیــوە بــەوەی پێشــتری ڕشــاوەتەوە، ئێمــە هێشــتا بەتەواوەتــی نازانیــن کاریــن لــە لێکۆڵینەوەکانــدا چۆنــی تێچانــدوە، چونکــە لــەو بــوارەدا کەموێنەیــە، ئــەوەی مــن لــە کاریــن تێگەیشــتبێتم، ئــەو ئــەو قســانەی کــردووە، ســەد ســاڵ و مــن و تــۆ دابنیشــین ناتوانیــن بیریــی لــێ بکەینــەوە، بۆیــە لــە ئێســتادا هەمــوو بەڵگــەکان لــە دژی تــۆن، بۆیــە باشــترە ماوەیــەک لــە پاریــس بمێنیتــەوە تــا شــتێکمان بــۆ ڕوون دەبێتــەوەو مێلیســیاش دێتــەوە ســەرخۆی، بــۆ ئــەوەی بزانیــن چــی دەڵێــت. چونکــە قســەی مێلیســیا بــۆ ئێمــە زۆر گرنگــە....

مێلیسیا، پاتریـک لـە خـۆم دڵنیاتـر بـوو لـە بێگوناهـی مـن لـەو ڕووداوەدا، بۆیـە خەمـی ئـەوەی بـوو وەک زۆرێـک لـەو کەسـانەی بێگوناهانـە دەگلێـن بـە تاوانێکـەوەو دەیـان سـاڵ لـە زیندانـدا بەسـەر دەبـەن، ئـەو پێـی گوتـم؛ تـۆ کەیسـەکەی ئەنـدرێ داڤیـس و دەیانـی تـرت لەبیرچـووە، کـە بێگوناهانـە دەیـان سـاڵیان لـە پشـتی تەلبەندەکانـی زیندانـدا بەسـەر بـرد.... ئادریـان پێویسـتە تـۆ ماوەیـەک دان بەخۆتـدا بگریـت، مـن لێـرە هەمـوو شـتێک دەکـەم بـۆ سـەلماندنی بێگوناهـی تـۆ، بـەس تەنهـا چەنـد ڕۆژێـک ئـارام بگـرەو بـەس، نامەوێـت بـۆ ئێـرە بگەڕێیتـەوە پۆلیـس دەسـگیرت بـکات، چونکـە مـرۆڤ یەکجـار

خـۆی وەک تاوانبارێـک لـە زینداندا بینـی، ئیتـر ناتوانێت لـەو تارماییـە ڕزگاری ببێت، بـە سـەر هـەر شـەقام و کۆڵانێکدا بـڕوات و یەکێـک لێبڕوانێت لـە ناخـی خۆیـدا دەمرێت، هیـچ هێنـدەی ئـەوە قـورس نییـە مـرۆڤ بـەردەوام بـە هەسـتی تاوانبارێکـەوە بـژی، بۆیـە تـکات لێدەکـەم زۆر ئـاگات لـە خـۆت و نازیـلا بێـت، مـن هەوڵـی تـەواو دەدەم....

دوای تەلەفۆنەکـەی پاتریـک ئـەو شـەوە نەمدەتوانـی بـە هیـچ شـێوەیەک بنـوم، ڕەنگـە یەکەمجـار بێـت لـە ژیانمـدا بـەو شـێوە ترسـناکە ترسـابم، دەنگـی پێـی هـەر میوانێـک بـە هۆڵەکدا دەڕۆیشـت لێـم دەبـوو بەدەنگـی پێـی پۆلیـس و تارماییەکانیانـم دەبینـی، کـە دێـن لەبەرچـاوی نازیـلا قۆڵبەسـتم دەکـەن و دەمبـەن، دەنگـی پێـی ئـەو خەڵکانـەی بـەردەوام بـە ڕاڕەوو هۆڵەکانـدا دەهاتـن و دەچـوون فشـارێکی دەروونـی زۆر خراپیـان بـۆ هێنابـووم، ئەگـەر نازیـلا نەبوایـەت لـە پەنجەرەکـەوە خـۆم هەڵدەدایـە خـوارەوە بـۆ ئـەوەی هەڵبێـم، هەندێکجـار دەنگـی ئامبولانسـەکانی دەرەوەم لێدەبـوو بەدەنگـی ئۆتۆمبیلـی پۆلیسـەکان، کـە بـۆ دەسـتگیرکردنی مـن دێـن.

لەگـەڵ بەرەبەیانـدا نازیـلام لەخـەو بێدارکـردەوەو بەپەلـە هوتێلەکـەم لـە دیزنـەی لانـدەوە بـۆ نـاو پاریـس گواسـتەوە و هوتێلێکـی نوێـم لـە تەنیشـت وێسـتاگای شـەمەندەفەری خۆرهـەڵات (Gare de l’Est) پەیداکـرد، بـەو هیوایـەی لـە وێسـتگاکەوە ئەوەنـدە نزیـک بـم، هـەر کـە پاتریـک داوای کـرد بگەڕێمـەوە پێویسـتم بـەکات نەبێـت بگەمـە وێسـتاگاکە.

مـن وەک لەسـەر ئاگربێتـم نەمدەتوانـی لەهیـچ شـوێنێکدا ئـارام بگـرم، حەزمدەکـرد بـە بەردەوامـی لەگـەڵ پاتریکـدا قسـە بکـەم، چەنـد جارێـک تەلەفۆنـم بـۆ کـرد وەڵامـی نەدایـەوە ئیتـر نازانـم هۆکارەکـەی چـی بـوو، هۆکارەکـەی هەرچـی بێـت منـی هێنـدەی تـر بـەرەو نـاو قوڵایـی گێژاوەکـە دەبـرد. لەسـەرێکی تـرەوە بەزەییـم بـە نازیـلادا دەهاتـەوە، منداڵێکـی وا چ گوناهێکـی هەبـوو ببێتـە قوربانـی ڕق و کینـەی گـەورەکان، سـەیری چـاوە گەورەکانیـم دەکـرد، بـە بەرائەتێکـەوە لێـی دەڕوانیـم دڵـم پـڕ دەبـوو لـە گریـان،

نەمدەزانی بە منالێکەوە دەبێت چەنێک چاوەڕوان بکەم، ئاخر ئەوەش کارەسات بوو ئەگەر مێلیسیا بمردایەت و منیش فرێ بدرامایەت زیندان ئەو منالە گوناهی چی بوو، دەمگوت؛ خودایە چەند دڵڕەق بوویت کاتێک مرۆڤت درووست کرد، ئەم بوونەوەرە دڕەندە چییە درووستکردووە؟.

هەرچۆنێک هەبوو کاتەکانم لەگەڵ نازیلادا تا پاش نیوەڕۆ تێپەڕاند، هەندێک پارەی زیادم لە بانک ڕاکێشا، چونکە دەترسام لەوەی پارەم لێببڕێت و بانکیش کۆنتۆکەم دابخات، پاش نیوەڕۆ لەیەکێک لە مەکتەبی تەلەفۆناتەوە تەلەفۆنێکم بۆ پاتریک کرد، زۆر نائومێد دیاربوو، گوتم: هەواڵی تازە چییە، تکایە تەندروستی مێلیسیا چۆنە، ئەوە لەهەمووی گرنگترە؟. پاتریک بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە وەڵامی دامەوە، کە ئەو دڵنیایە هەموو پلانەکان لە ژێر سەری کاریندایە، بەڵام ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان پێ نییە، ئەوەی من لە تۆماس تێگەیشتم ئەو هەموو کێشەکانی بەستۆتەوە بەهۆی ئەوەی، کە تۆ ئەم کارەت لە تۆڵەی جیابوونەوەدا کردووە.... من ئیتر خۆم پێنەگیراو باسی ئەو شەوەم بۆ کرد، کە لەدوای ئەوان لەلای مێلیسیا ماومەتەوەو بڕیارماندا، دوای گەڕانەوەم لەسەفەرەکە مەسەلەی جیابوونەوەکە هەڵبوەشێنینەوە، پاتریک قسەکەی لەدەم وەرگرتم و گوتی: نازانم چی لەنێوان تۆو مێلیسیادا ڕوویداوە، بەڵام ئەوە کێشەکەی ئەوەندەی تر ئاڵۆزکردووە، کە تۆ شەو لەوێ ماویتەوە، کێشەکەی ئێمە ئەوەیە ئێستا کارین بووە بە شکاتکەرو ئاگای لە وردو درشتی ژیانی ئێوەیە، ئەو خۆی باش دەزانێت چۆن لەسەر ئەم کەیسە قسەبکات، ئەو زۆر بە ئاسانی دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە لای لێکۆڵەوەری گشتی و چۆنی بوێت کەیسەکە بەو ئاراستەیەدا ببات، بۆیە ئێمە پێویستمان بە بەڵگە هەیە، ئەمە تێدەگەیت، لێکۆڵینەوەکان و دادگا پێویستییان بە بەڵگە هەیە....!.

پاتریک گوتی؛ ئەمڕۆ سەردانی مێلیسیام کرد، هێشتا باری تەندروستی زۆر باش نییە، گێژو بێئاگایە، کارینم لەوێ بینی، هەندێ قسەی توانج ئامێزی تێگرتم، هیچ

وەڵامـم نەدایـەوە، چونکـە دەمزانـی دەیەوێت بڵێـت چـی و چاوەڕوانـی چ وەڵامێکـە لەمـن، بۆیـە تاقەتـم نەبـوو زۆر بوەسـتم و بـۆ ماڵــەوە گەڕامــەوە.

تۆمـاس ئەمـڕۆ لـەلای مـن بـوو، پێـش ئـەوەی تـۆ تەلەفـۆن بکەیـت ڕۆیشـت، ئـەو دانـی بەهەندێـک هەڵـەی خۆیـدا نـا، کـە لـەم کێشـانەدا بەشـداربووە، بۆیـە ئێسـتا زیـرەی لـەوە کـردووە لـەم مەسـەلەدا تێـوە بگلێـت، ئـەو دەیگـوت؛ کاریـن جـادوی لیکـردووم بـە جـادو تێکـی دام، بۆیـە منیـش هەمـوو شـتێکم کـرد، بـۆ ئـەوەی دڵـی ئـەو ڕازی بکـەم و لەگەڵیـدا بخــەوم....

تۆمـاس دەیگێڕایـەوە، کـە ئـەو بـەردەوام پەیوەنـدی سێکسـی لەگـەڵ کاریـندا هەبـووە لەمنـی شـاردۆتەوە؛ گوتـی: لـەم دواییانـەدا وەک ئـەوەی ئیشـی بـە مـن نەمابێـت نەدەهـات بـۆ لام، ئـەو پێـی لـەوە نـا، کـە کاریـن بـەردەوام ئەمـی بـەکار هێنـاوە بـۆ دەسـتکەوتنی زانیـاری لەسـەر مـن، دیـارە مەبەسـتەکەش بەتەنهـا مـن نیـم....

دەیگـوت؛ کاریـن کاتێـک دەهـات بـۆ لام و لەگەڵمـدا دەنووسـت، ئـەو کاتانـە بـەس پرسـیاری لەسـەر تـۆ لێدەکـردم، پرسـیاری لەپەیوەنـدی نێـوان مـن و تـۆ، دەیویسـت هەمـوو شـتێک لەسـەر ئێـوە بزانێـت. تۆمـاس دەیگـوت: ئـەو قەحبـە جادوبـازە هەموومانـی فریـودا، مـن وامدەزانـی بەتەنهـا کەسـێکم پەیوەندیـم لەگەڵیـدا هەیـە، بـەڵام لـەم دواییـەدا هەندێـک زانیاریـم دەسـت کـەوت، کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هەمـوو کەسـێکدا هەبـووە بـۆ ئـەوەی بـە مەبەسـتەکەی بـگات.

چەنـد مانگێـک پێـش ئێسـتا هانـزم بینـی، ئـەوەی لەهەمـان بیـرۆ لەگـەڵ کاریـن و مێلیسـیا کاردەکات، هەواڵـی کارینـم پرسـی کەچـی بەسـەر سـوڕمانێکەوە پرسـی تـۆ ئـەو چۆن دەناسیت، گوتـم؛ ئـەو هاوڕێـی منـە، بـۆ قـەت باسـی منـی لـەلا نەکـردوون، قاقایەکـی لێدا نیـوەی شـەقامەکە گوێـی لێبـوو، دواتـر زانـی مـن تەریـق بوومـەوە گوتـی: نـا ببـورە، بەڕاسـتی نەمزانیـوە کاریـن هاوڕێـی تۆیـە، هـەر بەڕاسـت هاوڕێـی ڕاسـتی، منیـش زۆر

لەخـۆم دڵنیابـووم، گوتـم: بەڵـێ، ئیتـر هیچـی نـەوت و سـەرێکی هەڵتەکانـدو ڕۆیشـت.

لـەدوای ڕۆیشـتنەکەی هانـز لەخۆمـەوە کەوتمـە گومانێکـەوە، ئەویـش پەیوەنـدی بـەوەوە هەبـوو ماوەیـەک بـوو تەلەفۆنـم بـۆ دەکـرد هەرجارێـک بـە بیانوویەکـەوە دەیگـوت: ناتوانـم، ئازیزەکـەم خەمـت نەبێـت بـا لـەم سـەرقاڵییە ڕزگارم ببێـت خـۆم دێـم بـۆ لات بیـرت دەکـەم، ماچێکـی بـۆ هەڵـدەدام و تەلەفۆنەکـەی دادەخسـتەوە.... هـەر ئـەو ڕۆژەی هانـزم بینـی بـۆ ئێوارەکـەی تەلەفۆنـم بـۆ کاریـن کـردو گوتـم، دەمەوێـت بتبینـم، بیـرت دەکـەم، ماوەیەکـە نەهاتوویـت بـۆ لام، ئەگـەر تـۆ ناتوانیـت مـن دێـم بـۆلات، هەندێـک ڕاوەڕێـوی هێنایـەوە زانیـم درۆ دەکات، چونکـە قسـەکانی هانـز لەنـاو گوێچکەمـدا دەزرینگانـەوە، بۆیـە بەهەلـم زانـی باسـی ئـەوی بـۆ بکـەم، گوتـم ئـا ئـەوە لەبیـرم چـوو ئەمـڕۆ هانـزم بینـی، سـڵاوم بـۆ نـاردی پێـی نەگەیانـدی، هەرکـە نـاوی هانـزم هێنـا، لەتەلەفۆنەکـەدا ئاگـری گـرت، تـۆ چـۆن ئـەو بـێ ئەخلاقـە ئەناسـیت، چـی پـێ گوتیـت، ئـەوە درۆزن و بوختانچـی وەک خـۆی نییـە، لەبـەر ئـەوەی داوای لێکـردم لەگەڵیـدا بخـەوم و ڕەتـم کـردەوە ئێسـتا دەسـتی بـە بوختانکـردن کـردووە، دەی پێـم بڵـێ بزانـم تـۆ چـۆن ئـەو دەناسـیت، چ پەیوەندییەکـت لەگەڵیـدا هەیـە، ئیتـر لەخۆیـەوە باسـی شـتی سـەیرو سـەمەرەی دەکـرد منیـش ئـاگام لـە هیچیـان نەبـوو.... تۆمـاس گوتـی؛ پاتریـک تاقەتـم نییـە هەمـوو قسـەکانیت بـۆ بگێڕمـەوە، بـەڵام دەمزانـی شـتێک لەئارادایـەو مـن بـێ ئـاگام لێـی، هەسـتم دەکـرد لـە پشـتەوە کڵاو کرابێتـە سـەرم و بەخۆمـم نەزانیبێـت، ڕاسـتی دەترسـام لەسـەر ئـەم قسـە بەزمێـک بـە هانـز بـکات، ئەگـەر لەبیـرت مابێـت ماوەیـەک پێـش ئێسـتا داوای تەلەفۆنـی کارەکـەی مێلیسـیام لێکردیـت بـۆ ئـەوە بـوو لەگـەڵ هانـزدا قسـە بکـەم....

ئێوارەیـەک لەگـەڵ هانـزدا لـە کافێیـەک پێکـەوە دانیشـتین، زیاتـر خۆمـان بەیەکتـر ناسـاندو هاتینـە سـەر باسـی کاریـن؛ هانـز گوتـی؛ تۆمـاس مـن تـۆ ناناسـم، تەنهـا ئەوەنـدە دەزانـم لەگـەڵ پاتریـک کاردەکەیـت، پاتریکیـش لـە قوتابخانـە پێکـەوە بوویـن، ئەگـەر دەتەوێـت لـە کێشـە دووربکەویتـەوە لـەو ژنـە دووربکـەوە، ئـەو ژنـە ناتوانێـت ببێتـە

دۆستی کەس، دڵنیام کارێکی پێت هەبووە، ڕەنگە کارەکەش پەیوەندی بە پاتریکەوە هەبێت. ئەو لەو کەسانەیە هیچ پەیوەندییەکی نییە بۆ مەبەستی تایبەتی.... ناوی پاتریکی هێنا یەکسەر خۆم پێنەگیراو پرسیم؛ تۆ چوزانیت؟. هانز گوتی: تا ئەو نەهاتبووە ئەو بیرۆی ئێمە کەسمان کێشەیەکی بچوک چییە نەمانبوو، بەڵام لەوەتەی ئەو هاتووە هەر هەموومان کێشەمان هەیە، هەر هەمووی کردووە بە دوژمنی یەکتر، ئەو ژنە نەخۆشە بە مانای وشە نەخۆشە، دوژمنی ئەو ژنانەیە، کە پیاوەکانیان خۆشیان دەوێت و ڕێکن پێکەوە، پیاوێک ببینێت ژنەکەی خۆی خۆشدەوێت و ڕێزی لێدەگرێت و بە باشە پەسنی دەکات، ئیتر ناتوانێت بەرگە بگرێت، هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی پیاوەکە لەخشتە بەرێت و پاشان نیشانی ژنەکەی بدات....

ئەو لێی پرسیم ئایا دەزانم چۆن ئەو کارەی لەلای ئێمە دەستکەوت؟. منیش هەر ئەوەندەم بیستبوو، کە لە ڕێگای مێلیسیاوە توانیویەتی بەڕێوەبەرەکەی بەوە ڕازی بکات، هەرکاتێک شوێنێک بەتاڵ بوو ئەو بخاتە شوێنەکەی.... بە پێکەنینێکەوە گوتی: تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەو بۆ دژایەتیکردنی مێلیسیا شوێنی خۆی کردەوە، هەر ئەویش بوو بە هۆی تێکدانی ژیانی خێزانی مێلسیا، حەزدەکەم ئەوەشت پێ بڵێم: لەلای یەکێک لە هاوڕێکانی، گوتبووی مێلیسیا لە منالییەوە ژیانی منی پڕ کردووە لە ڕق، بەردەوام بووە بەهۆی تێکشکاندم لەناوەوە، من هەرچیم دەکرد، ئەو تێکی دەداو خۆی سەردەکەوت، ئەو هەموو ڕۆژێک بە شێوەیەک وێرانی دەکردم ڕقم لەخۆم بێت، ئەوەندە خۆم لەلا بچوک، بێنرخ و بێدەسەڵات دەبینی دەبوو هەمیشە بەدوای ئەودا ڕابکەم، بۆیە بڕیارم داوە دەبێت ڕۆژێک قاچەکانی ببڕمەوە بۆ ئەوەی ئیتر بوەستێت و نەتوانێت یەک هەنگاو بڕواتە پێشەوە، ئینجا من خۆمی نیشان دەدەم....

پێـی گوتـم تۆمـاس گوێبگـرە؛ ئـەم چیرۆکـە زۆر کـۆن و درێـژە؛ کـە کاریـن چـۆن گەیشـتە لای ئێمـە. وەک بیسـتومانە دوای دامەزراندنـی مێلیسـیا، کاریـن چەندیـن هەوڵـی شکسـخواردووی دابـوو، چونکـە شـوێنی بەتـاڵ نەبـوو، دامەزراندنـی کارینیـش ڕێکـەوت یـان بەختـی خـۆی بـوو، کـە لەکاتـی خۆیـدا نامـەی نووسـی، چونکـە خانمێـک لەلامـان خانەنشـین بـوو، بیرۆکەمـان پێویسـتی بەکەسـێک هەبـوو جێـگای بگرێتـەوە، ئەمـەش ئاگـری ئیرەیـی بەردایـە کاریـن، کـە هـەر دەبێـت لـە شـوێنیک کار بـکات نزیـک بێـت لـە مێلیسـیاوە، خـۆی گوتەنـی دەیویسـت ژیانـی پـڕ بـکات لەژەهـر.

ئافرەتێکمـان لەلابـوو نـاوی ئێلینـا بـوو زۆر کەسـێکی دامـاو دڵپـاک بـوو، ئەوەنـدە خۆشـباوەڕبوو منداڵێـک بەئاسـانی دەیتوانـی بیخەڵەتێنێـت، ئیتـر نازانـم چـۆن بـوو، لـە ژێـرەوە پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ ئـەم ژنـەدا تونـد دەکات، پـاش ماوەیـەک بـڕوای پێدەهێنێـت، کـە ئـەم کارە بەکەڵکـی ئـەو نایـەت و ئـەو دەتوانێـت کارێکـی باشـتری بـۆ بدۆزێتـەوە.... لەولاشـەوە پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ بەڕێوەبەرەکەمانـدا درووسـت دەکات، کـە پیاوێکـی زۆرباشـە، پێـی دەڵێـت؛ ئێلینـا، زۆر لـە کارەکـەی ناڕازییـە، دەڵێـت لـە توانـای خۆمـان زیاتـر مانـدوو دەبیـن و بەڕێوەبەرەکەمـان تـا خـودا حـەز بـکات پیاوێکـی عەبـوس و ڕەقـە لەگەڵمانـداو بـەردەوام کێشـەمان لەگەڵیـدا هەیـە. بـە کورتـی بـە بـێ ئـەوەی بهێڵێـت؛ ئـەم دوانـە بـە قسـە بگـەن بەیەکتـر خـۆی دەبێتـە خاڵـی پەیوەنـدی نێوانیـان و هەمـوو قسـەکانیش بـەو شـێوەیە دەگەیەنێـت، کـە لـە بەرژەوەنـدی خۆیەتـی، بۆیـە پلانەکـەی بـە جوانـی سـەردەگرێت، لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا بەڕێوەبـەرو ئێلینـا دەبـن بـە دوژمنـی یـەک، بۆیـە بەڕێوەبەرەکـە ناچـار دەریـدەکات، ئەویـش بێخـەم دەرکردنەکـە قبـوڵ دەکات.

لەوسـەرەوە کاریـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیایـەک دەناسـێت، کـە زۆر تەنهایـە و بـەدوای هاوڕێیەکـدا دەگەڕێـت دەسـتی ناکەوێـت، کارینیـش ئێلینـای دامـاوی وەک نێچیرێـک پـێ دەناسـێنێت....

ئـەو داماوە زۆری پـێ ناچێت لـەوە تێدەگات چ فێڵێکی لێکراوە، بـەڵام درەنـگ دەبێت، کارینیـش بـۆ خـۆی بەئاسـانی بـۆی دەربـاز دەبێـت.... قسـەکەم بـە هانـز بـڕی و لێـم پرسـی واتـە تـۆ مەبەسـتتە بڵێیـت؛ ئـەو بـۆ ئـەوەی بـە مەبەسـتەکەی بـگات هـەردوو بەڕێوەبەرەکـەی لـە ڕێگای سێکسـەوە بـەکار هێنـاوە.... هانـز پێکەنـی گوتـی: هـەر ئـەوە نییـە بەتەنهـا....

لەسـەرەتای چەنـد مانگـی یەکەمـدا هێشـتا ڕووە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی دەرنەخسـتبوو، بـە زمانـە شـیرین و لوسـەکەی، کـە بـەرد نـەرم دەکات لەهەمووومـان نزیـک بـووە، کـەس نەبـوو هاوڕێیەتـی پـێ ناخـۆش بێـت، چەنـد ژنێـک نەبێـت، هـەر لەسـەرەتاوە چارەیـان نەدەویسـت، بـەڵام ماسـکە درۆزنانەکـەی زۆر بەرگـەی نەگـرت و ڕووە ڕاسـتەقینەکەی دەرکـەوت. کەسـێکمان نەمـا لـەو بیرۆیـە کێشـەیەکی قوڵـی بـۆ درووسـت نەکردبێـت، یەکـەم کێشـە بـۆ منـی درووسـتکرد، کـە گوایـا مـن لەگـەڵ مێلیسـیا پەیوەنـدی سێکسـیم هەیـە و یەکێکـی تـر لەگـەڵ ئـەوی تـرداو تـا دوایـی....

کێشـەکانی ئێمـە بـە شـێوەیەک گەورەبـوو تێکدانـی خێزانـی لێکەوتـەوە، بۆیـە هەموومـان ئیمزامـان کۆکـردەوە، کـەوا دەبێـت دەربکرێـت، کەچـی بەڕێوەبەرەکـە داواکـەی ڕەتکردینـەوە، دواتـر بۆمـان دەرکـەوت بەڕێوەبەرەکـەی خسـتبووە ژێـر هەڕەشـەی ئـەوەی، کـە ئەگـەر دەری بـکات هەمـوو نهێنییەکانـی بـۆ ژنەکـەی ئاشـکرا بـکات، وە دواتریـش هـەر کـردی و ژنەکـەی بـە مناڵەکانییـەوە لێـی جیابوویـەوە، بۆیـە ئەمـە کارتێکـی بەهێـز بـوو بـەردەوام لـەدژی بەڕێوەبەرەکەمـان بـەکاری دەهێنـا، تـا وای لێکـرد واز لـە کارەکـەی بهێنێـت، دەڵێـن ئێسـتا حاڵـی زۆربـاش نییـە....

مێلیسـیا بەختـی هەبـوو لـەم سـاڵانەی دوایـدا کاری نەکـرد، ئەگینـا بـەزۆر تۆمـەت و کێشـەی کۆمەڵایەتییـەوە دەگلا، لەگـەڵ ئەوەشـدا وازی نەهێنـا تـا بـە جیاکردنـەوەی دا. مێلیسـیا یەکێـک بـوو لـە ژنـە دڵپـاک و ڕۆح جوانـەکان هەمـوو کەسـێک لەگـەڵ دەیبینـی

یەکسـەر خۆشـی دەویسـت، کاریزمایەکـی سـەیر لـە ڕوخسـاریدا هەبـوو مرۆڤـی بـۆ خـۆی ڕادەکێشـا، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئافرەتێکـی زۆر قـورس و داوێـن پـاک بـوو. کاریـن لـەلای یەکێـک لـە هاوڕێکانـی گوتبـووی، نازانـم ئـەو جـادووە چییـە لەگـەڵ هەرکەسـێک ئەبینێـت یەکسـەر سـەرنجی بـۆ خـۆی ڕادەکێشـێت، ئەگـەر ئـەو هێـزەی ئـەو بـە منـەوە دەبـوو دەمزانـی چـۆن بـەکاری دەهێنـم و چـی پـێ دەکـەم، بـەڵام حەیـف ئـەو نازانێـت بـەکاری بهێنێـت، ڕەنگـە دڵـی بـەوە خـۆش بێـت ئیتـر ئـەو خانـوو، پاتریـک و مناڵێکـی لێـی هەیـەو لـەوە زیاتـر هیچـی لەژیانیـدا ناوێـت، بـەڵام ئـەوەی لێدەکـەم بـە خـەون، ناهێڵـم هـەروا ئاسـان بـە ئاسـودەیی لەخانـووی خۆیـدا لـە باوەشـی پاتریکـدا بخەوێـت....

مێلیسـیا، کاتێـک پاتریـک بـە تەلەفـۆن ئـەم قسـانەی پـی گوتـم؛ خەریکبـوو سـەرم دەئاوسـا، چـۆن دەبێـت تـۆ ئـاگات لـەو هەمـوو ڕووداوە نەبووبێـت، کـە هانـز بـۆ تۆماسـی باسـکردووە، ئـەو ئێـوارە تـۆ لەمـاڵ باوکـت بوویـت و بەملـی شـکاوی ئـەو شـمەکانەی تـۆ داوات کردبـوو هێنانـی و داوای کـرد لەگەڵیـدا بخـەوم و مـن نەمکـردو دواتـر ئـەو شـانۆگەرییەی درووسـتکرد بـووە هـۆی جیابوونـەوەی مـن و تـۆ، باسـی ئـەم هانـزەی بـۆ کـردم، کـە تـۆ پەیوەندیـت لەگەڵیـدا هەیـە، بۆیـە مـن شـێتگیربووم و پەلامارمـداو هێلەکەکـەی بەدەسـتمەوە دڕا.

سـەیرە تـۆ ئەوەنـدە گێـژو سـاویلکە بیـت ئـەو هەمـوو شـتە سـەیرو سـەمەرانە لەچـواردەورت ڕوودەدەن و تـۆش بێخـەم ئـاگات لـە هیـچ نییـە، دڵنیـام ئێسـتا چیرۆکـی دامەزراندنەکـەی بـە شـێوەیەکی تـر لـەلای تـۆ گێڕاوەتـەوە!، سـەیرە ئـەو هەمـوو مـاوە لەگـەڵ ئـەم کەسـە درۆزن و دووڕووەدا ژیاویت، کەچـی هـەر بـاوەڕ بـە قسـەکانی دەکەیت، تێناگـەم، قـەت لـەو دڵـە پاکـەی تـۆ تێناگـەم....

بمبـورە، کاتێـک بـۆت دەنووسـم تـوڕە دەبـم، چونکـە ئـەو چەندجـارەی مـن تەلەفۆنـم بـۆ نەخۆشـخانە بـۆ دەکردیـت دەمویسـت ئـەم قسـانەی پاتریکـت، پـێ بڵێـم بـۆ ئـەوەی لـە

مەترسی ئەم جانەوەرە تێبگەیت، دەمویست ئەوەت پێ بڵێم؛ کە پاتریک دڵسۆزی ڕاستەقینەی هەردووکمانە، کەچی تۆ نەتدەهێشت لە نەخۆشخانە سەردانت بکات، ئەویش دەیوست ئەم قسانەت پی بڵێت بەڵام تۆ ئامادە نەبوویت گوێ لەهیچ کاممان بگریت، نازانم بۆ، نازانم کارین چۆن توانی بەو شێوە لە ئێمە پڕت بکات، تێناگەم....

## ١٧

ئازیزکەم مێلیسیا، چوار ڕۆژ لەو هوتێلەی نزیک وێستگای خۆرهەڵات مامەوە، بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ پاتریکدا هەبوو، بەو هیوایەی هەواڵێکی خۆشم دەستگیر ببێت و بگەڕێمەوە، بەڵام نەمزانی ئەوە دەبێتە خەونێک و بەس.

دوای نیوەڕۆ پاش ئەوەی لەگەڵ پاتریکدا بەدرێژی قسەم کردوو داوام لێکرد، بەهەر شێوەیەک بێت بتوانێت چاوی بە مێلیسیا بکەوێت، ئەو گوتی: هەموو هەوڵێکم داوە، بەڵام لە نەخۆشخانە ڕۆشتۆتە دەرەوەو لە ماڵەوەش نییە، هەوڵ دەدەم لە ڕێگای ماڵی باوکییەوە بیدۆزمەوە، منیش گوتم: دڵنیابە کارین ئێستا خۆی کردووە بە دایک و خوشک و هەموو کەسێکی، ئەو زۆری حەز لەو ڕۆڵگێڕانە هەیە لەکاتی لاوازی و تەنگانەدا هێزی خۆی بۆ بەرامبەرەکەی دەربخات و خۆی وەک دڵسۆزترین کەس نیشان بدات. ئەو گوتی: تۆ بەس ئاگات لەخۆت بێت، هەوڵ بدە شوێنەکەت بگۆڕیت و بگوازیتەوە بۆ جێگایەکی تر، منیش لە وەڵامدا گوتم: خەمی منت نەبێت لەناو جەنجاڵی شارێکی وەک پاریسدا کێ منی بەخەیاڵدا دێت....

هەر ئەو دوا نیوەڕۆیە بەڵێنم بە نازیلا دابوو تا ببەم بۆ باخچەی لوکسەمبۆرگ (jardin du luxembourg) بێگومان ئەم باخچەیە تاکە شوێنێ گونجاو بوو بۆ ئەم ڕەوشەی من، لەبەر ئەوەی هەم نازیلا دەیتوانی بۆ خۆی گەمە بکات هەم بۆ دڵتەنگییەکەی منیش ئارامبەخش بوو.

پێش ئـەوەی بڕۆمـە نـاو میترۆکـەوە ویسـتم ڕۆژنامەیەکـی ئـەو ڕۆژە لەیەکێـک لـە کیۆسـکەکانی بـان میترۆکـە بکـڕم، یـەک بەیـەک ڕۆژنامەکانـم سـوڕاند تـا گەیشـتە سـەر ڕۆژنامـە ئەڵمانییـەکان، بـەڵام چیـم بینـی، قـەت مەپرسـە مێلیسـیا، نازانـم چـۆن بـوو دڵـم نەوەسـتا!. بەپەلـە گەڕامـەوە بـۆ هوتێلەکـە و تەلەفۆنـم بـۆ پاتریـک کـردەوەو لێـم پرسـی، کـە ئایـا ئـەوە ڕاسـتە مـن بـە چاوەکانـی خـۆم بینیـم و خوێندمـەوە، لەوەڵامـدا گوتـی: بەڵـێ ڕاسـتە، نەمویسـت زیاتـر ئـازار بکێشـێت، لەمەیانـدا مـن تاوانبـارم، سـبەی دەڕۆم بـۆ پۆلیـس و دان بەهەمـوو هەڵەیەکـی خۆمـدا دەنێـم، کـە مـن بـووم نەمهێشـت تـۆ بگەڕێیتـەوە، نـەک تـۆ خـۆت بـە مەبەسـتی فڕاندنـی نازیـلا نەگەڕابیتـەوە، پێـی گوتـم: ئادریـان پلانـەکان زۆر ئەهریمەنییانـە چنـراون، مـن پێـم گوتیـت ئـەوەی مـن و تـۆ بیـری لـێ ناکەینـەوە کاریـن ئـەوە دەکات!، ئـەم نەخشـەیە کتوپـڕ نییـە، هەمـوو مەبەسـتەکەی ئـەو ئـەوە بـووە، کـە تاوانێکـی لـەو شـێوە بەبەڵگـە بەسـەر تـۆدا سـاغ بکاتـەوە، چیتـر ئێمـە ناتوانیـن هیـچ بکەیـن، تۆڕێکـە تـا زیاتـر تیایـدا بجوڵێیـن زیاتـر لـە دەسـت و قاچەکانمانـەوە دەئاڵێـت، بۆیـە مـن بڕیـاری خۆمـداوە، ئـەم تاوانـە دەخەمـە ئەسـتۆی خـۆم، مـن بـووم نەمهێشـت تـۆ بگەڕێیتـەوە، بەداخـەوە ئێمـە چاوەڕوانـی ڕووداوێکـی لـەو شـێوە نەبوویـن، ئەمەبـوو ئەمـڕۆ پێـم گوتیـت؛ ئـاگات لـە خـۆت بێـت و شـوێنەکەت بگـۆڕە، بەتەنهـا ئەمـەش بـەس نییـە، چونکـە لـە ڕێـگای تەلەفۆنەکـەی منـەوە پۆلیـس بـە ئاسـانی دەتدۆزێتـە، بمبـورە، کـە بـۆ دواجـار بڵێـم ناتوانـم چیتـر هیـچ یارمەتییەکـت بـدەم، نامەوێـت ژیانـت ئەوەنـدەی تـر خراپتـر بکـەم....

مێلیسـیا، دەزانـی دڵـم ئەوەنـدە پـڕ بـوو بـوو، نەمدەتوانـی هیـچ بڵێـم، بەتـەواوی گوێـم لـە قسـەکانی کۆتایـی پاتریکیـش نەبـوو تەلەفۆنکـەم لەدەسـت کەوتـە خـوارەوە، کاتێـک سـەیری نازیـلام دەکـرد لەسـەر ڕایەخەکـە یـاری لەگـەڵ "باربی"یەکانـی دەکـردو ئـاگای لـەم دونیـا پیسـەی ئێمـە نەبـوو.

ئاخـر دەبـوو چـی بکـەم مێلیسـیا! خـۆت ویژدانـت بکـە بـەداوەر تـۆ بیـت چیـت دەکـرد، لەکاتێکـدا بـە تۆمەتـی هەوڵـی کوشـتن و منـاڵ فڕانـدن تۆمەتبـار کرابیـت و زۆربـەی بەڵگەکانیـش لـەدژی تـۆ بـن؟.

نازانـم، سـەیری نازیـلام دەکـرد بـە باربییەکانـی یـاری دەکـرد نەمدەتوانـی لەخۆمـەوە بڕیارێکـی ئاسـان بـدەم، لەخۆمـەوە بیـرم دەکـردەوە لـە ئێسـتا بـە تەنهـا تـۆم لەکیسـداوە بـەڵام نازیـلام لەلایـە، ئاخـر بـۆ دەبێـت بـە بێتـاوان بڕۆمـە زینـدان و وەک ئەنـدرێ داڤیـس ٣٢ سـاڵ و جامیـس بایـن ٣٥ سـاڵ لەپشـتی تەلبەندەکانـی زیندانـەوە بـە بـێ تـاوان بەسـەر بـەرم. سـی سـاڵ تەمـەن لەنـاو ژووره تاریکەکانـی زیندانـدا بـە بـێ تـاوان هـەروا کارێکـی ئەوەنـدە ئاسـان نییـە بـۆ کەسـێکی وەک مـن، کـە تەنهـا چەنـد ڕۆژێکـە خـۆم وەک تاوانبارێـک دەبینـم خەریکـە ژیانـم لـێ دەبێتـە دۆزەخ، جـا وەرە سـی سـاڵ بـەو شـێوەیە بگوزەرێنیـت و تاوانبارەکـەش لـەدەرەوە ئازادانـە بـۆ خـۆی بسـوڕێتەوە، ئەمـە چ نادادییەکـە لـەم دونیـا خراپـەی ئەمـڕۆدا، زۆربـەی تاوانبـارەکان لـەدەرەوە دەسـوڕێنەوەو بێتاوانەکانیـش ژیـان لـە زیندانـە پیـس و پۆخڵەکانـدا دەگوزەرێنـن....!.

مێلیسـیا، تۆشـی حاڵەتێـک بووبـووم لەیـەک کاتـدا دەیـان هـزری خـراپ بـە مێشـکمدا دەهـات، دەزانـی هەندێکجـار بیـرم لەچـی دەکـردەوە؟. بیـرم دەکـردەوە بـە نازیـلاوە خـۆم هەڵدەمـە بـەر یەکێـک لـە میترۆکانـی پاریـس، یـان دەمگـوت: دەگەڕێمـەوە بـۆ بەرلیـن و هەڕەشـەی کوشـتنی خـۆم و نازیـلا دەکـەم ئەگـەر گوێـم لـێ نەگـرن، هـەر بەڕاسـتی کاتیـک ئـەو خەیاڵانـە بـە مێشـکمدا دەهـات خـۆم لەسـەر یەکێـک لـە پردەکانـی بەرلیـن دەبینـی، کـە نازیـلام بـۆ خـوارەوە شـۆڕکردۆتەوەو دەقیژێنـم و داوا دەکـەم دەبێـت گوێـم لـێ بگیرێـت تـا ڕاسـتییەکان دەخەمـە ڕوو، بـەڵام ئەوانـە بەتەنهـا خەیاڵـی جەنجـاڵ و پشـێوی نـاو مێشـکم بـوون، لەپـڕ وەک شـەیتان بـە مێشـکمدا بـدات بیـرم لـەوە کـردەوە بگەڕێمـەوە بـۆ خانیـا، بـۆ هوتێـل پۆسـایدۆن و پەیوەنـدی بـە تـۆوە بکـەم بگەیتـە لام.

بـۆ ئـەو کات و ڕەوشـەی منـی تێـدا دەژیـام ئـەوە گونجاوتریـن نەخشـەیەک بـوو بـە باشـی بزانـم کێشـەکانمانی پـێ یەکلایـی بکەینـەوەو پێکـەوە بگەڕێینـەوەو مـن خـۆم ڕادەسـتی پۆلیـس بکـەم. ئەوەنـدە بـەو سـەفەرە گەشـبین بـووم، دەمزانـی هـەر لەگـەڵ پەیوەنـدی کردنـدا یەکسـەر دەگەیتـە لام و گـوێ لـە ڕاسـتییەکان دەگریـت.... بـەڵام کاتیـک بیـرم لـەو لاپەڕەیـەی ڕۆژنامـەی "بیلـد" دەکـردەوە، کـە وێنەیەکـی مـن و نازیـلای کردبوو بـە مانشـێت دڵـم دەئاوسـا، نەمدەتوانـی ئـارام بگـرم، چـی ئەوەنـدەی ئـەوە قورسـە مـرۆڤ بـەزۆر تاوانبـار بکرێـت، یـان لەناخـی خۆیـدا بەبـێ ئـەوە هیچـی کردبێـت هەسـت بـکات تاوانبـارە. ئـەە بـۆ مـن زۆر قـورس بـوو، چونکـە بـەردەوام تارماییەکـی ڕەش بـە بەرچاوەکانمـدا وێنـەی ترسـێنەریان نێشـان دەدام و نـە دەمـان، هیـچ چارەیەکـم نەبـوو دەبـوو هەڵبێـم، لـە هەڵهاتـن زیاتـر هیـچ چارێکـم تـرم نەبـوو، هەمـوو خەیاڵـم لەسـەر ئـەوە جێگیـر کردبـوو کاتێـک دەگەمـە خانیـا چـۆن و بـە چـی شـێوەیەک پەیوەنـدی بـە تـۆوە بکـەم و بـەوە ڕازیـت بکـەم بگەیتـە لام و هەمـوو مەسـەلەکانت بـۆ ڕوون بکەمـەوە.

جانتـاو کەلوپەلەکانـم کۆکردنـەوەو نازیـلام خسـە سـەر عارەبانەکـە و یەکسـەر بـەرەو وێسـتگای شـەمەندەفەر کەوتینـە ڕێ.... لـە وێسـتگاکە بیـرم کـردەوە پێـش هەمـوو شـتێک پێویسـتە مـن هەندێـک پـارەی تـر لـە ئۆتۆماتەکانـی بانـک ڕابکێشـم، پاشـان لەیەکێـک لـە بیـرۆی سـەفەرەکان سـەیری چەنـد کەتەلۆگێکـی ئیتالیـام کـرد بـۆ ئـەوەی بزانـم کام ڕێـگای ڕۆیشـتن بـۆ یۆنـان ئاسـانترە، ئـەوە بـوو لـە بەختـی منـدا ئەمجـارە 'ڕێـگاکان هـەر هەمـووی نەدەڕۆیشـتنەوە سـەر ڕۆمـا' بەڵکـو دەڕۆیشـتنەوە بـۆ میلانـۆ، بۆیـە ناچـار بـووم بلیتێکـی شـەمەندەفەر بـۆ میلانـۆ ببـڕم و لەوێـوە گەشـتەکانی تـرم دەسـت پـێ بکـەم....

ئـەو شـەمەندەفەرەی ئێمـە گەشـتمان پێکـرد شـەمەندەفەری شـەو بـوو بۆیـە کاتەکـەی دوو هێنـدەی کاتـی شـەمەندەفەرێکی ئاسـایی بـوو، لـەوەش زیاتـر هەڵبژاردنێکـی ترمـان نەبـوو. ئەمـەش دەتوانیـن بڵێیـن باشـییەکی خـۆی هەبـوو، کـە لەگـەڵ نازیـلادا لـە کابینەیەکـدا بوویـن، جێـگای خـەو و پشـوودانی زۆرباش بـوو....

ئێمـه نزیکـەی کاتژمێـر حەوتـی بەیانـی گەیشـتینە میلانـۆ، هـەر لەوێـش بـە بـێ وەسـتان بلیتـم بـۆ شـاری 'ئانکۆنا'بـڕی. لەسـەر ئـەو نەخشـەیەی لـەلام بـوو ئانکۆنـا نزیکتریـن لەنگـەرگا بـوو لـە میلانـۆوە پێـی بگەینـە یۆنـان. لەمـەدا نازانـم بڵێـم بەختێکـی بـاش و یـان بەدبەختییەکـی بـاش، کاتێـک ئێمـە گەیشـتینە لەنگەرگاکـە یـەک کاتژمێـری مابـوو بـۆ بەڕێکەوتنـی پاپۆڕێـک بـەرەو شـاری پاتـرای یۆنـان.

لـەو مەکتەبـەی بلیتـی پاپۆڕەکـەم کـڕی مـن داوای بلیتـی خانیـام کـرد، کـە ئایـا پاپۆڕێـک ڕاسـتەوخۆ هەیـە بگاتـە ئـەوێ؟. ئافرەتێکـی زۆربـاش بـوو، بـە ئەڵمانـی لەگەڵمـدا قسـەی دەکـرد، گوتـی: وا باشـترە لـە پێشـدا بڕۆیتـە پاتـرا، پاشـان لەوێـوە بـە شـەمەندەفەر بگەیتـە 'پیریـاس'، لـە پیریاسـەوە بـۆ خانیـا سـەفەر بکەیـت، چونکـە ئـەم ڕێگایـە ئاسـانترو هەرزانتـرە، سـواری هـەر پاپۆڕێـک ببیـت بـۆ دورگـەی کرێتـا هـەر دەبێـت بڕۆیتـەوە بـۆ پیریـاس.... مـن زۆر سوپاسـم کـرد بـۆ زانیارییەکانـی، نەخشـەیەکی هێڵـی ئـاوی پاپۆڕەکانیشـی پێـدام، کـە زۆر سـودم لـێ بینـی....

مێلیسـیا، سـەفەر کـردن بـە نـاو دەریـادا تـام و چێژێکـی زۆر تایبەتـی هەیـە، سـەرەڕای ئـەو هەمـوو دڵتەنگـی و ناخۆشـییەی دەروونمـی گوشـیبوو هێشـتا بـەوە شـادومان بـووم، کـە نازیـلام ئەوەنـدە بـە دڵخۆشـی دەبینـی. ئەگـەر پێـت بڵێـم زۆرجـار پێکەنینەکانـی ئـەو لەناخـەوە منـی گریانـدووە بـڕوام پێبکـە، چونکـە لەنـاو کێشـەکانی ئێمـەدا ئـەو قوربانییـە ڕاسـتەقینەکە بـوو، کەچـی وەک یاریـی تێدەگەیشـت، بـۆ هـەر جێـگاو شـوێنێکی تـازە دەڕۆیشـتین ئـەو زیاتـر دڵـی خـۆش دەبـوو، هەمـوو هەڵهاتنـە ترسـناکەکانی مـن بـە گەمەیەکـی نـوێ و خۆشـتر دەهاتـە بەرچـاوی.

ئـای لـەو کاتانـەی لەسـەرەوەی پاپۆڕەکـە لەگـەڵ نازیـلادا دانیشـتبووین و سـەیری ئـەو شـارو ئاوەدانییەمـان دەکـرد، هێـواش هێـواش پاپۆڕەکـە لێیـان دووردەکەوتـە، چاوەکانـم دادەخسـت و دەمکردنـەوەو سـەیری شـەپۆلە بەجێماوەکانـم دەکـرد، کـە ئیتـر مانـدوو

دەبـوون و ئاسـەواریان نەدەمـا، دوور سـەیری ئـەو تەپۆڵکـە قاوەییانـەم دەکـرد، کـە لەدورگەیەکـی تەریکـی چـۆڵ و تەنهـا دەچـوون، جۆرێـک لەهەسـتی غەریـب بـوون سـینەمی دەگـرت، لەدڵـی خۆمـدا دەمگـوت: تـۆ بڵێیـت جارێکـی تـر بگەمـەوە بەرلیـن و لەگـەڵ مێلیسـیادا ژیانێکـی نـوێ بنیـاد بنێینـەوەو سـەفەرێکی وەک ئـەم سـەفەرەی نـاو دەریـا پێکـەوە بکەیـن....!.

ئـەو کاتانـەی زۆربـەی خەڵکـەکان خۆیـان بەسـەر پەرژینـە ئاسـنینەکەی پاپۆڕەکـەدا دەداو سـەیری ئـەو شـەپۆلە درێـژە کەفاوییەیـان دەکـرد لـەدوای پاپۆڕەکـەوە بـە جێدەمـا، دڵـم پێـی دەگوتـم؛ سـەفەری گەڕانـەوەم بـەم ڕێگـەدا لەگـەڵ مێلیسـیادا دەبێـت، بەڵێنـم بەخـۆم دابـوو، ئەگـەر تـۆ بێیـت بـۆ خانیـاو ڕێکبکەوینـەوە لەسـەر ئـەوەی هەمـوو ئـەم ڕووداوانـە بـە پلانـی کاریـن بـۆ تێکدانـی ژیانـی ئێمـە کـراون، ئـەوا بـەم ڕێگـەدا بگەڕێینـەوە....

ئـەو شـەوە مـن و نازیـلا بـۆ یەکەمجـار لەنـاو دەریـادا نووسـتین. مێلیسـیا ژووری نـاو ئـەو پاپۆڕانـە بـۆ ئـەوە درووسـت نەکـراون مـرۆڤ بەتەنهـا تیانـدا بخەوێـت، بەڵکـو بـۆ ئـەوە کـراوە لـە باوەشـی کەسـێکدا بنویـت خۆشـت دەوێـت، خەوتـن لەگـەڵ ئافرەتێکـدا لەنـاو ژووری پاپۆڕەکانـدا بـەدەم شـەپۆلەکانی دەریـاوە زۆر لەخەوتـن لەنـاو جێگایەکـی سـەرزەویدا جیاوازتـرە، بێگومانـم جیاوازتـرە، بۆیـە خەونـم بـەوەوە دەبینـی لەگەڕانـەوەدا پێکـەوە لـە ژوورێـک لـە ژوورەکانـی پاپـۆڕدا بەسـەر بەریـن....

دوانیـوەڕۆی ڕۆژی دوایـی ئێمـە گەیشـتینە پاتـرا، لـەوێ سـواری شـەمەندەفەر بوویـن بـۆ ئەسـیناو لەوێشـەوە بـۆ پیریـاس هەروەکـو چـۆن ئافرەتـی بیرۆکـەی ئەنکۆنـا بـۆی ڕوونکردمـەوەو لەسـەر نەخشـەکە هەمـووی نیشـاندام....

کاتێـک گەیشـتینە پیریـاس ئێوارەبـوو، سـەرەتا لەیەکێـک لـە بلیتفرۆشـەکانی نزیـک لەنگەرگاکـە، کـە بەدرێژایـی شـەقاکەمە پاڵیـان بەیەکـەوە دابـوو پرسـی، لەوەڵامـدا

گوتـی: ئەمشـەو کاتژمێـر دەو نیـوی شـەو پاپۆڕێـک بـەرەو خانیـا دەجولێـت، ئەگەرنـا دەکەوێتـە بەیانـی، منیـش پەلـەم بـوو، چونکـە هیـچ پێویسـتی نەدەکـرد ئـەو شـەوە لـە پیریـاس بمێنمـەوە، بـۆ ئێمـەش جیـاوازی نەبـوو لـە هوتێـل بخەویـن یـان لەنـاو پاپـۆڕدا بۆیـە یەکسـەر بلیتێکـم کـڕی، ئافرەتەکـەش بـە دەسـت ڕێـگای لەنگەرگاکـەی نیشـاندام و گوتـی: بـە پـێ هـەر نزیکـەی بیسـت خولەکێـک دەبێـت....

باشـبوو نزیکـەی دوو کاتژمێرێـک کاتمـان هەبـوو بەنـاو بازاڕەکانـی پیریاسـدا بسـوڕێینەوەو هەندێـک پێداویسـتی بـۆ نـاو پاپۆڕەکـە بکڕیـن. نازیـلا ئـەم شارەشـی وەک شـوێنەکانی تـر لـەلا خۆشـبوو. دوای کڕینـی پێداویسـتییەکان هەموویانـم لـە جانتـاکان کـردو لەگـەڵ نازیـلادا بەکەنـاری دەریاکـەدا، کـە بەشـێوەیەکی بازنەیـی بنیاتنرابـوو بـەرەو لەنگەرگاکـە کەوتینـەڕێ، بلیتفرۆشـەکە گوتـی: هـەر بیسـت خولەکەیـک دەبێـت، ئـەو ڕاسـتی دەکـرد، ئەگـەر تەنهـا بیـت و بـە خێرایـی بڕۆیـت، نـەک وەک مـن بـە منالێـک، عارەبانـەو جانتـاوە، بۆیـە نزیکـەی کاتژمێرێکمـان بـەو کەنـار ئـاوەدا پێچـوو تـا گەیشـتینە لەنگەرگاکـە....

ئـای مێلیسـیا، ئەگـەر بیـرت بێـت یەکەمجـار، کـە گەیشـتینە خانیـا نیـوەڕۆ بـوو، تـۆ گوتـت: گەرمـای ئێـرە بۆنـی هەیـە، منیـش قاقایەکـم لێـدا، ئـەو کات منیـش هەسـتم بـە چوزانـەوەی لوتـم کـرد، بـەڵام نەمزانـی ئـەوە بۆنـی تیـژی گەرماکەبـوو، دوای ئـەو هەمـوو ساڵە ئینجـا لـە قسـەکەی تـۆ تێگەیشـتم....

ئـەو بەیانییـەی لـە گـەڵ نازیـلادا لـە پاپۆڕەکـە هاتینـە خـوارەوە، هەوایەکـی فێنـک لەدەریاکـەوە هەڵـی دەکـرد، بەئاسـانی مـرۆڤ هەسـتی بـە بۆنەکـەی دەکـرد، سـەیربوو یەکسـەر بیـری قسـەکەی تـۆم کەوتـەوە، کـە دەتگـوت؛ گەرمـای ئێـرە بۆنـی هەیـە، ئـەو هـەوا فێنکـەی بەیانیانیـش بۆنێکـی تایبەتـی هەبـوو....

## ١٨

ئازیزەکەم مێلیسیا، ئەوە ماوەی دە ساڵە من شەوانە لەگەڵ تۆو یادگارییەکانی تۆدا دەژیم، ئەو نامانەش دەینووسم هەر بۆ خۆمن، باسی تۆ بۆ خۆم دەکەم، ڕەنگە بمەوێت ویژدانم لەوە زیاتر ئاسودە بکەم، کە منیش وەک تۆ قوربانیم، ئێمە هەموومان قوربانی دەستی ئەو هێزە خراپەکارەین، کە خۆمان بانگیان دەکەین و دەرگای ماڵەکانمانیان بۆ دەکەینەوە تا خراپەمان لەگەڵدا بکەن.

سەرەتا من کە هاتم بۆ ئێرە نیازم نەبوو زۆر بمێنمەوە، بەڵام وا خەریکە دە ساڵ تێپەڕ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دە چرکە تۆم لەیاد نەکردووە، بە درێژایی ئەم ماوە تۆ لەگەڵمدا ژیاویت، ئەگەر تۆ نەبوویتایە قەت نەمدەتوانی بەرگەی یەک ڕۆژی ئەم ژیانە بگرم، هەمیشە خەندە و ڕوانینەکانی تۆ هێزی زیاترم بۆ ژیان دەدەنێ، بۆیە ناتوانم و نەمتوانیوە شەوێک بەبێ یادی تۆ بژیم، هاتنیشم بۆ ئەم دورگەیە، هەر لەبەر ئەوە بوو تۆم لەیاد نەچێت، ویستم ئەگەر هەزاران کیلۆمەتریش لێتەوە دوور بم، هەست بە دەنگی پێیەکان و ترپەکانی دڵت بکەم، ڕۆژانە لەسەر شەقام و بازارەکانی خانیا تۆ دەبینم و بۆنی هەناسەکانت دەکەم، زۆرجار دەڕۆمە بەردەم هوتێل پۆسایدۆن و ماوەیەک لێی ڕادەمێنم و پاشان وەک عاشقێکی نائومێدی دڵشکاو دەگەڕێمەوە بۆ ناو شەقام و بازارەکان.

مێلیسیا، لێرە هەموو شتێک تا ڕادەیەکی زۆر سروشتییە، لێرە هێشتا سروشت زۆر دەستی خراپی مرۆڤی پێنەگەیشتووە، مرۆڤەکان سادەن، میوەکان بۆن و تامی تایبەتی خۆیان هەیە، هەست بە بۆنی سوێری دەریاکان و شیرینی چەمەکان دەکەیت. بۆ یەکەمجار لێرە باران باری، باران بۆنێکی تایبەتی خۆی هەیە، چەندین ساڵە لە وڵاتی ئێمە باران دەبارێت کەچی بۆ جارێک هەستم بەو بۆنە سروشتییەی باران نەکرد....

لێره هەناسەی پاییز بۆنێکی تەزیوی هەیە، بۆیە شەوەکانی پاییز مرۆڤ بەئاسانی هەست بە تەزیوی ئەستێرەکان دەکات. پاییز لە بەرلین بەتەنها بە چاوی زەردی گەڵا وەریوەکانی سەر شەقامەکاندا دەیناسینەوە، لەبەرلین درەخت قژڕوتاوەکان و شەقامە داپۆشراوەکان بە گەڵای مردوو پێمان دەڵێت ئەمە وەرزی پاییزە نەک پاییز خۆی، لێره پاییز دەنگی هەیە، شەوانە بە کۆڵانەکدا دەگڤێنێ....

مێلیسیا، سەرەتا شتەکان لێره بۆ من زۆر نامۆ بوون، هەموو شتێک بە من نامۆ بوو، تەنها شتێک دەیتوانی لەو نامۆییە ڕزگارم بکات سێبەرەکەی تۆ بوو، کە لەگەڵمدا بۆ هەرکوێیەک دەڕۆیشتم دەهات. بەدرێژای ئەم چەند ساڵە ئەگەر تۆ نەبویتایە من نەمدەتوانی بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم.

مێلیسیا، لەوەتەی نازیلا گەورە بووەو لەگەڵ ئیلاریادا لەسەرەوە دەخەوێت تەنها هاوڕێ و هاودەمێکی شەوانە، کەهەمە مشک و جرجەکانن، کە دێنە ژوورەکەم و لوت لەهەموو شتەکانم دەژەنن، ئەوە چەند ساڵێکە شەوانە بۆ ئەوەی بەیادەکانی تۆ بژیم و نەمرم قسە بۆ مشک و جرجەکانی ئەم ژوورەم دەکەم، ئەوان تەنها هاوڕێ و هاودەمێکن شەوانە دێن و سەردانم دەکەن، ئیتر ئەمە ژیانە ئەگەر مرۆڤ دراوسێی گەوری بەرازو تەویلەی کەرو ئەسپەکان بێت ماڵەکەی لە میوانی مشک بێبەش نابێت، مرۆڤ ئەگەر لە ژیانیدا نەزانێت پێوسیتە هاوڕێیەتی کێ بکات دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکات ببێت  بە هاوڕێی مشک و جرجەکان.

ئەگەر بڵێم زۆرشەو ئیرەیی بە مشکەکان دەبەم بڕوام پێبکە، هیچ نەبێت ئەوان و زۆربەی هەرەزۆری ئاژەڵەکان چاڵ بۆیەکتری هەڵناکەنن، تۆ هیچ ئاژەڵێکت دیوە هێندە مرۆڤ دوژمنی هاوڕەگەزەکەی خۆی بێت؟. تۆ قەت بیستووتە مشکەکان هەموو مێشک و بیرکردنەوەیان بۆ ئەوە بخەنە گەڕ، کە چۆن بتوانن مشکەکانی تر لەناو بەرن!. ئێمەی مرۆڤ تاکە شتێک دەتوانین بەباشی بیریی لێبکەینەوەو سەرکەوتوو

بیـن تێیـدا ئەوەیـە چ چەکێکـی نـوێ دا بهێنیـن بەجارێـک توانـای لەنـاو بردنـی سـەدان هــەزار کەسـی هەبێـت. ئێمــەی مـرۆڤ زۆر دڕەندەیـن، هیــچ بوونەوەرێـک هێنـدەی مـرۆڤ دڕەنـدە نییـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا جگـە لەئـازار چەشـتن دەتوانیـن چـی بکەیـن؟.

بمبـورە ئەگـەر بڵێـم، ئیتـر منیـش لێـرەدا مانـدوو بـووم، زۆر مانـدوو، هەسـت دەکـەم مشـکەکانیش لـە چیرۆکەکانـم تاقەتیـان چـوو، ئێسـتا زۆرکـەم دێـن بـۆ ئێـرە، ئەوانەشـی دێـن هــەر لەگـەڵ قسـەدەکەم بـە زیکـە زیـک ئێـرە بەجێدەهێڵـن.

مێلیسـیا، ئێسـتا مـن تاوانبارێکـی ڕاسـتەقینەم، ئــەوە دە سـاڵە کچەکەتـم لەگــەڵ خۆمـدا فڕانـدووەو بەبـێ سـزا دەربـاز بـووم، تەنانـەت بۆیەکجاریـش نەمتوانـی لـەوە دڵنیـات بکەمــەوە، کـە نازیـلا زینـدووەو لەگـەڵ منداپـە، ئەمــەش تاوانێکـی تـری مـن بـوو لــەم دەسـاڵەدا بـە هیـچ شـێوەیەک پەیوەندیـم پێـوە نەکردیـت، چەنـد دڵـڕەق بـووم کاتێـک بــەو شـێوەیە لەگـەڵ ئـەو دڵــە ناسـکەی تـۆدا مامەڵــەم کـرد، ئاخـر تـۆ هـی ئـەوە نەبوویـت مـن بـەو شـێوە دڵڕەقـە مامەڵـەت لەگەڵـدا بکـەم، چەنـد خۆپەرسـت بـووم، خـۆ پەرسـتی وایلێکـردم پەیوەندیـت پێـوە نەکـەم و قــەت نەگەڕێمــەوە، بمبـورە هیـچ کاتێـک بـە مەبەسـتی ئازاردانـی تـۆم ئـەم ڕێگایـەم هەڵنەبـژراد، ئەمـە تەنهـا قەدەرێـک بـوو لـەو قەدەرانـەی پێویسـتی بـە قوربانییـە.... قوربانییەکـە ئێمـە بووین، هەمووماـن....

خـۆ پەرسـتی وای لێکـردم دڵـی ژنێکـی تـر داگیـر بکـەم، دڵـی ژنێـک لێـوان لێـوە لـە خۆشەویسـتی. مـن دەتوانـم چـۆن لـە سـزای خۆشەویسـتی ئێـوە خـۆم دەربـاز بکـەم.

مێلیسـیا، تـۆ ئیلاریـا ناناسـیت، هیـوادارم ڕۆژێـک لەنزیکـەوە بیناسـیت، دەبـوو خوشـکی تـۆ بێـت، هــەر زۆر لەتـۆ دەچێـت، پێکەنیـن، ڕوانیـن و هەڵسـوکەوتەکانی، ژنێکـە لـە دوورەوە وەک هێزێکـی خودایـی بـۆ خۆیـت کێـش دەکات، ژنێکـە لێـوان لێـو لـە ژیـان، ڕەنگـە بەختـی گــەورەی نازیـلا لـە ژیانیـدا ئـەوە بێـت لـەدوای ڕووداوەکان و لەکیسـدانی تـۆ، ناسـینی ئیلاریـا دیارییەکـی خودایـی بێـت، تـۆ نازانیـت چەنـد هێـزی بـۆ ژیـان دەداتـێ.

ئیلاریا لەو ژنانەیە بە ئاسانی دەتوانێت دڵت داگیر بکات و بە خۆیەوەت گرێ بدات، کەمن ئەو ژنانەی وەک تۆو ئیلاریا لەیەکەم نیگاوە پیاو بخەنە ناو خۆشەویستییەکی جاویدانییەوە، بەبێ ئەوەی بهێڵن ئازارت پێ بگات، هیوادارم ڕۆژێک بێت وەک دوو خوشک یان وەک دوو دایکی نازیلا یەکتری لە ئامێز بگرن....

ئازیزەکەم مێلیسیا، من نازانم کاتێک ئەم نامانە بۆ تۆ دەنووسم تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە، من وێنەی تۆم وەک ئاوێنەیەک بە ژوورەکەوە هەڵواسرابێت لەبەرچاوە، من جگە لە تۆ شەوانە بیر لەهیچ شتێک ناکەمەوە، زۆرجار دەڵێم، ئێستا دەبێت؛ مێلیسیا چۆن بیر لە نازیلا بکاتەوە، ئەگەر ڕۆژێک بە ڕێکەوت بیبینێت تۆ بڵێیت بیناسێتەوە!. دڵنیام هەرکاتێک نازیلا ببینیت یەکسەر دەیناسیتەوە، هەر دەڵێی خۆتە، کتو مت کۆپییەکی خۆتە، کاتی خۆی بە شۆخییەوە دەتگوت: ئەوە مێلیسیایەکی ترم بۆ درووستکردوویت، هەرکاتێک بمرم مێلیسیایەکت لە شوێنی خۆم بۆ جێدەهێڵم تەواو ڕاستت دەکرد....

ئاخ مێلیسیا، نازانیت بێ تاقەتیم گەیشتۆتە کوێ، بۆیە چیتر تاقەتی نامەنووسینیشم نابێت، لەهەموو شتێک بێزاربووم. چی ئەوەندەی ئەوە ئازاردەرە مرۆڤ هەست بە تاوانەکانی خۆی بکات، هەست بکات مرۆڤێکی دڕەندەی خۆپەرستە، ئەو خۆپەرستییەشی بگاتە ئاستێک ژیانی چەند کەسێک بە خۆیەوە وێران بکات....

بەڵی من مرۆڤێکی خراپم، دڕەندەم، تاوانبارێکی گەورەو مەترسیدارم، من ژیانی تۆو نازیلام تێکدا، هەر بەوەشە نەوەستام ژیانی شۆخێکی وەک ئیلاریام وێرانکرد، ئاخر دەبێت وەڵامی من بۆ ئێوە چی بێت؟. پاداشتەکەی من بۆ ئیلاریا ئەوەبوو ژیانی وێران بکەم و بۆ هەتا هەتایە سزای بدەم. نازانم، وەڵامی چیتان بدەمەوە....!.

بێزاریم گەیشتۆتە ئاستێک چیتر نە تاقەتی نامەنووسینم هەیە نەتاقەتی قسەکردن بۆ مشکەکان، دەمەوێت وەک شەپۆلی بەجێماوی دوای کەشتییەکان

هێـواش هێـواش منیـش خاوببمـەوە و وەک بڵقـەکان دانـە دانـە بتەقێـم و تێکـەڵ بـە وردە شـەپۆلەکان ببـم، دەمەوێـت وەک شـەپۆلەکان لـەدوای مانـدوو بـوون بێدەنگییـەک بەجـێ بهێڵـم، بێدەنگییەکـی قـوڵ، چونکـە چیتـر تاقەتـی ئـەم هەرایـەی ژیانـم نەمـاوە....

دەمەوێـت هەمـوو شـتێک بـەرەو خامۆشـبوون و لەبیرکردنـەوە بچێـت، دەمەوێـت هەمـوو شـتێک وەک خۆرئاوابـوون بـە ناخـی بێدەنگـی شـەودا بـڕوات....